

خامە و چامەی ماکوان کەریم

# مەملەکەتی سەرابستانی

نووسینی: ماکوان کەریم

چاپی دووەم

حاجی قادری کۆیی


کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران
Kteb Xana کتێـــبـخـانـــە
public channel
Description
کتێبخانەیەک تایبەت بە زیاتر فێربونو کاراکردنی عەقڵ و
دورکەوتنەوە لە نەزانین و ڕەشبینی.
ڕۆشنبیری تاک. هۆشیاری ڕۆشنبیری تاک لە کۆمەڵگە. more
t.me/kteb_khana2
Invite Link
Notifications
On
Members
Subscribers 17439
Administrators 7
Removed Users 10

CamScanner




ئەم کتێبە لەلایەن چەناڵی kteb_khana2 کراوەتە pdf لە تیلیگرام

مەملەکەتی سەرابستانی



بسم الله الرحمن الرحيم

# مەملەکەتی سەرابستانی مولحیدان


نووسین: ماکوان کەریم

پێداچوونەوە و خاڵبەندی: شەوبۆ جەلال

کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی

بەڕێوبەری گشتی: محمد خضر احمد ٠٧٨٢٤٦٧١٣٩٤ - ٠٧٥٠٤٦٧١٣٩٤

فەیسبووک: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی/ M.Ktebxana

ئینستگرام: کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی/ M.Ktebxana

لقی یەکەم: بەرامبەر دەرگای قەڵا - بازاڕی ڕۆشنبیری

لقی دووەم: چوار ڕیانی شێخ محمود - بەرامبەر مزگەوتی محمود علاف

mdmaktaba@gmail.com

نەخشەسازی ناوەوە: مصطفی محمد کوردی

نەخشەسازی بەرگ: زەردەشت کاوانی

چاپی دووەم: ٢٠٢٢

پێوانە: ١٤*٢١

تیراژ: ١٠٠٠

لاپەڕە: ٤٥٠

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان

ژمارە سپاردنی (١٣١)ی ساڵی (٢٠١٩) پێدراوە

کتێبی ژمارە (١٥) لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی نوێ

# مەملەکەتی سەرابستانی



نووسینی: ماکوان کەریم

چاپی دووەم: ٢٠٢٢

CamScanner

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِي وَلَا تَكۡفُرُونِ ١٥٢

ئەی ئیماندارا‌ن یادی من بکەن، منیش یادی ئێوە دەکەم، وە سوپاسگوزاری من بن و سوپاس ناپەزێرو ناشکور مەبن.

﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبْدِهِ ٱلْكِتَٰبَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُۥ عِوَجَا ۜ ①﴾ [الكهف]

درووود و ستایش بۆ سەر گیانی خۆشەویستمان موحەممەد، پێغەمبەری ئیسلام ﷺ

ناوی تۆ لەهەرکوێ سەوز بێت، زەمین و زەمینییەکان باشتر هەناسە دەدەن و ڕاستی خۆیان دەخەنە ڕوو.

هەرکات کە ناوت دەهێنم، لێوەکانم دووجار یەکتری لە ئامێزدەگرن. هەرکات ناوت دەهێنم موتەبەرک دەبم و ئەوانەشی کە گوێیان لێدەبێت هەست بەبەرزی دەکەن، ئەو ناوەی کە بێ کۆتایی خۆشبەختی لە یەك بەیەکی پیتەکانیایەتی.

موحەممەد ﷺ ئەو ڕێگایەی نیشانی مرۆڤایەتی دا بێکۆتاییە لە خۆشبەختی و ئارامی، بە پەیامەکەی تۆ ڕیسالەتی پێغەمبەران کۆتایی هات، سەرتاسەری زەمین چاویان بڕیوەتە پەیامەکەت کە ڕێگایەکی سەوزە ئاسمان لە ملی کردووە.

CamScanner

# پێشەکی:

سەرابستان واتە: ئەو گەرماییە دوورەیە لەبەرچاوی کەسێکی ڕێبواردا کە بۆ قومێك ئاو ڕادەکات وەك ئاو دیارە، بەڵام کاتێك لێی نزیك دەبێتەوە دەزانێت سەراب بوو، سەرابی نەگەیشتن بە ئامانج.

لەزمانی کوردیدا سەراب بە تراویلکە ناسراوە.

کەواتە مەملەکەتی سەرابستانی مولحیدان باس و خواستەکانی ئەوانەن کە خەڵکی تینوو دەکەن بەبێ ئامانج و لە کۆتاییدا دەخنکێن، کورد وتەنی بێشیو سەردەنێنەوە لە هەردوو جیهان (ژیانی دنیایی و قیامەت). ئەو کەسانەی کە بێدین و بێباوەڕن بە خوای پەروەردگار هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و خەمۆکیدا دەژین، گەرچی سەروەت و سامان و پلەوپایەی بەرزیشیان هەبێت.

لەبەر ئەوەی ناتوانن هەر چوار میحوەرە سەرەکییەکەی ناو کیانی خۆیان تێر بکەن، ژیانی ئەم دونیایە و قیامەتیش بە دەستی خۆیان لەناو دەبەن. گومان لەوەدا نییە کە ئەوە هەڵبژاردەی خۆیانەو مادام بروایان پێی نییە دەبێت لە کۆتاییدا خۆیان بەرپرسیارێتیەکەی هەڵبگرن و کەس لۆمە و تاوانبار نەکەن لە گومڕاییان.

چوار میحوەرەکە بریتین لە:

یەکەم: لاشە

دووەم: هەست و نەست و سۆز

سێیەم: ڕۆح

چوارەم: عەقڵ

ئەم چوار بنەمایەی ژیان پێویستە تێر بکرێن بە هاوسەنگی، دوور لە کارکردن لە لاسەنگیدا، کاتێک دەڵێم بێدینەکان (مولحیدەکان) لە خەمۆکیدان، ئەشێت سێ بەشی ژیان تێر بکەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ڕۆحیان تێر بکەن، چونکە پێداویستی سەرەکی تێرکردنی ڕۆح بەیادکردنی پەروەدگارە و هۆکاری سەرەکییە بۆ خۆ بەدوور گرتن لە خەمۆکی و نەخۆشییە دەروونییەکان.

نامەوێت لێرەدا شیکاری بۆ ئەو چوار چەمکە بکەم، بەڵکو ڕوونکردنەوەیەکی خێرایە بۆ ئەم پێشەکییەو چوونە ناو باسە دوور و درێژەکەی ناو کتێبەکەیە.

سەرابی مولحیدان ئەو نەخۆشییەیە کە هەندێک لە لاوەکان بۆ خۆناساندن تێی دەکەون و بەکاری دەهێنن، هەندێکیش دوکان و بازاڕی خۆیانی پێ گەرم دەکەن، لەهەمان کاتدا خۆیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن.

هەندێک لە فاکتەرەکانی ئەم جیهانبینییە سەرابی مولحیدانە، بۆ داماڵینی ڕەوشت و ئاکاری ڕەسەنی ئیسلامەتی و کوردایەتی ناو میللەتەکەمان، کۆتاییەکەشی بۆ ئەوەیە کە ئەو ئیسلامە جوانە وەك دین

و وەحـی لەنـاو خەڵكـدا دابمـاڵن و ئاسایشـی نەتەوەیـی و ئاسایشـی ڕەوشتی بە تەواوەتی بشێوێنن.

نامەوێـت بە شـێوەیەكی فیكـری و فەلسـەفی سـەردی بابەتەكـان دابڕێـژمەوە، بەڵكـو ئەوەنـدە گوشیومەو سـادەم كـردۆتەوە بـۆ ئەوەی هەمـوو كەس لێـی تێبگـات لە قوتـابیەكی ناوەنـدییەوە تـا دەگـاتە مامۆستایەكی زانكۆ.

بۆ وام لێكردووە؟

لەبەر ئەوەی زۆرێـك لە لاوەكـان دەبیـنم پێشـتر كتێبـی زانایـان و بیرمەندانیان دەخوێندەوە، بەڵام هیچی لێ تێنەدەگەیشتن. لەوانەی كە باسی ئیلحادیان كردووە و كتێبیان لەسەر نووسیووە د. عدنان ابـراهیم، د. عمرو شریف، د. هەیسـەم طلعت...تـاد، بـۆیە مـن ناچـار بـووم بەم شـێوەیە بنووسـم كە بتـوانم وەك چـۆلەكەیەكی باوكـانە خـۆراك بـۆ زەرنەقوتەكان بەدەست بهێنم و پەروەردەیان بكەم و گەورەیان بـكەم لە ڕێگـای ئەم كتێـبەوە بـۆ ئەو كتێبـانەی تـر تـا بتـوانن كەسـایەتییەكی بەهێزیان بۆ دروست ببێت، پاشان فیكر و تێڕوانین و دیـدێكی سـاغ و تەندروستیان بۆ دابمەزرێت و هەموو خوێنەری ئەم كتێبەش فێر بـكەم چۆن گفتوگۆ و دیبەیت لەگەڵ مولحید و بێدینەكاندا بكەن.

كەواتە كـورت و پوخـت كـارم لەسـەر ئەوە كـردووە كە پێتـان بڵـێم زەمینە سازی مولحیـد و خوانەناسـەكان چییە و بـۆچی كـار دەكەن و چییان دەوێت و كۆتاییشیان چییە، لەهەمان كاتدا كەسایەتی و خەڵكی

بەناوبانگیان بناسن و توانا و هێزەکانیان بزانن، وە بزانن کەچی داوا دەکەن لە خەڵکی و چیشیان دەوێت.

هیوام وایە لەم کتێبەدا سەرەتایەك بۆ ئیوە بخەمە ڕوو.

ماکوان کەریم

۲۰۱۹/۲/۳ شەوی یەکشەممە

نەرویج- فرێدریکستاد[١]

-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-

[١] تێبینی: ئەو بەروارەی کە ئەم پێشەکییەم تێدا نووسی شەوی لەدایك بوونم بوو، وە تەمەنم بوو بە ٤٢ ساڵ، خوای گەورە ئاقیبەتمان خێربکات و بەسەربەرزی بگەڕێنێتەوە بۆلای پەروەردگارمان لەژێر ئاڵاکەی پێغەمبەری ئیسلام دا ﷺ زیندوومان کاتەوە و لەو ئومەتە هەژمارمان بکات. آمین.

جێگای خۆیەتی دەستخۆشی و پێزانینی خۆم بۆ ئەم بەڕێزانە دەرببڕم، کە ستافێك بوون لەگەڵمدا، ئەوانیش:

کاک موحەممەد تەوحید کە هەستاوە بە نووسینەوەی هەندێک لە وتارەکان.

کاک جووتیار گۆران وەك بەڕێوەبەرێکی کارگێڕی.

هەروەها برای ئازیز و خۆشەویستمان کاک هەڤاڵ شێخانی وەك ڕاوێژکاری یاسایی هاوکارمان بوو.

دەست خۆشی لە کاک کۆویست عبدوڵلا دەکەم کە ئەرکی کۆکردنەوەی هەموو بەشەکانی ئەم کتێبەی گرتبووە ئەستۆ.

سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بەشداربوون لە دروستکردنی وێنەو بڵاوکردنەوەی بەشەکانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

# گەڕانەوەی هیوا

کاتێـك پـارتی لە سـاڵی ١٩٩٦ حکـومەتی عێـراق-ی هێنـایەوە کوردسـتان وەك زۆربەی خەڵـك ڕامـانکرد چـووینە شـاری پێنجـوێن، دوایـی بـۆ گـۆخڵان. لەوێ مـاوەیەك مـاینەوە پاشـان گەڕایـنەوە بـۆ پێنجوێن، چووم بۆ جێگایەك لە پێنجوێن پێی دەوترا (قەڵادێ) بـۆ لای پیاوێك ناوی مام باخەوان بوو، باخێکی هەبوو کە خۆی سەرپەرشتی و باخەوانی دەکرد.

ئەم پیـاوە بەڕێـزە کـادیرێکی حیزبـی شـوعی بـوو زیـاد لە ١٧ سـاڵ زینـدانی کرابـوو، لەڕاسـتیدا حـوکمەکەی ٢٠ سـاڵ بـووە وەك ئەوەی کەسوکارەکەی بۆیان باسکردم ١٧ سـاڵ و ٦ مانـگ لەزیندانـدا بـووە. لەسەر ئەوە حوکم درابـوو کە هەنـدێك ڕۆژنامەنووسـی بیـانی بردبـوو بۆلای مەلا موستەفای بارزانی.

مام باخەوان ناوی موحەممەد بـوو، نـاسرابوو بە حەمەی دەروێـش حمە ساڵح و لەقەبەکەشی حەمە موچرەکە بوو، هاوڕێ و خۆشەویستی باوکم بوو.

کاتێك چوومە لای باسی ئەوەمان کرد و لێم پرسی کە:

کاکە حەمە بیرتە سـاڵی ١٩٩١ لەگەڵ جەنـابی بـاوکم و جەنابت و کاك بەکری حاجی سەفەر، کاك جەمـال جەلال، کـاك حـامی حـاجی غالی، کاك عومەر غەریب و زۆرێکی تر لە بەرپرس و پێشمەرگەکان لە میحوەری پێنجوێن بوون لە بارەگاکەی کاك بەکر؟ ئەو شەوە هەمووتان لەوێ دەعوەت بوون لە کەپرەکەی کاك بەکـر لە بلکیـان. کۆمەڵێـك لە حیزبی کۆمەنیستی کاریگەری و کۆمەڵەی ئێـران لەوێ بـوون هەمـوو ئەیانخواردەوە. موناقشەیەك دەستی پێکرد لە نێوان کاك جەمال جەلال و کاك بەکرو باوکم و هەندێك لە کۆمەنیستەکانی ئەودیو و ئەم دیوو.

مام باخەوان: بەڵێ بیرمە!

ماکوان: باسی ئەوەکرا کە شۆڕشـی کـوردی بـۆ ئەوە کـراوە حیزبی بەعس ڕامالێت، بەڵام یەکێك لە ئامـادەبووانی نـاو مەجلیسـەکە وتـی: ئەگەر تەنها بۆ لەناوبردنی سەدام و داروودەستەکەی بێت و کوردسـتان ڕزگار بکرێت لەچنگی عەرەب و تـورك و فـارس و ئەم قسـەیە ئامـانج بێت ئەوا هیچمان نەکردووە بەهیچ، بەڵکو پێویستە ئایینی کۆنە پەرسـتی و جەهالەتی ئیسلام لە ناو بەرین بۆ ئەوەی جارێکی تـر داگیـرکەر ڕوو نەکەنەوە کوردستان.

مام باخەوان: وابوو.

ماکوان: ئەوکاتە جەنابت و باوکم دەستان کرد بە قسەو فەرمووتان بە گـوێرەی قسـەکانی ئەم بـرادەرە بێـت دەبێـت وەك شۆڕشـەکەی لینـین

بکەین، بۆ ژیانی ملیۆنێك کەس لە ڕووسیادا دەبێت ٥ ملیۆن کەس لە ناو بچێت.

بەڕاست مام باخەوان خەڵکێک هەیە وابیر بکاتەوە؟

مام باخەوان: بەزەردەخەنەوە سەری بەرزکردەوە فەرمووی ئەوانە لە خەیاڵ پڵاودان، ئەو کەسە ئێستا نەماوە بەدەستی هاوڕێکانی خۆی لەسەر خواردنەوەی مەشروب کوژرا.

ماکوان: مام باخەوان بۆچی ئەوکاتە تەنها جەنابت و باوکم و کاك مەلا ئەحمەدی شوشە دیفاعتان لە ئیسلام دەکرد؟ خۆ تۆ شوعی بوویت و باوکم کۆمەڵە و کاك مەلا ئەحمەدیش هەر کادێرێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو، کەچی کاك جەمال جەلال و کاك بەکر تاڕادەیەك پشتی ئەوانیان گرت.

مام باخەوان: دیسان بە پێکەنینەوە.. تۆ ئەوکاتە پاسەوانی باوکت بوویت چۆن گوێت لە ئێمە گرتبوو، ئەزانی باوکت بمایە ئێستا چەکی کردبوویت؟ من و باوکت بڕوامان وابوو کە ئیسلام ئاییني کوردە واقیعە و گەلی کورد بەزۆرینە هەڵیبژاردووە لە ڕووی ئاکارو ڕەوشتەوە هیچ زەرەری لێنەکردووە، تەنانەت عەرەبە شوعییەکان و تورکە شۆڤێنییەکانیش هیچ کێشەیان لەگەڵ ئیسلامدا نییە، لەبەر ئەوەی کۆگری کردووە لە ڕۆشنبیری و فیکری(وەحدەتی ڕۆشنبیری و فیکری) گەلەکە دایە، تێکدانیشی واتا تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی.

هەندێك لە نوخبەکانی ناو شۆڕش لە جەلال تاڵەبانییەوە بیگرە تا کاك نەوشیروان، مەسعوود بارزانی، ڕەسوڵ مامەند، مەحموود سۆرانی شۆڕبێتەوە بەناو ڕۆشنبیرەکانی تری کورد دا وەك جەمال نەبەز، کەمال مەزهەرو..هتد ئەو بیروباوەڕەیان هەبوو، هەندێکیتر کە کاریگەری کۆمەڵەی ئێرانیان لەسەر بوو بەهەموو شێوەیەك دژایەتی ئایینی ئیسلامیان دەکرد بە هۆکاری شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەڕابەرایەتی خومەینی.

جا شتێکی خۆشت بۆدەگێڕمەوە کە کاتی خۆی شوعلە خانی ژنی کاك نەوشیروانیان هێنا بۆ دەرەوە بۆلای نەوشیروان موستەفا، نەوشیروان و وتی: مارەتان کردووە؟

ئەو برادەرە کە وتم هاوڕێکانی کوشتویانە و چۆتە جێگای خۆی و وتی: کاك نەوشیروان بۆ تۆ بڕوات بە مارەکردن هەیە؟

ئەویش لەوەڵامدا و وتی ئەی چۆن نیمە!

من لەناو ئەوهەموو خەڵکەدام چۆن لە دابو نەریت و عورف لا ئەدەم.

ئەم برادەرانەی هاوشێوەی کاك سەلام- هەموو لەدنیای خەیاڵ پڵاودا دەژین، قسەکانیان ماوەیەك بڕەکات وەك بارینی بەفرە لە بەهاردا کە هیچ زەوییەك نایگرێتە خۆی.

ماکوان: مام باخەوان تۆ چۆن لەدوای ١٧ بۆ ١٨ ساڵ زیندانی لەسەر شوعی بوون گەڕایتەوە بۆ ئیسلام و دینداری؟

مام باخەوان: دەزانم ئەم هەموو شێرو ڕێوییەت بۆ ئەم پرسیارە بوو، بۆت باس دەکەم بەسەر چاو.

ساڵانێکی ژیانم لە هیچدا بەسەر برد، بەڵام دوای لێوردبونەوە و تێرامانم لە هەموو چواردەور لە ڕووی فیکری، فەلسەفی، واقیع بینی و تەنانەت جیهان بینیشم، زانیم هەروا ئاسان و بێهودە دروست نەبووم.

چەند جار لە ئێرانەوە لەلایەن ئەهلی حەقە و زەردەشتی و گروپەکانی ترەوە بانگەشەیان دەکرد کە من بچمە لایان و کاریان لەگەڵ بکەم، بەڵام حەزم بەوە نەبوو کە بەپارە کاربکەم و بانگەشە بۆ بیروباوەڕێك بکەم کە خۆم بڕوام پێی نییە، بەڵام شوعی بوونم باوەڕ بوو لەگەڵ باوەڕ بوونەکەشمدا باوبوو ئەو سەردەمە. عەیب بوو ئەگەر ڕۆشنبیر بیت و شوعی نەبیت، کەچوومە زیندان خەڵکم زۆر ناسی و ئاشنابیەتیم پەیداکرد لەگەڵ زمان و تێگەیشتنم لە قورئان، لە گەردوون، مرۆڤ و ژیانیش ئیتر بۆم دەرکەوت کەهیچ ناگات بە ئیسلام. باش بوو فریاکەوتم و ڕێگاکەم هەڵبژارد.

ڕاستی و دروستی ئیسلام و چەوتی ڕێگاکانی تر بوو بۆیە ئیسلامم هەڵبژارد، ڕوونە؟

ماکوان: بەڵێ ڕوونە

لەم قسەنەدا بووین لەپڕ کەسێك لە خوار باخەکەوە هاواری کرد هۆ کاکە حەمە لە کەپرەکەن؟

مام باخەوان: لە کەپرەکە چووە دەرەوە...

لایەکی کەپرەکە گیرابوو لەبەر سێبەر.

مام باخەوان: وەرە سەردەوە لێرەین کاك قاسم.

پیاوێکی جوانخاس هات کە قاتێك شاڵی لەبەردابوو، مام باخەوان منی ناساند بە کاك قاسم و وتی: ئەوە کوڕی عەبدولکەریمی ڕەحمەتییە ئەیناسیت؟

قاسم: جارێك چووبوم بۆ لای کاك عەبدولکەریم ئەم کوڕەم بینی ئەوکاتە ماڵیان لە جارخ بوو لە شارباژێر، کوڕە گەورەکەی بوو لەگەڵ خەزوری کاکە حەمە هاتبوون بۆ سەردانی، بەس ماشاء الله باش گەورە بووە.

مام باخەوان: بە پێکەنینەوە، ئەمە خۆیەتی ئەو نالەبارەیە کە دەستی بەدەمی سەگ دا دەکرد، ئێستا وابووە بە پیاو.

قاسم: ڕۆڵە ماکوان کەسوکار باشن مامەکانت باشن شکور؟

ماکوان: زۆر سوپاس کاك قاسم-ی بەڕێز هەموولایەك ئیحترامیان هەیە.

مام باخەوان: قاسم دەنگوباسی مەریوان، چیت کرد لەگەڵ کارو سەرقاڵیەکەت؟

قاسم: هەموو شتێك تەواو بوو، هەر خۆم ماومەتەوە، منیش دەچمە سلێمانی و لەوێوە دەڕۆم.

مام باخەوان: سەری داخست و ئاهێکی هەڵکێشا وتی چەند کەستان کوژراون؟

قاسم: بەدەم حەسرەتەوە، هەموومان تەنها دایکم و دووخوشکم و من ماوین.

مام باخەوان: کەی دەگەڕێیتەوە بۆ سلێمانی؟

قاسم: ئێستا

ماکوان: ئەگەر جێگات هەیە منیش دەمەوێت بێمەوە بۆسلێمانی، هەر خۆمم.

جەنابت دەزانی سەیارە نییە دەنا عەزیەتم نەئەدایت؟

قاسم: لەخزمەتام.

سەیرێکی مام باخەوانی کرد وەك ئەوەی لێی بپرسێت ئایا بیبەم لەگەڵ خۆم؟

مام باخەوان: تەماشایەکی منی کرد، ئەم پیاوە دوژمندارە لەگەڵی مەڕۆ با بەرپرسیارێتی تۆش هەڵنەگریت.

ماکوان: ئەگەر لەبەر ئەوەیە؛ تا دەچمەوە سلێمانی حیایەتی دەکەم!

لەڕاستیشدا دەترسام، بەڵام ئیشم زۆر بوو سەیارەش نەبوو بۆ سلێمانی بۆیە ناچار بووم.

قاسم: من سۆپەرێکم پێیە و کەسم لەگەڵ نییە، خەمی تۆمانە دەنا پێم خۆشە بۆ دەمەتەقێ یەکێکم لەگەڵ بێت.

ماکوان: ئەگەر ئاسایی بێت من لەگەڵت دێم.

مام باخەوان: لەسەر خوا بڕۆن، ئاگاتان لەخۆتان بێت لە شارباژێڕەوە بڕۆن نەك لەماڵەوە (واتا ڕێگای سید سادق).

قاسم: بابزانین چۆن دەبێت.

ئەو گفتوگۆ نادیارو پڕحەسرەتەی نێوان مام باخەوان و كاك قاسم ئەوەندەی تر تەنگی پێهەڵچنی بووم، لەدڵی خۆمدا وتم لە ڕێگا لێی دەپرسم بزانم چی بووە.

ئەوە كۆتا جاریش بوو كە مام باخەوانم بینی، لە ساڵی ١٩٩٧ وەفاتی كرد خوای گەورە لێی خۆش بێت.

ئەوەی مام باخەوان فێری كردم ئومێدە، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ-مم بیركەوتەوە كە دەفەرمووێت: لەگەڵ كەس زۆر تێكی مەدەن و ڕق و كینە با لەدڵتاندا نەبێت، لەوانەیە ڕۆژێك بێت ئەوكەسە ببێتە براو بگەڕێتەوە بۆ دینەكەت.

جا ئەو فەرموودەیەی سەروەرمانم ﷺ لە ژیانی مام باخەواندا بینی.

لەگەڵ كاك قاسم بەڕێ كەوتین بەرەو سلێمانی، لە نزیك كانی مانگا كۆمەڵێك چەكدار وەستابوون. كاك قاسم هێواشی كردەوە.

قاسم: ماكوان ئەگەر نەوەستام و ڕۆیشتم یەكسەر سەر دانەوێنە، یان ئەگەر دەتوانیت تەقەیان لێبكە.

لەدڵی خۆمدا وتم تەواو ئەوە ئەو ڕۆژە بوو من لێی دەترسام. نزیكیان بووینەوە میلم بەقاچ هێنایەوە، موزەلییەكی زۆر جوان بوو خستمە ژێر قاچم و بە شەرواڵەكەم داپۆشی و نەمهێشت دەربكەوێت. هەردوو قاچم لەسەری جووت كردبوو.

ماکوان: کاك قاسم تۆ چۆن ئێرانیت و سەیارەی عێراقی لێدەخوڕیت، لە کاتێکدا یەکێتی و پارتی شەڕیانە؟

مەبەستم بوو بڵێم با من سەیارەکە لێبخوڕم.

قاسم: بەتوڕەییەوە؛ کاتی ئەم قسانە نییە.

ئەوەندە توڕە بوو خەریك بوو خۆم فڕێدەمە خوارەوە لە سەیارەکە.

هێواش هێواش نزیك بووینەوە چەکدارەکان وەك کەمینیان دانابێت کۆ بوونەوە و تفەنگەکانیان ئامادەکرد.

# ئیمپراتۆریەتی قاسم

نزیك بووینەوە لە بۆسەكە، یاخود لە پێشمەرگەكانی پارتی لە گوندی كانی مانگا.

قاسم جامەكەی لای خۆی دایابوویەوە، بە پێكەنینەوە وتی باشن هەڤاڵان؟

من هەمووگیانم عارەقی كردبوو لە خۆوە زۆر دەترسام واهەستم دەكرد شتێك ڕوودەدات، بەڵام زۆر بە ئاسانی پێشمەرگەیەك پرسی لە كوێ بوون؟

قاسم: پێنجوێن

پێشمەرگەكە پرسی سندوقەكە چی تێیدایە؟

قاسم: هیچ؛ تەماشای دەكەیت؟

پێشمەرگە: پێویست ناكات فەرموون بڕۆن.

زۆر بە ئاسانی لەوێدا دەرچووین.

ماكوان: كاك قاسم بۆ وا منت ترساند و خۆت وانیشاندا ئێستا تەقەمان لێدەكەن؟

قاسم: ئاخر ئەو پێشمەرگە منی نەناسی و تۆش قورئانی زۆرت خوێند.

وەك ئەوەی پێم بڵێت ترساوی، لەڕاستیشدا ترسام.

ماکوان: ئەگەر بترسم ناحەقم مەگرە، چونکە لەناو سەیارەوە کوا تەقە کراوە هەرچی بوایە ئێمە بەردەکەوتین و هیچیشمان بۆ نەدەکرا.

قاسم: بە پێکەنینەوە؛ وامزانی هیچ نازانیت، بەڵام دیارە کوڕی تەنگانەیت و شتێك لە سەربازی دەزانیت.

ماکوان: ئەی ترست نییە لە بازگەو سەیطەرەی تر ڕامانگرن؟

قاسم: خەمت نەبێت تەنها سەیطەرەی سلێمانی هەیە، ئەویش خۆم چارەی دەکەم.

ماکوان: باشە، بەس بزانە لەناو سەیارەوە تەقە ناکرێت. ئەوەی بیەوێت تەقە بکات لە ئێمە ئەو دەستکراوە ترە ئێمە لە ناو دەچین، وایە؟

قاسم: وایە.

شریتێکی موحەممەدی ماملێ-ی خستە سەر و تا سەید سادق ئەیوتەوە و قسەیەکی لەگەڵ من نەکرد.

لە سەیدسادق دابەزین وتم دەچم نوێژی مەغریب دەکەم و دێمەوە.

قاسم: زۆر باشە نوێژێکیش بۆ من بکە.

وەڵامم نەدایەوە زانیم لە جەماعەتی بێدینەکانە، لەنوێژ گەڕامەوە و چووین لەسیدسادق نان بخۆین هیچمان دەست نەکەوت.

ماکوان: کاك قاسم لێخوڕە بۆ سلێمانی.

چووین بۆ سلێمانی و بە پشتی سەیطەرەکەی سلێمانیدا ڕۆشت، چووینە ناو شار و لە بازگەکەی نەدا، بەدرێژایی مێژووی ژیانم ئەو جێگاو جادە خۆڵەم نەدیبوو!

ماکوان: کاك قاسم خەڵکی کوێیت؟ جەنابت ئێرانی یان عێراقیت؟

قاسم: لەهەرکوێ ژیانم بڕوات خەڵکی ئەوێم.

ماکوان: ئەی کاکە حەمە چۆن دەناسیت؟.

قاسم: من نایناسم تەنها دووجار بینیومە، بەڵام هاوڕێی کاکم بووە ڕۆحی شادبێت. هەندێك پارەم لادانابوو تەنها جێگای سیقەو متمانەم بووە لە پێنجوێن، دەنا من بەخزمەتی نەگیشتووم نایناسم، بەڵام پێیان وتبوم کە پیاوی چاکەو خاوەن متمانەیە.

ماکوان: ئەی باوکی من چۆن دەناسیت؟

قاسم: بەبۆنەی شۆڕشەوە.

گەیشتینە سلێمانی و چووین بۆ بازاڕ نان بخۆین

قاسم: ئەو کڵاشینکۆفە بخە پشتی سەیارەکە ئیشمان پێی نەماوە. کە پشتی سەیارەم کردەوە پڕبوو لەچەك و دۆلار و پارەی سویسری ١٠ دیناری و ٥ دیناری، لەوانەیە ٢٠ دەفتەر دۆلاری تێدا بووبێت.

ماکوان: کاك قاسم بۆ خاتری خوا ئەو هەموو پارەو دەمانچەو سیلاحە چییە؟

قاسم: ئەی کاکە حەمە نەیوت مەڕۆ لەگەڵی دوژمندارە، ئەوە هەموو دوژمنەکانی منە.

ماکوان: وابوو!

نانمان خـوارد و منـی بـردەوە بـۆ مـاڵەوە، لە مـاڵی بـاپیرم دابەزیـم خـوڵکی گەرمـم کـرد بـۆ لای بـاپیرم و نەنکـم، چـونکە لەگەڵ ئەوان دەژیام.

قاسم: باشە با بڕۆین ئەم شەو لەمـاڵی بـاپیرت دەبـم، کـاکە حەمەی باپیرتم دەمێکەیە نەدیووە

ماکوان: بۆ دەیناسیت؟

قاسم: خۆشەویستمە.

کە بردمەوە بۆ ماڵەوە باپیرم ڕەنگی تێـك چـوو، وامزانـی خۆشـحاڵە زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی دەکات.

کەچی یەکسەر وتی قاسم چی دەکەیت لێـرە؟ چۆن لەگەڵ مـاکوان یەکترتان ناسیوە؟

قاسم: بەتوڕەییەوە؛ لە پێنجوین بووم ماکوان وتی بمـبەرەوە، خـوڵکی کردم بۆ ئێرە و چایەك دەخۆم و دەڕۆم.

باپیرم: باشە بەخێربێن چاکەت بخۆ و لەخزمەتدا دەبین.

لە ژیانمـدا بـاپیرمم نەدیبـوو بەوشـێوەیە مـامەڵە و بەرخـورد بکـات لەگەڵ دوژمنەکەشی زۆرم پێناخۆش بوو.

ماکوان: ئەرێ باوە بۆ وا مەمەڵەی دەکەیت خۆ هیچ نەبووە؟

باپیرم: نا هیچ نەبووە.

بەتوڕەییەوە یەکەسەر شکاندمی لەبەرچاوی کاك قاسم وتی ملت بشکێنەو بچۆ ژوورەوە، من لەگەڵ قاسم ئیشم هەیە.

چوومە ژوورەوە ئاگام لێبوو بە باپیرمی وت: بابە وەڵا ماکوانم بەپیاوەتی هێناوەتەوە هیچ پەیوەندیم نییە لەگەڵیدا.

باپیرم: باشە قاسم؛ با خوێن نەکەوێتە نێوانمانەوە، ماکوان منداڵە ناتناسێت.

قاسم: جا- کاکە حەمە خۆ من بەزۆر نەهاتووم ماکوان خوڵکی کردووم، وامزانی دیوەخانت ماوە؟

باپیرم: بەڵێ ئێستاش خاوەنی دیوەخانم، بەڵام دیوەخانم بۆ خەڵکێك کراوەیە کە ئاشوب و گێچەڵ، کوشتنی بە شوێنەوە نەبێت.

قاسم: باشە ئەوە لەبەر قەبرەکەی باوکی ماکوان قبوڵم کردو ڕۆشتم.

باپیرم: سەرچاو و سەر سەرم ئەی چاکەت ناخۆی؟

قاسم: نا- جێگای من لێرە نابێتەوە.

باپیرم: ئەو قسەیەت زۆر ڕاستە، خواتان لەگەڵ.

کاك قاسم ڕۆیشت و باپیرم هاتە ژوورەوە، خەریك بوو شێت دەبووم هیچ تێنەدەگەیشتم لەو مەوزوعە.

ماکوان: ئەرێ باوکە ئەم پیاوە بەد ڕەوشتە؟

باپیرم: نەوەڵا پیاوی ناو پیاوانە

ماکوان: ئەی دزە؟

باپیرم: سەروەتی ئەوان بەقەدەر هەموو سلێمانی یە و زیاتریش

ماکوان: دوژمنیانە؟

باپیرم: نەوەڵا ناسیاوی دێرینی ڕەحمەتی باوکتن و منیش پێش باوکت دەیانناسم.

ماکوان: ئەی کەوایە بۆ ئەو پیاوە بەڕێزەت بەم شەوە دەرکرد؟

باپیرم: کوا دەرمکرد، خۆی ڕۆشت.

ماکوان: بابە دەرکردنێکی موحتەرەمانە بوو.

بەڕاست ئەم کاك قاسم-ە کێیە؟

باپیرم: ئەمە کوڕی فارس ئاغای باوانە، باپیری ناوی حمزە ئاغای باوانە، عەشیرەتێکی کۆچەری جولەکەن لەناوچەکانی لای ورمێ وە هاتونەتە ئەمدیو لەو دیویش نیشتەجێن.

بەدرۆ خۆیان کردوە بە کورد و موسڵمان، فریان نە بە کوردەوە هەیە نە بە ئیسلام و موسڵمانانەوە.

ئەمانە کاتی خۆی دژی شێخ مەحمود بوون، پێیان دەوترا حەمزە ئاغای ڕووس، پێشتر وەك دەڵێن مێجەرسۆن هێناونی بۆ ئەم ناوچەیە و چاپخانەی پێهێناون بۆ ڕواندوز، هەموویان چەك فرۆشن، چەکو سیلاحی گەورەیان دەفرۆشت بە شۆڕش و لە ئێرانیش موخەدەراتیان دەفرۆشت.

خانەوادەیەکی زۆر دەوڵەمەندن، لە ئێران، عێراق، تورکیا، ڕووسیا و ئینگلیزدا ناسراون، ئەمانە نوێنەری زۆربەی کارخانەی چەکو جبەخانەن. کوڕی ئەو خەڵکە بەدەستی ئەمان دراوە بە کوشت، هیچ

کام لەلاکان کاریان پێیان نەماوە، ئیتر کەوتونەتە کوشتنیان و زۆربەیان لە ناوچوون.

هەمـوو لە کارخـانەکەی عیزرائـل کـار دەکەن و خەریکـی پیـاو کوشتنن و گیان کێشانن، باوك و برا و کەسوکاریان هەمـوی کـوژراوە، لەو بنەماڵەیە بەس ئەم کوڕەیان مـاوە ئەمـیش پیـاوکوژێکی لێـزانە، کە تۆم لەگەڵ ئەودا بینی شێت بووم.

بزانە ئەوە چەکی بۆ پارتی هێناوە یان یەکێتی، وە یان بزانە دەیەوێت ماڵی کێ وێران بکات؟

کاتی خۆی لە چەمی ڕێزان بوو مام جەلال برایەکـی گـرت، هەمـوو دنیا پەیوەندیان کرد بە مام جەلالەوە کە هیچی لێنەکرێت. ئەوکات مـن لەگەڵ کاك قایەر کۆکۆیـدا بـووم، باسـی سـاڵی ٦٦ بـۆدەکەم ئەودەمە جەلالی بووین ئێمە.

مام جەلال دایە دەسـت مـن وتـی لەسـەر سـنوور ئـازادی بـکە بـا بڕوات، لە سەیدسادق ئازادم کرد و ئیتر ناسیاویەان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوان وایان زانیبـوو ئەمـری ڕەمـی و کوشـتنی بـۆ دەرچـووە، ئازادکردنەکەی بە پیاوەتی منیان زانی، بەڵام من لەڕاستیدا هیچم نەکرد تەنها فەرمانی مام جەلال بوو،

جـا ئەم کـابرایە خـانەوادە و بـراو هەمـوو کەسـوکارەکانیان یـان بە فیشەک کوژراون یان بە موخەدەرات مردوون.



CamScanner

جـا- بـۆیە ترسـام! هەرکەس هەرچـیەك بچێنێـت هەر ئەوەش ئەدورێـتەوە، ئەمـانە تـۆوی چەك و موخەدەراتیـان بڵاوکـردۆتەوە و چاندووە خۆشیان هەربەوانە کوژراون و لەناوچوون، ئەوەتا کوڕێکیـان هەبوو بەناوی مازیار ئاغا بەهۆکاری دەرمان و موخەدەرات لەناوچوو.

ماکوان: باوکە تۆ بە وردی بۆم باسکە، نەك ئاوا پچڕ بچڕ. بەس تـۆ زۆر موسەیطەر بوویت بەسەریدا،

ئەو توانایەی هەبێت، تۆ چۆن ئاوا قسە دەکەیـت لەگەڵیـدا و چـۆن ئاوا بنو بنەچەی دەناسیت؟ ئێ حەتمەن تۆش یان شەریك بوویـت یـان بەشێکت هەبووە؟

باپیرم: دە کەرە کەر، من چۆن خۆم توشی قەتل و تاوان دەکەم.

ماکوان: ئەی ئەمانە چۆن دەزانیت و چۆن دەیانناسیت؟

باپیرم: بەبۆنەی چەکداری و پێشمەرگایەتیەوە.

ماکوان: دەبۆم باسکە بزانم ئەم پۆخڵەواتانە چین و کێن؟

باپیرم: جاتۆ ئیشت چیە بەم سەرئێشـەیەوە، ئەوە نیـیە وتـم بـراکەی گیراوە داویانەتە دەست من ئازادم کردووە بە ئەمری مام جەلال.

باپیرم پیاوێک بوو زۆر تاقەتی قسـە گێـڕانەوەی نەبـوو، بەڵام ئەگەر شتێکیشی بگێڕایەتەوە زۆر دەقیق بوو، ئینجـا کێشـەیەکی تـری بـاپیرم ئەوە بـوو زۆر زەعـیمانە بیـری دەکـردەوە، ئـێمەی وەك ڕەنجـبەر و خزمەتکار تەماشا دەکرد.

ماکوان: وەڵڵا هەر بۆ ئەوەی بیناسم و ڕەفیقایەتیان نەکەم.

باپیرم: حەدت چییە ڕەفیقایەتی دەکەیت.

ماکوان: باشە نایکەم بەس بۆم باسکە.

باپیرم: گـوێگرە، بەڵام ببینـم و ببیسـتم لەگەڵیـدا بیـت و ڕەفیقـایەتی بکەیت، خۆم بەدەستی خۆم فیشەکێکت پێوە دەنێم.

ماکوان: باشە

باپیرم: ئەگەر دەتەوێت هەموو کون و کەلەبەریان بزانیت، مامە قـالە باش دەیانناسێت بەو بڵێ با بۆت باس بکات.

ماکوان: کام مامە قالە؟

باپیرم: مامە قالەی ڕەفیقی باوکی ڕەحمەتیت.

ماکوان: مامە قالەی دەباغی ئێرانی؟

باپیرم: خۆیەتی!

# مامە قالە و هەواڵێکی گرنگ

لەدوای ئەوەی باپیرم باسی مامە قالەی بۆ کردم کە گوایە ئەو شارەزایە لە ژیانی ئەو خانەوادەیە، منیش بووە خولیای مێشکم هەوڵم دا بە خزمەتی مامە قالە بگەم.

ڕۆژێك پرسیارم کرد لە کوڕێکی پێشمەرگەی دیموکرات کاتی خۆی لە بارەگای سەید ڕەسوڵی بابی گەورە بوو لە سەر ۳۰-مەترییەکەی شاری سلێمانی کە بۆ سەردان هاتبوونە شاری سلێمانی، ئەندامانی دیموکرات زۆربەیان چووبونە کۆیەو هەولێر لەترسی کۆماری ئیسلامی ئێران. مامە قالە-ش ئەو ماوەیە لەهەولێر بوو، خۆی ئامادە کردبوو بڕوات بۆ ئەوروپا وەرگیرابوو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بەشی پەنابەرانەوە.

بۆ زانیاری هەموولایەك بزانن مامە قالە-ی دەباغی کێیە؟

پیاوێکی شۆڕشگێری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە کۆمەڵەی ژێکافەوە ئەندام بووە، تاکو- حیزبی دیموکرات و بەشدار بووە ولە کۆماری مەهاباد-دا و کەسێکی ئەدیب و نووسەرو زمان زان بووە. خەڵکی ناوچەی موکریانە، هاوڕێ و دۆستی باوکم بووە، زۆربەی کاتەکان کاتێك لە سلێمانی دەبوو لەماڵی ئێمەدا بووە، هیچ پابەند بە ئایینەوە

نەبووە، تەنانەت ڕۆژێکیش لە مـاڵی خۆمانـدا نەمدیوە نـوێژ بکـات، کەسـێکی ئاسـایی بـووە لە ڕووی دینیـیەوە هـیچ جـۆرە قسـەیەکی ناشرینیشم لێنەبیستوە بەرانبەر بە دینی ئیسلام.

ڕێم کەوتە هەولێرو بەخزمەتی مامە قالە گەیشتم و هەندێك پرسیارم لێکرد دەربارەی ئەو خانەوادەیە

مامە قالە تا بڵێی پیاوێکی هێمن و لەسەر خۆ بـوو، زۆر بەدەگمەن زانیاری ئەدا بەدەستەوە، زۆر حەزی بە چا خواردن بوو بانگێشتم کـرد بۆ جێگایەك بۆچا خواردن، عەرزیـم کـرد زانیـاریم دەوێـت دەربـارەی بنەماڵەی فارس ئاغای باوان و حەمزە ئاغای باوکیان.

مامە قالە: زانیاریم نییە نایانناسم، ئەمانە کێن؟

ئەو منی خستە ژێر پرسیارەوە، هەستم کرد جەنابیان دەیەوێـت شـت لەمن وەربگرێت تا بزانێت پەیوەندی و ناسینی من بۆ ئەوان چۆنە.

بۆیە منیش ئەوەی ڕوویدا بوو بۆم گێرایەوە، باسی کاك قاسـم-یشم بۆ کرد.

مامە قالە: ئەوە بزانە کۆماری ئیسـلامی نـاردوویەتی کـێ بکوژێـت، ئەو جاسوسە هەندێك قسەی تریشی پێوت.

ماکوان: واتا دەیناسیت؟

مامە قالە: دەیناسم، بەڵام تۆ کارت چیە بەمانە؟

کاکە ماکوان وازی لێ بێنە و سەری خۆت بەمانەوە مەئێشێنە، دوور بکەرەوە لێیان.

ماکوان: نزیك نیم نایانناسم، ژیانی ئەوانەتان کـردووە بە مەتەڵ لای من، دەمەوێت بزانم کێن و چین؟

مامە قالە: ئەمانە پیاوی پارەن درووستکراوی دەستی ئیمپریـالیزمن، داگیرکەری کوردستانن. ئـێمەی کـورد سـوودمان لێوەرگرتـووەن، بەڵام زیانی زۆریان لێداوین، ئەم خانەوادەیە خەڵکی ناوچەی ئازەربایجـانن لە جووە تورکەکانن، هاتوونەتە ناوچەی شنۆ، دوای ئەوەی مێجەرسۆن گەڕا بەناوچەکەدا ئەمانە بوونە چاوساغی مێجەرسـۆن. پاشـان لەدوای داگیرکردنـی ئێـران لە لایەن ڕووسـیا و بەریتانیـا وە، ئەم خـانەوادەیە دەوڵەمەند بوون چەکی زۆریان فرۆشت بە حوکومەتی ئێرانی و بە هێزە کوردییەکان تەنانەت بە کۆماری مهابادیش.

سەرەتای گەورەبوونیان لەڕێگای حەمزەئاغاوە بوو، پێشتریش دژی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بوون، پەیمانیـان دابـوو بە شـێخ محمـود کە چەکی بگەیەننە دەست، بەڵام درۆیان کرد لەگەڵیدا بە فیتی ئینگلیز.

زۆر دەوڵەمەنـد بـوون لە نـاوچەکەدا، لە ڕووسـیا خـاوەنی قەصرو باڵاخانەی گەورە بوون، تەنانەت هۆکـاری ڕووخـانی شۆڕشـی ئەیلـول بوون. ئەمانە هەرچی دژی کورد بوایە دەیان کـرد و خۆشـیان بە کـورد نیشان ئەدا.



CamScanner

هەرچـی دەرمـانی بەسـەرچوو و مەشروب و کـاری خـراپ بـوو دەیانهێنایە ئێران و عێراق، بۆ خراپکردنی خەڵکەکە، ئەو کارە زۆریش لایان ئاسایی بوو.

بێجگە چەك ئەمانە چەند هێزێکی مارکسـی و لینینیـان دروستکرد، ناڕاسـتەخۆ خسـتیانە نـاو کـوردەوە بـۆ لەبەر یەك هەڵەوەشـاندی ئەو شۆڕشەی کوردان.

بەنـاوی کومەنیسـتی و ئیشـتراکییەوە، بەهەر حـاڵ حەمـزە ئاغـا بەدەستی مەنگوڕەکان کوژرا، دوو کوڕی تـری حەمـزە ئاغـا لەگەڵیـدا کوژران، دوای ئەو فارس ئاغای کوڕی بوو بە گەورەیان.

زۆر کـاری بەدڕەوشـتییان بڵاوکـردەوە لە ڕۆژهەڵات و باشـووردا، ئەوان دەیانویست ڕەوشت و ئاکاری کوردایەتی نەهێڵن.

فـارس ئاغـاش بەدەسـتی کۆمـاری ئیسـلامی کـوژراو ڕایـانکرد بۆ تورکیا، کوڕەکانیشی هـاتنە عێـراق و بـوون بە جاشـی حیزبـی بەعـس لەگەڵ ئەوەشـدا چەکیـان دەفرۆشـت بە پێشـمەرگە لەدەرەوە لەگەڵ بەعسەکانیشدا دەستیان هەبـوو. کـوڕە گەورەکەی نـاوی جەمـال بـوو ئەویـش لەم دواییـانەدا بەدەسـتی حیزبـی بەعـس کـوژرا، چـونکە ئاشکرابوو جاسوسی بۆ ئێران کردووە. کورت و پوخت ئەمانە جـاش و خۆفرۆش بوون.

سوودیشیان هەبووە بۆ شۆڕشی کوردی وەك چەك فرۆشتن، دەیان جار باوکت چەکی لێ وەرگرتوون بۆ شۆڕش لە ڕێگای پیاوێکی بەڕێز ناوی (ع،م) بوو لەگەڵ حیزبی دیموکرات بوون.

ماکوان: بۆچی ناسراونین لەناو خەڵکیدا؟

مامە قالە: لەبەر ئەوەی مامەڵەیان زیاتر لەگەڵ قیاداتی کوردی و جاش و دەسەڵاتی دەوڵەتەکاندا بووە، نەك لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، زیاتر پارەیان پەیدا کردوە بەدوای نفوزەوە نەبوون، هێزی ئەوان وڵاتان بووە نەك خەڵك.

ماکوان: ڕاستە جولەکەن؟

مامە قالە: بەڵێ- بەڵێ جوو بوون.

ماکوان: دەست خۆش، مەمنونم بۆ زانیاریەکانت مامە قالە گیان.

ئیتر لەوکاتەوە نەم دیوە تاکو جارێك لە هۆڵەندا بەخزمەتی گەیشتم و هەندێك قسەمان کرد و بەجێمهیشت، دوای بیستم کە لە نەخۆشخانەیەکی لەندەن کۆچی دوایی کردووە، خوا لە مامە قالە خۆشبێت!

دوای تێپەڕینی ماوەك لەسەردانەکەم بۆلای مامە قالە، ڕۆژێك بیستم کەوا کەسێکی ئێرانی لە ئەسحابە سپی کوژراوە، دوای بۆم دەرکەوت کاك قاسم بووە، ئیتر لەوکاتەوە هیچ زانیاریەکم لەسەریان نەبیستوە و کەسیش باسی نەکردوون.

ئەمە بووە هەوێنی بیرکردنەوەی من و بە ڕابردووی خۆمدا بچمەوە.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك لەم ڕووداوانە بۆ مامۆستاکەم گێڕایەوە لە سلێمانی، کە بە مامۆستا کەمال-ی هەوارە بەرزە مەشهور بوو.

کەسێکی زیرەك و بەتوانا بوو جاروبار دەرسی شەرعی و بیروباوەڕم لا دەخوێنـد، زۆر بەدەگـمەن دەرسـی دەوتەوە بەخەڵکـی، مەگەر زۆر سیقەی پێی بوایە، بەڵام بەزۆر وانەی بەمن دەوتەوە.

دوای ئەوەی باسەکەم بۆ گێڕایەوە وتی: ماکوان کـاتی خـۆی تـۆش بێدین بوویت؟ پێم ناڵێیت چۆن دینداریت دەست پێکرد؟

ماکوان: ڕاستە من بێدین بووم، بەڵام خۆشم نەمدەزانی بۆچی.

لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێم بڕیارماندابوو کە بڕوامان بەدین نەبـێ، هەر لەخۆمانەوە چاولێکەری بـوو. دوای ئەوەش کەئـایینمان هەڵبـژارد زۆر بەئاسانی هاتینە ناوەوە، بەڵام هۆکاری سـەرەکی بـۆ هـاتنە نـاو ئـایین کتێبەکانی مامۆستا مەلا مـوحەممەدی شـارەزوری بـوو-خـوای گەورە لێیخۆشبێت و بەفیردەوسی ئەعلای شاد بکات-

مامۆستا کەمال: کاکە ماکوان من حەز دەکەم باسی ژیانی بێـدینی و مولحیدی خۆمت بۆ بکەم.

ماکوان: فەرموو خۆشحاڵ دەبم!

مامۆستا کەمال: سـاڵەکانی حەفتـا بـوومە پێشـمەرگە، چەنـدە دژی حیزبی بەعس بووین، ئەوەندە دژی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بووین، وەك ئەوەی ئیسلام هاتبێتە سەرمان.

دەمەوێت بتگەڕێنمەوە بۆ ساڵەكانی ١٩٧٣ - ١٩٧٧ لە دانشگاهـ بووم لە بەغداد، ڕقم لە كچێك بوو واهەستم دەكرد كە ئەو ئافرەتە هەموو ژیانی منی خواردووە بێ ئەوەی بیناسم، ڕقم لێی بوو تەنها لەبەر حیجابەكەی.

ئەو سەردەمە زۆر كاریگەری دەوڵەتی سۆڤیەتمان لەسەر بوو، دەمانویست نەك كوردستان- بەڵكو- وامان دەزانی كۆتایی مێژووە ئیتر ستالین و ماویی فریادڕەسی خەڵكن و ئەمانویست هەموو جیهان بكەینە شوعی.

لێت ناشارمەوە لەگەڵ هاوڕێ كوردەكاندا هەموو جارێك دەمانوت ئەگەر بەردەستمان كەوێت لەدواوە لەگەڵیدا ڕادەبوێرین تا گیانی دەردەچێت. خوای گەورە پەنامان بدات.

چەپ بوونمان مرۆڤ دۆستی نەبوو، بەڵكو ئەوەی چەپ نەبوایە بە جاهیل و دواكەوتوو كۆنە پەرستمان دەزانی، ئەگەر نەخوێندەوارێكش لەگەڵماندا بووایە بەڵام چەپ بوایە، ئەوا بە هەموو شێوەیەك پشتیمان دەگرت و واماندەزانی كوڕەزای ماركس-ە.

بێجگە چەپەكان هاوڕێیەتی كەسمان نەدەكرد، ڕەوشت و ئەخلاقیشمان لاگرنگ نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچمان سیقەمان بەوی ترمان نەبوو.

کات هات و ڕۆیشت بووینە تەنزیمی و چەند بڵاوکراوەیەك و پۆستکارتی شەهیدانمان پێبوو بەزمانی عەرەبی بڵاومان دەکردەوە لەشاری بەغداد بەعسییەکان، پێیان زانین.

ئێمەش لە دانشگاە بڵاومان دەکردەوە، دوای ئەوەی کە ئاشکرابووین لەدوورەوە ئاسایشەکانی بەعسی و دانشگاکە ڕایانکرد بە شوێنماندا هەر دووکەس هەڵمان دەواسی.

بە پەلە هاتینەوە بۆناو بەشەکەی خۆمان و هەموو شتەکانمان خستە ناو جانتای ئەوکچە موحەجەبەوە.

لەدڵی خۆمدا وتم ئەگەر گیرا با ئەم ئافرەتە بگیرێت، باشترە ئەم کۆنە پەرستە لەناو بچێت.

ئەمنەکانی جامیعە خۆیان کرد بە بەشەکەی ئێمەدا و یەکسەر هاتنە لای من و منیان پشکنی من هیچم لا نەبوو، دوای من چوونە لای هەموو هاوڕێکانی من کە کورد بوون هیچیان لانەبوو. دوای ئەوە هەموومانیان کردە دەرەوە، لەدوای گەڕانێکی زۆر هەموو بەیاننامەکانیان گرت و دەریانهێنا لە ناو جانتای ئافرەتەکە و بە قژ ڕایان کێشاو بردیان.

# گەوزان لە ناو تاریکیدا

مامۆستا کەمال بەردەوام بوو لە گێڕانەوەکەی بۆم و وتی: دوای ئەوەی کە ئەو کچە موحەجەبەیان برد ناوی(ویداد)بوو، هەستم کرد زۆر ناپیاوم ئەوەی پێی بڵێن پیاوەتی لە وجودی مندا نییە، زۆر خۆم بە وەحشی و هیچ و پوچ زانی، لەوە ناخۆشتر هەموو هاوڕێکانم پێدەکەنین، وەك ئەوەی کە چالاکییەکی گەورەیان ئەنجام دابێت ئەو ئافرەتە داماوەمان تووش کرد.

ماکوان: ئەی ئەو ئافرەتە چی بەسەر هات؟ هەروا بەئاسانی تووشتان کرد بۆ ئەوەی لەناو بچێت؟

مامۆستا کەمال: نا- ماکوان گیان زانیمان ئەو ئافرەتە هیچی لێناکرێت. ڕاستە ئازاریان ئەدرا، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە بۆیان دەردەکەوت کە ئێمەی کورد ئەو کارەمان ئەنجامداوە، بۆیە ناچار بووین.

بەرپرسی شانەکەمان کە ناوی فەرەیدون بوو بڕیاری ئەوەی دا بەسەرماندا کە هەموو بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە خۆمان ئامادەبکەین بۆ چوونە دەرەوەمان بۆ ناو شۆڕش و ببین بە پێشمەرگە.

هەر ئەو سات و کاتە خۆمان ئامادەکرد و گەڕاینەوە بەرەو سلێمانی، ئەوانەشی خەڵکی کەرکوك بوون لەگەڵماندا گەڕانەوە.

من چوومە دەرەوە و بووم بە پێشمەرگە، چالاکیمان زۆر ئەنجامدا لەم شۆڕشەدا ئیشی قۆڕ و داوێن پیسی و کاری خراپەشمان زۆرکرد.

لەڕاستیدا زۆرێك کە دەهاتنە دەرەوەو دەبوون بە پێشمەرگە بۆ شۆڕش نەبوو، بۆ کورد و کوردستان نەبوو.

ماکوان: ئەی بۆچی بوو؟

مامۆستا کەمال: هاتنە دەرەوەی خەڵکی جیاواز بوو، هەندێکیان عەسکەری فیرار بوون، کەسیان نەبوو بیانکات بەجاش و خەفیفە، هەندێکی تریان دوژمندار بوون یان تەعەدایان لە ئافرەت کردبوو بۆیە دەهاتنە دەرەوە، هەندێکی تریان تاوانێکیان ئەنجامدا بوو ناچار بەناوی کوردایەتیەوە دەهاتنە دەرەوە، هەندێکیش بۆخۆی ڕۆحی کوردایەتی تێدابوو دەهات دەبووە پێشمەرگە.

ماکوان: مامۆستا تۆ ئامانجت چی بوو؟

مامۆستا کەمال: دوو ئامانجم هەبوو، من کادیریکی ناوەندی ئەو حیزبەی خۆم بووم چالاکی ڕۆشنبیری و پێگەیاندنی پێشمەرگەم لە ئەستۆدا بوو، پاشان وەك هەموو پێشمەرگەیەك بەشداربووم لە چالاکی سەربازیدا.

ماکوان: ئەمە ئارادەیەك کارێکی خراپ نییە، وانییە؟

مامۆستا کەمال: بـا؛ زۆر خـراپە زۆر دەپـاڕێمەوە کە خـوا لـێم خۆشبێت.

دەستیکرد بەگریان و قسەی بۆ نەکرا!

ماکوان: مامۆستا کەمال گیان بۆ دەگری؟

مامۆستا کەمال: چۆن نەگریم ئەزانی چەندە کـوڕی خەڵکم کـرد بە کافر و بێدین و دوایی بەناوی کـوردایەتی و شۆڕشـەوە کـوژران و ئەو بێدینییەی ئەوان لە ئەستۆی مندا بوو.

کەوای وت تاسـام نەمزانـی چ وەڵامـێکم هەبێـت، چـونکە بیـرم لە تـاوانی وا نەکردبـووە و بە خەیاڵمـدا نەهـاتبوو، یەکەم جـاریش بـوو ببیستم، ئەوەندەی تـر بێـدەنگی دایگـرتم ئەویـش فرمێسـك بەچاویـدا دەهاتە خوارەوە.

مامۆستا کەمال: تەمەنێکم سەرفکردووە لە پێناوی هیچدا، خەڵکم بۆ هیچ پەروەردە کـرد کە کۆتاییـان هـاتوو جەهەنەم جێگایـانە، ئەی ئەمە گریانی ناوێت؟

مـاکوان: بەڵکـو خـوای گەورە لێیـان خـۆش بێـت، ئێـوە بەنەزانـی کردوتانە لەوانەیە خوای گەورە لێیان خۆش ببێت.

مامۆستا کەمال: یاخوا بەدەمی تۆ بێت ماکوان گیان، جاکوا وابوایە

ماکوان: ان شاء الله وا دەبێت، خوای گەورە بەخشندە و میهرەبانە.

مامۆستا کەمال ئەی چی وای لێکردی بگەڕێیتەوە بۆ ئیسلام؟

مامۆستا کەمال: زۆرم خوێندەوە زۆر دوورکەوتمەوە لەباسە ڕۆحییەکان هیچ پەیوەندییەکی ئاسمانی و ڕۆحیم نەمابوو. بەدوای زانستی تەواوە وە بووم، ئەوەی پێی بوترایە خوا و دین و ئیسلام ڕقم لێی بوو، لەژیانمدا بیرم لەوە نەدەکردەوە نوێژ بکەم، بەڵکو بیرم لەوە دەکردەوە چۆن کەسانی نوێژ خوێن وا لێ بکەم واز بێنن.

هەستێکی زۆر سەیرم هەبوو، بێئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان هیچ کاریگەرییەکی ئیسلامم لەسەر بێت، نە باوك باسی دینی بۆ کردووم نە دایکیشم وتویەتی نوێژ بکە، لە خێزانی ئێمەدا باوی نوێژو ڕۆژوو و باسی دینی نەبووە. تەنانەت خانوویەکمان هەبوو لە گەڕەکی ئازادی نزیك مزگەوتی حەمەی حاجی ڕەشید، باوکم لەداخی دەنگە دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکە فرۆشتی و هاتینە هەوارەبەرزە.

ڕۆژێکیان نامەیەکی هێزەکەی خۆمانم برد بۆ سەرکردایەتی و زوو گەڕامەوە بۆ بارەگای خۆمان، لەو ناوچانەی لێی نیشتە جێبوین شەومان بەسەردا هات، لەڕێگادا کەوتمە کەمینی هەندێك لە هێزەکانی تری پیشمەرگەی حیزبی نەیار.

بەهەر حاڵ توانیم خۆم دەرباز بکەم و دەرچووم و نەگیرام. لەدوای تەقەیەکی زۆر، لەکاتی تێخوڕینیان لێم تا ئەوکاتەی دەرچووم لەناویاندا هەر دەموت خوایە گیان فریام کەوە بمپارێزە، زیاد لە ١٠ جار شایەتومانم هێناوە.

دوای ئەوەی کە هاتمەوە بۆ بارەگای خۆمان و هێزێکمان دەرچوو بۆ ئەو ناوچەیە و گەڕامەوە هەر بیرم لەوە دەکردەوە ئەم قسانە چیبوو دەمکرد. لەخۆمەوە شەرمم لە خۆم دەکردو پێم ناخۆش بوو، بەڵام بەوە تەفسیرم کرد کە ئاساییە حاڵەتێکی ترسە، دەم ڕاهاتنە دەنا کوا من بڕوام بەخوا و پێغەمبەر و شایەتومان هەیە.

زۆری نەبرد ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە ڕوویدا، ئێمەش ناوچەکانمان جێهێشت و چووینە ئەودیو، لەوێ بە خزمەتی مامۆستا ناسری سوبحانی گەیشتم، کە بەداخەوە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ۱۹۹۰دا شەهیدی کرد.

دوای گۆڕینەوەی بیروڕا مامۆستا چەند کتێبێکی خۆی دامێ بەناوەکانی

أسس التصورات والقيم، نوێژ (حەقیقەت و حیکمەتەکانی)، پێغەمبەری نەخوێندەوار، بەندایەتی، پرسە و سەرەخۆشی. بەتەواوەتی ژیان و دیدو تێڕوانیم گۆڕا و قسەکانیشی کاریگەری هەبوو لەسەرم.

ئەم ئایەتە بەتەواوەتی ژیانمی گۆڕی ئایا ڕێگە پێدراوە لە کەونی خوادا مرۆڤەکان گەندەڵی ئەنجام بدەن کە خۆی بەرنامەی ژیانی داڕشتووە، بۆیە بەردەوام لەسەر خەڵکی ئەم دەڤەرە کە ناسراوە بە جیهانی ئیسلامی بە قورئان ئاراستەیان دەکات و دەفەرموێت:

﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًاۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ



CamScanner

كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ۝٢٨ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ
مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ۝٢٩﴾ [ص]

واتە: (ئێمە ئاسمان و زەوی دروستکراوانی نێوانمان بێ هودە و هەڕەمەکی دروست نەکردووە، ئەوە بیرو باوەڕی ئەوانەیە کە بێ باوەڕ بوون، هاوار و ئاهونالّە بۆ ئەوانەی کە کافر و بێ بڕوان لە سزای ئاگری دۆزەخ، نەخێر، ئەو باوەڕهیان هەڵەیە، بەڵکو ئایا ڕەوایە پاداشتی ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کاروکردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، وەک ئەوانە لێ بکەین کە تۆوی خراپەیان چاندووە لە زەویدا، یاخود ئایا ئەوانەی پارێزگار و لەخوا ترسن وەک خراپەکاران سەیریان بکەین؟! ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامانبەزاندووە بۆ لای تۆ، بۆ ئەوەی ئایەتەکانی لێک بدەنەوە و بیری لێ بکەنەوە و بۆ ئەوەی خاوەن بیرو هۆشەکان پەند و ئامۆژگاری وەربگرن و تێفکرن).

هەرچەندە پێم وایە ئەم دنیایە کە کۆتایی دێت خۆمـان بـۆ دنیایـەکی ئەبەدی ئامادە کردووە پێویستە مرۆڤـەکان لـە سـەر ئـەم بنەمایـە کـار بکەن، ئەگەر چی ئەوانەی کە بانگەشەی ژیـانێکی خۆشـی مرۆڤـەکان دەکەن لە ناوەخندا هیچ ڕاستییەکی تێدا نیە، لە کۆتاییدا هەموو ئەمانـە ئارەزوو ویستی چەند کەسـانێك لـە بەرژەوەنـدی خۆیانـدا کـاری پـێ دەکەن، دەرئەنجام بەرەو نەهامەتی لەناوچوون دەیانبات.

پاشان هەر لە ئێران وازم لە حیزبەکەی خـۆم هێنـا و چـووم بەدوای زانست و زانیاریدا گەڕام و چوومە خزمەتی چەند مامۆستایەکی بەڕێز،

هەندێك زانیاری زیاترم خوێند و خۆم ئامادە كرد لەڕێگای هەندێك كەسایەتی ئیخوانەوە بچم بۆ میسر، لە ڕۆشتندا بووم حیزبەكەی خۆم بانگی كردم و دەست بەسەریانكردم ئەمری لەسێدارەدانم بۆ دەرچوو لەلایەن ئەوانەوە كە گوایە جاسوس بووم و خیانەتم لێكردوون.

ماكوان: هەروا بەئاسانی گیرایت و ئەمری لەسێدارەدانت بۆ دەرچوو؟

مامۆستا كەمال: نا؛ پێشتر چاودێریان كردبووم، ئاگایان لە هاتوچۆ و گەڕانەكانم بوو، منیش نهێنی ئەوانم لەبەردەستدابوو. ئەم شۆڕشەش وابوو هەركەس نهێنی لەژێر دەستدا بوایە سەركردایەتیەكەی بێ یەك و دوو ئەمری كوشتنی بۆ دەردەكرد!

منیش یەكێك لەوانە بووم، بەڵام دوای لێپێچینەوە باش بوو وام لێكردن كە بڕوام پێبكەن جاسوس نیم و ئەوكارانەش لێكۆڵینەوە بوون بۆ زیاتر ڕۆشنبیر بوونم كردوومە، من هەر لەگەڵ ئەواندام و هیچ گۆڕانكاریم بەسەردا نەهاتووە.

ماكوان: سوپاس بۆ خوا فەرمانی لەسێدارە دانەكەت كۆتایی هات؟

مامۆستا كەمال: بەڵێ هەر ئەو كاتە دوو هەفتەی نەبرد لایان برد لەسەرم و خوای گەورە كردی ڕاپەڕین ڕوویدا و هاتینەوە، ئیتر من چەكم دانا و لەگەڵ ئەو حیزبە عەلمانییە كارم نەكرد و چوومە لای حیزبێكی ئیسلامی.

ماكوان: سوپاس بۆ خوا.

ماموستا کەمال: نەخۆشییەکی کوشندەشم هەیە پزیشکەکان ئیزنیان داوم، ئەو زانستەی کەپێمە و لایخۆم کۆمکردۆتەوە دەبێت لەماوەیەکی کەمدا و ئەو کاتەی ماومە لەم ژیانەدا بیدەم بە تۆ، تۆش دوای من بیدە بەخەڵکی تر.

ماکوان: ئاخر من دەڕۆم بۆ دەرەوەی وڵات.

ماموستا کەمال: ئەی ناکرێت نەڕۆیت تا من دەمرم؟

ماکوان: ئەی ناکرێت من نەبم کەسێکی تر بێت پێی بڵێیت؟

ماموستا کەمال: ئاخر زۆر ماندوو بووم بەتۆوە تا فێری عیلمی بەیان و چۆنییەتی ئوسلوبی گفتوگۆم کردی بەشی کۆتاییت ماوە وەریگرە.

ماکوان: چەندی پێدەچێت؟

ماموستا کەمال: نازانم؛ بەڵام تـامردنم لەگەڵـت دەبـم و بـۆت بـاس دەکەم.

لەڕاستیدا من وامزانی گاڵتەم لەگەڵ دەکات تەنهـا بـۆ هانـدانمە بۆ ئەوەی لەخزمەتیدا دەرس بخوێنم

کەچی زانی کە من بەجدی وەرمنەگرتوە چوو هەموو شتەکانی هێناو نیشانی دام، کە نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە و ماوەیەکی کەمی ماوە بۆ ژیان.

کە زانیم بەڕاستێتی ڕازی بـووم، بەڵام زۆرم زۆرم پێنـاخۆش بـوو کە زانیم نەخۆشە، بۆیە دەست بەجێ دەستم کرد بە خوێندی دەرسەکان لە خزمەتیدا.

ئەو دەرسانەی کە دەستم پێکرد لەگەڵ ئەودا زۆر جیاواز بوو.

سەرەتا دەستمانکرد بە خوێندنەوەی کتێب، هەرچی کتێبی دژە دین و ڕەخنە ئامێز بوو دایمێ بیخوێنمەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە قسەیان لەسەر خوا و پێغەمبەر ﷺ دەکرد.

تا وای لێکردم خەریك بوو بەتەواوەتی واز لە ئیسلام بهێنم!

لە دوای خوێندنەوەی هەر کتێبێك بانگی دەکردم و وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەدایەوە، بەڵام دوو ئوسلوبی جیاوازی فێرکردم.

یەکەم: هەوڵی ئەدا خۆم وەڵامی پرسیارەکانم بدۆزمەوە بە بیرو بیرکردنەوەی خۆم، ئەگەر نەمتوانیایە، ئینجا وەڵامی ئەدایەوە و فێری دەکردم کەدژی ئەو قسانە چی باشە بکرێت و بیڵێم، بەیەك جۆر بەدیل و وەڵامەوە نەدەوەستا، بەڵکو جاری واهەبوو سێ بۆ چوار وەڵامی ئەدایەوە دەستم.

دووەم: فێری ئوسلوبی قیادی و ئیدارەی کردم.

# گفتوگۆیەکی هێمنانە

بەردەوامم لەخزمەتی مامۆستا کەمال لە هەوارەبەرزە دەمخوێند، هەموو ئەزمونی خۆی بۆ دەگواستمەوە، فێری ئیدارە و بەڕێوەبردن و چۆنیەتی سەرنج ڕاکێشان و شێوازی نووسین و پەی بردن بەجۆری کارکردن لە واقیعی کوردستانی کردم.

شەوێك ناردی بەشوێنمدا و چووم بۆلای وتی: دەڕۆین بۆ جێگایەك چەند کەسێکی بێدینی لێیە هەندێك گفتوگۆ دەکەین بۆ تۆش باشە ئەزموون پەیدا دەکەیت.

ماکوان: باشە لەخزمەتاندام.

بەتەکسی ڕۆشتین و چووینەماڵێك لە مامۆستایان (گەڕەکێکی شاری سلێمانییە)، کەچووینە ژوورەوە چەند کەسێک دانیشتبوون هاتن بەدەممانەوە، دووانیان بیرە و پێکی مەشروب لە بەردەمیاندا بوو، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردین و دانیشتین، هەواڵی مامۆستا کەمال-یان پرسی، هەواڵی تەندروستی و نەخۆشییەکەیان پرسی، ئەویش بە دەنگە گڕو پێکەنینە نەرمەکەی وەڵامی دانەوە.

مامۆستا کەمال: بەم نزیکانە دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەو کەسەی کەناردومی بۆ ئێرە. دیارە دەیەوێت گوێی لە دەنگم بێت بۆیە بانگم دەکات، ئەم ئازارو ناڕەحەتیانەی داوە بەسەرمدا.

شیروان (یەکێک لە ئامادەبووانی ماڵەکە): کاک کەمال تێناگەم مەبەستت چییە؟

مامۆستا کەمال: مەبەستم ئەوەیە کە مرۆڤ زۆر جار توشی ناڕەحەتی دەبێت، خوای پەروەردگاری بیری دەخاتەوە، کە دەنگ بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی داوای لێبکات، چونکە خوای گەورە ئارەزوومەندە کە بەندەکانی داوای لێبکەن.

شیروان: جا ئەم خوای پەروەردگارتە بۆ وات لێدەکات داوای لێبکەیت و هانای بۆ بەریت، ئەی بۆ چارەسەرت ناکات بەتەواوەتی؟

مامۆستا کەمال: ئاخر کێشەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت لەگەڵ ئێوەدا، چونکە خوا لای ئێوە کەبڕواتان پێی نییە و وجودی نییە، کاتێکیش لەگەڵ مندا ڕووبەڕو دەبیتەوە بۆ وەڵامدانەوەی من و موسڵمانان وەك مرۆڤ تەماشای خوا دەکەیت، واتا پێت وایە خوا مرۆڤە و وەك مرۆڤ لەگەڵ مندا تاوتوێی دەکەیت. ئەتەوێت بەو بیرکردنەوەیەی خۆت لە قاڵبێکی خوایەتیدا بۆ ئێمە دابڕێژیت، زۆر ئاستەمە بەم شێوەیە بگەینە ئەنجام.

هەم لە ڕووی زانستیەوە وە هەم لەڕووی ئەکادیمیەوە، هەروەها نە لە ڕووی فەلسەفی و فیکریشەوە ناگونجێت.

شیروان: ڕاستە، من بڕوام بەخوا نییە تا بتوانم وێنەی بکەم بۆت.

مامۆستا کەمال: ئەم قسەیە زۆر جوانە، منیش هەمان قسە دووبارە دەکەمەوە، خۆ منیش خوام نەدیوە نازانم چۆنە، دەبێت لەهەواڵێکەوە پێمانگەیشتبێت تابزانین چۆنەو چییە و بەندایەتی بۆ بکەین؟

شیروان: ئاخر کێشەکە لەوەدایە ناسینی خوا لە کام هەواڵەوە وەریگرین؟ لەکەناڵی ئەی ئێن ئێن؟(ANN) ئەو سەردەمە کەناڵێکی هەواڵیی بەهێز بوو.

مامۆستا کەمال: نا مامە شیروان؛ باسی خوا لەکەناڵەکانەوە وەرناگیرێت، بەڵکو لەخۆیەوە دەبێت وەریبگرین، دەزانیت؟

شیروان: بە پێکەنینەوە؛ ئەمە قسەیەکی خۆشە دەمەوێت منیش لەخۆیەوە وەریبگرم.

مامۆستا کەمال: ئەگەر ڕاست بکەیت ئاسانە!

شیروان: برادەران بە شاهید بن، ئەگەر لەگەڵ خوا قسە بکەم هیچ کێشەم نامێنێت و وەك هاوڕێ کەمال بڕوا بەخوا دەهێنم.

مامۆستا کەمال: پەیمان ئەدەیت کە پەشیمان نەبیتەوە؟

شیروان: پەیمان بێت!

کەمال: هەرچەندە بڕوام بە پەیمانەکەت نییە، چونکە گەیشتن بە ئیمان و بەخوا پرۆسەیە، لە قورئانەوە کە وەحییە هاتووە بۆ پێغەمبەر ﷺ.

شیروان: دایە قاقای پێکەنین، جا من ئەگەر بڕوابکەم ئەم قورئانە خوا ناردوویەتی دەمێك بوو لەسەر دەستی دایکم موسڵمان بوبووم.

مامۆستا کەمال: باشە ئەگەر سەلەماندمان قورئان دەست نووسی مرۆڤ نییە چی دەڵێیت؟

شیروان: موسڵمان دەبم.

مامۆستا کەمال: ئەی قورئان کێ نووسیویەتیەوە، بەڕای جەنابتان؟

شیروان: بەدڵنیاییەوە موحەممەد و هاوکارەکانی.

مامۆستا کەمال: هاوڕێ شیروان تۆزێکمان بۆ باس بکە، تا بزانین بیروباوەڕی تۆ چۆنە لەمەڕ ئەو باسە.

شیروان: من پێم وایە کەسێکی ڕاهیب بەناوی بوحەیرا و کەسێکی خزمی خۆی ناوی وەرەقەی کوڕی نەوفەل هاوکاریان کردووە.

مامۆستا کەمال: زیاتر بۆمان باسکە.

شیروان: دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ کتێبەکەی فەرەج فۆدە.

مامۆستا کەمال: کامیان؟

شیروان: نقد الإسلام السیاسي المعاصر.

مامۆستا کەمال: هەموویم خوێندۆتەوە شتی وای تێدانییە.

شیروان ڕەنگی تێك چوو و وتی: دە لەوانەییە کتێبەکەی تری بێت بەناوی(حتی لا یکون کلاما في الهواء).

مامۆستا کەمال: بڕوا بکە هاوڕێ شیروان ئەوەشم لەماڵەوە هەیە و کاتی خۆی خۆم داومە بەجەنابت، شتی وای تێدا نییە.

شیروان کە بەتەواوەتی وەزعی تێك چوو بوو وتی: دەنازانم یەکێك لەو کتێبانەیە خوێندومەتەوە.

مامۆستا کەمال: نا- هیچکام لە کتێبەکانی فەرەج فۆدە نییە، بەڵکو ئەوە قسەی فوئاد زەکەریایە، ئەوەش کاتی خۆی خۆم بۆم باس کردوویت، بەڵام درۆیەکی چاو زەقە لەڕووی مێژووییەوە ناسەلمێنرێت هەروەها لە ڕووی ئەکادیمیشەوە بێسەرچاوەیە. من بەشوێنیدا چوومەتەوە هیچ کام لە نووسەرە میسر-یەکان نەیانتوانیوە ئەو قسەیە ساغ بکەنەوە.

شیروان: بۆچی نەیانتوانیووە یان تۆ ئێستا بوویت بە ئیسلامی وادەڵێیت؟

مامۆستا کەمال: واز لە ئیسلامی بوونی من بهێنە، فەرموو تۆ بیسەلمێنە

دڵنیام کە ناتوانیت.

یەکێك لە هاوڕێکانی مامۆستا کەمال و کاك شیروان دەستی کرد بە قسەو وتی هاوڕێیان باسەکە بگۆڕن، کەسەکە ناوی کاك کاوە بوو پێیان دەوت-کاوە سوور.

مامۆستا کەمال: نا مامە کاوە گیان قسەکانمان خۆشە تەنها ویستم ئەو مێژووە بۆ هاوڕێ شیروان ڕاست بکەمەوە.

پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد ﷺ بوحەیرای نەبینیووە، ئەمە هەڵەی یەکەمیەتی.

دووەم: ڕاستە وەرقەی کوڕی نەوفەلی بینیووە، بەڵام دوای بینینی بەچەند هەفتەیەك وەرەقەی کوڕی نەوفەل کۆچی کردووە.

سەرچاوەی ئیسلامی و بێدینەکانیش ئەوە ساغ دەکەنەوە. نە شیروان و نە فوئاد زەکەریا وە نە فەرەج فۆدەش ناتوانن ئەوە بسەلمێنن.

مامە کاوە گیـان مـن شیروان-م خـۆش دەوێـت، چـونکە پەروەردە کراوی دەستی خۆمە لە بێدینیدا.

با هەندێك قسەی بۆ بکەم، بەڵکو خوای گەورە چۆن هیدایەتی منـی داوە هیدایەتی ئەویش بدات.

شیروان-م مەبەستە، چونکە خـۆم بێـدینم کـردووە دەمەوێـت هەوڵ بدەم دینداری بکەم.

بەلای کەمەوە بڕوا بهێنێـت، چـونکە لە ژیانمـدا ئەوەی بەهۆکـاری منەوە بێدین بوون هەوڵ ئەیەم تا مـاوم بچـمەوە لایـان تـا بەڵکـو بـڕوا بهێننەوە.

شیروان: باشە مامۆستا کەمال گیان لەبەر تۆ چی دەڵێی دەیکەم.

مامۆستا کەمال: نا مـن نامەوێـت لەبەر مـن بێـت و دڵـی مـن ڕازی بکەیت، من دەزانم تۆ منـت خـۆش دەوێـت و ڕێـزم لێـدەگریت، بەڵام بیروباوەڕ نە بەخۆشەویستییە نە بە ترسە، بەڵکو بە قەناعەتە.

شیروان: مامۆستا کەمال ئاخر چی بکەم مـن بـڕوام بە ئیسـلام نیـیە، خۆ بەزۆر نییە؟

مامۆسـتا کەمـال: نـا بەزۆر نیـیە، تـۆ لە نـاو هاوڕێکانمانـدا وریـاو زیرەکتریت بۆیە ڕووم لەتۆیە. هەمیشە لە گومانـدای ئەمەش بـوو وای

لە من کرد کە کارت لەسەر بکەم، دەزانم لەو جۆرە خەڵکە گیرۆدەی دەستی خۆتی کە خوای گەورە باسیان دەکات لە قورئاندا.

شیروان: بۆ شتی واهەیە لە قورئانـدا کە باسـی بـاری دەروونـی خەڵکی بکات و لێیان تێبگات؟

مامۆستا کەمـال: بەدڵنیـاییەوە، ئەی مـن نـاڵێم قورئـان لای خـواوە هاتووە، دەبێت لەگەڵ ناخی ئێمەشدا گفتوگۆ بکات.

شیروان: ئـادەی ئەوباسـە چییـە مامۆسـتا کەمـال لەبـارەی دڵ و دەروونی ئێمەوە.

مامۆستا کەمال: خوای گەورە لەم بارەوە دەفەرمووێت:ـ

﴿مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَٰلِكَ لَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ وَلَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلًا ﴿١٤٣﴾﴾ [النساء]

واتە: گیریـان خـواردوە لـەو نێوانـەدا، نـە ئەوەیـە کـە پاڵبـدەن بـە ئیماندارانەوە نە ئەوەشە کە پـاڵ بـدەن بـە کافرانـەوە، هەرکـەس خوا (بـەهۆی نالـەباری خۆیـەوە) گـومڕای بکـات هـیچ کـەس ناتوانێت ڕێبازێکی (ڕاستی بۆ بدۆزێتەوە).

مـن نامەوێـت لەڕێگـای سەرکێشـی خـۆتەوە خـوای پەروەردگـار گومڕات بکات.

شیروان گیان تۆ کەسێکی یاسا ناسیت و شـارەزای لە یاسـا و باسە یاسـایەکان، ئەگەر ئەم یاسـایانەی کە وەرگیـراوە لە دەسـتور یاسـا ناسەکانی جیهـان و وڵاتـی ئیسـلامیدا ئەگەر بەو شـێوە بێـت کە ئێوە

باسی دەکەن، ئیسلام سادەو ساکار بێت چۆن ئەم هەموو یاسا گرنگەی لێ هەڵدەهێنجرێت؟

شیروان و مەجلیسەکە هەموو بێدەنگ بوون، منیش بێدەنگ بووم و سەرسامم بە ئسلوب و قسەی، سەرسامم بە تۆنی دەنگی کە لەکوێدا دەنگ بەرزدەکاتەوە لەکوێدا نزمی دەکاتەوە، سەرسامم بە شێوەی گرژی دەم و چاوی و بە زەردەخەنەی لێوی لەهەمانکاتدا.

مامۆستا کەمال بەردەوام بوو لەباسەکەی وتی: کوڕینە... ئەزانن ئێمەی چەپ دەبوو پێش موسڵمانەکانیش بڕوامان بە ئیسلام بهێنایە! چونکە ئیسلام خەبات و شۆڕشگێڕی بووە لەناو کۆمەڵگادا چیانایەتی نەهێشتووە و گۆڕانکاری دەست پێکردوە، خورافات و بت پەرستی نەهێشتووە وە داوای یەکگرتنەوەی بەرفراوانی ڕۆشنبیری کردووە.

کتێب و مەنەفێستی نووسیوە کۆمەڵگا و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی بڵاوکردۆتەوە، مەگەر ئێمەی چەپ باسی ئەمانەمان نەدەکرد؟

خۆ هەمووی لە ئیسلامدا هەیە، لە مەنەفێستی پرۆلیتاری دا خوێندومانەتەوە، بەڵام لەکام جێگا و مەکاندا بیلالی حەبەشی و ئەبوبەکر وەك یەك بوون لە جیهاندا؟

لەکام مەنەفێستدا سەلمانی فارسی کۆیلە لە وڵاتی عەرەبدا گوێ بۆ ڕاکانی بگیرێت لە بەرزترین پلەی قیادیدا خطە و پلانی ئەو بەکار بێت؟

لەکام جێگاو مەنزڵگادا بووە بەندە و پیاو ماقوڵان وەك یەك هەژماربکرێن و پۆستی فەرمی دەوڵەوت وەك یەکیان بدرێتێ لەسەر بنەمای توانای خۆی کە ئێمە ناومان ناوە تەقنۆکرات؟

شیروان: ئاخر مامۆستا کەمال-ی بەڕێز؛ جەنابت دەزانی ئیسلام بەزۆر شەریعەت بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنێت، پێم ناڵێیت ئازادی ئەمە لە کوێدایە؟

مامۆستا کەمال: ئەگەر خەڵکی خۆشحاڵ نەبن بە شەریعەتی خوا ئەوا بەزۆر ناسەپێنرێت لەکوێدا نووسراوە دەبێت شەریعەتی خوا بەزۆر بەسەر خەڵکیدا بسەپێنین پێم ناڵێیت؟

نە تۆ و نەکەسی تریش ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت!

فەرمانڕەوایی خوای گەورە بەزۆر ناسەپێنرێت، بەڵکو ئەگەر خەڵکی زۆر خۆشحاڵ نەبن بەو فەرمانڕەواییە خوای گەورە نایبەخشێت، نموونەی مەککە و تایف و بەحرەین و عێراق لەبەردەستدایە کە پێغەمبەر ﷺ چووە لای خەڵکەکەی و شیکاری فەرمانڕەوایی خوای گەورەی بۆ کردن و هیچیان وەریان نەگرت، لە کۆتاییدا هەواڵی دایە "ئەوس و خەزرەج" کە دوو گەل هۆزی بنەڕەتی شاری مەدینە بوون یەکسەر بێ دوودڵی وەریان گرت، هەموو دەزانین سەرەتای حکومەتی پێغەمبەر ﷺ فەرمانڕەوایەکەی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە.

لێرەدا دەمەوێت ئەوەت تێبگەیەنم کە دەسەڵاتی خوایی نیعمەتە وەك هەموو نیعمەتەکانی تر ئەگەر خەڵکی سوپاسگوزاربوون لەسەری پێیان

خـۆش بـوو، ئەوا خـوای پەروەردگـار پێیـان دەبەخشـێت، ئەگەر نارەزومەند نەبـوون ئەوا خـوای گەورە تەنهـا لە قیامەتـدا تـۆڵە لەوانە وەردەگرێت کە ڕێگری فەرمانڕەوای خوای گەورەن.

﴿... لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ۖ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ ۝٧﴾ [إبراهيم]

واتە: سوێند بەخوا ئەگەر سوپاسگوزار و شوکرانە بژێـر بـن، ڕزق و ڕۆزی و ناز و نیعمـەتتان بەسـەردا دەڕژێـنم و زیـادی دەکـەم، ئەگـەر ناشوکر و سوپاس ناپەزێر بن، بەڕاستی ئەو کاتە ئیتر تۆڵە و سزای من زۆر بە ئازار دەبێت.

کوڕ و باوکێکی پێغەمبەری وەك داود و سولەیان -علیهما السلام- هەردووکیـان سوپاسـگوزاری خـوای گەورەیـان زۆر کـرد بـۆیە فەرمانڕەوای هەموو جیهانیان کرد..

﴿... قَالَ هَٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِيٓ ءَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ ۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ ۖ ... ۝٤٠﴾ [النمل]

واتە: دیـارە ئەم ئـایەتە لەسـەر زمـانی پێغەمـبەر سـولەیانە کە دەفەرمووێت: (ئایـا سوپاسـگوزار دەبـم یـان ناشـکورو بەدنمـەك، جـا ئەوەی سوپاسگوزار بێت ئەوە سوپاسگوزارە بۆ خۆی، ئەوەی سوپاس ناپەزێرە، ئەوە (بابزانێـت) کـە پـەروەردگارم دەوڵەمەنـد و بـێ نیـازە و خاوەنی بەخششە بە هەمووان.

هەروەك چۆن ئەو کەسەی کە سوپاسگوزارە و خوای گەورە پێی دەبەخشێت، پێچەوانەکەشی ئەوەی کە سزا وەردەگرێت خوای گەورە ئەو دادگەریەی لێ دەسێنێتەوە، بەڵام ئەگەر خەڵکێك لەناو ئەمانەدا لە هەوڵ و کۆشش و خەباتدان بن بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی، ئەوا خوای گەورە ڕێگای کامەرانی نیشان دەدات و ڕێنمونیان دەکات بۆ ئیمان و ئازایەتی و سەربەرزییان پێ دەبەخشێت.

﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ٦٩﴾ [العنكبوت]

واتە: (بەڵام) ئەوانەی لە پێناوی ئێمەدا بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمە هەوڵ و کۆشش دەدەن و خۆیان ماندوو دەکەن، بەڕاستی ئەوانە ڕێنمونی دەکەین بۆ هەموو ڕێبازێکی چاك و دروست (کە بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئێمەی لەدواوەیە) بێگومان خوای پەروەردگار هاوەڵ و هاودەمی چاکەکاران و چاکەخوازانە).

دڵنیاتان دەکەمەوە کاکە شیروان و هاوڕێیانی فەرمانڕەوای خوای گەورە لە ڕووی یاساو ڕێساوە هەموو بۆ پاراستنی مرۆڤە لە ڕووی لاشەو ڕەگەز و تەنانەت هزرەوە هیچ نەماوە بە ئێمەی نەگەیەنێت.

﴿... مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ...٣٨﴾ [الأنعام]

واتە: لەم قورئانە کە سونەتی پێغەمبەر ﷺ بەدوایدا دێت لە ڕووی سیستەمەوە بۆ ئێمە داڕێژراوە، بەڵام "هەوامشی"زۆری بە جێهێشتوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە ڕووی ئەقڵەوە داهێنان بکات.

دیار بوو زۆر ماندوو بوبوو، بۆیە لەم قسانەدابوو دەستی گرت بە سکیەوە و لەسەر کورسییەکە کەوتە خوارەوە و بەدەمدا دای بەزەویدا، هاوارمکرد بابیبەین بۆ نەخۆشخانە!

# هیوایەك لە ئیمانەوە

لەدوای قسەکانی لەگەڵ کاك شیروان، مامۆستا کەمال دەستی خستە سەر سکی و کەوت بەدەمدا و بەپەلە سەیارەمان هێنا و خستمانە ناوی، بردمان بۆ طەوارییەکەی سلێمانی، لەوێ داخڵمان کرد. کاك شیروان وتی من بەلایەوە دەمێنمەوە.

ماکوان: شتی وا نابێت، خۆم لای دەمێنمەوە.

شیروان: کاك ماکوان ئێمە هاوڕێی یەکین و بەیەکەوە پێشمەرگە بووین، بێجگە لەوەی مامۆستا کەمال بەرپرسم بووە وەك باوك وابووە بۆمان، تکایە تۆ بڕۆ، دڵنیابە لە تۆ باشتر ئاگام لێی دەبێت.

ماکوان: نا؛ هەر لێرە دەبم لەخزمەتاندا، چونکە نابێت من و جەنابیان بەیەکەوە هاتووین، هەروا بەئاسانی دەستی لێبەرنادەم.

شیروان: کاکە ماکوان دڵنیابە ئەزانم دڵسۆزیت، بەڵام بڕوا بکە ئەوەندەی من بۆی دڵسۆز نیت، چونکە ئێمە لە پێشمەرگایەتییەوە ڕۆحمان سپاردووە بەم خاکە. تۆ بڕۆ ئیسراحەت بکە بەیانی وەرە بۆ لای، خۆ من ناتوانم لەلای بمێنمەوە، هیچ نەبێت بڕۆ کەسوکار ومالو منداڵی ئاگادار بکەرە وە با بێن بۆلای.

ماکوان: زۆر باشە قەناعەتم کرد بە قسەکانی و بەتەکسی چوومەوە بۆ هەوارەبەرزە و هەواڵمدایە خێزان و کەسوکارەکەی ئەوانیش بەپەلە

خۆیان ئامادەکرد و بەدەمیەوە چوون، داوام کرد بچم لەگەڵیاندا، بەڵام وتیان پێویست ناکات بەیانی دەتوانی سەردانی بکەیت.

بەیانی چووم بۆ نەخۆشخانە بینیم کاک کەمال هۆشی هاتبووەوە بەخۆیدا و نانی دەخوارد، خێزانی لە تەنیشتیەوە بوو کە منی بینی هەڵساو داوامکرد بەردەوام بن لە نان خواردنەکەیان و ئیسراحەت لە خۆیان تێک نەدەن، من دەچم دوای نانخواردنەکەتان دێمەوە.

مامۆستا کەمال: ماکوان؛ پێویست ناکات بڕۆی لەوێ دانیشە.

ئەم شەو ناڕەحەتم کردن گەردنم ئازاد کە.

ماکوان: لە خزمەتاندام قوربان! کاك شیروان زۆر جەختی کرد کە بڕۆم دەنا حەزم دەکرد من لە خزمەتاندا بوومایە.

لەپڕ پزیشکێك خۆی کرد بەژووردا و لەگەڵ مامۆستا کەمال-دا کەوتنە قسە کرن، پزیشکە کە پێی وت: کاك کەمال جەنابت دەزانیت نەخۆشییەکەت چییە؟

مامۆستا کەمال: بەڵێ شێرپەنجەی ڕیخۆڵەم هەیە !

دکتۆر: هیوام وایە پارێزگاری بکەیت لە هەندێك خواردن و ماندوبوون و دانیشتنی زۆر.

مامۆستا کەمال: بە پێکەنینەوە؛ بۆ ئەوەی تۆزێك زیاتر تەمەنم درێژ بێت؟

دکتۆر: بەڵێ بەداخەوە، دەبێت ئاگات لەخۆت بێت.

خێزانی مامۆستا کەمال کە ناوی شکۆفە خـان بـوو، لە پزیشککەی پرسی ئایا ئەم نەخۆشییە لە ئێران چارەسەر ناکرێت؟

دکتۆر: ئەگەر سەرەتا پێیان بزانیـایە دەبـوو چارەسـەر بکرێـت، بەڵام بەداخەوە تەشـەنەی کـردووە بـۆ ئەنـدامەکانی تـری، تەنهـا دەتـوانین چارەسەری کیمیایی بدەینێ تـاوەکو لەم ئاسـتەدا بیوەسـتێنین و زیـاتر بڵاوە نەکات.

مامۆستا کەمال: زۆر باشە دکتۆر گیان؛ ئەتوانم بڕۆمە دەرەوە؟

دکتۆر: بەڵێ دەتوانیت.

لەگەڵیدا هاتمەوە بۆ ماڵەوە، خێرا کتێبێکی عەلی عیزەت بیگۆڤیچی دامێ و پێـی وتـم ئەوە بخـوێنەرەوە، تێبینییەکانـت لەسـەر وەرەقەیەك بنووسە و ئەوەشی پێی سەرسامیت لەناو کەشکۆڵەکەت بینووسە.

دوو دەفـتەرم هەبـوو یەکێکیـانم ناونـابوو دەفـتەری تێبینـی، ئەوی تریش دەفـتەری کەشـکۆڵ. پرسـیارو ڕەخنەکـانم لە دەفـتەری تێبینی دەنووسی و سەرسامی و باشەکانیشم لە کەشکۆڵەکەدا دەنووسی.

بـۆ ئەوەی ئەوەی ڕەخـنەو پرسـیارەکان بنووسـم و لەمێشـکمدا بمێنێـتەوە، ئەوەشـی هەر پێـی سەرسـامم لەدەسـتم دەرنەچێـت و بینووسـمەوە تـا لەبیرمـدا بمێنیـتەوە. ئەم شـێواز و ڕێگـایە زیـاتر بـۆ پێگەیاندن بوو بۆ ئەوەی زانستەکان لە بیرماندا بمێنێت.

خەریکی چاك کردنی کتێبەکانی مامۆستا کەمال بووم لەماڵی خۆیان لە دەرگا درا، خێزانی دەرگاکەی کردەوە و وتی: کاك هێمن و کاك بڕوا هاتوون.

لام ئاسایی بوو وامزانی هاوڕێی گەڕەك و ناسیاوی خۆیانن هاتوون بۆ هەواڵ پرسینی، کە هاتنە ژوورەوە لەدوای بەخێرهاتن و هەواڵ پرسین دەست کرا بەقسەکردن، لە قسەکاندا وا دەردەکەوت کە ماوەیەکی زۆر نەبوو یەکتر دەناسن، پاسپۆرتێکیان بۆ هێنا بوو کە بچێتە تورکیا لەوێوە بۆ یەمەن.

خۆم سەرقاڵ کردبوو بە چاککردن و ڕێکخستنی کتێبەکانەوە، هەندێك لە بەرگی کتێبەکان دڕابوون بە تیپ چاکم کردەوە، قسەکانیان کۆتایی هات و ڕۆشتن.

ماکوان: مامۆستا کەمال سەفەر دەکەیت؟

مامۆستا کەمال: ئەرێ وەڵڵا ماکوان گیان داوایان لێکردووم بچم بۆ یەمەن، بۆلای دکتۆر عەبدولەجید زەنەدانی. گوایە لەوێ نەخۆشخانەیەکی هەیە دەڵێن چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە و ئایدزی دۆزیوەتەوە.

ماکوان: جا ئەگەر وایە چۆن دەرمانەکانی نانێرن بۆ وڵاتان و خەڵکی پێ چارەسەر بکرێت لە جیهاندا، واتا یەمەن ئەوەندە پێشکەتووە لە چاو جیهاندا؟

مامۆستا کەمال: ئەم پرسیارەی تۆ زۆر باشە، منیش پێش تۆ کردوومە، بەڵام چۆن وەڵامی بۆ ئەدۆزیتەوە؟

ماکوان: نازانم؛ ئەگەر چارەسەرەکە دەرمانە زۆرێك لەجیهاندا گیرۆدەی نەخۆشی ئایدز و شێرپەنجەن، خێری دەگات ئەگەر دەرمانەکە بڵاوبکاتەوە، ئەگەر پەیوەندیشی هەیە بەچارەسەری وەرزشی نازانم وەك ئەوەی مەشق بکەن لەسەر جۆرە چالاکییەك پێویست بکات لەوێ بن، وایە؟

مامۆستا کەمال: زۆر ڕاستە؛ گوایە چالاکی تایبەت هەیە و خەڵکیش چاك بۆتەوە، بەڵگەش هەیە.

ماکوان: خۆت ئەوەت بینیووە؟

مامۆستا کەمال: بەڵێ؛ پیاوێکی دەوڵەمەندی میسریە ناوی (د.عاطف جابر)ە، وەرە با پێکەوە سەیری ڤیدیۆکەی بکەین کە ناردوویانە.

ماکوان: زۆر باشە.

کاسێتکی ڤیدیۆی لە کومێدەکەی تەنیشتی دەرهێنا و دایە دەستم بیخمە ناو ڤیدیۆکەیانەوە تەماشای بکەین.

لە فیلمەکەدا ئەوەم بینی کەوا پیاوێك تووشی شێرپەنجەی مێشك بوبوو، ئەگەر ١٠ وشەت پێبووتایە ٨ی لەبیر دەچوویەوە دووانەی لەبیر دەما. نزیك بوو لە شەلەلەوە پزیشەکان ناردبوویانەوە ماڵەوە بۆ مردن، سێ بۆ شەش مانگیان بۆ دانابوو بژی.

دوای ئەوەی دکتۆر عەبدولمەجید زەنەدانی دەیبنیت پێی دەڵێت بۆ ڕەشکە ناخۆیت لەگەڵ هەنگوین؟ پاشان بە ڕۆنی ڕەشکەکە سەرو قژت چەور بکە و ڕۆژانە ٥٠ ئایەت قورئان بخوێنە، بەڵکو باشبیت د.عاطف جابر دەڵێت بەناچاری دەستم پێکرد کە بڕوام نەبوو چارەسەر بێت، بەڵام وەك ئەوەی با ئەمەش تاقی بکەمەوە بۆ ئەوەی دڵ و دەروونی خۆم ئارام بکەم.

ئەمردم و مامەوە و هەستمکرد مێشکم باشتر بووە لەجاران.بەردەوام بووم تا شەش مانگ چومەوە لای پزیشکەکەی خۆم و پشکنینیم بۆ کرا، ئەگەر ١٠ وشەیان پێ بوتمایە ٧ وشەم بیر دەچووەوە ٣ وشەم بیر دەما. ماوەی ساڵێك بەردەوام بووم دوای ساڵەکە چوومە خزمەتی د. عەبدولمەجید زەنەدانی و باسەکەم بۆ گێڕاوە ئەویش داوای لێکردم کە بچم بۆ حەج و لەوێ نزا بکەم، بەڵکو خوای گەورە بەتەواوەتی شیفام بدات.

بە قسەم کرد چووم بۆ حەج و لە خواردنی ڕەشکە و هەنگوینەکە بەردەوام بووم، دوای حەج کردنەکەم نەگەڕامەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە مەکە و مەدینە مامەوە، دوای ئەوە پەیوەندیم کردەوە بە دوکتۆر زەنەدانی-یەوە کە هێشتا لە ژیاندام و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو باشتر دەچم، بۆیە پێی وتم کە زیاتر قورئان بخوێنم و هەندێك ئایەت و سورەت لەبەر بکەم، چونکە قورئان شیفای موسڵمانانە.

ئەوکات تەمەنم ٥٧ساڵ بوو دەستم کرد بە لەبەر کردن، ئەم جارە بە هیواو ئیرادەیەکی زۆرەوە بۆ چاك بوون، لەبەرم دەکرد و لەبیرم دەچوەوە، بەڵام من هەر بەردەوام بووم و دووبارە لەبەرم دەکردەوە.

ئێستا تەمەنم ٧٢ساڵە هیچ کێشەم نییە و دەژیم، بەڵام بەردەوامم لە خواردنی ڕەشکە و هەنگوین و لەبەرکردن و خوێنەوەی قورئان، هەموو ساڵێکیش عەمرەیەك دەکەم.

مامۆستا کەمال: ماکوان دەڵێیت چی، بڕۆم؟

ماکوان: ئەگەر ئەمە وابێت زۆر باشە، چونکە ئەوانە هەمووی لە قورئان و فەرموودەدا بوونیان هەیە، بەڵکو خوای گەورە شیفای جەنابیشتان بدات و بەسەلامەتی بگەڕێیتەوە ناومان ماوەیەك تێپەڕی ئەو دەرچوو بۆ تورکیا و منیش بە قاچاغ بۆ ئەوروپا.

# لەڕێگای هەندەرانەوە بۆ فێربوون

گەیشتمە تورکیا ماوەی چەند مانگێك لەوێ مامەوە، زۆر جار کە پەیوەندیم پێوە دەکرا لە لایەن کەسوکارەوە لە نووسینگەکانی سلێمانییەوە بۆ غەسلێك لە تورکیا کە پێشر ئاگاداریان دەکردمەوەو کاتیان دەستنیشان دەکرد تا لەوێ ئامادە بم بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسوکارم. ئەوکاتە مۆبایل نەبوو لە کوردستان.

ئاگادارکرامەوە کە پەیوەندیم پێوە کراوە لەسلێمانییەوە منیش وامزانی دایکمە، چووم دەستم دایە تەلەفونەکە و وتم السلام علیکم، وەڵام درایەوە و دەنگەکە مامۆستا کەمال بوو.

دوای سڵاو هەواڵ پرسین مامۆستا کەمال پێی وتم:

پیاوێك لە ئەستەنبوڵ-ە ناوی ڕەئوف شەیدایە کەسێکی بەتەمەنە، پزیشك و مامۆستای دانشگاه بووە لە کەنەدا و ئێستا خانەنشینە، ئەم ماوەیە لە تورکیایە برۆ بۆلای و بڵێ ئەو ناردوومی هەندێك شتم پێ وتوە بۆ ئەوەی بیناسیت و سوودی لێوەربگرە، ژمارەی تەلەفۆنەکەت ئەدەمێ پەیوەندی پێوە بکە.

ماکوان: ئەی مامۆستا وەزعی خۆت چۆنە؟ باشتر بوویت کە گەڕایتەوە لە یەمەن؟

مامۆستا کەمال: چارەسەرم وەرگرتووە، بەڵام هیوا کەمە.

زۆر حەزم نەکرد درێژە بە قسەکانم بدەم، چونکە پارەی تەلەفون زۆر گرانبوو لە سلێمانی دوای ئەوەی کە ماڵئاوایامان کرد دایخستەوە، ئەو هەستمە بۆ دروست بوو کە مامۆستای دڵسۆز ئەگەر هیوای بە قوتابیەکەی بوو هەرگیز دەستی لێبەرنادات، من وا پەیم برد کە لەخەمی مندایە لەلایەن کەسوکارەوە ژمارەی ئەستەنبوڵی وەرگرتووە هاوکاری ئەو ڕێگایەم دەکات، بەڵام ئەوەی من بیرم لێدەکردەوە وانەبوو.

تەلەفۆنم کرد بۆ مامۆستا ڕەئوف شەیدا و ناونیشانی دامێ بچم بۆلای، کە چوومە هوتێلەکە بانگیان کرد و جەنابیان هاتە شوێنی پێشوازی هۆتێلەکە، پیاوێکی بەتەمەن بوو دوای سڵاوکردن و چۆنی و چاکی و عەرزی مامۆستا ڕەئوف شەیدا-م کرد کە لەتەرەفی مامۆستا کەمال-ەوە هاتووم.

ئەویش خۆشحاڵی دەربڕی فەرمووی:

باسی تۆی کردووە کە ئەم چەند ڕۆژەی لێرەم ڕێڕەوێکت فێر بکەم لە مێژوو و لەناسینی نەفسێتی خەڵکەکان. بەداخەوە ئەمڕۆ ناتوانم، بەڵام دەتوانیت لە هەفتەی ئاییندەوە بێیت بۆ لام و قەڵەم و وەرقە لەگەڵ خۆت بهێنە.

زۆر سوپاسم کرد، بەڵام وامزانی کە چوومە لای باسی ئەوە دەکات کە چۆن بچم بۆ ئەوروپا و یارمەتیم ئەدات. بۆیە لەدڵی خۆمدا وتم تۆ تەماشای مامۆستا کەمال ناکەیت، لێرەش وازم لێناهێنێت. کێ تاقەتی

هەیە لێرە بخوێنێت، بەدەم خۆمەوە هەر بۆڵە بۆڵم بوو تاڕۆشتمەوە بۆ سەرکاری خۆم. ڕۆژان هات و ڕۆشت کات هاتوچۆی دەکرد لەنێوانی ژین و تەمەنماندا، ماوەی هەفتەیەك بەهۆکاری ئەوەی کە ماڵێك گڕی تێچوو نەم دەتوانی لەو جێگایە بخەوم کە تێیدا دەژیام، چونکە جێگاکەی خۆم دابوو بەو کەسانەی کە ماڵەکەیان سووتابوو کە دایك و کچێك بوون.

خوای گەورە دەرفەتی بۆ ڕەخساندم و چوومەوە بۆ خزمەت مامۆستا ڕەئوف شەیدا و بردمی بۆ سەر کەناری دەریا لە شوێنێکی خۆشدا دانیشتین و نانمان خوارد، پاشان دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵمدا.

ڕەئوف شەیدا: کاکە من مامۆستای مێژووم، ماوەی ١٠ ساڵ لە ئێران لە دانشگای تاران خوێندوومە، شارەزایم پەیدا کردوە لە زانستی مرۆڤناسی[٢].

بەشێک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زانستی بەرین لە بواری شرۆڤەکردنی ڕەهەندەکانی بوونی مرۆڤ، کە بوارێکی بەرین لە فەرهەنگ هەتا مێژووی گەشە کردنی مرۆڤ لە بەر دەگرێت ڕیشەی لە زانستە مرۆییەکان، زانستە سروشتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دا داکوتاوە. ناوەرۆك و چۆنییەتی مرۆڤناسی لە مێژوودا بەراوردکردنێکی

---

[٢] anthropology

نێوان فەرهەنگەکان بووە لە ڕێژەگەرایی فەرهەنگی، بنەمایەکی سەرەکی لە شێوازی لێکۆڵینەوەی مرۆڤناسی بووە.

مرۆڤناسی زانستە، بۆیە توانای ڕوونکردنەوە و داهاتوو بینی و کۆنترۆڵی پێوەندی نەگۆڕی نێوان هێماکانی بواری فەرهەنگی تاك یان فەرهەنگی کۆمەڵگای هەیە.

ماکوان: ئەو سەردەمە کە ئەم قسانەی بۆ دەکردم وەك ئەوە وابوو گوێزم بۆ بژمێرێت، هیچ تێنەگەیشتم، ڕووشم نەدەهات باوێشك بدەم.

مامۆستا ڕەئوف شەیدا بەردەوام بوو لە قسەکانی و فەرمووی: تۆ لەچوار بەش تەنها بەشێکیانت پێویستە کە شارەزابیت تێیدا. ئەویش بەشی مرۆڤناسی و ڕۆشنبیرییە کە باس لە میللەت و گەلە سەرەتاییەکان و لێکۆڵینەوەیە لە داهات و دەزگا و چەك و شێوەی ژیان و نیشتەجێی گەلان و ئەدەب و هونەرو پێکەوە ژیانی ژیار و شارستانییەتی و خورافیات و هەموو ئەو دەرهاویشتانەی کە مرۆڤ لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە بەدەستی هێناوە.

پاشان وردبوونەوەیە لە پەیوەندی نێوان گەلان و خوێندنەوەی ناخی تاك و کۆمەڵگا و درووستبوونی دەسەڵات و فیکری سیاسی و گەشەی شارستانییەت. بەتایبەت لەدوای جەنگی جیهانیی دووەم و لێکۆڵینەوە لە ژیانی دێهات و شار لە وڵاتە پێشکەتوو و دواکەتووەکاندا.

کەوای وت خەریك بوو ڕاکەم، بەڵام عەرزی مامۆستا ڕەئوف-م کرد بێزەحمەت ئەمە چەند ساڵی دەوێت لە خزمەتاندا بیخوێنم؟

ڕەئوف شەیدا: دەستی کرد بە پێکەنین؛ ببوورە من کاتم نییە تا بڵێم لای من دەیخوێنیت، بەڵکو دەبێت خۆت بیخوێنیت.

ماکوان: چۆن؟

ڕەئوف شەیدا: دەستی کرد بە جەنتاکەیدا هەندێك وەرەقەی دەرهێنا کە هەمووی نەخشە بوو، بە عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی لەسەری نوسرابوو، هیچ تێنەگەیشتم پێکهاتبوو لە ٥ وەرەقە کە هەریەکەیان دوو ئەوندەی وەرەقەیەکی ئەی فۆڕ دەبوون.

ڕەئوف شەیدا: هەر ڕۆژە و وەرەقەیەکی دەخوێنین و دوای ئەوە دەست نیشانی کتێبەکانت بۆ دەکەم.

ماکوان: بەڵام لێرە من کار دەکەم، ناکرێت بە کەمتر بخوێنرێت؟

ڕەئوف شەیدا: بۆ نا؛ ئەگەر تاقەتت بوو بە ٣ ڕۆژ تەواوی دەکەین.

ماکوان: زۆر باشە!

ئەو سێ ڕۆژە لە خزمەتیدا بووم ئەوەی فێر بووم و لێی تێگەیشتم لەوانەیە لە ٪٣٠ باسەکە بووبێت. ئەوی تری هەر نەمزانی باسی چی دەکات.

ڕەئوف شەیدا: دەزانم زۆربەی تێناگەیت، بەڵام بە گوێرەی ڕەوش و گەورە بوونت لە تەمەن و فراوان بوونی مێشك و گەیشتنت بەڕوشد ئەوانەی تر تێدەگەیت و زیاتر فێر دەبیت، بەڵام با ئەمە وەك سەرەتایەك لاتبێت.

ماکوان: باشە!

ماڵئاوایهان لەیەك كردو ئیتر ئەو پیاوە بەڕێزەم نەبینییەوە، پێدەچێت لەژیاندا نەمابێت بەهەر حاڵ خوای گەورە بیخاتە بەهەشت، زۆر سوودم لێوەرگرت لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا بۆ ژیانم و پاشان بە هەموو تەمەنم لەگەڵمدا هاتووە تا ساتەوەختی ئەم كتێبەش.

لە توركیا دەرچووم بەرەو یۆنان، كە گەیشتمە یۆنان لە شاری سالۆنیك گیرام.

مانگی ڕەمەزان بوو من و چەند كەسێكی تر نوێژمان دەكرد و بەڕۆژوو دەبووین، كەسێكی لێبوو خەڵكی كەركوك بوو ئەویش گیرا بوو. ئاگام لێبوو تەشویشی دروست دەكرد و خەڵكی سارد دەكردەوە لە دین، جنێو و قسەی زۆر ناشرینی دەكرد ڕووبەڕومان.

بانگم كرد پێم وت كاك فریاد تۆ زۆر پیاوێكی بەڕێزی قسەكانیش تاڕادەیەك باشە، بەڵام بۆ لە بەرچاوی ئێمەدا كە نوێژو و ڕۆژوو دەكەین كوفر دەكەیت و قسە بەخوا و پێغەمبەری ئێمە ﷺ دەڵێیت؟

فریاد: من ئازادم؛ لەداخی ئیسلام هاتووم و دەربەدەر بووم. هێشتا نەتەوێت بەئارەزووی دڵی خۆم قسە نەكەم.

زۆر بە ناشیرینی و بە توڕەییەوە وەڵامی دامەوە.

ماكوان: ئازادی لەوەی كە دژی ئیسلامی، بەڵام جنێودان و كوفركردنت لەبەرچاوی ئێمە هەمووی بە ئێمەیە.

فریاد: نا؛ من ڕێزم هەیە بۆ ئێوە، ئێوەش ئازادن، بەڵام مافی خۆمە ڕەخنە بگرم.



CamScanner

ماکوان: ڕەخنە بگرە سەرچاو و سەر سەرم، بەڵام جنێو مەدە. جەنابت جیاوازی نێوان جنێو و ڕەخنە ناکەیت.

فریاد: من دانشگام تەواو کردووە، تکایە تۆ من فێرمەکە.

ماکوان: کاك فریادی بەڕێز، (پەنجەی ئیشارەتم بۆ چەند کەسێك ڕاکێشا کە سەر بە پارتی بوون و هەروەها بۆ چەند کەسێکی تر کە سەربە یەکێتی بوون) ئەتوانین بچینە لای ئەو کەسانە کە پارتین قسە بە مەلا موستەفا و بارزانی و مەسعودی کوڕی و هەموو پارتی بڵێین؟

فریاد: نا؛ بەس دەتوانین ڕەخنە بگرین.

ماکوان: ڕاستە دەتوانین، بەڵام دەتوانین جنێو بدەین بە کەسایەتییەکانی ناو پارتی بۆ نموونە ڕەمزەکانیان، وەك ئەوە نییە جنێو بدەین بەو کەسانە کە پارتین، یاخود بڕۆینە لای یەکێتیەکان قسە بڵێن بە تاڵەبانی و کۆسرەت، نەوشیروان..هتد، ئایا وەك ئەوەنییە قسەمان بەو ڕەفیقانەی خۆمان وتبێت؟

فریاد: نا؛ تۆ شتەکە وا لێمەکە دین چ پەیوەندی هەیە بە حیزبایەتییەوە؟

ماکوان: هەر یەکێکە کاك فریاد، چونکە ئەگەر من و جەنابت یەکێتی و پارتیمان قبوڵ نەبێت لە ئێستادا قسە بە یەکێتی و پارتی بڵێین وەك جنێو لەبەرچاوی ئەو کوڕانەدا کەیەکێتی و پارتین واتا جنێومان بەوانداوە. بڕوا ناکەم لێمان قبوڵ بکەن و دەست بەجێ پەلامارمان ئەدەن، وایە؟

جیاوازن.

فریاد: نا؛ وانییە ئەوە دووشتی جیاوازن.

ماکوان: تۆ کە بڕوات بەدین نییە، بۆ جنێوی پێ ئەدەیت؟

فریاد: من جنێو نادەم، بەڵکو ڕەخنە دەگرم

ماکوان: بە پێغەمبەر ﷺ دەڵێیت منداڵباز و پاشان بە خێزانەکەی دەڵێیت داوێن پیس و بە هاوەڵەکانی دەڵێیت پێ پەتی و دەشتەکی، هەموویان بە نەزان و دواکەتوو و شوێنکەوتووانی بە گێل حساب دەکەیت، چەندین قسەی زۆر ناشرینتر کە من ڕوومنایە بیکەم و تەریق دەبمەوە ئایا ئەمە ڕەخنەیە یان جنێوە؟

فریاد: ئەمە ڕەخنەیە؟

ماکوان: ئاخر ئەوە ڕەخنە نییە کاك فریاد، ڕەخنە ئەوەیە کە بڵێیت قورئان دەست نووسی موحەممەدە یان ئایین لەلای خواوە نەهاتووە، یاخود خوا بوونی نییە، یان بەهەشت و جەهەنەم هیچ مانایەکی نییە، فریشتەکان ڕاست نین، ئەمانە ڕەخنەن نەك ئەوانەی جەنابت.

فریاد: ئەوانەشی کە تۆ دەیڵێیت ڕەخنەن، ئەوەشی کەباسی دەکەین هەر ڕەخنەن، مەگەر موحەممەد وانەبوە؟ یان ئەوانەی لەگەڵی بوون هەمووی چەتەو دز نەبوون؟

ماکوان: نا وانەبوون، بەڵکو تۆ دزو بێ ئەخلاق و هەتیوبازو بگرە حیزیش بوویت.

فریاد: ئاگات لەدەمت بێت، با هەڵنەسم بۆت دەمت شکێنم.

ماکوان: تۆ بەقسەکەی من تووڕە بوویت، بەڵام ئەتەوێت بەقسەکانی تۆ تووڕە نەبم؟

فریاد: جاتووڕە دەبیت کەیفی خۆتە!

قسەی زۆر ناشرینی وت بە خواو پێغەمبەر ﷺ، هیچ تەحەمولم نەما هەتا هێزم تیابوو یەك کەلەم کێشا بەناو دەمیا و بە بۆکس کەوتمە گیانی، خوێن بەسەروچاویا هاتە خوارەوە، دەستودەموچاوی منیش خوێنی پێوە بوو.

## ئازادییەکانی مرۆڤ و ئەزموونێك لە زیندان

لە زینداندا لەگەڵ فریاد لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوو بەشەڕم، دەستمان دایە ئیخەی یەکتری.

من دەستم وەشاند بەکەلە کێشام بەدەمیا لەبەردەستمدا کەوت، لەژێر دەستیان دەرهێنام.

گوێزانم پێبوو ویستم بە گوێزانەکە عەیباری بکەم، سوپاس بۆ خوا نەیانهێشت دوورخراینەوە لەیەکتری. هاوارم کرد یەک جاری تر قسە بە ئیسلام بڵێیت بەو گوێزانە هەلا هەلات دەکەم.

بێ حورمەتی نواند و قسەی بە خوا و پێغەمبەر ﷺ وت ئەو کەسەی کە جیای کردینەوە ناوی لوقمان بوو هەتا توانی کێشای بە دەمیا، ئەنجا خەڵکی تر ڕۆشتن لەژێر دەستی لوقمان دەریانهێنا.

پیاوێکی بەتەمەنمان لەگەڵ بوو بە ناوی کاك عومەر بوو، چوو بۆلای پێی وت کاکە بۆ هەموومان دەکەیتە دوژمنی خۆت، نوێژ ناکەیت مەیکە، بەڵام بۆ جنێو بە ئیسلام ئەدەیت؟ وەك جەرەست لێهاتووە هەر کەس هەڵدەسێت لێت ئەدات! بڕوات بەدین نییە فەرموو ئازادبە و ئیسراحەتی خۆت وەرگرە، کەس بەزۆر نوێژی پێکردویت؟ ماکوان وتویەتی دەبێت نوێژ بکەیت؟

فریاد: من ئازادم چی دەڵێم و چی دەکەم.

کاك عومەر: زۆر ڕاستە ئازادی، ئەو گەنجانەش ئازادن چیت لێدەکەن لەسەر ئەو قسانە. کاکی خۆم من نوێژ ناکەم مەشروب دەخۆم، بەڵام ڕێزو ئیحترامی ئەو خەڵکەش دەگرم. بزانە ڕۆژێك ماکوان هات بڵێت کاکە بۆ گۆرانی دەڵێیت بۆ مەشروب دەخۆن بۆ بەراز دەخۆن؟

فریاد: ئەمانە ئیزعاجیان کردووین لەکاتی نوێژدا با ئەوانیش دەنگ بەرز نەکەنەوە و بانگ نەدەن.

کاك عومەر: لەگەڵ ماکوان و جەماعەتەکەی قسەدەکەم کە ئیزعاجت نەکەن.

دوایی کاك عومەر ئەم قسانەی بۆ گێڕامەوە کە خزمی خۆم بوو، بەڵام لەزینداندا من و جەنابیان باوك و کوڕ بووین، من بەوم دەوت خاڵە عومەر و ئەویش بەمنی دەوت مەلا گیان.

ماکوان: خاڵە عومەر گیان درۆ دەکات؛ ئەوە بیانو دەگرێت. جەنابت گوێت لەدەنگی ئێمە بووە کە نوێژ دەکەین، کەسمان ئیزعاج نەکردووە، خۆت ئاگاداری بانگی بەیانیشمان وەستاند لەبەر ئەوەی لەناو زیندانەکەدا خەڵکی تری تێدایە، بۆ ئەوەی خەبەریان نەبێتەوە. ڕۆژی جومعەش خۆت دەزانی هەمووی ناکاتە نیوسەعات، ئەوخەڵکە بەئاگایە و کەس نەخەوتووە، ئیتر لەکوێ ئیزعاجمان کردوە؟

خاڵە عومەر: مەلا گیان تەکلیفێکت لێدەکەم وەرە ئاشتی بکەرەوە، باڵەم سەرئێشەیە ڕزگارمان ببێت.

ماکوان: خاڵە عومەر گیان؛ بەتەمای ئەوە مەبە، چونکە ئەگەر قسەی بەخۆم بوتایە لێی خۆش دەبووم، بەڵام قسەی بەخوا و پێغەمبەر ﷺ وتوە بۆیە نیازم هەیە ئەم شەو لەخەودا لێیدەم و بەگوێزان هەلاهەلای دەکەم و چاوی دەردێنم، یان ئەوەتا داوای لێبوردن دەکات، یان ئەوەتا ناهێڵم بخەوێت.

خاڵە عومەر چووبوو بۆی گێڕابوەوە، کە شەو ماکوان نیازی هەیە لێت بدات. منیش هەر بۆ ئەوەی پێی بگاتەوە وام وت. ئەوشەوە من نەخەوتم بۆ ئەوەی قسەی خۆم بەرمەسەر بەدەوری جێگاو شوێنی خەوەکەیدا دەسوڕامەوە، ئاگام لێبوو زۆر حاڵەتی دەروونی تێك چوبوو نەیدەتوانی بخەوێت، هەستم کرد زەلیل بووە شەوان لە ترسی من خەوی لێناکەوێت بەزەیم پیا دەهاتەوە. لەلایەکیشەوە کە بیرم لەوە دەکردەوە ئەو جنێوانەی داوە و داوای لێبوردنیش ناکات ئەوەندەی تر ڕق ئەستور دەبووم، بەڵام ئاگام لێی بوو شەوان تەکلیفی دەکرد لەخاڵە عومەر کە نەهێڵێت لەخەودا پیایدا بکێشم.

ڕۆژێك لەبەردەم دەرگای زیندانەکە وەستابووم ئەوەندەم زانی لە پشتی منەوە بوو بەشەڕ، سەیرم کرد چوار ئەلبانی فریادیان ناوەتە ژێر، بە پەلە ڕامکرد فریادم دەرهێنا و خستمە پشتی خۆم. کە ئەلبانییەکان زانیان من دیفاعی لێدەکەم ئیتر دەستیان لێنەکردەوە، ڕێزیان لە من دەگرت لە زینداندا، چونکە وەك ئیهامێك تەماشایان دەکردم کە پێش

نوێژیم دەکرد. کوڕێکیانم دەناسی دەهاتە ناو ڕیزی نوێژخوێنانەوە لەزینداندا لە هۆڵەکەی ئێمەدا.

کوڕە ئەلبانییەکە ناوی (ئەدریان)بوو لێم پرسی: بۆ شەڕی لەگەڵ دەکەن؟

ئەدریان: دزی کردوە پاکەتێك جگەرەی دزیوە لەو هاوڕێیەمان.

ماکوان: من پارەکەی ئەدەم وازی لێبێنن.

کۆتایی بەشەڕ هاتوو هیچم بە فریاد نەوت، هەرباسیشم نەکرد نەمهێشت هیچکام لە کوردەکان بزانن. ئەلبانییەکان پارەکەشیان لە من وەرنەگرت.

کاتی تەراویح بوو لەگەڵ کۆمەڵێك خەریکی نوێژی تەراویح بوین، هاتە نزیکی شوێنەکەمان بانگم کرد ها- فریاد چیت دەوێت؟

لەدڵی خۆمدا وامدانابوو کە بیەوێت لە کاتی سوجدەدا دەست بوەشێنێت.

فریاد: داوای لێبووردن دەکەم، لەو شتانەی کەڕوویانداوە.

ماکوان: ئاساییە خاڵە فریاد، گرنگ ئەوەیە نەهێڵین دووبارە بێتەوە.

ڕۆیشتەوە بۆ جێگای خۆی و ئێمەش تەروایحمان تەواو کردو نیەتمان هێنایەوە بۆ ڕۆژوو بۆ ڕۆژێکی نوێ.

کە ڕۆژ بوویەوە هاتن و وتیان پێمان ئازادن لەزیندان دەتوانن بڕۆن. من و خاڵە عومەر هاتین بەرەو ئەسینا، پاش ماوەیەك لە ئەسینا مامەوە گەیشتمە ئیتالیا، هاوڕێیەکی زیندانم بەناوی لوقمان بینییەوە لە ئیتالیا و

لەڕێگادا خوشکێکی و زاوایەکی لوقمانم ناسیبوو، چوین بۆ لای بۆ هوتێل تەماشا دەکەم فریاد لەگەڵ لوقمان-دایە، بەکوردییەکەی چەورەی لوقمان بوو، خەریکی کاری قاچاخچێتی بوون.

شەوێك لە هوتێل لە ژوورەکەی فریاد مامەوە، ئەو شەوە باسی دینی زۆر لێپرسیم منیش وەڵامی زۆربەیم دایەوە.

فریاد: باشە کاکە بەس توڕە مەبە پرسیاری کۆتایی دەکەم.

ماکوان: دڵنیابە ئەگەر قسەی مەعقول بکەی توڕە نابم.

فریاد: ئاخر نازانم لای تۆ مەعقولە یان نا، بەڵام هەر دەیکەم. کاکە ئەمەوێت تێبگەم.

ماکوان: فەرموو..

فریاد: باشە ئەگەر موحەممەد پێغەمبەرە بۆچی خێزانەکەی خیانەتی لێدەکات؟ لە ڕووداوی ئیفیك-دا، دیارە بەزۆر هێناویەتی؟

ماکوان: باشە من چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام پێش ئەوە پێم بڵێ تۆ چی لەو بابەتە دەزانیت؟

فریاد: لە مێژووی تەبەری و هەموو مێژووەکانی تردا باسکراوە و خوێندومانەتەوە.

ماکوان: باشە تۆزێکم بۆ باس بکە.

فریاد: من پرسیارت لێدەکەم تۆ وەڵام بدەوە. گریمان من نایزانم.

ماکوان: باشە مادام پرسیار دەکەیت بە ئەدەبەوە گوێگرە تا باسەکەت بۆ تەواو دەکەم ڕازیت؟

فریاد: ڕازیم.

دەستم کرد بە قسەکردن و باسی ڕووداوەکەم بۆ کرد، ئەوەشم بۆ ڕوون کردەوە کەوا ئەو ڕووداوە لە مێژوودا ناسراوە بە ئیفك.

بە کورتی کاتێك دەڵێین گومان یاخود شوبهە واتا بەرامبەرەکەت بخەیتە گومانەوە لە کارێك یان ڕووداوێک کە ئەسڵی ڕووداوەکە وانەبێت یان شێوێنرا بێت، ڕووداوی ئیفك-یش وەک باقی گومانەکانی تری عەلمانییەکان دەیکەنە گومان لەسەر ئیسلامی مەزن و دەیانەوێت شێواندن لەباسەکەدا بکەن.

فریاد: چۆن؟

ماکوان: سەرەتا پێویستە بچینەوە بەو مێژووەدا هەتاوەکو گومان و ناڕاستی دژە ئیسلام بزانین لەو مەسەلە یەدا، کاتی ڕوودانی ئەو ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی (غزوة بني المصطلق)، پێویستە ئەوە بزانین کە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی ڕۆیشتنی بۆ هەرجەنگێك یەکێك لە خێزانەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد بە ئەنجامدانی قورعە لەنێوانیاندا و بۆ ئەم غەزوە دایکمان عائیشە-ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دەرچوو تا لەگەڵ رسول الله ﷺ بچێت بۆ (غزوة بني المصطلق) لە ٢ی شەعبانی ساڵی ٦ کۆچیدا، هەندێك دەڵێن پێنجی کۆچی.

سەرەتای ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە کە بە هەڵهاتنی بني المصطلق کۆتایی هات، دوابەدوای هەڵهاتنی بني المصطلق قافڵەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە جێگایەک لادەدەن بۆ

پشوودان لەکاتی وەستانی کاروانی هێزەکەدا، دایکمان عائیشە- ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- لە کەژاوەکەی دادەبەزێت کە بەسەر وشترەوە بووە، پێویستی بە حاجات یان بە دەست بەئاو دەبێت و بەهۆی زۆری قافڵەکەوە دایکمان عائیشە-ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دووردەکەوێتەوە لە قافڵەکە دوای گەڕانەوەی بۆ نێو کەژاوەکەی دەبینێت ئەو ملوانکەیەی کە خوشکەکەی بۆی دروست کردووە بەسنگیەوە نەماوە و لێی کەوتووە، هەر بەو هۆیەوە بە هەمان ڕێگادا دەگەڕێتەوە کە لێوەی ڕۆیشتبوو هەتاکو ئەو ملوانکە بدۆزێتەوە، بەڵام دایکمان عائیشە بە جێدەمێنێت لە قافڵەکە بەهۆی ئەوەی ئەوانەی کە کەژاوەکەیان هەڵگرتبوو وایان زانیبوو هەر لەنێو کەژاوەکەدایە، چونکە یەکەمجار بینیبوویان کە گەڕاوەتەوە، ئافرەتان بەسروشتی خۆیان کێشیان کەمترە لەپیاوان بەگشتی خاتوو عائیشە – ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت لە و کەسانە بووە کە کێشی کەم بووە هەر بەو هۆیە کەژاوە دەکەوێتە ڕێ. دوابەدوای ڕۆیشتنی قافڵەکە و جێهێشتنی خاتوو عائیشە هەر لە شوێنی خۆی ماوە هەتا ماندوبوو خەوی لێکەوت.

لێرەدا پێویستە شتێک بزانین کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو غەزوەیەکدا لە پێش قافڵەکە کەسانێکی دادەنا بۆ ئاگادارکردنەوە لە پێشهاتەکان و کەمینی سەرێگا، بە هەمان شێوە لە پشتی قافڵەکە و کاروانی هێزەکەیەوە کەسی تری دادەنا بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو کەلو پەلانەی کە لە قافڵەکە بەجێ بمایە و ئەو صحابییەی کە لەو غەزوە دا

کرابووە (مؤخرة) واتا کۆتایی سوپاکە کەسێك بووە بەناوی صفوان بن المعطل- ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت.

دوای گەیشتنی صفوان بە شوێنی وەستانی قافڵەکە دەبینێت دایکمان عائیشە بەجێماوە و هەر لەگەڵ بینینی دایکمان عائیشە صفوان- ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دەڵێت: (إنا لله و إنا إليه راجعون) و بەخاتوو عائیشە دەڵێت: کە سواری وشترەکەی ئەو بێت و تا دەگەنەوە نێو مەدینە و ئەم ڕووداوە زۆر شتێکی ئاسایی دەبێت لەلای خەڵکی مەدینە، ئەسڵەن ئەگەر نییەتیان خراپ بوایە و کاری خراپیان کردبا نعوذ بالله قەت پێکەوە نەدەگەڕانەوە. بەوشێوە سادەییە،

وایە فریاد؟

فریاد: قسەکەت ڕاستە.

ماکوان: ڕاستە لەلای موسڵمانان تەنانەت لای خودی پێغەمبەریش ﷺ شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام لەنێو مسوڵمانان کەسانی مونافیق هەبووە، ئەوکەسەی ئەم تانەو تەشەر و بوختانەی جوڵاند یەکێك بوو لەوانەی کە دەستی گەورەی هەبوو لەو بوختانەدا (عبدالله بن ابی بن سلول) بوو، کە دەیوت عائیشە بەسەلامەت لەدەستی صفوان دەرنەچووە.

ئەم باسە لەنێو مەدینەدا بڵاوبووەوە تەنانەت وای لێهات کە پێغەمبەر ﷺ زۆر بێتاقەت بوو، بۆیە ڕۆیشت بۆلای عەلی کوڕی ئەبو

تالیب و ئوسامەی کوری زەید-ڕەزامەندی خوایان لەسەر بێت- تا ڕاوێژیان پێبکات.

عەلی-ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- ڕەئی وابوو کە لە جارییەکەی خاتوو عائیشە بپرسێت تا بزانێت کە هیچی لە دایکمان عائیشە بینیووە؟

پێغەمبەری خوا ﷺ دواتر لە خزمەتکارەکەی عائیشە دەپرسێت: کە عائیشەت چۆن بینیووە و ناسیووە؟ خزمەتکارەکە شاهێدی پاکی دایکمان دەدات و دەڵێت: کە دوورە لە هەموو بوهتانێکەوە دواتر پێغەمبەر ﷺ دەچێتە لای ئەبوبەکری باوکی عائیشە-ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت،- پێغەمبەرﷺ خۆی تەحقیق لەو مەسەلە دەکات تابۆی دەردەکەوێت کە عائیشە پاکە، ئەوە تەنها بوهتانێکە و هیچی تر، دواتر دەچێتە سەر مینبەر و دەفەرموێت کە ئەمە بوهتانە و عبدالله بن ابی سلول ئەو بوهتانەی دروست کردووە.

ئەزانی حیکمەت چیبوو لەوەی کە پێغەمبەر ﷺ وەك ئەو خەڵکە کەوتە گومانەوە؟

فریاد: نا؛ نازانم هۆکار چی بووە؟

ماکوان: هۆکارەکەی ئەوەبوو، کە خوای گەورە پێمان دەڵێت تەنانەت موحەممەد ﷺ کە پێغەمبەرە لە شتە غەیبیات و پەنهانییەکان نازانێت، مەگەر ئێمە ئاگاداری بکەینەوە بە وەحی.

پاشان بابچینەوە ناو قوڵایی باسەکە و هەر بەهۆی ئەم باسەوە مقۆمقۆ لەنێو مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ دروست دەبێت لەنێوان ئەوس و



CamScanner

خەزرەجدا، بەڵام پێغەمبەر ﷺ زۆر بەدانایی ئەو شەڕ و دەمەقاڵەیە دادەمرکێنێتەوە و ناهێڵێت شەڕ بکەوێتە نێوان ئوسەیدی کوڕی حوضەیرو سەعدی کوڕی عبادە.

دوای تێپەڕبوونی مانگێك بەسەر ئەو قسە و قسەڵۆکانەدا، خاتوو عائیشە ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نەبووە بەهیچ شێوەیەك. ڕۆژێك دەچێتە دەرەوە لەگەڵ ئافرەتێکدا لەکاتی ڕۆیشتندا دەکەوێت و ئەو ئافرەتەی کە لەگەڵیدایە وەکو تەعن (تانە) پێی دەڵێت ناشێت کارەکە کاریگەری لێکردبێتی؟

خاتوو عائیشە داوای لێدەکات مەوزوعەکەی بۆ شی بکاتەوە، دوابەدوای ئەم قسە ئەوجا باسەکە دەزانێت و بە گریانەوە دەگەڕێتەوە بۆماڵەوە و تووشی بارێکی دەروونی ناخۆش دەبێت، داوا لە پێغەمبەر ﷺ دەکات کە ئیزنی بدات تا بگەڕێتەوە ماڵی باوکی، لەکاتی بردنەوەی دا بۆ ماڵی ئەبوبەکری باوکی بە عائیشە دەفەرمووێت: ئەگەر ئەو کارەت کردووە ئەوا تەوبەی لەسەر بکە، دانپێدانان بەتاواندا دەبێتە هۆکاری لێخۆشبوون، خوای پەروەدگار میهرەبانە لێت خۆش دەبێت، ئەگەر ئەوکارەشت نەکردووە ئەوا خوا بەرائەتت دەردەخات.

ئەمەش ئەوەمان بۆدەردەخات کە پێغەمبەر ﷺ عیلمی غەیبی نەزانیوە وەك عەرزم کردی مامە فریاد گیان، دوابەدوای ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ ئەوقسە بە خاتوو عائیشە دەڵێت زۆر بێتاقەت دەبێت و زۆر دەگری لە حاڵەتی دەروونی زۆر قورسدا دەژی دەڵێت باوکە،

دایکە گوێتان لێیە پێغەمبەری خوا ﷺ چی دەڵێت: ئێوە دەڵێن چی؟ ئەوانیش بێدەنگ دەبن، چونکە فیتنەکە زۆر گەورەیە هەموانی ناڕەحەت کردووە لەوکاتەدا خوای گەورە وەحی دەکات بۆ پێغەمبەر ﷺ و بەرائەتی خاتوو عائیشە بە دەردەکەوێت، بۆ دروست کردبوو هەریەکەیان ٨٠ جەڵدیان لێدرا، ژمارەیان سێ کەس بوو ناوسراوترینتان حەسان کوڕی سابت بوو، بەڵام مونافیقەکان ئەوجەڵدەیان لێنەدرا، چونکە ئینکاریان لەتاوانی خۆیان دەکرد.

فریاد: ئەی مونافیقەکان بۆ لێیان نەدرا؟

ماکوان: لەبەر ئەوەی مونافیق بوون وتیان ئێمەشتی وامان نەوتوە، بەڵام موسڵمان، ڕاستەکە ناتوانێت درۆ بکات.

فریاد: باشە مامە ماکوان با بخەوین بەیانی جەنابت دەردەچیت بۆ ئەڵمانیا.

# لەگەڵ شێخێکی بێ دین

ئەو شەوە لە هوتێل لای فریاد ڕۆژم کردەوە بۆ دوای نیوەڕۆکەی بەڕێکەوتم بەرەو ئەڵمانیا، بەداخەوە بەهۆکاری ئەوەی لە نەمسا هەندێك کەرەستەو شتومەکمان کڕی بۆ ڕێگا لە ئەڵمانیا گیراین، بەو هۆکارە زانیان لە نەمساوە هاتووین ناردمیانەوە بۆ نەمسا لەوێ مانگێك لە ڤییەنا زیندانی کرام.

ئەو مانگە بۆ من زۆر گرنگ بوو، لە زیندانا پەیوەندیم لەگەڵ عەرەبەکاندا هەبوو بەتایبەت عەرەبەکانی خەڵکی لیبیا، بەشێکی زۆری زمانی عەرەبی لەو زیندانەوە فێربووم.

دوای مانگەکە ئازادکرام چوومەوە بۆ ئەڵمانیا و ماوەیەك لەوێ بووم، پەنجە مۆرم ئاشکرا بوو بوو یەکسەر نێردرامەوە بۆ تورکیا.

ئای کەبێزار بووم مارو پەیژەش بەحاڵم نەبێت، نەمهێشت کەس بزانێت لە کەسوکارو ماڵی خۆمان، لە تورکیاوە کە قسەم لەگەڵ دایکم دەکرد هەردەموت لە ئەڵمانیام.

خوای گەورە کاری بۆ ڕێکخستم، چونکە ئومێدم لەدەست نەدابوو بەزوترین کات لەڕێگای شاحینەوە گەیشتمە نەرویج.

هەموو جارێك دەموت:

لافاوێك نوحی نەبرد.

ئاگرێك ئیبراهیمی نەسووتاند.

چەقۆیەك ئیسماعلی نەبڕی.

دەریایەك موسای نەخنكاند.

سوپایەك عیسای بۆ لەناونەبرا.

ماکوان تۆ بەم چیرۆکانە نەگەیشتووی، بە قەزا و قەدەری خوایی گەیشتووی.

دوای ئەوەی لە نەرویج خۆم تەسلیم کرد ناردمیانە کەمپ، لەگەڵ چەند کوردێك بەیەکەوە بووین. شەوێك لە ژووری دانیشتنەکەمان کە خەڵکی کەمپەکە لەوێدا کۆدەبووینەوە بۆ تەماشای تەلەفزیۆن و یاری بلیاردیشمان دەکرد.

کەسێکی لێبوو ناوی شێخ طالیب بوو، پیاوێکی بەتەمەن بوو لەچاو تەمەنی ئێمەدا، پێدەچوو لە دەوری پەنجا ساڵدا بێت، هەمیشە خەریکی قسەی قۆڕ و مێبازی و پێکەنین بوو.

شەوانیش دەهات بۆ ناو ئێمە کە گەنج بووین دادەنیشت باسی شتی قۆڕی دەکرد، هەمیشە باسی پاش و پێشی ژن و پیاوی دەکرد. ئەو شەوە زۆر پەست بووم لێی و وتم: ئەرێ کاکە تۆ تەمەنت گەورەیە و وەك باوکی ئێمە وایت تۆزێك شەرم بکە، لەجیاتی ئەوەی دووقسەی پیاوانە و ئامۆژگاریمان بکەیت خەریکی ئەم قسە قۆڕانەی، ئەرێ شەرم ناکەیت؟

کوڕێکم لەگەڵ بوو ناوی کاروان بوو ناسرابوو بە (کارە گۆج) بەڕەحمەت بێت. ئەوسەردەمە مەشروبی دەخواردەوە و ئەوشتانەی هەبوو هەرچەندە لەم دواییانەدا پێش ئەوەی تەقەی لێبکەن لە سلێمانی و بکوژرێت، سوپاس بۆ خوا زۆر دیندارو خواناسی لێدەرچوو بوو. لە سلێمانییەوە یەکترمان دەناسی لەبەر ئەوەی کۆنە ڕەفیق و کوڕی گەڕەك بوو.

کاروان خەریك بوو پەلاماری بدات نەمهێشت، وتم کاکە حاڵمان زۆر جوان نییە با لێرەش خۆمان نەناسێنین.

ئەو شەوە کۆتایی هات، باش بوو تووشی شەڕ نەبووین، ئێوارەیەکیان کاروان لە ژوورەکەی من بوو، بە تەختەی سیسەمەکە تەپڵی لێئەیا بەیەکەوە گۆرانییەکەی دەروێش عەبدوڵامان دەوتەوە کە دەڵێت:

یاخوا هەڵکەی بای شەماڵێ.. وەی لێ وەی لێ

بەڵکو ئەو هەورەی ڕاماڵێت.. وەی لێ وەی لێ

زۆرێك لە کوردەکانی کەمپەکە هاتنە ژوورەکەوە لامان دانیشتبوون حەزیان بە دەنگی کاروان بوو، شێخ طالیبیش هاتبوو ڕەقسی دەکرد.

کاتی نوێژی مەغریب هات وتم کارە گیان کاتی نوێژە، هەڵسا چوو بۆ ژوورەکەی خۆی، من و چەند کوڕێکی تر نوێژمان دابەست، بەڵام شێخ طالیب مایەوە لەژوورەکەدا.

چام خستبووە سەر لە چێشتخانەی کەمپەکە بەووم وت ئاگات لێبێت کاک شێخ تا نوێژەکەمان دەکەین، بۆ ئەوەی بە قۆریەکەوە نەیبەن، چونکە لەکەمپەکە دزی دەکرا.

نوێژەکەمان تەواو بوو شێخ طالیب چاکەی بۆ هێناین، خوڵکم کرد کە لەگەڵماندا دابنیشێت، دانیشت دەستی کردبەقسە کردن و ویستی ئامۆژگاریمان بکات، بەڵام ئامۆژگاری شەیتانانە.

شێخ طالیب: ماکوان گیان هەرچەندە ئەو ڕۆژە قسەی ناشرینت بەرانبەرم کرد، بەڵام هەر خۆشەویستی کوڕێکی ڕۆح سووك و قسە خۆشی.

ماکوان: کاك شێخ گیان، جیاوازی کەسایەتی ماکوان و ئوسلوبم بکە.

کەسایەتیم ماکوانە، خۆمم و کەسی ترم لەگەڵ نییە، بەڵام ئوسلوب و هەڵسوکەوتم تۆیت بۆم دروست دەکەیت.

شێخ طالیب: کێشە نییە کاك ماکوان، بەڵام ئێوە بەم گەنجێتیەی خۆتان بۆ وا خۆتان پیرکردووە، کاکە گیان بڕۆن بۆ خۆتان ڕابوێرن، کێ ئەڵێت خوا هەیە، کێ دەڵێت زیندوو دەبینەوە؟

ماکوان: ئەی کێ ناڵێت هەیە، ئەی ئەگەر هەبوو کاك شێخ چۆن ڕوومان بێت سەربەرز بکەینەوە؟

شێخ طالیب: ئەگەر هەبوو خوا ئەڕحەم و ڕاحیمینە، ئەی وانییە؟

ماكوان: بڕوا ناكەم بەو ئاسانییە دەربچین دەڵێن شدید العقاب- ە، وایە؟

شێخ طالیب:بە پێکەنینەوە کاکە دین و شتی وا هەمووی بەدەستی خۆمان دروستمان کردووە، هیچ ئەسڵی نییە.

ماكوان: بە پێکەنینەوە، ئەرێ بەڕاست جەنابت شێخی؟ وا هەموو دەڵێن کاك شێخ طالیب.

شێخ طالیب: بەخوا باوكم و ئەوان دەڵێن لە ئەولادی پێغەمبەرن.

ماكوان: بەپێکەنینەوە، ئەی جەنابت لە ئەولادی شەیطانی؟

هەستم کرد پێی ناخۆش بوو.

شێخ طالیب: نا کاکە واز لەو قسانە بێنە، با جدی قسە بکەین، تۆ دەزانی موحەممەد سەفەری کردووە بەملاولادا و لەو سەفەرانەیدا فێری زۆر شت بووە!

هەمووی لەخەڵکەکانی ترەوە وەریگرتووە، ئینجا زۆربەی زۆری لە جولەکە و مەسیحییەکانی وەرگرتووە. جەنابت دەزانی کاکە ماكوان قورئان شتی نوێی تێدانییە و هەموو دووبارە کراوەی تەورات و ئینجیلە.

ماكوان: خۆم وانیشاندا هیچ نازانم، ئەی ئەگەر وانەبوو.

شێخ طالیب: چۆن وانییە، من کوڕە شێخم هەمووی دەزانم.

زۆر خۆی هەڵنا ژوورەکەش زیاد لە ١٠ گەنجی لێ دانیشتبوون.

ماکوان: کاك شێخ بەئیجازە با هەندیك قسە بکەم ئینجا جەنابتان چیان هەیە بیڵێن، باشە؟

شێخ طالیب: باشە؛ فەرموو کاکە ماکوان.

ماکوان: زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن مرۆڤ لە تەمەنی ٢٠ بۆ ٣٥ ساڵی حەزی بە زۆرترین قسە و چالاکییە، حەز دەکات لە هەموو شتێك زانیاری هەبێت و قسە بکات، بەڵام کە تەمەنی گەیشتە ٤٠ ساڵ هەست بە ویقار و هێمن بوونەوەی چالاکییەکانی دەکات، ئیتر لەو ساتەوە زۆر بە وریایی ئاخافتن دەکات و ڕەفتارو ئاکارەکانی خۆی ئەم سەرەوسەر دەکات و حساب بۆ زۆر شت دەکات کە پێشتر نەیکردووە.

شێخ طالیب: جا ئەمە پەیوەندی چییە بەسەر باسەکانی ئێمەوە؟

ماکوان: کاك شێخ عەرزمکردی با قسەکانم تەواو بکەم ئەوکات دەزانی دەڵێم چی، پەلە مەکە لەقسەکردن باشە قوربان.

شێخ طالیب: ببوورە؛ فەرموو!

ماکوان: مرۆڤ لە تەمەنی ٢٠ ساڵی تا ٣٠ ساڵیش گوێ بە زۆر شت نادات، خۆ ئەگەر هەڵەشی کرد کاتی لەبەردەمدایە بۆ بونیادنانەوەی خۆی، بەڵام ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵی ئاستەمە ئەگەر مرۆڤێك ڕووخا لە ڕووی کەسایەتییەوە، زۆر قورسە بتوانێت بونیادی کەسایەتی بکاتەوە، چونکە کاتی ئەوەنە لەبەردەستدا نییە بۆ دروستکردنەوەی خۆی.

لێرەدا مەبەستم بوو کە بەخۆیدا بچێتەوە، ئەم باسەش پەیوەندی هەیە بە پێغەمبەری خواوە ﷺ.

ماکوان: لێرەوە باسەکەم و لێوردبونەوە بکە لە قسەکانم، جەنابت پیاوێکی ئاقڵی.

شێخ طالیب: فەرموو!

ماکوان: موحەممەد ﷺ هەموو تەمەنی چەند سەفەرێکی کردووە، دوو سەفەری بۆ جێگای دوورکردوە هیچ کاتێکیش بە تەنها نەبووە.

لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە کە لە ڕووداوەکانی قورەیشدا بوونی هەبووە تاکو تەمەنی ٤٠ ساڵی، لە هیچ مێژوویەك یان سەرچاوەیەك یاخود دیکۆمێنتێك، یان یەکێك لە قورەیش نەیوتووە موحەممەد باسی چیرۆکێك یاخود شیعرێك یان باسێکی سەرسوڕمانی بۆ خەڵکی گێڕابێتەوە لەو سەردەمەدا لەهیچ جێگایەکدا تۆمار نەکراوە، تۆ هیچت بینیوە کاك شێخ؟

شێخ طالیب: نەخێر!

ماکوان: زۆر باشە؛ کەواتە ژیانێکی زۆر سادەی هەبووە، بێجگە لەوەی کە ئەم کەسایەتییە لە ناوشاری مەککەدا تەنها لە ڕووی ڕەوشتەوە سەرنجی خەڵکی مەککەی ڕاکێشاوە، پێشتر لە هیچ بوارێکدا ناوی نەبووە هیچکام لە قورەیش بە دۆست و یار و نەیاریەوە نەیوتووە موحەممەد ﷺ خوێندەوار بووە یان شاعیر بووە یاخود توانایەکی هەبوو بێت لە زانستی ئەنساب (ڕەچەڵەکناسی) یان هەر باسێك یاخود حەکیم بوو بێت، وەك ئاماژەم پێدا تەمەنی ٢٠ ساڵ بۆ ٣٥ ساڵ زۆر کەس تواناکانی خۆی نیشان ئەدات و لەوێوە ئیتر تواناکانی سەرچاوە

دەگرێت و خەڵکی دەیناسێت، بەڵام ئەم کەسایەتیە کە پێغەمبەرە ﷺ لە تەمەنی چڵ ساڵییەوە دەکەوێتە کۆمەڵێك باس، کە عەرەب و تەنانەت خەڵکانی ئەو سەردەمەش نەیانزانیوە، بەڵکو موحەممەد ﷺ بۆی ئاشکرا کردوون، پاشان زانستی نوێ پەی پێبردووە.

شێخ طالیب: چۆن و وەك چی؟

ماکوان: لەوانە کە زۆر گرنگە بیزانین شاری مەککە دە هەزار کەسی تێدا ژیاوە، سێ هەزار ماڵ بوون، یەك تاکە خێزانی جولەکە و مەسیحی تێدا نەبووە، ئەزانی بۆچی؟

چونکە قورەیش بتپەرست بوون، ئەو ئایینانەی تر تێکەڵ نەدەبوون لەگەڵ قورەیش بەو پێیەی ئەوان ئایینی ئاسمانین و ئەمانیش بت پەرستن.

موعجیزە گەورەکە ئەوەیە بۆ ئەوەی جەنابت بزانیت هەرچی ئایەتێك کە چیرۆك و باسی بەنی ئیسرائیل و موسا و فیرعەون و هامان و قارونە لە شاری مەککە هاتۆتە خوارەوە، هەرچی باسی ژیانی پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیلە بە فەرموودەکانیشەوە هەمووی لە شاری مەککە هاتۆتە خوارەوە، تەنها ئەحکامی ئەهلی زیمە و جولەکە نەبێت لە مەدینە هاتووە، باقی هەمووی مەککی-یە.

لەوانەی کە باس کراون بریتییە:- ئیسحاق، یەعقوب، یوسف، موسا، داود، سولەیمان، یونس و عیسا-سەلامی خوا لە هەموویان بێت- ئەوانی تریش وەك فەرموودە یوشەعی کوڕی نون، دانیاڵ.. هتد.

یاخود شارستانییەتی فیرعەون، لە ڕووی سەربازی هامان، لە ڕووی ئابووری قارون، شارستانییەتی عادو ئەمود کە لە هیچ کام لە کتێبە ئاسمانییەکاندا باس نەکراوە.

پرسیار ئەوەیە لە کام مێژوو لە کام کتێب لەسەردەمی موحەممەدﷺ.

یەك تاکە عەرەب لەم باسانەی کردبێت یان کتێبکی عەرەبی ئەم باسانەی یاداشت کردبێت؟

ئەم پرسیارە بۆ جەنابت و نەیارەکانی ئیسلام تا ڕۆژی قیامەت بەجێ دێلم بە تەحەداوە!

بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایەش بگرم بڵێن لە تەورات و ئینجیلدا باس کراوە ڕاستە باس کراوە، بەڵام وەك وتمان لە مەککەدا بوونی ئەو دوو ئایینە نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەزمانی عەرەبی نەبووە، بەڵکو ئەو دوو ئایینە بە زمانی سریانی و عیبری بووە. کە عەرەب شارەزای ئەو دووزمانە نەبوون، بە پێچەوانەوە ئەو نەتەوانەی تر شارەزای زمانی عەرەبی بوون.

بۆ ئەوە چی دەڵێیت یاشێخ؟

شێخ طالیب بێدەنگ بوو، هەستم دەکرد حەزی بەقسەکان هەیە بۆیە بەردەوام بووم لە قسەکردن بۆ مەجلیسەکە و شێخ طالب.

لەڕووی شارستانییەتەوە عەرەب شارستانییەتێکی بچووکیان هەبوو لە دوای نوح-علیه السلام- ئەویش شارەستانییەتی عاد و ئەمود-ە،

کەهیچ کتێبێکی مێژوویی باسی نەکردووە، هەرچەندە لە ماوەی ڕابووردا لە ساڵەکانی ٦٠ شیعرێکیان دروست کردبوو بەناوی ئەمرو ئەلقەیس، دوای لێکۆڵینەوە دەرچوو تەزویرە، گوایە ئەو باسی عادو ئەمود-ی کردووە، ڕاستە چەند شاعیرێك باسیان کردوە لە سەردەمی قورەیش وە پێش هاتنی پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ، بەڵام تەنها ناوی ناوچەکەیان هاتووە نەك وەك ڕوونکردنەوەی شارستانییەت و شێوەی مرۆڤ، تەنانەت جۆری خانو باڵەخانەکانیشیان.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە موحەممەد ﷺ لە کوێ زانی گەلانێك هەبوون بەناوی عاد و ثەمود؟

لە کام سەرچاوەی مێژووی و شیعردا باسی پێغەمبەرەکانیان کراوە یان گەلانێك هەبووبن بەناوی عادو ثەمود؟ چۆن موحەممەد ﷺ زانی ئەمانە ئەسڵیان عەرەب بووە، پاشان لافاوی نوح، لەکاتێکدا عەرەب شتێکی نەزانیوە بەناوی لافاوی نوح تا هاتنی ئیسلام.

زۆری تر لەو باسانە کە جێگای تێڕامانە دەبێت بە کتێب لەسەری بنووسرێت، بۆ ئەمانە چی دەڵێیت؟

شێخ طالیب: ئەم زانیارییانە بۆ من نوێیە ماکوان گیان.

زانیم قسەی پێ نییە و مەجلیسەکەش گوێیان بۆ من گرتووە دام لەوەتەرەکە و نموونەی ترم هێنایەوە بۆ نموونە باسی عوزیر یان هاوەڵانی ئەشکەوت (اصحاب الکهف)، یاخود شارستانییەتی سەبەء هتد... ئەمانە لەکام جێگاوە عەرەب زانیویەتی؟

هەموو ئەم باسانە لە قورئاندا هاتووە، ئاخر موعجیزەی گەورەتر ئەم نابینە لە ژینگەیەکدا هاتووە کە ساڵانی خۆیان ناوناوە بە جاهیلی، کەچی قورئانی ئەم پێغەمبەرە باس لە تەقینەوەی ئاسمان دەکات کە لەم ساڵانەی دواییدا ناونراوە بە بیگ بانگ وەك نموونەی ئەوەیە

﴿أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾﴾ [الأنبياء]

واتە: بۆ تەماشای ئاسمان و زەوی ناکەن لە کاتێکدا یەك پارچە بوون تەقاندمانەوە، ژیانی زیندەوەران پەیوەستە بە ئاو.

کێ موحەممەد ﷺ ی فێری بیردۆزی بیگ بانگ کرد؟ کام تلیسکۆب و دانشگاه فێری موحەممەد ﷺ کرد؟

تەماشای ئەم موعجیزەیە بکە کە خوای گەورە لە قورئاندا بە موحەممەد ﷺ چی دەفەرموێت:

﴿تِلْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا ۖ فَٱصْبِرْ ۖ إِنَّ ٱلْعَٰقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٤٩﴾﴾ [هود]

واتە: ئەم باسانە بۆمان کردی لە هەواڵە نادیارەکانە، نە تۆ دەتزانی و نە هۆزو نەتەوەکەشت پێش ئەم باسەی ئێمە، خۆگرو بە ئارامبە پاشە ڕۆژ بۆ خواناسان و پارێزکارانە.

جا گیانی من کاکە شێخ پیویستە جەنابت، ئەو تەمەنەی کە ماوتە لە خزمەت دینی خوا خەرجی کەیت، تۆ کە لە بنەماڵەیەکی دیندارو

خواناسیت، عەیبە بۆ بەڕێزت بە ئێمە بڵێیت کە واز لە ئاینی باووباپیرانمان بهێنین، ئەی وا گریمان بەقسەمان کردی وازمان هێنا دوای ئەوە چی بکەین؟

مەشروب بخۆین، زینا بکەین، دزی بکەین یان ڕیبا بخۆین؟

شێخ طالیب: نا واناڵێم؛ دەستان خۆش بێت، شەو درەنگە بەیانی قسە دەکەینەوە با بڕۆین بخەوین.

ماکوان: ئاسایە مامە شێخ دانیشتووین نە دەوامان هەیە بەیانی و دەچینە سەر کاریش، تا بەیانی لەخزمەتتداین ئێمە ناخەوین تا نوێژی بەیانی.

شێخ طالیب: ماکوان گیان من پیر بووم دەبێت بڕۆم ئیسراحەت بکەم.

ماکوان: فەرموو قوربان، بەڵام لەم ماکوانەی برات ئەم قسەیە وەرگرە، بۆ زانیاری ئەوەی دوو ڕووە خاوەن ڕۆشنبیری نییە!

شێخ طالیب: مەبەستت چییە؟

ماکوان: مەبەستم نییە بەس بیر لەو قسەیە بکەرەوە بەیانی قسە دەکەینەوە.شەو شاد یا شێخ.

## ئەوەی دوو ڕووە هەرگیز خاوەنی ڕۆشنبیری نییە

ئەو ئەو قسەیەم لەبەردەم شێخ طالیب-دا کرد، وتم هەرکەس دووڕوو بێت هەرگیز ڕۆشنبیر نییە، مەبەستیشم لەو قسەیە ئەو بوو، یاخود ئەو مرۆڤانەی کە وەك ئەو وان، ئەو کەسانەی لە کوردستانەوە دێن بۆ هەندەران ڕەخنە لەدین دەگرن دووڕوون، بەو پێیە سەرەتا بەموسڵمان خۆیان دەناسێنن و پاشان ڕەخنە دەگرن و دوای دەڵێن زانیاریان زۆرە لەسەر دین و کە دەمیشیان دەکەنەوە هیچ نازانن!

بۆ بەیانی لە بەردەم حانوتەکەدا وەستابووین بۆ وەرگرتنی نانی بەیانی گوێم لێبوو لەگەڵ هەندێك کوڕی تردا قسەی دەکرد و دەیوت، ئێمە خاوەنی زمان نین بۆیە نەبووین بەدەوڵەت، ئیسلام هات زمانی ئێمەی داگیرکرد ئیتر هیچمان نەبووە بە هیچ، تەماشای ئەم دەوڵەتانە بکە کە کافرن، بزانە چۆن موسڵمانان بەسەرە وەستاون بۆ خواردن وەرگرتن لە وڵاتەکەیان.

قسەکانی دیاربوو تانەو تەشەربوو لە من و لە هاوڕێکانم، کوڕەکان کە قسەی بۆ دەکردن کەسیان گوێیان پێنەئەدا.

نزیك مێزەکەی ئەو دانیشتم و ڕوومکردە برادەرێکم ناوی ئیدریس بوو، وتم تەماشاکە ئەوانەی کورد پەروەرن و نیشتیمانی خۆیان خۆش دەوێت چۆن ڕایانکردووە بۆ ئەوروپا وەك سواڵکەر لەبەردەم حانوتێکدا

نان وەردەگرێت، وەك قەرەج ڕاوەستاوە باسی خۆشەویستی نیشتیمانیش دەكات.

برادەرەكەم وتی كێ باسی كوردایەتی كردووە؟ جنێوێكی دا بە كورد و كوردستان.

چاوێكم لێداگرت كە مەبەستم كەسێكی ترە.

ئیدریس: چیی بووە مامە ماكوان؟

ماكوان: هیچ مامە ئیدریس گیان، هەر قسەیەك بوو گەیاندم.

ئیدریس: بەدەنگی بەرز جنێوێكی دا بەوەی كە ڕقی لە منە.

دەستم كرد بە پێكەنین و وتم وەزعەكە وانییە كاكە خۆ ئەمە سەر ٣٠ مەترییەكە نییە، دانیشە نانەكەت بخۆ.

دوای ئەوەی چووین بۆ بلیارد كردن، ئەم پیاوە بە دوای منەوە بوو وەك ئەوەی داخی لە دڵدا بێت یان دەیوسیت تێبگات، بە باشی بۆم نەدەخوێنرایەوە.

دوای ئەوەی چووینە ژووری بلیارد و لەگەڵ برادەرێكم سەرەمانگرتبوو بۆ یاری كردن، هاتە تەنیشت منەوە دانیشت و وتی كاكە مەلا گیان چۆنی؟

ماكوان: سەرچاو شێخ طالیب، بەس من مەلا نیم كەسێكی موسڵمانم بۆ زانیاریت.

شێخ طالیب: بۆ پێت ناخۆشە پێت بڵێم مەلا؟

ماکوان: ئەوەڵڵا جێگای شەرەفە بۆ من، بەڵام مەلا نیم نەگەیشتومەتە ئەو پلەیە.

شێخ طالیب: کوڕی باش لەسەر نان خواردنەکەش تەعلیقێکت لێدایین.

ئیتر لەو کاتەوە دەزانم کە ئەو کەسانەی بێدینن و قسە بە دین دەڵێن، باری دەروونیان زۆر ڕووخاوە، لەڕاستدا ئیسلام نییە کە ئەو قسەی پێ دەڵێت، داخی دڵی خۆیەتی بە ئیسلامی دەڕێژێت، یان شتێکی لەدەست داوە و بۆی ناگەڕێتەوە، یاخود برینداریيەکی تێدایە لەڕووی کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە، دوورە لە هەموو بوارێکی فیکری.

ماکوان: کاك شێخ من قسەم بۆ مامە ئیدریس-ی هاوڕێم کرد زۆر باسی کوردایەتی دەکرد، جا من بڕوام وایە هەر کەس زۆر باسی کوردایەتی بکات لە خۆمەوە بەجاشی دەزانم، چونکە هەست دەکەم پەتێکی داوە.

شێخ طالیب قسەی نەکرد لەسەر ئەو باسە، بەڵام وتی ئیسلام زمانی کوردی تێك داوە بۆیە وڵاتمان بۆ دروستنەکراوە.

خۆی لێ بوبوو بە ژان ژاك ڕۆسۆ!

ماکوان: وەڵڵا ئەمە زانیارییەکی نوێیە بۆ من، (ویستم پێی ڕابوێرم تۆزێك چونکە قسەکەی زۆر ئەحمەقانە بوو).

ئادەی چۆن بۆمان باسکە مامە شێخ، مادام وایە ئیسلام دوژمنی هەموومانە، کاکە بۆ زوو قسەت نەکردووە تۆ شەقێك هەڵدە لەم

شێخابەتیەی خۆت. کەواتە تۆش لە داگیرکەرەکانی کە خاك و وڵاتی ئێمەیان تێکداوە.

ڕووم تێکردوو وتم کاکە بۆ واتان کردووە لەو زمانە و وڵاتەی ئێمە، دە کاکە بڕۆنەوە بۆ زێد و مەڵبەندی خۆتان.

شێخ طالیب: بەخوا بەجدیمە، تۆ مەیکە بە ڕابواردن.

ماکوان: کام خوا؟ خوای تۆ یان هی من؟

شێخ طالیب: من بڕوام بەخوا نییە هەر دەمم ڕاهاتووە!

ماکوان: چیتر شێخ طالیب؟

شێخ طالیب: وڵاتمان داگیرکراوە پارچە پارچە کراوین.

ماکوان: جا ئێمە لەسەردەمی سایکس بیکۆ و ئیستعمار پارچە پارچە کراوین کام دەوڵەتی ئیسلامی ئێمەی پارچە پارچە کردووە؟

شێخ طالیب: کاکە زمان و خاکمان داگیر کراوە، ئیسلام داگیری کردووین بڕوا بکە کاکە ماکوان.

ماکوان: ئەزانی ئەو قسەیەی جەنابت زۆر گاڵتە جاڕییە یا شێخ، یەکەم کەس کە فەرهەنگی داناوە مەلا و پیاوێکی دینی بووە، دەزانی؟

شێخ طالیب: دیسان ڕادەبوێری، ئەو کەسە کێ بوو؟

ماکوان: پیاوێکی موسڵمانی زانای ئەم ئیسلامە بوو ناوی شێخ مارفی نۆدێیە باوکی کاک ئەحمەدی شێخە ڕەحمەتی خوا لەهەردووکیان بێت، ئەو یەکەم کەس بوو فەرهەنگی کوردی داناوە بەناوی ئەحمەدی بە ئسلوبێکی زۆر ڕاقی و پێشکەتوانەی لەسەر وەزن و قافیەی شیعریە.

کەواتە کورد دەبێت مەمنونی زانایانی ئەم ئیسلامە بن وایە؟

شێخ طالیب: جا ئەوە فەرهەنگە هیچ پەیوەندی نییە بەزمانەوە.

ماکوان: باشە تۆ بۆ خۆت شارەزایت هەیە لە زمانی کوردی؟

شێخ طالیب: ئەی چۆن من هەر پێشمەرگە بووم بۆ پاراستنی ئەم زمانە.

ماکوان: وەڵامی پرسیارەکەی منت نەداوە بەس قەینا ئیحراجت ناکەم.

ئەی کاک شێخ پێت چۆنە دوو مەلا و زانای ئەم ئیسلامە ڕێکخەری شیکاری و خاڵبەندی زمانی کوردین لەم سەردەمەی نوێماندا؟

شێخ طالیب: کێن؟

ماکوان: شێخ موحەممەدی خاڵ و مامۆستا عەلائەدین سەجادی، دامەزرێنەری کۆڕی زانیاری کوردیشن.

باشە ئێستا من پرسیارێك دەکەم ئادەی تۆ ناوی یەك کەسم پێبڵێ لە هاوفیکرەکانی خۆت کە خزمەتی کردبێت بە زمانی کورد؟

شێخ طالیب: شێرکۆ بێکەس.

ماکوان: ئەو شاعیرە، ئەگەر من پێوەری شاعیر بکەم بەرانبەر بە شێرکۆ بێکەس، تۆ دەبێت دوو گەڵابە ناوی تر بهێنیت، چونکە من لە بابەتایەری هەمەدانییەوە دەستپێدەکەم تا دێتە سەر نالی و مەحوی و مەولەوی و سالم.. هتد. ئەوکاتە شێرکۆ بێکەس دەبێت بەزەڕەبین بدۆزیتەوە لەچاو شاعیرانی کوردی موسڵماندا.

دەسەڵاتی عەلمانی ئێمە لە ساڵی١٩٩١ خۆمان وەك کورد فەرمانداری دەکەین، دوو حیزبی عەلمانی حوکمدارن، کەچی تا ئێستا نەیانتوانیووە زمانی ناو کۆمپیتەر بکەن بەکوردی، فەرهەنگێکی ستاندار یان نییە کورد سوودی لێ ببینێت.

تا ئێستاش ئەنجومەنی نیشتیمانی بەهەڵە نووسراوە.

شێخ طالیب: کاکە من مەبەستم یەکێتی و پارتی نییە، مەبەستم ئەوەیە زمانی کوردیمان تێك چووە بۆیە ناتوانین ببینە دەوڵەت.

ماکوان: جا شێخ طالیب زمان حەقی چیە بەسەر دەوڵەتەوە، ئینجا وەرە بزانم مەگەر ئێمە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆمان نین ئەم قسەی جەنابت مانای چییە؟

شێخ طالیب: چۆن نییەتی کاکە ئێمە پێویستە گرنگی بدەین بەزمانی کوردی واز لە عەرەب و فارس بهێنین.

ماکوان: کاکە عەیبە بەم تەمەنەوە ئەم قسە منداڵانەیە دەکەیت، دەیان وڵات هەیە خاوەنی وڵاتە و زمانی خۆشی نییە، نموونەی چەند دەوڵەتێکت بۆ باس بکەم؟

شێخ طالیب: ئادەی وەك کوێ؟

ماکوان: ئەرجەنتین، بەرازیل، شیلی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، ئوستورالیا، نیوزلەندا، بەلجیکا، ئیسپانیا، پرتوگال، ئەمانە هەموو خاوەنی وڵاتن و هیچی زمانی خۆشیان نییە، هەشیانە خاوەنی خاکیش نین بوون بە دەوڵەت.

تورکیا خاوەنی زمان نییە و خاوەنی خاکیش نییە کە چی ئەو دەوڵەتە گەورەیەی دروست کردووە.

ئاگام لێبوو جەنابی شێخ ڕەنگی زەرد بوبوو، پێم وت کۆتا قسەت بۆ دەکەم و دەڕۆم، ئەویش ئەوەیە ئەدەبیاتی زمانی کوردی لەسەر شاعیر و نووسەرەکان دەوەستێتەوە، کەزۆربەیان مامۆستا و خەڵکی ئایینین پەروەردەی ئەم ئیسلامەن لە حوجرە و مزگەوتەکانەوە هاتوون، پاشان لەسەردەمی عەلمانیدا، کورد خاوەنی یەك دەوڵەت بوو ئەویش١١ مانگ فەرمانداری کرد دوای ئەوە بەدەستی عەلمانی ڕووخا، تەنها خەلافەتی ئیسلامی بوو لە پەیمانی سیڤەردا بە ئامادەبوونی دەسەڵاتی خیلافەت کە ئیمزای کرد کورد ببێتە خاوەن دەوڵەت، لە پەیمانی لۆزان عەلمانییەکانی لای جەنابت و هاوفیکرەکانت هەڵیان وەشاندەوە.

خوات لەگەڵ.

هەڵسام بڕۆم تەماشای ناوەکەم بکەم، بزانم کەمپی هەمیشەیم بۆ دەرنەچووە؟ چونکە لە کەمپی کاتی بووم، چووم بۆ پرسگەی کەمپەکە تەماشای ناوەکانم دەکرد لە تەنیشتمەوە کوڕێك هات و وتی کاك ماکوان شتێکت پێدەڵێم بەس ناوم مەبە، لە ژووری بلیاردەکە ئاگام لەقسەکانت بوو، من ئەو شێخ طالیب-ە دەناسم ئەوە برای شێخ (ع.س) موستەشارە! ئەوانە بەشدار بوون لە ئەنفالەکان و تێکدانی سەدان دێهاتی کوردستاندا.

کەوای وت شێت بووم، گەڕامەوە بۆ ژوری بلیاردەکە لەوێ نەمابوو، پاشان ئێوارە چوومەوە بۆ ژووری تەلەفزیۆن خەڵکێکی زۆر لەوێ دانیشتبون.

سڵاوم لێکردن ئەوانیش وەڵامیان دایەوە و دانیشتم ئەودەمە هەموو تەماشای کەناڵێکی میسریان دەکرد زنجیرە درامایەك بوو، لەوکاتەدا بانگی عیشای دا کەناڵەکە دراماکەی لابرد و بانگیدا، گوێم لێ بوو شێخ طالیب لەناو خەڵکەدا بەشێوەیەکی ناشرین وتی ئەو بانگە لابەن، بەم شێوەیە وتی (ئەم سەڕە سەڕە) لابەن، کەوای وت ئیتر من چاوم ڕەشایی تێدا نەما هەمووی سپی بوو.

ئەوەی بەدەمدا هات پێم وت، زۆر تووڕە بووم هەرچەندە بەخراپ بەسەرمدا شکایەوە، چونکە جنێوی زۆر ناشرینم پێدا، بەڵام ئاشکرام کرد کە جاش و خۆفرۆش و بەدڕەوشت بوون. توڕە بوونەکەم نەیهێشت قسەکانم بەباشی بگات، دووجار ویستم پەلاماری بدەم هەردوو جارەکە نەیانهێشت، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵك زۆر سەرزەنشتی منیان کرد، کە ئاشکرا بوو جاشە سەری شۆڕ کردو لەناو مەجلیسەکە ڕۆشت، بەڵام بەداخەوە هیچ وەڵامی نەدامەوە، تەمەنەکەی و بێدەنگییەکەی ئەوی بەهێزکرد.

## بەرەو مولحید بوونی خۆم

لەدوای ئەوەی لەگەڵ شێخ طالیب-دا بووە شەڕم و قسەی زۆرم پێوت و چەند جار ویستم پەلاماری بدەم و نەیانهێشت، بۆیە خۆم ئامادە کرد بۆ بەیانی لەجێگایەکدا بیگرم، یان سەروچاوی دەشکێنم یان ئەو هینی من دەشکێنت.

ئەو بێدەنگی هەڵبژارد، تەمەنەکەی و هێمنی و لەسەر خۆیەکەی منی لاوازکرد، حەق لای من بوو، بەڵام من بە تووڕەییەوە گەیاندم، زۆر گوێی پێنەدرا بەقسەکانم. وەک کورد دەڵێت: ئەویش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو.

ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت، ئاواتم بوو زوو ڕۆژ بێتەوە بۆ ئەوەی بیانوویەکی پێبگرم ڕۆژ بوەووە لەبەر ئەوەی من درەنگ خەوتم ئەو بەیانییە درەنگ خەبەرم بووەوە، کە لە خەو هەستام ئیسراحەتم کردبوو باشبوو هێمن بوبومەوە، هاتمە دەرەوە لەبەردەم کەمپەکەدا جگەرەیەکم داگیرساند چاوەڕێی برادەرانی خۆمم دەکرد لە دوامەوە شێخ طالیب ئامادە بوو. لە دڵی خۆمدا وتم خوا ناردی دەرناچێت لەبەر دەستمدا، بە چیچکانەوە دانیشتبوم کە بینیم هەڵسامەوە تا هەتا هێزم تێدایە پێیدا کێشم، بەڵام ئەو باوەشی بۆ کردمەوە و باوەشی پیا کردم و ئەملاولای ماچ کردم.

منیش ئیحراج بووم و هیچم نەکرد بەس هەر ئەوەندە نەمهێشت دەستی بگاتەوە بە پشتمدا، چونکە ترسام لەوەی دەست بوەشێنێت کە زانی ناهێڵم ئیتر ماچی کردم وتی ئەزانم تووڕەم کردی من داوای لێبوردن دەکەم، ئیتر موناقەشە ناکەین.

ئاهێکم هەڵکێشا و جگەرەکەم فڕێدا: کاك شێخ ئەزانی مرۆڤی دووڕوو خاوەنی ڕۆشنبیری نییە، چوومەوە بۆ ژوورەکەی خۆم و جێمهێشت.

کاتژمێر ١١ نیوەڕۆ بوو، هاوڕێکانم هاتن بۆلام و هەواڵیان دامێ کە ناومان دەرچووە بۆ کەمپی هەمیشەیی جێگیر دەبین لەوێ تا جواب وەردەگرین، شەش کورد بووین بەیەکەوە ناومان دەرچووبوو بۆ شارێك لە نەرویج کە لوتکەی ئەو وڵاتەیە ناوی هامەرفێست-ە مانگی پێنج بوو دوو فڕۆکەمان گۆڕی تا گەیشتینە ئەو شارە، کەچووینە شاری هامەرفێست هەموو شتێك بۆ من نوێ بوو، زمان و دیالێکتیان بۆ من زۆر ناخۆش بوو، شارەکە تا بڵێیت ناخۆش بوو، ئەو ماوەیە شەو ڕۆژی نەبوو! هەمووی ڕۆژ بوو سەعات ١٢ی شەو ڕۆژ بەئاسانەوە بوو، دڵم خەریك بوو ئەتەقی، جاری واهەبوو بە دوو شەو دوو ڕۆژ خەوم لێنەدەکەوت. بەنایلۆنی ڕەش شەوم دروست کردبوو! پەنجەرەکانم گرتبوو ژیانێکی ئاساییم دەبردە سەر کۆمەڵێك هاوڕێی باشم دروست کرد، ماوەی نۆ مانگ لە کەمپ دابووم، سوپاس بۆ خوا ئیقامەم وەرگرت، مزگەوتێکیشیان دروست کرد لەو لوتکەیەدا لەگەڵ

هاوڕێکانم، بەڵام کەسێك نەبوو مامۆستام بێت یاخود بتوانم ڕۆشنبیری و زانستی خۆم زیاتر بکەم. ئەوانەی دەمناسین زانستیان لە خۆم کەمتر بوو.

ئیتر وردە وردە لەڕووی ئیمانییەوە بەرەو خوار دەهاتم شەونوێژم نەمابوو، ڕۆژووی سوننەتم نەمابوو، قورئان خوێندنم نەمابوو، دڵێکی زۆر ڕەقم هەبوو.

ساڵی ٢٠٠٠ زۆر ڕووخابووم لە ڕووی ئیمانییەوە، هیوایەتم شەڕ کردن بوو. هەمیشە گوێم دەگرتەوە لە گۆرانی ماملێ و حەسەن زیرەك و لەو بابەتانە.

لەگەڵ ئەوەشدا سوپاس بۆ خوا نوێژەکانم بەردەوام بوو، بەڵام نوێژێکی مردوو! هەستم بە دینداری نەدەکرد، ئینجا گوێم نەئەدا بە ئادابی ئیسلامی لەگەڵ ئەوانە دادەنیشتم کە ئەیانخواردەوە، منیش گۆرانیم لەگەڵدا ئەوتن و قسەی خۆش و گاڵتە و گەپ، بەڵام هەر ئیحترامی دینداریيەکەی منیان دەگرت و نەدەهاتنە ژوری من بەسەرخۆشی لەبەر ئەوەی قورئانی تێدابوو وە نوێژم تێدا دەکرد بەڵام دینداریەکەم زۆر هیچ بوو، لەڕووی ئیمانەوە مردبووم، لەجیاتی قورئان هەمیشە خەریکی شیعرەکانی نەزار قەبانی بووم، تەنها گوێم لە کاظم ساهیرو جۆرج وسوف دەگرت.

ژیانێکی زۆر ناموسڵمانانە دەژیام تەنها نوێژێکی تەقلیدیم دەکرد، ڕەمەزانەکان تۆزێك باش دەبووم، بەڵام دوای ڕەمەزان وەك خۆمم

لێدەهاتەوە. زۆرجار ڕقم لەخۆم بوو، زۆرجار لەتاو بێ ئیلتیزامی بۆ دین و ژینم دەگریام.

ساڵی ۲۰۰۱ هاتمە ئۆسلۆ پایتەختی نەرویج، دەستم بە کارکردن کرد یەکەم کار کە کردم لە دوکانێکدا بوو بەناوی جۆکەر، دوای چەند هەفتەیەك لەو دوکانەدا کچێکم ناسی بەناوی (کاترینە) ئەوەندە جوان بوو شەویش لەخەودا لەبەرچاوم لانەدەچوو. بۆیە حەزم لە کارکردن بوو، چونکە ئەوی لێبوو و لەبەرخاتری ئەو خۆم فێری زمانی نەرویجی کرد، هەموو شەوێك قاموسێکم لەبەردەستادا بوو قسەم بۆ لەبەر دەکرد.

جاری وا هەبوو لەگەڵمدا کە کاری دەکرد پێم گوناح بوو ماندوو بێت ئیشی ئەویشم دەکرد، ئەم کچە ئەوەندە خۆشەویستیم بۆ دەربڕی دەیزانی خۆشم دەوێت، بەڵام سەری لەوە سوڕمابوو کە هیچ ناڵێم، چونکە ئاسان بوو هەرچیم بویستایە ڕازی دەبوو. بەناوی حەفلەیەکەوە چوون بۆ دیسکۆیەك یان هەر بیانوویەکی تر دەمتوانی ئەوەی کە خوا پێی ناخۆشە لەگەڵیدا بکەم، سوپاس بۆ خوا غیرەتێکی ئیسلامەتی و مەلایەتییەکەم تێدا مابوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار ترسی خوا لەدڵمدا نەبوو لەقسەی خەڵك دەترسام! خەریك بوو ببمە شێخی سەنعان.

کات تێدەپەڕی و من ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبووم، دوور کەتبومەوە لەهەموو هاوڕێکانم.

کاترینە توانای نەما و وتی: ماکوان بچین بۆ دیسکۆ؟

ماکوان: بە پێکەنینەوە من نایەمە دیسکۆ، چونکە موسڵمانم.

کاترینە: دیسکۆ پڕیەتی لە موسڵمان، پاکستانی، فارس، عەرەب و کورد هتد...

ماکوان: ئاخر من لە ژیانمدا دیسکۆم نەدیوە و نەچووم.

کاترینە: زۆر خۆشە، سەما دەکەین پیلس (جۆرێکە لە بیرە) دەخۆینەوە. شەویش دەیکەینە شەوی ئاهەنگ یان وەرە بۆلای من، یان دێم بۆ لای تۆ.

لەمە خۆشتر دروست نابێتەوە بۆم، چی بکەم ئەیهاوار؟

لەدڵی خۆمدا وتم کورە ماکوان خۆ کەس ئاگای لێنییە، هەرچی شتە تاقیت کردۆتەوە ئەمەش تاقی بکەرەوە.

ڕۆژی چوار شەممە بوو کە بڕیارماندا شەوی یەك شەممە من و کاترینە لەگەڵ دوو کەسی نەرویجی تردا بچین بۆ دیسکۆ.

لەڕاستیدا لەخۆوە تەریق دەبوومەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەفس و شەیتان خوتوکەی ئەدام و پێیان دەوتم کورە گەنجی و پارەت پێیە و کچان لەگەڵتان و ژیان خۆشە بڕۆ ڕابوێرە، ئەم مەلایە چیە خستوتەتە دوای خۆت، بڕۆ هاوڕێکانت هەموو لەدیسکۆن، ئەم ختوکەی شەیتان و نەفسە هەمیشە بەردەوام بوو.

کاترینە دەیزانی کە من موسڵمانم و ترسێکی ئیسلامەتی لەدڵمدایە هەموو جارێك قسەی بۆ دەکردم و دەیوت دین کلتورە بیری لێمەکەرەوە.

ئەوکاتە پرسیاری لێدەکردم دەیوت، ماکوان بۆ بە خوا ناڵێیت بۆچی دروستی کردووین؟

بۆچی ئەوەندە ئەو خوایە ماندومان دەکات دەبێت نوێژی بۆ بکەین بەندایەتی بکەین، ئەگەر پێویستی نییە ئەی بۆ دەبێت بیکەین؟

ئەگەر خوا هەیە بۆ خۆی لێشاردووینەتەوە، بەلای کەمەوە لەخەودا یان بەڵگەیەکی دیکۆمێنتیدا بیناسین و بێتە لامان تا بڕوای پێبکەین.

نەخوای ئیسلام و نە مەسیع و نە ئەو خوایەی یەهودی هیچی بوونی نییە، هەمووی خۆمان دروستمان کردووە.

منیش هەوڵم ئەدا وەڵامی بدەمەوە، چونکە خۆم گەوزا بووم لە تاوان و دوور لە ئیمان بووم وەڵامەکانم هیچ تامێکی نەبوو، قەناعەتی نەدەکرد.

لەسەر کار پرسیارێکی لێکردم لەڕاستیدا دەمزانی وەڵام بدەمەوە، بەڵام تاوان دەمی گرتبووم، قسە لەدڵ و مێشکمدا پەنگی خواردبووەوە، بەڵام نەهاتە سەر دەمم.

ئەوەندە تاوانم هەبوو جەستەو دڵ و مێشکم هاوڕا نەبوون لەگەڵ کردارو گوفتارمدا، بۆیە لەوکاتەوە دەزانم مرۆڤ لەکاتێکدا تاوانی کرد زۆر ئاستەمە بتوانێت بانگەواز بۆ دینی خوا بکات، هیچ کەس لێی وەرناگرێت!

ڕۆژ بەڕۆژ خراپ تردەبووم بەجۆرێك نوێژەکانیشم زۆر لاواز بوو، جاری واهەبوو نەمدەکرد جاری واهەبوو جەمعم دەکرد، ئەگەر لەبەر

ئەو دوو کوڕە نەبوایە کەڵەگەڵیاندا دەژیام هەڵنەدەسام بۆ نوێژی بەیانیانیش. ئەو سەردەمە کاك هاوڕێ و پشتیوان جێگەیان کردبوومەوە چونکە شارەزای ئۆسلۆ نەبووم ئەوان یەکەم جار هاوکاریان کردم.

هاوڕێ بەتەواوەتی هەستی پێکردبووم، بەڵام ڕوویان نەدەهات هیچم پێ بڵێن، چونکە ئوسلوبی قسەم گۆڕابوو نەدەچووم بۆ مزگەوت و دایمە خەریکی گۆرانی وتن بووم، جگەرە لەسەر جگەرە دامدەگیرساند. هاوڕێ موسڵمانەکانم کەمتر بوبوونەوە، هەموو ڕەفیقەکانم خراپ و ئەهلی دیسکۆ و مەشروب بوون. جلوبەرگم گۆڕابوو، قژ داهێنانم گۆڕابوو، ئەو چەند مانگەی کە لەگەڵ ئەو کچەدا کارم دەکرد زۆر کاریگەری خراپی لەسەر ژیانم دروستکردبوو.

چاوەڕوانی ڕۆژی یەك شەممەم دەکرد بۆ ئەوەی بچم بۆ دیسکۆ، ئێوارەکەی کاترینە تەلەفونی بۆ کردم وتی ماکوان وەرە بۆ لای من نان بخۆ تووتیلینی-م (خواردنێکی ئیتالیە) بۆ دروستکردوویت، دەیزانی من حەزم لەو جۆرە خواردنانەیە، وتم باشە ئەو ماوەیە کە لەگەڵ ئەو دوو کەسەدا دەژیام لەیەك خانوودا هەموو یەك شەممانێك بڕیارمان دابوو کە بەیەکەوە نان بخۆین و لەسەر سفرەیەك کۆدەبووینەوە. ڕۆژەکانی تر بەهۆکاری کارکردن نەمان دەتوانی بەیەکەوە دانیشین، چونکە کاتی کارەکانمان جیاواز بوو.

ئەو یەك شەممەیە کە من بەتەما بووم بچم بۆ دیسکۆ پێشتر پەیمانم دابوونێ کە تەپسییان بۆ دروست بکەم، داوای لێبوردنم کرد لە کاك

هاوڕێ و کاك پشتیوان پێم وتن ئیشم هەیە دەبێت بڕۆم هەفتەی داهاتوو حەقتان بۆ دەکەمەوە.

خۆم گۆڕی و جێلم دا لەقژم و کابۆی تەسکم کردە پێم و پێلاوی بن بەرز و پاك ڕیش و سمێلم تاشی بوو، لووس لە کۆسۆڤۆی و ڕووسی دەچووم!

پشتیوان: مەلا گیان ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟

ماکوان: دەچم بۆ جەهەنەم.

پشتیوان بەپێکەنینەوە: ئەگەر ئاوا بۆی دەڕۆیت منیش دێم، ئەوە خۆ ئامادەکردنە بۆ بەهەشت!

ماکوان: بە پێکەنییەنەوە دەچم بۆ ماڵی کەمالی حەمە عێراقی ئامۆزام لەوێ دەعوەتم.

هاوڕێ هەڵیدایە لەولاوە پێکەنینەوە: ئێمەش حەزمان دەکرد خزمێکمان هەبوایە لێرە.

دیسکۆ لەسەعات ١١ شەوەوە دەست پێدەکات، من لە ئێوارەکەیەوە کاتژمێر چوار خۆم حازر کردبوو بۆ دیسکۆ.

چووم بۆ لای کوڕێکی هاوڕێم وتم وەرە فێرم بکە بزانم چۆن سەما بکەم، خۆی تۆزێك بایا و وتی ئەمە سەمای (سالسا) یەو ئەمەیان (پالێیە)و نازانم ئەمەیان چییە.

ماکوان: من لە کوردستان هەڵپەرکێ فێر نەبووم نۆبەی ئەمەیە!

کاتژمێر بوو بە ٦:٣٠ ی ئێوارە، تەلەفونێکم بۆ هات تەماشا دەکەم کاك ئەحمەد سەر سپی-یە.

کاك ئەحمەد سەرسپی پیاوێکی خواناسی پێشمەرگەی کۆنی حەرەکە بووە، تا بڵێیت قسە ڕەق بوو، بوو عیلمی نەبوو، بەڵام ئیمانی زانستی بۆ دروست کردبوو هەتا بڵێیت پیاوێکی دیندار و خواناس و سادەش بوو.

دوای سەلام کردن پرسی: ئەوە لەکوێیت؟

ماکوان: لەدەرەوەم، دەچم بۆماڵی ئەو کوڕەی خزمم.

کاك ئەحمەد سەرسپی: مەڕۆ بۆ هیچ جێگایەك ئیشم پێتە ئێستا دێم بۆ ماڵتان.

ماکوان: ئاخر من لە پاسدام دەڕۆم بەرەو ئەو ماڵە.

کاك ئەحمەد سەرسپی: لە وێستگەیەکدا دابەزە و ناوی وێستگەکەم پێ بڵێ خۆم بە سەیارەوە دێم بەشوێنتا.

ماکوان: ئا مەیە من دێمەوە بۆ سەنتەری شار. لەدڵی خۆمدا وتم چی ڕوویدا بێت، تۆ بڵێی زانیبێتی دەچم بۆ دیسکۆ؟ زۆر ترسام! بیریشم دەکردەوە خۆ لای کەس قسەم نەکردووە.

لەدڵی خۆمدا وتم بڵێی ساماڵ پێی وتبێت، چووم بۆ لای پرسیاری سەمام لێکردوە؟

دوایی زانیم کە کاك ئەحمەد، ئەو هەر ناناسێت زۆر شەرمم لە خۆم دەکرد چوومە سەنتەری شار کاك ئەحمەد-م بینی لەگەڵی سەرکەوتم

دەست بەجێ لێم تووڕە بوو، وتی ئەوە دەموچاوی ئەهلی ئیسلام و موسڵمانە، کوا ڕیش و سمێڵت؟

ئەوە جلوبەرگی موسڵمانە لەبەرتا؟

لەخوا بترسە ئاوا پێشمەرگەی بزووتنەوە بوویت؟

زۆری پێکردم منیش سەرم داخستبوو هیچم نەدەوت.

لە پڕ وتی ئەوا جەماعەت بەتەمان حیزبی نوێ دروست بکەن، هەموومان لەمەودوا دەبین بە جەماعەیەکی ئیسلامی بۆ ئەوەی ئاگادار بیت.

من خەیاڵم لای کچ و دیسکۆیە، ئەمیش هاتووە ڕاپۆرتی حیزبایەتیم بۆ دەخوێنێتەوە، تۆزێك ئیمانم بەرزبووەوە، بەڵام بە باسی حیزبایەتییەکە هاتمەوە ژێر سفر!

ماکوان: باشە کاك ئەحمەد گیان چی بەمن دەکرێت لەخزمەتاندام.

کاك ئەحمەد سەرسپی: ئەی بۆ نایەیت بۆ مزگەوت بۆ دەرسەکان؟

ماکوان: بەسەرچاو دێم.

خوا خوام بوو نەجاتم بێت لەدەستی کاك ئەحمەد ڕۆیشت و گەڕامەوە بەرەو ماڵی کاترینە ئاگام لە خۆم نەبوو، ئەوەندە ئارەزوومەند بووم بڕۆم بۆ دیسکۆ، چونکە لەژیانمدا نەمدیبوو، ئینجا لەگەڵ کێش بچم بۆ ئەو جێگایە کاترینە کە دەموچاوی درەخشانی جوانی بوو، وردە وردە کەوتمە ڕێ بەرەو ماڵی کاترینە.

## هۆش هاتنەوە بەخۆدا

کەوتمە ڕێ بەرەو ماڵی کاترینە، زۆرم نەمابوو بگەمە بەردەرگای ماڵیان، دیسان تەلەفونەکەم لێیدایەوە. ئەمجارە مامۆستا هێمن عەبدولعەزیز بوو، وتی: کاك ماکوان بەرەو لای تۆ دێین.

ماکوان: زۆر خۆشحاڵم دەکەن.

ماوەیەکی زۆر نەبوو بە مامۆستا هێمن ئاشنا بووبووم، بەڵام پیاوێکی بەڕێزو خۆشەویست بوو لەلام.

لە ڕووی بیروباوەڕەوە نەدەکرا میوانم بێت و موسڵمان بێت بەجێی بێڵم لەبەر خاتری ئافرەتێك.

تەلەفونم کرد بۆ کاترینە و پیم وت: ببوورە ناتوانم بێمە لات، چونکە میوانم هاتووە دەبێت بگەڕێمەوە. بە دەنگیدا زانیم پێی ناخۆشە، بەڵام گوێم پێنەدا گەڕامەوە بۆ ماڵەوە برادەران نانیان دروست کردبوو نانیان خوارد بوو منیش برسیم بوو، نزیکی کاتژمێر ٨ بوو، بیرم کەوتەوە کە نوێژی عیشا بکەم. نوێژەکەم کرد، ئەو دوو کوڕەی تر کە لەگەڵم بوون نوێژیان نەدەکرد، بەڵام کەسی باش بوون سوپاس بۆ خوا ئێستا هەردووکیان نوێژ دەکەن،

کاك هێمن هات زۆر خۆشحاڵیم دەربڕی و هاوڕێیەکی تری لەگەڵدا بوو بەناوی کاك مەلا ئەکرەم، ئەویش پێشمەرگەی کۆنی بزووتنەوە

بوو. دوای ماوەیەك لە دانیشتن مامۆستا هێمن فەرمووی: کاك ماکوان لەلای کاك ئەکرەم جێگام بۆ دۆزیویتەوە بڕۆ لەگەڵ ئەو برایانە بژی.

سبحان الله- کاك ئەحمەد سەرسپی ئەو پێشنیارەی کردبوو بۆ کاك مەلا ئەکرەم و کاك هێمن وەك ئەوەی دڵی لێیدابێت کە شتێك بەسەرمندا دێت.

منیش جلەکانم پێچایەوە خوا حافیزم کرد لە کاك هاوڕێ و کاك پشتیوان، چونکە جێگاکەم جێگیر نەبوو، پێشتریش پیم وترابوو کەوا شوێنەکەیان بچووکە و جێگای کەسی تریشە بەم نزیکانە دەگەڕێتەوە، چووم بۆ شوقەی کاك مەلا ئەکرەم و ئەو برایانە زۆر دڵنیانیم چەند کەس بوون، بەڵام ٧ کەس لە ژوورێکدا دەخەووتین ژوورەکەش سێ بە چوار بوو.

بەڵام جەوێکی ئیمانی زۆر عەجیب بوو، شەو وەك ماسی قوتو دەخەوتین هەمووی بەیەکەوە، شەو نوێژ، جەماعەت، ئەدەبی قسە کردن، بەیەکەوە چوون بۆ مزگەوت سوپاس بۆ خوا دیسانەوە هاتمەوە سەر باری جاران لەخزمەت ئەو برا بەڕێزانەدا بووم.

زۆر گرنگە مرۆڤ لە هاوڕێ و کۆمەڵی باش دانەبڕێت، چونکە ئەگەر دابڕێت شەیتان زەفەری پێدەبات. ئەوەی لام گرنگە ڕاییگەیەنم بەخوێنەر ئەوەیە کە تەنهایی و دووری لە خەڵکی ئیماندار با زانستی جیهانیشت قووت دابێت، بەڵام ناگەتە ئەوەی لەناو کۆمەڵی موسڵمانان‌دا بیت و هاوڕێیەتی خەڵکی موسڵمان و دیندار بکەیت.

برایانی کرمانج لە ئۆسلۆ مزگەوتێکیان هەبوو، هەمووومان زیاتر لەوێ کۆدەبووینەوە. مزگەوتەکە بەناوی بەدیع و زەمان بوو، نزیک بوون لە پەکەکە، یان جوانتر بڵێم سەر بە پەکەکە بوون!

ماوەی ساڵێك بەوشێوەیە بردمانە سەر، بەهۆکاری بێ ئیقامەیی و ژن هێنان لەیەك ترازاین، ئەو ماڵەی کە هەبوو بۆ منیان جێهێشت منیش دوو هاوڕێی بەڕێزی خۆمم لەباکوری نەرویجەوە هێنایە خوارەوە بۆ کارکردن لەگەڵمدا دەژیان لەو شوقەیەدا.

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ بوو زۆر حەزم بەگەڕانەوە بوو بۆ کوردستان، ٤٥ هەزار کرۆنم ئامادە کرد بۆ گەڕانەوە ئەو سەردەمە نزیکەی ٧٠ وەرقەی دەکرد.

بلیتم بڕی دەمزانی پاسپۆرتەکەم بۆ نوێ ناکرێتەوە، چونکە بڕیارێك لەو بارەیەوە دەرچوو بوو.

زۆربەی کوردەکان ئیقامەی کاتیان هەبوو لە نەرویج، بڕیارم دا تا ئەو چەند مانگەی تێداماوە سەفەرێك بکەم.

بلیتەکەم بۆ دیمەشق بوو، چوومە ئەوێ بۆ مەساکین بەرزە، کوردەکان لەو جێگایە کۆ دەبوونەوە، گەیشتمە لای کۆمەڵێك هاوڕێی خۆم لە دیمەشق لای ئەوان مامەوە. کەسێکی ناسراوم هەبوو لەوێ بەناوی ئەبوو ئەحمەد خەڵکی قامیشلو بوو خاوەن تەکسی بوو.

ئەمە دووەم سەفەرم بوو ساڵی ٢٠٠٠ گەڕابوومەوە بۆ سلێمانی لەسوریایەوە بۆیە لە شام خەڵکم دەناسی، جاری یەکەم کاك ئاسۆ

عومەر سوارە لە ئیلاقاتی یەکێتی بوو زۆر هاوکارم بوو هەموو دیمەشقی گەڕاندم لەگەڕانەوەمدا کاک ئەبو ئەحمەد-م ناسی.

تەلەفونم کرد بۆ ئەبو ئەحمەد هات بۆلام. دەگەڕام بە هەموو جێگا مێژووییەکاندا لەوێ چوومە سەر گۆڕی سەلاحەدین، مزگەوتی ئەمەوی، ماڵی نورەدین محمود، نەخۆشخانەی زەنگی، مۆزەخانەی نیشتیمانی دیمەشق و کتێبخانەی ئەمەوی کە شێخی ئەلبانی لێبووە. چوم بۆلای موحەممەد ڕەمەزان بوطی.

ئەبو ئەحمەد: ماکوان ئەزانی یەکەم کوردی کە داوام لێدەکەیت بچیت بۆ ئەو جێگایانە

ماکوان: بۆ؟

ئەبو ئەحمەد: ئەوەی کوردی باشوورە هاتوون بۆ ئێرە زۆربەی بەدوای دیسکۆکان و شتی خراپەوە بوون.

ماکوان: لەوانەیە لەگەڵ تۆ خەڵکی باش سەر نەکەوتبێت، خەڵکیش هەیە کە تاقەتی ئەوکارانەی نییە.

برسیم بوو بە ئەبو ئەحمەدم وت بابچین نان بخۆین، بردمی بۆ جێگایەك پێیاندەوت جەبەل شام، لەوێ لەجیاتی برنج حەزیان بە قەرەخەرمان بوو، پێیان دەوت فەریك، زۆرم حەز لێبوو بۆیە چووین بۆ خواردنی قەرەخەرمان، لەوێ کاك جەمال-ی برایەکی مامۆستا کەمال-م بینی دانیشتبوو.

هەڵسام چوومە لای و هەواڵی مامۆستا کەمال-م پرسی.

جەمال: مامۆستا کەمال لێرەیە.

ماکوان: بەڕاست؟

جەمال: بەڵێ؛ لە مەساکن بەرزەیە بەیانی دەچین بۆ لوبنان لەوێ کاتی دکتۆری هەیە.

ماکوان: باشە با ئێستا بچین بۆلای.

لەخۆشیدا نانم بۆ نەخورا، چووین هەندێك شتم کڕی لەگەڵ دەستم بردم بۆی، باوەشم کرد بە مامۆستا کەمال-دا و زۆر خۆشحاڵ بووم، ئەویش خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، بەڵام لە ڕووی جەستەییە بەتەواوەتی داڕما بوو. هەستم کرد دەوڵەمەندی جارانیشیان نەماوە، سەیارەیەکی زۆر خراپی گرتبوو بۆ بەیروت، مامەڵەی لەگەڵ دەکرد بە چەند سەد لیرەیەك خۆی دەبوو لە لوبنان بمایەتەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی و گرانی لوبنان هاتبوونەوە بۆ دیمەشق.

بیروت و دیمەشق زۆر دوور نین ناگاتە سەعاتێك ڕێگا.

مامۆستا کەمال: بەیانی دەچیت بۆ قامیشلو؟

ماکوان: نەوەڵڵا لەگەڵ جەنابت دێم بۆ بەیروت.

مامۆستا کەمال: نا پێویست بەو عەزێتە ناکات بگەڕێوە، جەمالم لەگەڵە.

ماکوان: منیش جەمال-م، حەز دەکەم لوبنان ببینم.

مامۆستا کەمال پێکەنی و وەك گوڵ گەشایەوە. تەلەفونم کرد بۆ یەك دوو هاوڕێم کە بەیانی سەیارەیەکی جی ئێم سی-م بۆ ئامادە بکەن بۆ بەیروت.

چوینە لوبنان و پزیشکەکەی بانگی کردم من عەرەبییەکەم لە کاك جەمال-ی برای باشتر بوو، پێی وتم: ئەم پیاوە بەزووترین کات دەمرێت.

منیش بە گرنگ وەرمنەگرت، چونکە لەساڵی ١٩٩٥ وە پزیشکەکان هەر دەڵێن دەمرێت، ئەوە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ سوپاس بۆ خوا هەر ماوە، ئەم قسەیەشم بۆ پزیشکەکە کرد بەلایەوە سەیر بوو.

عەرزی مامۆستا کەمال-م کرد ئەوە دەڵێت دەمریت!

مامۆستا کەمال: دەستی کرد بە پێکەنین و ڕووی کردە پزیشکەکە خوا خەڵکی دەمرێنێت.

پزیشك: من باسی زانست دەکەم، زانستەکەی من وادەڵێت.

مامۆستا کەمال: زانستەکەی جەنابت تەجروبە و پێوەر و تیۆرە، بەڵام خوای گەورە منی دروست کردووە ئەویش من دەمرێنێت، جارێ کاتم تەواو نەبووە.

مامۆستا کەمال زۆر ڕۆحییەت و نەفسێتێکی گەورە و سەرسوڕهێنەری هەبوو.

گەڕاینەوە بۆ دیمەشق، لەڕێگادا مامۆستا کەمال باسی ئەوەی بۆ کردم کە سبەی شەو پێش ئەوەی بگەڕێینەوە دەچین بۆلای کەسێکی

سعودی هاتووە بۆ بەیروت زۆر زیرەکە و هاوڕێمە کوڕێکی هەیە لە یەکێك لەباخەکانی لوبنان.

ماکوان: کێیە قوربان؟

مامۆستا کەمال: ناوی پرۆفیسۆر د. طارق حەبیب-ە.

ماکوان: تایبەتمەندی چییە؟

مامۆستا کەمال: لە ئەمریکا دکتۆرای هێناوە لە نەخۆشییە دەروونییەکان و لە بواری سایکۆلۆژی شارەزایە و قوتابی شێخ عوسێمین بووە.

کە چووین ئەو پیاوەم بینی و پێی ناساندم لەڕاستیدا سەراپا نوور بوو، قسەکانی هەمووی نوور بوو ئاواتمە هەموو کەس بیناسێت، زانستی شەپۆلی ئەدا.

کە چووین بۆ کۆڕەکەی زۆر قەرەباڵغ بوو ٨ کەناڵی ئاسمانی ڕاستەوخۆ کۆڕەکەیان دەگواستەوە،

لەدواییدا هاتە لای مامۆستا کەمال و تەعاروفی کرد لەگەڵماندا ناونیشانی دایە مامۆستا کەمال کە بچێت بۆلای لە هوتێل میریدیان لە بەیروت، وتی خۆشحاڵ دەبم بێنە لام.

ئەو کاتەی کە دیاری کرد بۆمان چووینە لای، ئەوەندە قسەکانی خۆش و ئیمانی بوو من وام زانی چەند چرکەیەکە لەخزمتیداین، بەداخەوە بەهۆکاری سەرقاڵی نەیتوانی زۆر لەگەڵماندا بمێنێتەوە، ماڵئاوایمان کرد.

ئەو شەوە لەگەڵ جەنابی مامۆستا کەمال مامەوە لە بەیروت، باسی ژیانی خۆمم بۆ کرد ئەویش باسی ژیانی خۆی بۆ کردم کەچەندە ئازاری چەشتووە و لەدوای ڕۆشتنی من بۆ ئەوروپا و باسی چوونی بۆ یەمەن و زۆر باسی ترمان کرد. ئەوەشی باسکرد کە زۆر قەرزارە و خەفەتی دەخوارد بەقەرزارییەکەی.

لەکۆتاییدا داوای لێکردم کە هەرچیم کردووە ژن بهێنم.

پەیمانمدایە کە گەڕامەوە بۆ نەرویج بەتەواوەتی بیر لە پرۆسەی ژنهێنان بکەمەوە.

هاتینەوە بۆ شام، لەڕێگادا من بڕیارمدا نەچمەوە کوردستان، هەندێك دیاریم کڕی بۆ دایکم و براو خوشکەکانم بەوا ناردمەوە و ئەو پارەیەی کە پێم بوو دامێ بۆ ئەوەی قەرزەکانی بداتەوە، چونکە ئەو زۆر لەوە زیاتر منی فێرکردبوو، کە ئەگەر هەموو تەمەنیشم بەندەی بوومایە تا ئێستاش نەمدەتوانی چاکەی بدەمەوە، زۆر بەکورتی و بە پوختی ئیسلامی فێرکردم.

گەڕامەوە بۆ نەرویج، هەشت ڕۆژ دوای گەڕانەوەکەم هەواڵیان دامێ مامۆستا کەمال کۆچی دوایی کردووە، زۆر گریام بۆی، بەڵام هەستم بە ئارامییەك دەکرد لە دڵی خۆمدا نازانم بۆ؟

# دۆزینەوەی ون بووەکان

کە هاوڕێکانم زانییان کە بۆ کۆچی مامۆستا کەمال زۆر بێتاقەت بووم هەموویان ئەو شەوە لە دەورم کۆبوونەوە.

هاوڕێیەکم لە ناو مەجلیسەکەدا ناوی کاك جووتیار بوو کە تازە یەکترمان ناسیبوو، وتی کاك ماکوان ئەو کەسە چی جەنابتە، وا ئەوەندە خەمباری؟

ماکوان: تەنها مامۆستام بووە!

جووتیار: بەڕاستە، ئەوەندە کاریگەری هەبوو لەسەرت؟

ماکوان: بەڵێ؛ بەدڵنیایەوە.

جووتیار: باشە کاك ماکوان شتێکی ئەو مامۆستایەتمان بۆ باس بکە کەئەوەندە سەرسامی کردوویت.

ماکوان: ئەم مامۆستایە بۆ من کەسێکی ئاسایی نەبووە، من لە ژیانمدا نەدایك نەباوك نە باپیر کەسیان پێیان نەوتووم نوێژ بکە، ڕۆژوو بگرە یان کتێبێك بخوێنەرەوە، بەڵام ئەو فێری کردم کە دیندار بم، کە خوێنەر بم کە چۆن زانست وەرگرم... هتد.

جووتیار: ئەوەی سەرسامی کردوویت لەو مامۆستایەدا چی بووە؟

ماکوان: هەستم بە فراسەتی دەکرد، پیاوێکی خواناس بوو، ئەوکاتەی کە من پێویستم پێی بوایە ئامادە دەبوو دوای ئەوەشی لێی

دوورکەوتمەوە هەر نزیك بوولێم. دڵنیابە ئەوکاتەی کە پێویستم پێی بوو هەر دەچوومەوە خزمەتی.

جووتیار: تێناگەم، قسەکانت ڕوون نییە؟

ماکوان: کاکە جووتیار خوای گەورە مرۆڤی لە سێ بەش دروستکردووە؛ ئەقڵ و لاشە و ڕۆح هەریەکێك لەمانە پێداویستی و خۆراکی خۆی هەیە بۆ تێر بوون، بۆ نموونە ئەقڵ؛ پێویستی بە بیروباوەڕە. لاشە؛ پێویستی بە شەریعەتە، ڕۆح؛ پێویستی بە ئیحسانە.

جووتیار: ببوورە هیچ تێناگەم، مەبەستم ئەوەیە چۆن ئەو پەیوەندییە دروست بوو لەنێوانی جەنابت و مامۆستاکەتدا؟ ئەوە پرسیارەکەی منە.

ماکوان: ویستم ئەوەت بۆ ڕوون بکەمەوە، بەڵام دیارە کاك جووتیار جەنابت زانیاری قوڵت نییە لەسەر ئیسلام وایە؟

جووتیار: بەڵێ وایە کەسێکی سادەم، زۆربیرم لە ئایین نەکردۆتەوە.

ماکوان: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: ڕۆحەکان سەربازی خوای پەروەردگارن، هەمیشە لە پەیوەندی و یەکتر ناسیندان، ئەوەی خۆشت دەوێت ئاگایەکی ڕۆحیتان لەیەك دەبێت، ئەوەشی ڕقی لێیە ئەشێت ئەم دوو ڕۆحە لەیەك جیاببنەوە. (الأرواح جنود مجندة، ما تعارف منها ائتلف، وما تنافر منها اختلف). بۆ ئەوەی زیاتر بۆت ڕوون بکەمەوە کاتێك دەبینی لەماوەیەکی کەمدا لەڕێگای هەواوە پەیوەندیەکی ڕادیۆیی لە نێوان چەند کەسێکدا دروست دەبێت، دەنگەکە بە ملیۆن کیلۆمەتر دەگوازرێتەوە، یاخود ڕەنگەکان یان پەیوەندی تەلەفونی، ئەو

مادەی ڕۆحەش پێدەچێت وابێت لە نێوان ئازیزان و خۆشەویستاندا هەستەکە دەگوازێتەوە، بۆ نموونە دایك هەست بە منداڵەکەی دەکات کە ئازاری هەیە یاخود کە برسیەتی، ئەو هەستانە هەستی ڕۆحی و خۆشەویستییە، جا هەستی من و مامۆستاکەم بەو شێوەیە بووە، شتێکی سەیرت بۆ دەگێڕمەوە کاك جووتیار.

جووتیار: فەرموو!

ماکوان: لە ماوەی ڕابردوودا لە ڕووی ئیمانییەوە زۆر لاواز بووم، کە چوومە دیمەشق بە خزمەتی مامۆستاکەم گەیشتم، پێی وتم: ماکوان ئەزانی گۆڕاوی.

بێئەوەی من هیچ بڵێم ئەم ئامۆژگاریانەی کردم وەك ئەوەی ئاگای لە هەموو ژیانم بێت، خۆ عیلمی غەیبی نەدەزانی کەسیش عیلمی غەیب نازانێت، بەڵکو هەستە ڕۆحییەکە بوو!

پێی وتم ماکوان ئاگات لەخۆت بێت لە دەرەوەی وڵات، هەوڵبدە دانەبڕێیت لە هاوڕێکانت مەبەستی هاوڕێ خواناسەکانم بوو، نابێت هیچ کات بێ مامۆستا بیت تا ئەوکاتەی دەمریت!

باسی ئەوەی کرد هەرچیم کردووە دەبێت هاوسەرگیری بکەم و خاوەنی ماڵ و خێزان و دروستکردنی منداڵ بم.

لێم پرسی بۆ؟

لەوەڵامدا وتی: چونکە مرۆڤ کە بەتەنها بوو بیری خراپ دەکاتەوە، ئەگەر ئێمە بەتەنهاش بین هەر بە (جمع) دەڵێین: ایاك نعبد وایاك

نستعین- چونکە بەکۆمەڵ شەیتان دوور دەکەوێتەوە. بوونی خێزان و میحوەری هاوسەری و باوکایەتی بەرپرسیارێتی دروست دەکات و دوورت دەخاتەوە لە تاوان.

کاك جووتیار ئەگەر ورد تەماشای قسەکانی بکەیت لەگەڵ ناخی مندا قسەی کردووە، ڕاستە وتەکانی هەمووی گشتین، بەڵام خۆ دەکرا بیوتایە ماکوان ئیشی زۆر بکە، پارە پێکەوە بنێ یاخود شتی تر، بەڵام ئەو گرنگی دایەوە بەلایەنی ئیمان و پەروەردەی من.

جووتیار: وەك خۆت فەرمووت لەوانەیە قسەی گشتیین!

ماکوان: نا؛ گێڕانەوەکەی وایە، بەڵام چونکە لەگەڵ مندا نەژیاویت قسەکانی ئەوت لا سادەیە، ئاساییە جەنابت وا تێبگەیت.

بۆ نموونە لەکاتی چوونمان بۆ بەیروت ئەوەی فێرکردم کە دەمە دەمێ لەگەڵ بیدین و مولحید دا نەکەم، تا تەوەری باس دیاری نەکات مولحیدەکە.

دەیفەرموو مولحید حەز بە موناقەشەی ئیسلامی دەکات، چونکە کردنەوەی مێشکی مولحید بە کلیلی ئیسلامە، لەبەر ئەوە هەوڵ بدە قسەکانت بە زانستی بێت لەگەڵیاندا، بەزمانی خۆیان وەڵامیان بدەرەوە بۆ ئەوەی بیانوەستێنیت، چونکە بزانن لاوازی لە ڕووی دەروونی و هێزی کەسایەتی و فیزیکیەوە دەتخۆن، بەڵام مەهێڵە دەمەدەمێ دروست بێت، سنوور دابنێ بۆ قسەکانت و قسەکانی.

جووتیار: کاك ماکوان من مولحید نیم؟

ماکوان بە پێکەنینەوە: جا قوربان کێ وتویەتی جەنابت مولحیدی؟

جووتیار: وامزانی مەبەستت منە.

ماکوان: نا؛ گیانی من مەبەستم بوو قسەکانی ئەوت بۆ باسکەم کە بزانیت من زۆر دەمە دەمێم دەکرد لەگەڵ بێدین و مولحیدەکان.

جووتیار: بەڵێ، بەڵێ... بەس دەکرێت بزانم چیتری وتوە لەسەر مولحید.

ماکوان: بەسەرچاو؛ ئەو زیاتر دەروونی ئەوانی بۆ شی دەکردمەوە دەیفەرموو: مولحید و بێباوەڕ زۆر خەڵکێکی بەخیل و حەسوودن بە موسڵمانان، لەوانەیە لاتان سەیر بێت ئەم قسەیەی کردووە.

جووتیار: بەڵێ.

ماکوان: وەرن بە ئەقڵ بیر بکەنەوە، ئەویش دەیفەرموو بەلۆژیکی خۆیان قسە بکەین.

ئێمە خاوەن ئیسلامین و دینەکەمان دیارە و هەموومان ئاشکراین، ئەوان ناتوانن بیروباوەڕی خۆیان دەربخەن لەهەمبەر ئیسلامدا.

تەماشای مولحید بکەن نە کەس دەزانێت خاوەنی چ بەرنامەیەکە، نە یەك جار بەراوردێکی ئیسلام لەگەڵ مولحید بوونی خۆیدا دەکات.

لە جنێو زیاتر و لە قسەی بەتاڵ و بێ واتا زیاتر هیچی تری پێنییە، ئیستیفزاز زۆر باش دەزانن.

جووتیار: ڕاستە زۆر جار بینومە ئیستیفزاز و جنێو ئەدەن.

ماکوان: بەڵێ؛ بەدڵنیاییەوە.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە حەسوودن بە ئیسلام و موسڵمانان، چونکە باشتریان نییە لەوەی ئێمە، ناچار حەسوودیان پێدەبەن.

ئەمە چیرۆکی هەموو مولحیدێکە، ئەگەر دەڵێن وانییە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە.

کوا مەبدەء و بیرو بۆچوونیان؟ کوا جیهان بینیان؟ کوا بەراوردی مەبدەئی ئەوان. مەبەستم مولحیدە بە ئیسلام.

نابینن کاتێك ڕەخنە دەگرن خاوەن بەدیل نین بەس قسە فڕێ ئەدەن و توانای ڕووبەڕووبوونەوەشیان نییە.

ئینجا لە هەمووی سەیرو سەمەرە تر هەموو مولحیدەکان سەرەیان گرتووە قسەی یەکتر دووبارە دەکەنەوە کە لە کۆمەڵێك وشە و باس دەرناچن. هەموویان لەبەر کردووە وەڵامیش دراونەتەوە.

. یەکەم: مافی ئافرەت.

دووەم: ئیسلام بۆ عەرەب هاتووە.

سێیەم: خێزانەکانی موحەممەد.

چوارەم: بەرگریکردن لە جولەکەی بەنی قورەیزە و خەیبەر.. هتد.

پێنجەم: شەرحی ئایەت و فەرموودە بە ئەقڵی خۆی و بێ ئەوەی لە دەقەکە گەیشتبێت![3]

-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-

[3] (ئەو سەردەمە هێشتا ١١ سێپتەمبەر ڕووی نەدابوو کەس باسی جیهاد و تیرۆر نەدەکرد و باسی کۆیلەو کەنیزەکیش لە ئارادا نەبوو).

جووتیار: كاك ماكوان هەست ناكەیت ئەو پرسیارانە جدین؟

ماكوان: كاك جووتیار هەست ناكەیت تۆش مولحیدی؟

جووتیار: نا؛ من بڕوام بەخوا هەیە، بەڵام بڕوام بە ئیسلام نییە.

ماكوان: دیارە برا لەخزمەتام دەتوانیت هەر پرسیارێكت هەبێت لەخزمەتتدا بین.

جووتیار: من بڕوام بە ئەقڵ و بیركردنەوە هەیە.

ماكوان: باشە؛ چی وای كردووە كە وابیر بكەیتەوە؟ لەكاتێكدا ئیسلام ڕێگای لەم قسەیەی جەنابت نەگرتووە.

جووتیار: هەست ناكەیت لێرە خەڵك زیرەكترن؟

ماكوان: زۆر جار خەڵكانێك وا پەی دەبەن كە زیرەكی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت.

لە ڕاستیدا من وای دەبینم كە زیرەكی نیعمەتێكی گشتییە خوای گەورە بەخشیویەتیە هەموو مرۆڤێك، بەسێ پلە: بەهێز- مامناوەند- ئاسایی، واتا هەموو كەس خاوەنی زیرەكییە.

بەڵام ئەوەی كە مرۆڤەكان تێیدا جیاوازن بیركردنەوەیە كە پلەكەی دیاری ناكرێت.

جووتیار: چۆن تێناگەم؟

ماكوان: زیرەكی وەك جۆری ئۆتۆمۆبیلێكی مۆدیل نوێیە، بیركردنەوەش وەك شۆفێرەكەی وایە، واتا بیركردنەوە زیرەكییەكە سەركردایەتی دەكات.

نموونەیەکی تر بۆ ئەوەی باشتیر ڕوون ببێتەوە کاتێک (ڕینێ دیکارت) لە ڕێگای شکەوە گەیشت بە بوونی خوا، گەیشت بە دیهێنەرێکی ئەم بوونە ئەوەش لەڕێگای سەرکردایەتییەکی گومانناوی بیرکردنەوە بوو!

کە وتی مادام من بوونم هەیە کەواتە بیر دەکەمەوە، کە مادام بیردەکەمەوە واتا وجودم هەیە، کە مادام خاوەن وجودم کەواتە دروستکارێکم هەیە، ئەویش خوایەکە کە دروستی کردووم، هەرچەندە دیکارت بە پلەبەندیەکی فیکریدا هێناویەتی تا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە.

جووتیار: تێناگەم مەبەستت چییە؟

ماکوان: خۆی کێشەی مولحیدی کوردی ئەوەیە کە تێناگەن، ئێمە و مانان نازانین بە چ زمانێك بدوێین لەگەڵتاندا؟ کە باسی زانستیش دەکرێت ماڵیان ئاوابێت زمان درێژ دەکەن خۆیان بە زانستی دەزانن و هیچیش نازانن.

جووتیار: وەڵامی پرسیارەکەی من نییە.

ماکوان: ئەمەوێت تێبگەیەنم زیرەکی و بیرکردنەوە دوو شتی جیاوازن، لەڕاستیدا پرسیارەکەی جەنابت قەبەیە و خۆتت تێوەگلاندوە بۆیە لە شیکارییەکەشی تێناگەیت.

زیرەکی دیاریەکی خواییە بەخشیویەتیە هەمووان، بەڵام ئەوەی من لەسەری هەڵوەستە دەکەم جۆری بیرکردنەوەمانە، قورئان فێرمان دەکات چۆن بیر بکەینەوە.

فێرمان دەکات بەگەڕان و و تێڕامان و وەرگرتنی زانست و پاشان لە ڕێگای دەزگاکانی مرۆڤ خۆیەوە بیر بکاتەوە تا دەگەینە ئەو ئەنجامەی دەبەوێت، سەرباری هەمووی بەڵگەیە کە داواکاریەکی ڕاستەوخۆی بیرکردنەوەی قورئانییە.

مەرج نییە هەموو زیرەکییەك بیرکردنەوەی باشی هەبێت، بۆ نموونە فەیلەسوفێکی وەك تۆماس ڤیلەر ٨٠ ساڵ دژایەتی بوونی خوای کرد بە هەزارەها خەڵکی مولحید کرد، لە دوای ٨٠ ساڵ کتێبێکی نووسی تێیدا دەڵێت: خوا بوونی هەیە!

واتا زیرەکی تۆماس وجودی هەبووە، بەڵام بیرکردنەوەی لاواز بووە، ڕاستە تۆماس موسڵمان نەبوو بڕوای بەهیچ ئایینێك نەبوو، بەڵام لە ژیانی خۆیدا سەلماندی کە خوا بوونی هەیە.

بیرکردنەوەی من وا لێرەوە دەست پێدەکات کە بەڵگەکەی تۆماس بەکار بهێنم لەبەرانبەر ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە خوا نییە، چونکە لێرەدا گرنگی هەیە بۆ بیرکردنەوە.

جووتیار: من بڕوام بە خوا هەیە.

ماکوان: ڕاستە بڕوات بە خوا هەیە، بەڵام بڕوات وایە کە خوایەك لەئاسمانە و هیچ پەیوەندی بەتۆوە نییە؟

جووتیار: بەڵی وایە.

ماکوان: ئێمەی ئیماندار بە خوا پێویستمان بە وەرزشکردنی بیرکردنەوەمانە نەك زیرەکی.

زۆرێك لە زانایان و بیرمەندان زیرەکن لە بواری گەردوون و فیزیا یان هەر زانستێکی دیکە، بەڵام مانگا دەپەرستن، بتێکی بوزای دەپەرستن، یاخود هەموو شتێك دەپەرستن تەنها پەروەردگار نەبێت، ئایا ئەمە مانای وایە کە پەرستنەکەیان حەقە؟

جووتیار: بێگومان نەخێر؛ بەڵام مانای واش نییە، کە زانستی فیزیا و گەردووناسی و کیمیاکەشیان هەڵەیە.

ماکوان: ئەم قسەیە زۆر ڕاستە، بەڵام خوا و زانستی مرۆیی دوو شتی جیاوازن، ئێستا دێمەوە سەر باسەکەی جەنابت کە یەکەم جار پرسیارت لەبارەیەوە کرد ئەویش ئەوەیە زیرەکی جیاوازە لەگەڵ بیرکردنەوە. دەمەوێت بڵێم هەموو ڕاستییەك بۆ مرۆڤ دەرناکەوێت، بەڵکو هەموو مرۆڤێك دەتوانێت ڕاستی پیادە بکات، لە ئەنجامی پیادەکەی حەق و ڕاستی دەردەکەوێت و مرۆڤەکەی پێدەناسرێتەوە نەك پێچەوانە بە مرۆڤەوە حەق بناسین.

جەنابت سەرەتا دەتویست بڵێیت ئایا ئەوەی بڕوای بەئیسلام نەبێت هەڵەیە؟

جووتیار: بەڵێ وابوو، هەر ئەوەشم مەبەست بوو.

ماکوان: وەڵامەکەم دایتەوە، ئێستا دەرکەوت زیرەکیی مرۆڤ ناگەیەنێت بەخوا و بە ئیسلام، بەڵکو بیرکردنەوەی دروست و تەندروست مرۆڤ دەگەیەنێت بەخوای ئیسلام و بە پەیامهێنەرەکەی کە موحەمەد-ە ﷺ، پاشان هەوڵدانی زیرەکی مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە تەنها بە

مامۆستا دەکرێت، شارێگا بوونی مامۆستایە بۆ زیرەکەکان، واتا کەسێك کە زانستەکەت بۆ شیبکاتەوە بەواتایەکی تر دەبێت مامۆستا زانستەکە بکاتە پاروو و بابۆڵە و بۆ ئەوەی قوتابییەکانی بە حازری بچێتە بەردەستیان و ئەوانیش بیرکردنەوەی خۆیان فراوان بکەن بە هۆکاری زیرەکییەکەیان.

هۆکاری ئەوەیە کە ئەم شەو تۆ لەلای منیت و منیش کەیل و بێزارم بۆ مامۆستاکەم و خۆشەویستی ئەوە ئاوای لێکردووم بۆی بگریم، چونکە زۆری فێرکردم کەواتە پێویستمان بە مامۆستایە.

# لە مەیدانەوە بۆ ناو تۆڕی کۆمەڵایەتی

لە دوای تەواو بوونی قسەکانمان لەگەڵ کاك جووتیار کەسێك بەناوی کاك نەوشیروان وتی کاك ماکوان بۆ نایەتە پاڵتاك قسە بکەیت؟

ماکوان: بەو خوایە نازانم چییە؟

نەوشیروان: جێگایەکە کوردەکان قسەی تێدا دەکەن و هەموو جۆرە خەڵکێکی تیایە، ئەتوانیت لەوێوە زیاتر خزمەت بکەیت.

ماکوان: بەو خوایە کاك نەوشیروان من لەوشتانە نازانم، ئێستاش خەریکی ئیشوکارم، زۆر سەرم ناپەرژێتە سەر ئەو کارانە.

نەوشیروان: سبەی شەو بەیەکەوەوە تەماشای دەکەین وەرە بۆلای من لەوێ بەیەکەوە دەچینە ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە.

ماکوان: زۆر باشە، ئەگەر دەرفەت بوو دێمە خزمتان.

شوقەکەی کاك نەوشیروان و من لەیەك بینادا بووین تەنها نهۆمێکمان نێوان بوو.

میوانەکانم ڕۆشتن و بۆ بەیانی ئێوارەکەی کاك نەوشیروان هات بۆ لام وتی وەرە بابڕۆین بۆ لای من تەماشای پاڵتاك دەکەین.

کەچوومە پاڵتاك یەکەم کەس گوێم لێ بوو قسە بکات نەهرۆی جەلال شێرە بوو، لەگەڵ کوڕێکدا بەناوی دەوەن باسی پێشمەرگایەتییان دەکرد، منیش زۆر حەزم بەو قسانە نەبوو وتم لایبە.

پاشان بردمی بۆ ژورێك بەناوی چەپی سەربەخۆ، کچێکی لێبوو بەناوی نەشمیل گۆرانییەکی خستبووە سەر لەگەڵیدا ئەیوتەوە، تۆزێکی تری پێچوو کەسێك بەناوی گەرمیانی قسەی کرد، قسەکردنەکەی لە خولە چەخماخە دەچوو، ئادمینی ژوورەکە بوو وتی بەرنامەکانمان دەست پێدەکات، ئەم شەو باسی ئەوە دەکەین خوا بۆ مرۆڤی دروست کردووە؟

گەرمیانی بەردەوام بوو لە قسەکانی دەیوت: موسڵمانەکان دەڵێن خوا پێویستی بە عیبادەت نییە، کەچی مرۆڤیشی بۆ بەندایەتی دروستکردووە، ئەمە قسەی قۆڕە.

کەوتی ئەمە قسەی قۆڕە زۆرم پێناخۆش بوو، وتم کاك نەوشیروان لایبە ئەم هیچ و پووچە با بێتاقەتمان نەکات.

نەوشیروان: ئەگەر حەز دەکەیت وەڵامی بدەرەوە.

ماکوان: ئەتوانم؟

نەوشیروان: بەڵێ؛ یەک دەقە با دەست بەرز بکەمەوە داوای مایك دەکەم، وەڵامی بدەرەوە.

کاك نەوشیروان بۆی شیکردمەوە چۆنەو چۆن بەکار دێت.

ئەو بەردەوام بوو لەقسە بێماناکانی خۆی.

دەیوت: (الله) کەی موحەممەد مەلائیکەت و جنۆکەو ئینسانی دروست کردووە بۆ پەرستن، کەچی خواکەش پێویستی پێی نییە، لەم وەتەرە دەسوڕایەوە بەردەوام لێی ئەدا.

مایك درایە دەست من منیش دوای سڵاو کردن وتم تکایە کاتم بدەنێ با وەڵامی پرسیاری ئەو هەتیوە پیسە بدەمەوە، کە ناوی گەرمیانییە.

وەڵا هەر وام وت مایکم لێ وەرگیرا و گەرمیانی پڕ جنێوی کردم، من نەمزانی دەسەڵاتی هەیە بەسەر مندا!

نەوشیروان: کاکە ئەوە زۆر دەمی پیسە، هەوڵ بدە قسەکانی خۆت بکەو ئەو ئیهمال بکە چونکە یەکسەر سوورت دەکات ئەو خاوەنی ئەو ژوورەیە، ناهێڵێت قسە بکەیت.

ماکوان: زۆر باشە؛ بێخەمبە.

مایك درایەوە دەستم، بەڵام خاوەنی ژوورەکە بەناوی گەرمیانی پێش وەخت بە منی وت هەر قسەیەکی قۆڕ بکەیت سوورت دەکەم واتا ناهێڵێت قسە بکەم.

ماکوان: ئەوندەی تر توڕە بوبووم خۆم بۆ نەگیرا، منیش ئەمجارە بە هێمنی شۆردم وامکرد لەخەڵکی ژوورەکە ئەو کابرایە ئیحراج بکەن بەدڵی خۆم ئەوەی ویستم پێم وت، خەڵکی ژوورەکەشم کردە شاهید بەسەریەوە، ئەم ئازادی خوازە ناهێڵێت قسە بکەم.

ئینجا دەستم کرد بە شیکاری لەسەر قسەکانی ئەو، بەڵام شێوازی پاڵتاکم نەدەزانی چۆنە بۆ قسەکردن، هەر وەك موسڵمانێکی ئاسایی قسەم کرد و بەردەوام بووم قسەکانم ئاڕاستەی ئەو خەڵکە بەڕێزە کرد

کە: خوای گەورە سێ جۆر مەخلوقی بۆ بەندایەتی دروستکردووە، واتا ئەم سێ جۆرە خوای تەنها بۆ بەندایەتی دروستی کراوون.

دروستکراوی خۆیەتی بەندایەتیان کردۆتە ئەرکی سەرشان، بەڵام هەریەکەیان جیاوازن لە جۆری ئەنجامدانی بەندایەتییەکە.

یەکەم: فریشتەکان (مەلائیکەت)؛ ئەم جۆرە مەخلوقە هیچ جۆرە شەهوەت و شوبهاتێکیان نییە، تەنها لەفەرمانی خوای گەورەدان بۆ بەندایەتی، جۆریان زۆرە نموونەی جۆرەکانیان هەیانە تەنها لە سوجدەدایە بۆ پەروەردگار یاخود لە ڕکوع دایە...هتد.

دووەم: پەرییەکان (جن)؛ ئەم مەخلوقە بۆ بەندایەتی دروست بوون، خوای گەورە ئازادی کردوون لە ژیانیاندا واتا خۆیان هەڵیدەبژێرن بەندایەتی بکەن یان سەرپێچی بکەن، سروشتی ئەم مەخلوقە وایە کە بەندایەتی کرد وەك فریشتە دەیکات کە خراپەشی کرد دەبێتە شەیتان، ئیبلیس لەم جۆرە مەخلوقەیە کە پێشتر وەك فریشتە بەندایەتی دەکردو خوای گەورە پلەی بەرز کردبووەوە لە پلەی فریشتەکاندا بوو، واتا تێوەندگیریان نییە.

سێیەم: مرۆڤ (ئینسان)؛ ئەم جۆرە مەخلوقە بەڕێزترین جۆری دروستکراوی خوای گەورەن و ئازادی ڕەهایان پێدراوە لە کردارییاندا، ئەگەر ژیانیان لە بەندایەتیدا بەکار هێنا لە پلەی فریشتەکان بەرزترە بەو مەرجەی ژیانی لەبەندایەتیدا بێت، ئەگەر ژیانی لە خراپەکاریدا بەکارهێنا وەك ئاژەڵ هەژمار دەکرێت، ئەو



CamScanner

کەسانەی کە ئامانجیان نییە لە ژیانیاندا و واهەست دەکەن بێهودە دروست بوون کاریان نییە و بەندایەتی ناکەن ئەوە وەك ئاژەڵەکان دەژین بۆ نموونە: ئاژەڵ دەخوات و دەخەوێت و حەزی سێکسی هەیە و خێزانیش دروست دەکات لە کۆتاییدا دەمرن هیچ ئامانجێکیان نییە.

کەواتە زۆر بەسادەیی بۆ بەرزکردنەوەی ئیمتیازی مرۆڤەکان خۆیانە بۆیە بەندایەتی دەکەن، تا لە ڕێگای ئەو بەندایەتیەوە پلەی خۆیان بەرز بکەنەوە تا خوای گەورە جێگاو ئیمتیازی زیاتریان پێببەخشێت و نزیکتر دەبنەوە لە خوای پەروەردگاریان، کە خوای گەورە مرۆڤی بۆ بەندایەتی دروستکردووە ئازادی کردووە واتا خوا مرۆڤی خۆش دەوێت، دووبارەی دەکەمەوە واتا خوا مرۆڤی خۆشدەوێت!

گەرمیانی: مایکی لێوەرگرتم؛ خۆ ئێمە دار و بەردنین، تۆ وەك مەلا قسەمان بۆ بکەیت و ئێمەش قسەی خۆمان هەیە.

نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم، زانی وەڵامی پرسیارەکەی ئەو ئەدرێتەوە هاواری کرد بە مایك کێی تر مایکی دەوێت با بیدەمێ؟

کەس نەیویست هەموو ئەو خەڵکە داوایان دەکرد کە ماکوان قسە بکات، ناچار هەر بەدەستی خۆی بانگی کردەوە.

گەرمیانی: فەرموو ماکوان قسەکانت بکە بەس بەکورتی، بەڵام با پرسیارێك بکەم؟

ئایا خوا مرۆڤی دروست کردووە لەسەر ئەم زەوییەدا بۆ بەندایەتی هیچی تر نابێت بکات؟

ماکوان: هیچم نەوت لەسەر ئەوەی کە مایکی لێ وەرگرتم، تەنها سوپاسی ئەو خەڵکەم کرد کە بەو شێوەیە حەزیان بەقسەکانی من بووە ئەو زوورەیان پڕ کردبوو لە گوڵ و ناوی ماکوان، هەرچی بێدین و مولحیدەکانیش بوو خەریك بوون ئەتەقینەوە!

بەردەوام بووم لە قسەکانم کە گەرمیانی نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم، بەڵام ئەوەی کە من دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە خوای گەورە کە ئێمەی لەسەر ئەم زەویە داناوە، ئەم کارانەی پێسپاردووین وەك موسڵمان دەبێت بیکەین کردمان مرۆڤین نەمانکرد ئاژەڵین، بە دەقی قورئان ئاماژەی بۆ کراوە.

یەکەم: بەندایەتی؛ ئەم بەندایەتیە شمولییە واتا گشتگیرە، هەموو ئاکارو ڕەفتارەکانی ژیان دەگرێتەوە کە لەچاکەدا بەکاری بهێنێت و لە ناو ئایینەکەدا وەك ئەرك و فەرمانەکانی نوێژ و ڕۆژوو زەکات، حەج...هتد، ئەمەش لایەنێکی تری بەندایەتییە.

دووەم: ئاوەدانکردنەوە؛ کە پێکهاتەی ژیار و شارستانییەتە، لە سێ توخم پێك دێت:

آ- ڕەوشت

ب- بیروباوەڕ

ت- داهێنان

سێیەم: زانست؛ لە ئیسلامدا کە خوای گەورە مرۆڤی دروستکردووە، ناتوانێت بەندایەتی بکات و ئاوەدانی سەر زەوی بکات تەنها بەزانست

نەبێت، ئەمەش دوو جۆرە زانستەکان کە فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانان بە پیاو و ژنەوە.

آ- زانستی شەرعی: وەك تێگەیشتن لە عەقیدە، قورئان، شەریعەت و فیقهی ئیسلامی هتد...

ب- زانستی ژیانی: پزیشکی، هەندەسە، فیزیا، کیمیا و گەردووناسی هتد...

چوارەم: بانگەواز؛ مرۆڤ کە بۆ بەندایەتی دروست بوو پاشان بووە خەلیفە لەسەر زەوی و زانست فێربوو گرنگە دەستی خێری هەمیشە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی زانستەکە بگەیەنێت کە وەك وتمان پێکهاتەی دوو بەشە، ئەم زانستە سەرەتاکەی یەك سەرچاوەیە واتا (وەحدەتی مەصدەرە) کە قورئان و سوننەتە لەهەردوو بەشەکەدا. مانای وانییە لە قورئاندا باسی فیزیا و کیمیا و پزیشکی بەتەواوەتی کرابێت، لە کۆلێژەکاندا بخوێنریت، نەخێر- مەبەست پێی ئەوەیە کە ئەولەویاتی دیاری کردووە لە وەی چ زانستێك حەڵاڵە خزمەت بە مرۆڤ دەکات، یاخود چی حەرامە لەزانست کە مرۆڤ لە فیطرەتی لائەدات.

پێنجەم: ئارام گرتن (صبر)؛ بۆ لێرەدا خوای گەورە ئارامگری لەم ژیانەدا کردۆتە ئەولەویات؟ لەبەر ئەوەی لەبەرانبەر ئەم پێنج کارەی مرۆڤ کە ژیانی لەسەر دامەزراوە و پاداشتەکەی بەهەشتی ئەبەدییە، لەبەرانبەریدا پێنج جەبهەی تر هەیە کە دژایەتی ئەم پێنج سەنگەرەی موسڵمان دەکات.

یەکەم: شەیتان؛ بەدوو شێوە شەڕ دەکات لەگەڵ سەربازەکانیدا.

آ- سەربازی شەهوەتی هەیە

ب- سەربازی شوبوهاتی هەیە

دووەم: نەفس پاڵنەری خراپەیە لە ناخی مرۆڤ خۆیدا.

سێیەم: نیعمەتەکانی ژیان لەم دنیایەدا کە خوای گەورە بەخشیویەتی دەبێتە سەنگەر (جەبهە) دژی موسڵمان.

چوارەم: هاوڕێی خراپ

پێنجەم: دونیا

گەرمیانی دیسان مایکی لێ وەرگرتمەوە و نەهێشت قسەکانم بکەم؛ ئەم قسە قۆڕانە کەس لێی تێناگات.

دەستی کرد بە جنێودان بەخوا و پێغەمبەر و پاشان وتی بە حسابی ئەم ماکوان-ە بێت قورئان زانستە و موعجیزەی تێدایە، پێمان نالێیت کامە موعجیزەی قورئان؟

خۆی بانگی کردمەوە و مایکی دایەوە پێم، چونکە کەس قسەی نەدەکرد هەمووی دەینووسی بۆ مایکی لێوەردەگریت ماکوان لوولی کردوون. چەند کەسێکی تر دەستیان بەرزکردەوە هەموویان دەیانوت سەرەکەمان بۆ ماکوان، ئیتر ئەویش شێت بوو بوو!

مایك درایەوە دەستم کاك نەوشیروان-یش لەدوامەوە خەریکی نان دروست کردن بوو لەگەڵ پیاوێکی بەڕێزی تر بەناوی کاك شێخ تەها، ماڵیان ئاوا بێت زوو زوو ئاو و چایان بۆ دەهێنام منیش قسەم دەکرد.

ماکوان: مایکم گرتەوە و وەڵامی پرسیارەکەی ئەوم دایەوە بە ناڕاستەوخۆیی؛ زۆر لە مێژە دەمویست ئەم باسە بخەمە بەردەم هەموولایەك، بەڵام نەمدەزانی چۆن باسەکە بکەمەوە. تا خوای کردگار کردی پرسیارێکم لێکرا لە لایەن بێ دینێکەوە(مولحید) کە بڕوای بە هیچ ئایینێك نەبوو. لەڕاستیدا باسەکەم پەیوەندی نییە بە باسی ئەو مولحیدەوە، بەڵکو ڕاستەخۆ پەیوەندی هەبوو بە مانشێتی پرسیارەکەی ئەوەوە.

خۆم دەپرسم ئایا قورئان زانستە؟ واتا ئەو زانستە حەتمییە کە خەڵکی باسی دەکات و بۆتە مەعریفەی چەقیو و کۆنکرێتی داڕێژراوە واتا وەك ماتماتیك و هاوکێشەکان و زانستە حەتمییەکان وەك دەڵێن: ئەوەندە جار ئەوەندە ئیتر یەکسانە بەوەی کە دەردەچێت، ئەمە زانستی حەتمییە و سەلمێنراوە. ئایا قورئان ئەم زانستە حەتمیەیەی مرۆڤانەیە کە ئێستا بوونی هەیە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر.

پرسیارێکی تر ئایا قورئان فیکرە واتا زادەی تەفکیری مرۆڤە؟ لەسەر ئەمە درێژ ناکەمەوە پرسیارەکە دیارە کە بەدڵنیاییەوە نەخێر- سرووشە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە.

ئەی ئایا قورئان فەلسەفەیە؟ واتا گەڕانە بە دوای نهێنییەکانی ژیان و شیکاری گەردوون و لێوردبوونەوەی حیکمەت و جوانکاری و ڕێکخستنی ئەم گەردوون و بوونەیە؟ بەدڵنیاییەوە ئێمەی موسڵمان دەڵێین: نەخێر فەلسەفەش نییە. کەواتە قورئان چییە؟

قورئان فەرموودەی خوای موتەعالە لە بەرزییەوە دایبەزاندووە بۆ مرۆڤ، تا بتوانن هەموو ئەو باسانەی کە کردمان تێدا هەڵبهێنجی و لە دوابەندا مرۆڤەکان کە پەیامەکەیان بۆ هاتووە خۆیان بۆ ژیانی خۆیان پەروی پێبدەن و بتوانن ژیانی خۆیان لەسەر ئەو گشتگیرییەی قورئان بە بەشی جیاجیا لێدروست بکەن لە ڕەهەندەکانی ژیان، نموونەی سیاسەت، شەریعەت، بیروباوەڕ، کۆمەڵناسی، ئابووری، جیهانبینی، دەیان و سەدان قوتابخانە لەسەر مەنهەجی ئەم پەیامە خواییە دروست بکرێت کە دەقە جێگیرەکان کۆنکرێتی خۆی داڕشتووە وەك ئایەتە "مەحکەمەکانی" کە دیارە و تەفسیر هەڵناگرێت، ئەوەشی تەفسیری جیاواز هەڵدەگرێت واتا ئایەتە "موتەشابیهە" کەسانی پسپۆڕو شارەزا و زاناکان تەفسیری دەکەن، کەواتە دەمەوێت کورت و پوخت بڵێم قورئان گشتگیرە، بەڵام جوزئیات و تایبەتمەندی (تەخەصوص) لای خەڵکەکەیە، ئەوان لەبوارەکاندا دانشمەند دەبن لەبەر ڕۆشنایی قورئان.

با زیاتر شیکاری بۆ بکەم؛ زۆر جار لەم هەسارەیەی ئێمەدا هەندێك پرسیار هەیە زانست ناتوانێت وەڵامی بداتەوە، زانستیش بۆ خۆی (نسبیە). ئەمڕۆ شتێك حەتمییە و سەلمێنراوە، سبەینێ دانشگا و ئەکادیمیاکان لێی پەشیمان دەبنەوە، وەك تیۆری داروینزم، کە تا سەدەکانی ڕابورد و زانست بوو ئێستا لە دوای دۆزینەوەی (دی ئێن ئەی) بووە بە مێژوو، تەنها وەك مێژوو لە دانشگاکاندا دەخوێنرێت و بەزانست هەژمار ناکرێت، کەوا بوو کە دەستەواژەیەك یاخود بیردۆزێك

زانست نەیتوانی وەڵامی بداتەوە، ئەو کات فیکر لە زانست گەورەتر تەماشای دەکات و بیرمەندو زاناکانی سەردەم جێگای بۆ دابین دەکەن و وەڵامی حەتمییەتەکەی ئەدەنەوە کە لە مارکسیزمدا پێی دەوترێت ئەدەبی جەدەلی، لە ئیسلامدا ئەشێت پێی بوترێت ئیجتیهاد، ئەی ئەگەر زانایان و بیرمەندان نەیانتوانی وەڵامی بۆ دەستەبەر بکەن، ئەوە بەدڵنیایەوە فەیلەسوفان ئەیدەن لە قاڵبی فەلسەفەو بە سێ گریمانی مەعریفی وەڵامی بۆ دەست نیشان دەکەن کە لای ئەرستۆ و ئەفلاتون بە "حیکمەت" ناسراوە، لای غەزالی بە "حدود" واتا بە سنوور دەست نیشان کراوە، لای شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە بە قسەی بێمانا واتا نامەعقولیزم، پێچەوانەکەی لە سەردەمی نوێدا لە لیبرالیزمدا ناونراوە بە مەعقولیزم، لای ئیبنو ڕوشد بەلۆژیك هتد...

بەم دەرئەنجامە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، زۆر جار لە ناو قورئاندا خەڵكانێك بەماندوبوونی خۆیان دەکەونە ناو دەقەکان و دەیانەوێت لەگەڵ زانستی نوێدا بیسەلمێنن کە دەقەکان لەگەڵ زانستی سەردەم یەکانگیرن.

لەڕاستیدا مانای وانییە سەلماندنی قورئان لەگەڵ زانستدا ئیتر ئەوە مانای ئەوەیە کە قورئان گەورە نیشان ئەدەیت، نەخێر- چونکە قورئان کەلامی خوایە و زانستیش دەستکردی حەتمیەتی مرۆڤە و هەرگیز قورئان شوێنکەوتوی زانستی مرۆڤ نییە، بەڵکو بە دڵنیاییەوە زانست شوێنکەتووی حەتمەیەتی فەرموودەی خوای پەروەردگارە، وەك

نموونەی زانایانی نەحو و صرف دەڵێن: با بنەماکە نەشاز بێت لە نەحودا، بەڵام شوێن کەوتوی قورئان دەبێت لەو حاڵەتەدا، چونکە ئەصڵ لە قورئانەوە نحو صرفەکە وەرگیراوە زادەی بیری قوتابخانە نەحویەکانی مرۆڤە نەك قورئان شوێن زانستی مرۆڤەکە بکەوێت کە لە بنەڕەتدا لە قورئانیشەوە وەرگیراوە.

لێرەوە ئەوە ڕۆشن بوویەوە کە وەڵامی هەر سێ باسەکەی کە کردم لە قورئان و سوننەتدا دەست دەکەوێت وەڵامی هەمووی داوەتەوە ئەم ئاینە بە بەڵگەی (ألا له الخلق والأمر تبارك الله رب العالمين) کە مادام پەیامەکە لە لایەن کردگارەوە هاتووە بەدڵنیایەوە لە هەمووی بەهێزترە، وەڵامەکانیشی دەستەبەر کردووە. گەورەیی ئیسلام لەوەدا دەردەکەوێت نەك بچوکی بکەینەوە بۆ زانست و فیکرو فەلسەفە، بەڵکو ئایینە لەلایەن خواوە هاتووە واتا کەلامی خوای کردگارە.

کەواتە دێمەوە سەر ئەو باسەی زۆر جار خەڵکانێك موسڵمانن و خۆشیان دەخەنە تەنگەژەیەکەوە بە سەلماندنی هەندێك حەتمەیەتی زانستی کە لە ڕاستیدا قورئان پەیوەندی بەو باسەوە نییە، چونکە قورئان پەیامی ئایینی ئاسمانی خواییە بۆ سەر زەوی نەك کەتەلۆکی جیۆلۆجی و بایەلۆجی فیزیایی هتد...

ئەم وتەی کە ئاماژەم پێداوە مانای وانییە کە دەیان بیردۆزی گشتی لە قورئاندا بوونی نییە، بەڵکو سەدان بیردۆز سەرچاوەی گرتووە لەسەر گەردوون و مرۆیی و تەنانەت کۆمەڵایەتی و یاسایی..هتد یان جوانتر



CamScanner

بڵێم هەموو فەرهەنگ و ڕەهەندەکانی ژیان قسە و باسێکی لەسەر کراوە لە قورئاندا پاشان لە سوننەتدا، بەڵام نەبۆتە دانشگایەکی ئەکادیمی زانستی کە ئیتر سەرچاوەی هەموو زانستی فیزیا و کیمیا و ئەندازە و جەبر.. هتد بێت، ئەمە خوای گەورە بە جێی هیشتووە بۆ زادە و بیری مرۆڤایەتی، ئەگەر وا نەبێت ژیان هیچ مانایەکی نییە، کەواتە ئێمە وەرزش بە ئەقڵمان ناکەین داهێنانمان نابێت، خوای گەورە سروشتی مرۆڤی وا دروست کردووە کە توانای بیرکردنەوە بەرەو پێش چوونی هەبێت.

لە ناو قورئاندا هەندێك بیردۆزی داوە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی بۆ ئەوەی هەست بکەن کە ئەم پەیامە دەستکردی مرۆڤ نییە؛ زانستیش مەمنونی ئەو بیردۆزانە بووە کە لە قورئاندا بوونی هەیە خوای گەورە فەرموویەتی.

من لێرەدا خوا حافیزیتان لێدەکەم و کاتی نان خواردنە مایك ئازاد دەکەم و سوپاس بۆ ئەم ژوورە کەڕێگای پێدام قسە بکەم و سوپاس بۆ ئەو خەڵکە بەڕێزەش کە گوێیان بۆ گرتین.

## سەرەتایەكی نوێ لە جیهانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان

بەهۆكاری ئیش و كار و ژن هێنانەوە لە شاری ئۆسلۆ ماوەیەكی زۆر دووركەوتمەوە لە خوێندنەوە و كاری بانگەواز. ئەوەدەمە ماڵم نابەیەكەوە هەموو هاوڕێ و برادەران داوای ئەوەیان دەكرد كە بۆ كامپیوتەرێك ناكڕم و پەیوەندییەكان گرێبدەینەوە لە ڕێگای ئیمەیل و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان وەك نموونەی پاڵتاك، زۆر سەرقاڵ بووم بەتایبەت تا ساڵی ٢٠٠٤، بەردەوام گرنگیم دابوو بەكتێب و خوێندنەوەو ئیشوكارو تێكڵاو بوونی جیهانمان كەم بوو، زیاتر لۆكاڵی بوو لە چوارچێوەی ئۆسلۆدا، ئیتر لەدوای ساڵی ٢٠٠٤وە كامپیوتەرم كڕی و خەتی ئینتەرنێتم ڕاكێشا. پێشتر كامپیوتەرم هەبوو، بەڵام زیاتر خەریكی یاریكردن و هەندێك دیزاین و شتی تایبەت بووم بۆ كاری تایبەتی و هیچ كات خەتی ئینتەرنێتم بەكار نەدەهێنا لەماڵەوە، مەگەر لە كتێبخانە گشتییەكان نەبوایە.

یادی بەخێر بێت شەوێكیان ماڵی خەزورم هاتن بۆ ماڵمان، كچێكی زنخوشكم وتی كاك ماكوان ئەوە پاڵتاكت نییە؟

ماكوان: نەوەڵڵا.

دایبەزاند بۆم من و خەزورم بەیەكەوە چووینە ناو تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان

بیرمە ئەو کاتە چووینە ژووری کوردستان یونایتد خاوەنی ئەو ژوورە کەسێك بوو بەناوی بۆتین هەر خۆشی سەرپەرشتی دەکرد واتا ئەدمینی ژوورەکەش بوو، پیشتر هەندێک زانیاریمان هەبوو و خوشکی خێزانیشم هەندێك زانیاری داینێ و لەو ژوورە ماینەوە.

دەستکرا بەقسەکردن لەسەر باسی ئیسلام و کوردایەتی، تەوەری باسەکە بەو شێوەیە قسەی لەسەر دەکرا کۆمەنیستەکان دەیانوت ئایینی ئیسلام ئایینێکی عەرەبی شۆڤێنییە و هیچ پەیوەندی نییە بەسەر نەتەوایەتیەوە، ئەوەی نەتەوەیی بێت نابێت موسڵمان بێت. ئێمەی کورد هەر ئیسلام داگیری کردووین، بۆیە نابین بە دەوڵەت، چونکە موسڵمانین.

ئەو دەمە زۆرێك لە کۆمەنیستەکان لای بۆتین کۆدەبوونەوە ئەوەی کە بیرم ماوە کەسێکی نا ڕۆشنبیری خاودەم بەناوی عوسمانی مەلا لەوێبوو، بەڵام ئەم ڕەخنەی لەئیسلام و نەتەوەش دەگرتەوە، کەسێکی دیکە لەو داماوتر بوو بەناوی هاوڕێ کرێکار هەمان بۆچوونی هەبوو، چەند کەسێکی تریش میحوەری باسەکەیان دەبرد بەڕێگاوە، ئەوان نەتەوەیی بوون دژی کۆمەنیستەکان بوون، بەڵام ئیسلامییەك یاخود موسڵمانێکی لێنەبوو کە بەرگری لە ئیسلام و نەتەوەش بکات. هەردوولا قسەیان بە یەك دەوت و بە هەردوولاشیان قسەیان بە ئیسلام دەوت.

ڕوو زووش خاوەنی ژوورەکە بەناوی بۆتین هاواری دەکرد، ئەوە کەسێکی موسڵمان نییە وەڵامیان بداتەوە کەسێك نییە ئیسلامی بێت وەڵامی ئەم چەپانە بداتەوە؟

تەماشایەکی خەزوورمم کرد بەڕەحمەت بێت، بە خەزوورم دەوت خاڵۆ، عەرزمکرد ئیجازەم بدە دەستکەین بەقسە.

دوای ئەوەی خەزوورم ڕەزامەندی دەربڕی داوامکرد کە من موسڵمانم و دەمەوێت قسە بکەم.

بۆتین: کاکی ماکوان با بەرسڤی خۆی بدات لەسەر ئەو باسە، دیار بوو بۆتین خەڵکی ئێران بوو، بەڵام ناوچە کرمانجییەکەی لای سەلماس و ڕەزاییەوە.

ماکوان: دوای سوپاس و ستایشی خوای پەروەردەگار و پێغەمبەری نازدار ﷺ.

عەرزی خەڵکی ژوورەکەم کرد کە قەرەباڵغترین ژووری پاڵتاك بوو ئەو سەردەمە، بەڵام هەر وا قسەم کرد وام دەزانی تەنها بۆ موسڵمان قسە دەکەم.

برایان و خوشکانی خۆم کە کەسێك باسی کوردایەتی کرد و نیشتیمان و خەڵکەکەی خۆش ویست؛ مانای وانییە لە ئیسلامدا شتی وانییە و کارێکی خراپی کردووە، بەڵکو ئیسلام داوای ئەوە دەکات کە مرۆڤ ڕێز بگرێت لە خەڵك و نیشتیمانی خۆی، خیانەت نەکات و خاکەکەی بپارێزێت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: {من أخذ من

الآرض شيئا بغير حقه خسف به يوم القيامه الى سبع أرضين} رواه البخاري

پاشان دەفەرموێت: {العن لله من غير منار الآرض} رواه مسلم

مەبەستی پێغەمبەری ئازیز ﷺ لەم حەدیسانەدا ئەوەیە کە هیچ کەس بۆی نیە خاکی کەسێکی تر داگیر بکات. چۆن ئەگەر خاکمان داگیر بکرێت موسڵمان خەبات ناکات لە پێناو خاکو خۆڵی وڵاتەکەی خۆیدا.

کەواتە ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین و هەڕاجی پێوە ناکەین کوردایەتی بە سەر کەس دا نافرۆشینەوە، چونکە ئەو کەسانەی کە زۆر باس لە بیری نەتەوەیی دەکەن دیارە جاش بوون و دەیانەوێت بەو قسە زلانە داپۆشن کە سەدان نمونەی لەو جۆرە لە بەر دەست دایە.

ئەگەر کەسێك بەرگری لە خاکی خۆی کرد مانای وانییە ڕقی لە خەڵکانی ترە، ئەگەر کەسێك وتی من ناسیۆنالیزمم مانای وانییە ئیتر ئەوە پڕاو پڕی وشەکە بەکار بێنێت، ڕاستە ئەم وشەیە لە دنیادا بە جنێو بە کار دێت، بەڵام لە ناو کورد دا بەو شێوە لۆژیکە نییە، چونکە کورد تینووی نیشتیمان و ئاڵاو سەروەری خۆیەتی، بە مانایەکی جوان دایانتاشیووە، پاشان بۆ زانیاری هەموو لایەك کوردایەتی ئایدۆلۆژیا نییە، تا تەنها کۆمەڵێك خەڵك خاوەنی بێت، کافر، موسڵمان، عەلمانی، کۆمەنیست، مەسیحی و یەزیدی خاوەنی کوردستانن، هیچ کەس لەم



CamScanner

چین و توێژانە بە تەنها خاوەنی ئەو نیشتیمانە نین دەبێت مافیان دیاری بکرێت.

کەواتە ئازیزانی من سۆزی کورادیەتی واتای بریتییە لە:

- سۆزی نەتەوایەتی: واتە خۆشەوستی بۆ نیشتیمان و خاك و خۆڵەکەی و کێشەکەی لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە.

- هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی کوردستان و پشتگیری مافی ڕەوای گەلەکەمان.

- بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکەکەی لە هەموو بوارەکاندا.

- بەکارهێنانی بیرێك (هەرکۆمەڵە بە دیدو بۆچوونی خۆی) بۆ پشتگیری لە مافی نەتەوایەتی.

- پاراستنی ژینگەی کوردستان لە هەموو ڕووەکانەوە.

- پاراستنی مۆراڵی ڕەسەنی کوردەواری (ئاداب، ڕەوشت، ئاکار).

برایان و خوشکان چاکە و باشە لەگەڵ هەموو کەسێك داوای خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ چ جای لەگەڵ خەڵکی وڵاتی خۆتدا، هیوادارم پەیامەکەم گەیشتبێت.

بۆتین: دەم خۆش ئەمە یەکەم جارە موسڵمانی نەتەوەیی ببینم، ئەی کاك ماکوان ڕای تۆ چییە بەرانبەر بە کۆمەنیست و شوعییەکان؟

ماکوان: ئەوانەی کۆتایی بە دیدو بۆچوون فیکریان هاتووە، ئەوانە ئێستا لە مۆزەخانەدان.



CamScanner

بۆنموونە هەر لەم ئەوروپایەدا بە کەسێکی ئەوروپی بڵێ کێ زۆر دواکەتووە پشتە ملی کۆمەنیستێکت بۆ دەگرن و دەڵێن ئا ئەمە.

ئاگام لێبوو بۆتین زۆری پێخۆش بوو، ڕاستە ئەو موسڵمان نەبوو، بەڵام کورد پەروەربوو بۆیە قسەکانی منی پێخۆشبوو وە نزیکیش بوو لە پەکەکەوە.

بۆتین مایکی گرتەوە و داوای لە کۆمەنیستەکان کرد کە قسە بکەن.

عوسمانی مەلا داوای مایکی کرد دوای ئەوەی مایکەکەی گرت: ئەم ئیسلامیانە زۆر کۆنەپەرستن جا ئەوانە لە کۆمەنیست هیچ نازانن، ئەم مەلا ماکوان-ە چوزانێت قسە لەسەر کۆمەنیست بکات.

بۆتین: ڕاستە کاك ماکوان تۆ هیچ لە کۆمەنیست نازانیت و ناتوانیت ڕەخنەی لێبگریت؟

ماکوان: بۆ هەر ڕووداوێك کە ڕوو دەدات ئێمەی موسڵمان سوپاس بۆ خوا خوێندنەوە و تەفسیرێکی ئیسلامیمان هەیە بۆی، ناسینی دوژمنەکانمان هەنگاوی یەکەمە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان و پوچەڵ کردنەوەی فێڵ و پیلانیان.

مارکسیەت دەدرێتە پاڵ کارل مارکس کە ئەڵمانییە بەیارمەتی فرێدریك انجلز بنچینەی مەنەفێستیان نووسیوە و ڕاڤەی مادەی کۆنیان کرد و باسیان لە مێژووی مادە کرد لەسەر بنەمای دیالێکتیك کە لە چەند بیرۆکەیەك وەرگیراوە کە گرنگترینیان بیرۆکەی داروینە کە دەڵێت: خانە زیندووەکان بە زنجیرە گۆڕانکارییەکدا ڕۆیشتوون کە

کۆتاییەکەی بە مرۆڤ هاتووە و ئەم گۆڕانکارییەش شتێکی چەسپیوە و نەگۆڕە و دێتە دی هەمیشە. بیرۆکەی دووەم کە مارکس بنچینەی بیری کۆمۆنیستی لەسەر دامەزراندووە فەلسەفەی ئایدیالی ئەڵمانییە کە بەناوبانگترینیان تیۆری (النقیض)ی فەیلەسوف هیگڵ بوو، هەرچەند ئەم فەیلەسوفە تیۆری لە بواری زانستی لۆژیکدا دانا، بەڵام مارکس هاتوو پەیڕەوی کرد لە سەر واقیع و وتی خەڵك لە ململانێدایە و ژیانیش لە ململانێدایە، بنچینەی ئەم ململانێیەش بریتیە لە:

ـ ئابووری- گەڕان بەدوای نان و ئاودا لەسەر ئەم بنچینەیە وە حەتمییەکەی کە لە داروینی وەرگرت، مێژووی مرۆڤایەتی دابەش کرد بۆ پێنج قۆناغ کە ئەمانەن:

یەکەم: قۆناغی کۆمۆنی سەرەتایی (پاش ئەو زنجیرە گۆڕانکارییەی کە بەسەر خانە زیندووەکاندا هاتووە لە کۆتاییدا مرۆڤ دروست بووە) ئەم مرۆڤە لە دارستانەکاندا ژیانێکی ئاژەڵی ڕەهایی ژیاوە.

دووەم: قۆناغی کۆیلایەتی (الرق، بەندەکان): هەبوونی کۆمەڵێکی کەم خاوەن دەسەڵات کە توانیویانە باقی خەڵکەکەی تر بکەن بە بەندە و بیانچەوسێننەوە.

سێیەم: قۆناغی دەرەبەگایەتی (الاقطاع، فیودالّی): لەم قۆناغەدا دەرەبەگەکان خاوەنی زەوییەکی زۆر بوون وە خاوەنی ئەو کەسانەش بوون کە لەناو زەوییەکاندا ژیانیان دەبردە سەر.



CamScanner

چوارەم: قۆناغی سەرمایەداری (کاپیتالی): ئەم قۆناغە پاش شۆڕشی پیشەسازی دروست بوو، هاتنەکایەی ئامێرە پیپیشەسازیەکان ژیانی لە سەردەمی کشتوکاڵیەوە گۆڕی بۆ چاخی پیشەسازی نوێ.

پێنجەم: قۆناغی شوعییەتی کۆتایی (کۆمەنیستی): ژیان لەلای ئەوان بە شوعییەت دەستی پێکردووە و بە شوعییەتیش کۆتایی دێت، شوعییەتی کۆتایی دەبێت حوکمی سەر زەوی بکات.

ئەوەی جێی سەرنجە و شایەنی لێوردبوونەوە و تێڕوانینە ئەوەیە کە ئەم قۆناغانە لەلای شوعییەت حەتمیین هەر دەبێت ڕوو بدات، مرۆڤەکان هیچ جۆرە ویست و ئیرادەیەکیان نییە. مێژووی مرۆڤایەتی هەر دەبێت بەم قۆناغەنەدا بڕوات گەرچی مرۆڤەکانیش پێیان ناخۆش بێت یاخود بەرەنگاری لێ بکەن، هۆکاری گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەهۆی کاریگەری مادەوەیە، چونکە لە لای شوعیەت فکر، ڕەوشت، بیروباوەڕ، دین و هەموو شتێکی مرۆڤ بەهۆی کاریگەری مادەوە دێتە کایەوە، هەر کاتێك ئەم واقعە مادییە گۆڕانکاری بەسەر داهات ئەوا ژیان و قوناغەکانی گۆڕانکاریيان بەسەردا دێت، بۆ نمونە:

کاتێك کە کشتوکاڵ پەیدابوو (هاتەکایەوە) مرۆڤایەتی لە قۆناغی شوعیەتی سەرەتاییەوە چووە

ناو قۆناغی کۆیلایەتیەوە، ئەم گۆڕانکاریەش حەتمی و جەبریی بوو دەسەڵاتی کەسی تێدا نەبوو، بەهەمان شێوەش کاتێك کەلوپەلی

کشتوکاڵی پەیدابوو جیهان قۆناغی کۆیلایەتی بە جێهێشت و چووە ناو قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە کاتێك کەلوپەلی پیشەسازی پەیدابوو دۆزرایەوە مێژوو ڕووی کردە سەرمایەداری، پاشان بە هۆی پوچەڵ بوونەوە و ڕووخانی سەرمایەدارییەوە مێژووی مرۆڤایەتی بە زۆری و بەشێوەیەکی حەتمی چووە ناو قۆناغی کۆتاییەوە، کە قۆناغی شوعیەتی کۆتاییە (چینی کرێکار).

هەڵوەشێنەری سەرمایەداری: بەربەرەکانێ لە نێوان چینی کرێکار و سەرمایەدارەکان دروست دەبێت بەهۆی ئەو زوڵم و زۆرەی لە چینی کرێکار دەکرێت لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە، چینی کرێکارەکان "المادیه الدیالکتیکیه" شۆڕش دەکەن، بەمەش هێزی سێیەم پەیدا دەبێت بە گوێرەی (منطق الجدلی) (ئەو گۆڕانکارییەی کە بەسەر نابووری و کۆمەڵایەتی دا دێت و هۆکارەکەی مادەیە) هێزی سێیەم پەیدا " پڕۆلیتاری" دەبێت کە بریتیە لە شوعیەتی نوێ بە نوێنەرایەتی دەوڵەتێکی-کرێکاری ئەمە وەکو بیردۆزە، بەڵام لە واقیعدا بەشێوەیەکی تر بوو.

بەڵگەی واقعی لەسەر پوچەڵبونەوەی ئەم ڕێبازە یەکەم شکست کە بەسەر حەتمییەکاندا هات ئەوە بوو کە کارل مارکس وای دانا بوو یەکەم وڵات پەیڕەوی شوعیەت دەکات بەریتانیایە- واتە بەریتانیا یەکەم وڵات دەبێت کە شوعیەت تێیدا سەرکەوتن بەدەست دێنێت بەهۆکاری ئەوەی کە بەریتانیا گەورەترین وڵاتی پیشەسازیی بوو لە سەدەی

نۆزدەهەمدا، بارودۆخی کرێکارەکان لە بەریتانیادا زۆر خراپ بوو، چینی کرێکار بە پیاوان و ژنانەوە ڕۆژانە زیاتر لە هەژدە کاتژمێر کاریان دەکرد لە ژێر زەویدا لە تونێلە تاریکەکاندا لە پێناوی دەرهێنان و هەڵکەندنی خەڵوزی بەردین کە تاکە قووتی سەرەکی بوو لەو کاتەدا، زۆربەیان ئەمردن بەبێ ئەوەی هیچ مافێکیان هەبێت، بۆیە مارکس وتی کرێکارەکان شۆڕش دەکەن بەشێوەیەکی حەتمی و قەطعی شوعیەت لە بەریتانیا سەردەکەوێت.

یەکەم خاڵ کە خوای گەورە شوعیەتی بە درۆهێنایەوە و بیردۆزەکەی پووچ کردەوە بۆ جیهان، ئەوەیە تا ئەمڕۆش بەریتانیا نەبوو بە دەوڵەتێکی شوعی، شوعییەت سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا لەکاتێکدا شوعییەت لە وڵاتێکی کشتوکاڵی وەکو ڕووسیادا سەرکەوتنی بە دەست هێنا بەبێ ئەوەی کە بە قۆناغی سەرمایەداریدا بڕوات کە مارکس بە قۆناغی حەتمی و مێژوویی باسی دەکات، واتە لە قۆناغی کشتوکاڵیەوە گوازراوەتەوە بۆ قۆناغی شوعیەت.

درۆی دووەم ئەوەبوو کە شوعیەت لە ساڵی ١٩١٧ دا دەسەڵاتی گرتە دەست لە ڕووسیا، دەبوایە حکومەتێکی پڕۆلیتاری (کرێکاری) بێتە کایەوە و کرێکار باڵا دەست بن لەگەڵ ڕۆژگاردا وڵات نەمێنیت، هەر کەسەو بە پێی توانای خۆی کار بکات و پێداویستی بۆ ئامادە بکرێت، بەڵام ئەوەی کە ڕوویدا کاتێك لینین پاشان ستالین دەسەڵاتی ڕوسیایان گرتە دەست و حوکمی ڕووسیایان کرد بەتەواوی پێچەوانە

بوو، ڕووسیا دیکتاتۆریەتییەکی وای بە خۆیەوە بینی کە هاوشێوەی نەبوو لە مێژوودا، مەگەر ئەوە نەبێت کە ڕۆژئاواییەکان باسی دەکەن لەبارەی مۆسۆلۆنی یاخود هیتلەر، چینی کرێکار بەهیچ شێوەیەك خاوەنی هیچ جۆرە دەسەڵاتێك نەبوون، بەڵکو دەسەڵات تەنها بۆ حیزبی شوعی بوو داهاتی تەواوی وڵاتەکە بۆ ئەندامانی حزب بوو، بەشی کرێکارەکان تەنها چەوساندنەوە بوو.

درۆی سێیەم ڕوخانی شوعیەت بوو، لە کاتێکدا دەبوایە شوعیەت دەست بەسەر هەموو جیهاندا بگرێت تاکە دینی دوارۆژ بێت و هیچ وڵاتێك نەمێنێت کە شوعیەت ئاڵاکەی تێدا نەچەقێنێت، ئەمە نەك تەنها ڕووی نەدا بەڵکو لە دوای ستالین-ەوە هەر یەك لە سکرتێرە یەك لەدوای یەکەکانی حزبی شوعی کە دەهاتن دەستکاری ئەم ڕێبازەیان دەکرد بە ناوی دووبارە بنیات نانەوە (اعادة البناء).

کاتێک خروشۆف (Nikita Khrushchev ١٩٥٤-١٩٦٤) هات هەر لەژێر ناوی دووبارە بنیات نانەوە پێشکەوتنێکی نوێی دانا بەناوی بەیەکەوە ژیانی ئاشتی (التعايش السلمي)، کە ڕێککەوتنی بەست لەگەڵ جۆن کەنەدی سەرۆکی ئەمەریکای ئەو کات لە سەر شەڕی سارد و شوعیەت دڵنیا بوو کە ناتوانێت دەسەڵات بەسەر جیهاندا بگرێت.

ئەو خاڵانەی کە لەم باسە دەهێنرێتەوە ئەوەیە: کاتێك کە بانگەوازی شێخ موحەممەدی کوڕی عبدالوهاب- ڕەحمەتی خوای لێبێت لەسەر

دەستی چەند گەنجانێك لە ناوچەی هجر لە سعودییە زیندوو کرایەوە و پاشان جەیشی تەوحیدیان دروست کرد کە ئامانجەکانیان بەهێزکردنی شەریعەتی ئیسلام بوو، ڕۆژنامەی (البرافد) کە ڕۆژنامەیەکی ڕووسی بوو باس لەم بزوتنەوەیە دەکات و دەڵێت: کاریگەری شوعیەت گەیشتۆتە ناوەڕاستی سەحرای دوورگەی عەرەبی، وا دەبینین لە هجر بانگەوازکاران شۆڕش دەکەن بۆ پەیڕەوکردنی ڕێبازی شوعیەت. ئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە نووسیبوی ئەقڵ وەری ناگرێت، بەڵام لای ئەمان بەم شێوەیەیە هەموو شتێك لە مێژوودا ئەصڵ و قانون تێیدا ئەو قانونەیە کە مارکس دایناوە.

هەروەکو خوای گەورە دەربارەی ئەم زاڵمانە دەفەرمووێت:

﴿۞مَّآ أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ ٱلْمُضِلِّينَ عَضُدًا۝٥١﴾ [الكهف] واتە: نە ئیبلیس و نە نەوەکانی وە نە ئەمانەش ئامادە نەبوون لە درووست کردنی ئاسمانەکان و زەوی، ئاگادار نەبوون و پرس و ڕاشیان پێ نەکراوە. لەمەش کەمتر ئاگاداری دروست کردنی نەفسی خۆشیان نەبوون: ئەی چۆن و بەچ حەقێك بەبێ هیچ بنەمایەکی زانستی ئەم قۆناغانە ناو دەبەن بە شتێکی حەتمی و جەبری، هەر وەکو ئەوەی کە خۆیان ئامادەی گۆڕانکارییەکە بووبن وا بەدڵنیایەوە ناویان ناوە گوڕانکاری حەتمی و جەبری- دەبێت بابای موسڵمان بزانێت کە ئەم ڕێبازە دژی هەموو پەیامە ئاسمانییەکانە کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەکانی ناردووە.

شوعیەت و هەوڵی بنیاتنانەوەی پاش خرۆشۆف ویستی خوای گەورە وابوو تەرازوو پێوانەکان پێچەوانە بوونەوە (برجنیف ١٩٦٤-١٩٨٢)هات، پاش ئەویش (میخائیل گۆرباتشۆف ١٩٨٥- ١٩٩١) هات.

تێبینی ئەوەیان کرد کە شوعیەت لەناوەوە بەرەو ڕوخان دەڕوات گەورەترین هۆکاری ڕووخانیش بریتی بوو لە باوەڕ نەبوون بە خوا و بە دین، بانگەواز کردن بۆ بێباوەڕی و خەڵك پەروەردە کردن لەسەر بێ باوەڕی.

بۆیە ئەمانیش بەناوی دووبارە بنیات نانەوە (اعادة البناء) شوعیەتیان گۆڕی لە ئەلفەوە تا یاء، ئەوەبوو سەیرترین شت لە دنیادا کە مێژوو تۆماری کردبێ دەبینین سەرۆکی گەورەترین وڵاتی شوعیەت (یەکێتی سۆڤیەت) لە دنیادا ئاهەنگ دەگێڕێت بەهۆی تێپەڕبوونی ١٠٠٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی کەنیسەی کاتۆلیکی، وە لەوەش سەیرتر چوونی گۆرباتشۆف بوو بۆ فاتیکان بۆ زیارەتی پاپا!

دەبێت لەمە سەیرتر هەبێت کە ئەم ڕێبازە و سەرانی و شوێنکەوتووەکانیشی تەنها ناوبردنی دینیان پێ شتێکی دواکەوتووە، دین هەروەکو کارل مارکس دەڵێت سەرخۆشکەری گەلانە- هەروەها دەڵێن دین شتێکە کە دەرەبەگەکان، پاشاکان، خاوەن دەسەڵاتەکان و زۆردارەکان درووستیان کردووە بۆ ئەوەی گەلانی پێ بێهۆش بکەن و

دنیاکەیان بخۆن، بەڵێنیان پێ بدەن بە پاداشت وەرگرتنەوە لەڕۆژی دوایی، ئەمەش ڕاستییەکی چەسپاوە.

بۆتین ئیشارەتی دامێ وتی تکایە کات، خەزووریشم لە تەنیشتمەوە جاروبار قسەی دەکرد، بۆیە بڵاویان کردەوە ئەوە مەلا کرێکارە لە تەنیشتمەوە قسەم فێر دەکات.

ئینجا بۆتین هاواری دەکرد کەسێك هەیە وەڵامی کاك ماکوان بداتەوە ئەو شەوە نە عوسمانی مەلا وێرای قسە بکات نە ئەوانەی تریش بە نەتەوەیی و کۆمەنیستەوە هەموویان چووبوونەوە ناو کۆلانەکانی خۆیان.

بۆتین: کاك ماکوان ئەوە مەلا کرێکارە لە تەنیشتتەوە؟

ماکوان: نەوەڵڵا قوربان ئەوە خەزوورمە ناوی کاك جەلال-ە.

# دەستپێکی ململانێ

ئەو شەوە سوپاس بۆ خوا گۆڕەپانی پاڵتاك كۆنترۆڵ كرابوو، كاك بۆتینیش هاواری دەكرد!

كاك ماكوان تكایە ئیتر باسی شوعی و كۆمەنیست مەكە با كۆمەنیستەكان لە تووە فێر نەبن، ئەوان خۆشیان نازانن كۆمەنیست واتای چییە!.

كۆمەنیستەكانی ئێرانی و عێراقی بێدەنگ بوون، بەڵام ئەو كەسانەی كە جەماعەتی كۆمەڵەی ئێران بوون، چونكە كاریگەری كۆماری ئیسلامییان لەسەر بوو زۆر بی ئەدەب و بێحورمەت بوون بەرانبەر بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام جنێویان ئەدات هیچ باس و خواستێكی فیكریان پێنە بوو.

ئەو شەوە بۆتین زۆر بەشان و باڵی مندا هەڵیدا، دژی كۆمەنیستەكان لەكاتێكدا خۆی هیچ بڕوای بە دین نەبوو. ئەو ویستی من بەكار بێنێت دژی كۆمەنیستەكان بۆ منیش ئاسایی بوو پێم خۆش بوو،

ژوورێك پڕ لەخەڵك و قەرەباڵغ كەوتبووە بەردەستم منیش هەر قسەی خۆمی تێدا دەكەم.

بۆتین منی بانگ كرد و وەك پرسیاری ڕۆژنامەوانی پرسیاری دەكرد.



CamScanner

بۆتین: کاکی ماکوان بۆچی لەناو کورد دا کۆمەنیست و بێدین دروست دەبن، بڕوایان بە کوردستان و ئاڵای کوردستان و ئەو شتانە نییە.

ماکوان: کورد مولحیدی زۆرە بەتایبەت لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆکاری ئەوەی کاریگەری جمهوری ئیسلامییان لەسەرە.

لەهەرێمی کوردستانی ئێمەدا هەندێك لەداخا بوون بە مولحید، هەندێکیش تەنها بۆ سنگ دەرپەڕاندن، دەنا کە بە شوێنی تاریکدا دەڕوات ئایەتەلکورسی دەخوێنێت!

بۆتین بە پێکەنینەوە: واتا کاك عوسمانی مەلا ئایەتەلکورسی دەخوێنێت؟ باشە کاك ماکوان ئەمانە نەخۆشن یان خاوەنی بیروباوەڕی کۆمەنیستین.

ماکوان: ئەو کەسانەی کە لە بواری دەروونناسیدا کار دەکەن پێیان وایە کە مرۆڤ بەسروشتی خۆی و ناخی حەزی بە دینداریە واتا کائینیکی موتەدەیینە.

زۆر خەڵکێکی شاز و کەم هەیە بڕوای بەبوونی خوا نییە، دەنا زۆرینە بڕوایان بە بوونی خوای پەروەردگارو باڵاو دەست هەیە، بەڵام لەسەر جۆری ئایین ڕای جیاوازیان هەیە.

بۆتین: دەم خۆش ئەم قسە زۆر ڕاستە من موسڵمان نیم، بەڵام ئیحترامی ئیسلام دەگرم، هەندێك لە کۆمەنیستەکان بڕوایان بە بوونی خوا هەیە کاك ماکوان دەزانی؟

ماکوان: زۆرێك لە کۆمەنیست و مولحیدەکانی کورد بڕوایان وایە خوایەك هەیە، بەڵام بۆچوونیان وایە کە خوا ئەم گەردوونەی دروستکردووە و وازی لێهێناوە، خوا لە وردو دروشتی ناکۆڵێتەوە.

ئەم جۆرە مولحیدە لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئەرستۆ بینای بیروباوەڕی مولحیدی خۆیان کردووە

نیمچە مولحیدن، زیاتر لەناو نوخبەی عەلمانییەکاندا بوونی هەیە، زۆر قسە لەسەر بوون و نەبوونی ناکەن کە زۆرت بۆ هێنان دەڵێت خوایەك هەیە، بەڵام بڕوای نییە بەئایین. ئەم جۆرە خۆدەربازکردنە لە بەندایەتی و ئاسوودەکردنی ناخ و فیطرەتی مرۆڤەکە خۆیەتی جۆرێکە لە هەڵهاتن لە واقیع و ڕاستی ئەم جۆرە ناوی دیاردەیە.

بۆتین: ئەی جۆری تر هەیە؟

ماکوان: بەڵێ؛ کاك بۆتین جۆرێك هەیە لە مولحید لەداخا بووە بەبێباوەڕ یان کاریگەری سیاسییە، یان کاریگەری خێزان و کۆمەڵگەیە، یاخود کاریگەری باوك و برای گەورە و نەریتەکانە کە لای ئەو بووە بەدین.

بۆتین: چۆن؟

هەندێك لە قسەکانی کاك بۆتین بەتێکست بوو لە ژوورەکەدا، من زیاتر مایکم پێبوو.

ماکوان: بەڵێ قوربان؛ واتە وەك هەندێك لە ڕۆشنبیرانی کوردانی ڕۆژهەڵات و خەڵکەکەی بەگشتی لە ناو کۆمەڵەی ئێران بۆ نموونە ئەم

هێزە مولحیدە مارکسییە، زۆر جار لە شەڕەکانیاندا لەگەڵ پاسدارەکاندا دوعا و ئایەتی قورئانی دەخوێنن کە من خۆم بەبەڵگەوە لای پێشمەرگەی خۆیان لە ناوچەی مەریوان بۆی گێڕاومەتەوە کە چۆن پەناو نزایان بۆ خوا بردووە، ئەمانە وەك سیاسەت مولحیدن لە داخی جمهوری ئیسلامی ئێران، ئەمە مولحیدەکان کە داخیان لە دڵدایە نازانێت خۆشی بۆچی دژایەتی خوا دەکات، خوا لەچاوی خامنەییەوە تەماشا دەکات.

هەندێکیان نەخۆشی دەروونی وای لێکردون ببنە مولحید، باوکی زۆر تووڕەیە، برا گەورەکەی ئەمڕۆ فەرمانی زۆری بەسەردا کردووە، ئەم کاریگەرییە وای لێدەکات کە بەقسەی خوای ئاسمانیش نەکات، چونکە ناڕەحەتی و ئەشکەنجەی بەدەست کەسوکارەوە زۆر بینیووە.

هەندێکی تریان خۆیان بە زانستی دەزانن وەك ئەوەی پێیان وایە کە ئەم بوونە بە سوطفە (صدفة) دروست بووە، لەڕاستیدا فەلسەفەی سوطفە زۆر منداڵانەیە جێگایی پێکەنینە، قسەیەکی بێماناشە، کە ئەم جۆرە خراپترین بواری مولحیدییە و زۆر دەمارگیرن کە پێشیان دەڵێیت فیکرەکەتان زانستی نییە، بەڵکو منداڵانەیە تووڕە دەبێت، کە نموونەی بۆ دێنیتەوە بێدەنگ دەبێت.

وەك جارێکیان بە برادەرێکی مولحیدی سوطفەم وت لە ژیانتا بینیوتە یان بیستوتە کە مێوێك باینجان بگرێت بە سوطفە؟ یان بەسوطفە دارگوێزێك هەنار بگرێت؟ هتد..؟

بێگومان وەڵام نییە و خۆی دەرباز دەکات.

بەڵام هەندێکی تر لەم مولحیدانە زانستیانە دەدوێن وەك نموونەی جەلال دەباغ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شوعی عێراقی، کە باس لە کۆنی مادە و تاڕادەیەك شێوەیەکی فیزیایانە لە خۆ دەگرێت و مادی جەدەلی ئەخافێت و خاوەن ئارگۆمێنتە، بەڵام تیۆرەکان ئەوەندە وەڵام دراونەتەوە لەلایەن خەڵکی تایبەتمەندەوە بووە بە قەوانی سواو.

بۆتین: کاك ماکوان تۆ مەلا کرێکار نیت؟

ماکوان: نەخێر.

بۆتین: ئەو کەسەی لە تەنیشتەوەیە مەلا کرێکار نییە؟

ماکوان: ئەمە دووەم جارە ئەو پرسیارە بکەیت ئەوە خەزوورمە، فەرموو با گوێت لەدەنگی بێت. خەزوورم بەڕەحمەت بێت دەستی کرد بەقسە فەرمووی: من مامۆستا کرێکار نیم و ناوم جەلال-ە و خەڵکی مەریوان-م ماکوان-یش زاوامە.

بۆتین: باشە ببوورێنە. (زارەوە ئاخاوتنی بۆتین جیاواز بوو بۆیە هەندێك جارە قسەکانی وەك خۆی دەگوازمەوە).

ماکوان: (بەنووسینی تێکست لە ژوری کوردستان یونایتد) ئاساییە!

بۆتین: کاکی ماکوان پرسیارێکی زۆر باڵکێش بۆمن دروست بووە، ئەگەر بەرسڤی خۆت بدەی گەلێك مەمنون دەبم. ڕای تۆ چییە بەرانبەر بە کۆماری مەهاباد؟

ئایا کۆماری مەهابادە یان کۆماری کوردستانە؟

کۆمەنیستەکان دەڵێن قازی موحەممەد هەڵخەتێنراوە، ئایا ڕای تۆ چۆنە لەو بارەیەوە؟

ماکوان: کاك بۆتینی بەڕێز هەموو باسێکی سیاسی و مێژوویی ناتوانیت وەك باسە فیکرییەکان دایبڕێژیت ئەمە شانۆگەریەکە، دەبێت سەرەتا دیاری بکەین ناوەندی دیار بێت تا کۆتاییەکەی بناسین. ئێستا من بڵێم نا کۆماری کوردستانە خەڵکی داوای بەڵگەمان لێدەکەن، دەبێت ئیجازەم بدەیت قسەکانم بە دوور و درێژی بکەم، ڕازیت؟

بۆتین: بەڵام کات کەمە ڕەچاوی بکە.

ماکوان: دەی باشە قسە ناکەم، تۆ داوای وەڵام لەمن دەکەیت دەبێت بەگوێرەی تێگەیشتن لە پرسیارەکە وەڵامەکە دەستەبەر بکەم، ئەگەر زانیت قسەکانم هیچی تێدانییە و قسەی بێمانایە داوای مایك بکە و کۆتایی بە قسەکانم دێنم، ئەگەر باش بوو وازم لێبێنە با قسەکانم بکەم.

بۆتین: بفەرموو زۆر باشە کاکی ماکوان.

ماکوان: جەنگی جیهانیی دووەم لەلایەن ئەڵمانیاوە هەڵگیرسابوو؛ بەڵام پێشتر بەریتانیا ناوچەکانی داگیر کردبوو لەدوای ڕووخاندی خەلافەتی ئیسلامی لە لایەن ئیستعماری ئیستبدادی پەرتەوازەی بە ناوچەکانەوە هەبوو، هەموو بۆ سەربەخۆیی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ڕۆژئاوا خەباتی دەکرد و هەوڵی ئەدا.

بەهاوکاری بەریتانیا توانرا ڕێکەوتننامەیەك لەنێوان ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان دا مۆر بکرێت کە پێی دەوترێت ڕێکەوتننامەی

سەعد ئابادی یان (ئیتیحادی) کە هەر یەکێك لەو وڵاتانە دەوڵەتیان بۆ خۆیان جیا کردەوە و کوردیش لەو نێوەندەدا خەونی دەوڵەتەکەی لەباربرا، شۆڕشی کوردی لەلایەن عەشایەرەکانیەوە سەرلەنوێ دەستی پێ کردەوە، بەڵام وەکو ڕێکخراو بوونی نەبوو لە کوردستان، هەر لە شێوەی عەشایرەکاندا شۆڕش دەکرا.

لەساڵی ١٩٤١ زایینی ڕووسیا و بەریتانیا هاوپەیمانییەکیان مۆر کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێران جەنگ بکەن، چونکە ئێران هاوپەیمانی هیتلەری نازیی بوو، بەڵام پێشتر ئەڵمانیا لەسەر دەستی هیتلەر توانی حیزبی سۆسیالیزم کە خۆی سەرۆکی بوو بێتە سەردەسەڵات و خۆی پڕ چەك دەکرد، چونکە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئەڵمانیا دۆڕابوو، هیتلەر دەیویست پایەی ئەڵمانیا بگەڕێنێتەوە لە ناو دەوڵاتانی دونیادا، خۆی پڕ چەك کرد بەهێز بوو وایلێهات تا جەنگی جیهانیی دووەم هەڵگیرسێنێت، بۆیە یەکەم جار پەلاماری نەمسای دا و بەبێ شەڕ گرتی، پاشان بەریتانیا و فەرەنسا داوایان لە هیتلەر کرد کە ئەو جێگایە چۆڵبکات، بەڵام گوێی نەدا بەقسەکانیان پاش ماوەیەك هیتلەر توانی پۆڵۆنیاش داگیر بکات و دواتر وڵاتەکانی سکەندەناڤیای داگیرکرد، دوای ئەمە شەڕ ڕوویدا بەریتانیا بۆمبارانی کەنارەکانی ئەڵمانیای کرد و ئەڵمانیاش بەرپەرچی دایەوە و فەڕەنساش هاتە ناو جەنگەکەوە، ئیتاڵیا بوو بە تەرەف لەگەڵ ئەڵمانیا، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە جەنگی جیهانیی دووەم هەڵبگیرسێت، هەرچەندە دەوڵەتی سۆڤیەت دەیویست

خۆی لەو شەڕە بەدوور بگرێت چونکە پێی وابوو ئەمە شەڕ سەرمایەدارییە و دەبێت ئەم لێی بەدوور بێت. هیتلەر ڕێکەوتننامەیە هەبوو لەگەڵ ڕووسیادا بەو پێیەی کەنابێت شەڕ بکەن لەگ ڕووسیادا، هیتلەر توانی لە ماوەیەکی کەمدا ئەو ڕێکەوتننامە بشکێنێ و زۆربەی زۆری ناوچەکانی ڕووسیاش داگیر بکات، ئەمە بووە هۆ ئەوەی کە بەریتانیا، ئەمەریکا و ڕووسیا بەیەکەوە ڕووبەڕووی ئەڵما ببنەوە، لەو نێوەشدا ئێران کە زۆربەی زۆری ئەندازیارەکانی ئەڵمانیا ئێران بوون و کۆمەڵێك کارگەی گەورەی وەك دەرهێنانی کانزا دروستکردنی فڕۆکە هەبوو لە جۆری لوفتانزا لەبەر ئەوەی ک هەردووکیان نەتەوەی ئارین هاوپەیمانییەك لە نێوانیاندا دروست بوو ڕووسیاش دەترسا لەوەی لەڕێی ئێرانەوە ئەڵمانیا دزە بکاتە ناو خاکی ڕووسیاوە و داگیری بکات. هۆکارێکی تر لەوانە ئێران سەنەدێکی گەورەی ئەڵمانیا بوو؛ بۆیە هاوپەیمانانی ئەو سەردەمە بە ئێرانیان ڕاگەیاند کە هاوپەیانی خۆی لەگەڵ ئەڵمانیادا بپچڕێنێت و خەڵکەکانیشیان بنێرێتەوە و سەفارەت و کونسوڵخانەکانیشی دابخات لە وڵاتەکەیدا.

ئێران زۆر گوێی پێ ئەنەدا ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٤١ دا ئێران دووچاری ئەوە بوو لەگەڵ زلهێزەکانی دونیادا کە ڕووسیاو بەریتانیابە تووشی شەڕ بوو شەڕی ئەو کاتە ژەنەڕاڵەکانی ئێران نەیانتوانی بەرگەی ٢ سەعاتی شەڕی ڕووسیا و ئینگلیز بگرن.

لە خوارەوە لە کەنداوە وە بەریتانیا توانی هەموو ئێران داگیر بکات، لەسەریشەوە ڕووسیا توانی بێتە ناوەوە لەناوچەی ورمێیەوە هەتا ناوچەکانی میاندواب و زۆرێك لەناوچەکانی سەلْماس وشنۆ و ڕەزاییە موکریان خرایە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیاوە.

لەساڵی ١٩٤٢ی زاینی دا ڕێکەوتننامەیەك لە نێوانی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئێران کە صدری ئەعظم بوو لەگەڵ سەفارەتی ڕووسیا لە ورمییە و سەفارەتی بەریتانیا لە تاران کۆبونەوەیەکیان کرد کە ئەوان دەتوانن لە وڵاتەکەیاندا بمێننیەوە و حکومەتی مەرکەزی ڕەزا شای پەهلەوی بەهیچ شێوەیەك دەست وەرنەداتە ئیشو کارەکانیان، بە مەرجێك ڕەزا شاە لە سەر کورسی دەسەڵات بمێنێتەوە.

لەم سەروبەندەدا بۆشاییەکی دەسەڵاتی سیاسی دروست بوبوو لە ناوچەکانی کوردستاندا، ئاشکرایشە کوردستان بەسروشتی خۆی ئەیویست بۆ خۆی سەربەخۆییەك بەدەست بهێنێت، چەند وەخت بوو لە شۆڕش و خەباتدا بوو وە ڕووسیاش ئەمەی پێ خۆش بوو سەرەتا بۆیە لە ناوچەکانی بانە بەسەرکردایەتی پیاوێکی ئازا و جوامێر بە ناوی (حەمە ڕەشید خان) یاخود پێی دەوترێت حەمە ڕەشید خانی وێنەیی.

توانی لە هەڵمەتێکی شێرانەدا بە ٢٠٠ سوارەوە ڕوو بکاتە شاری بانە و بیگرێت، بۆ ماوەیەك توانی ئیدارەی شاری بانە بکەوێتە ژێردەسەڵاتی حەمە ڕەشید خانەوە، دوای ئەوە ئێران هێزێکی ئامادە کردەوە و ڕووبەڕوی حەمە ڕەشید خان بووەوە، بەڵام حەمە ڕەشید خان

نەیتوانی ڕووبەڕوی ئەو هێزە نیزامییە ببێتەوە بۆیە ناچار گەڕایەوە بۆ ئەمدیو، واتا عێراقی ئێستا.

لەناوچەکانی تردا وەك سەقز ڕاپەرین دەستی پێ کرد وە لەوێ توانیان هەموو دەسەڵاتدارانی ئێرانی پەراوێز بخەن و خۆیان لەڕێگەی عەشایەر و ئاغاواتەکانەوە بۆماوەیەکی کورت دەسەڵاتێك و ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ شاری سەقز دابنێن، حەمە ڕەشید خان جارێکی تر خۆی ئامادە کردەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕوی جەندرمەکان بینەوە، لەبەر ئەوەی بەریتانیا و ڕووسیا لەوانیان دابوو هێزییان نەمابوو و تێکوپێکیان شکاندبوون، پاشای پەهلەوی نەیدەتوانی حکومەتی مەرکەزی خۆی فەرز بکات بەسەر هەموو ناوچەکانی ئێراندا بۆیە لە هێرشیکی بەرفراواندا حەمە ڕەشید خان ئەمجارەیان بە ٥٠٠ سوارەوە توانی دەست بگرێتەوە بەسەر شاری بانەدا، بەڵام ڕووسیا کە دەیبینی ئەم شەڕانە لە دژی ئێران دەکرێت لەلایەن کوردەکانەوە و دەیزانی کوردەکان ڕۆحی سەربەخۆیان تێدایە، بەڵام ڕێکخراوێك یاخود حیزبێکیان نییە بە بۆچوونی ڕۆژئاوا یاخود عەلمانییەتی ئەو سەردەمە شتێك نەبوو لە نێوانیاندا بۆیە ناچار لە ساڵی ١٩٤٢ دا کۆمەڵێك لە عەشایەرەکانی بانگ کرد بۆ باکۆ لەوێ کۆبونەوەیەکی پێ کردن بۆ ئەوەی خۆیان ڕیك بخەن، هەرچەند حەمە ڕەشید خان هێرشی دەبرد وەك ئاغا فەرمانڕەوای دەکرد نەیدەتوانی پایەی حوکومەت

دابمەزرێنێت، ناچار دەبوو ناوچەکان جێبهێڵێت و هێزی نیزامی ئێران لە دەستی دەسەندەوە.

لەو کۆبوونەوەی ڕووسیا ئەوانەی ڕۆیشتبوون بە سەرکردایەتی قازی موحەممەد بوو، ئەندامەکانی تریش لەوانە ڕەشید بەگی هەرکی، عەلی ئەمیر خانی ئەسعەدی دیوبوکری، عەلی ئەمیاری دیوبوکری، زێرۆ بەگی هەرکی، تەهای هەرکی، سەید موحەممەدی صادق، موحەممەد ئەمینی شکاك، حەسەن هەنارەیی شکاك، حەسن تیلۆشکاکی، حاجی قەرەنی ئاغا مامش، کاك هەمزەی نەولۆسی مامش، مەجید خانی میاندواب، نوری بەگی بەگزادە، نارگۆی بەگزادە، ئەحمەد بەگی فەیزوالله بەگی بایز ئاغای گەورە و موحەممەد حسێنی سەیفی قازی.

کوردەکان لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە ڕێکخراویان دروست کردبوو بەناوی کۆمەڵەی جیهان؛ دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن عبدالرزاق بدرخان وسمکۆ خانی شکاکەوە دروستکرابوو، بەڵام چالاکی زۆری نەبوو لەدوای ئەوەوە کۆمەڵەیەکی تر دروست کرا بەناوی ئیستیخلاصی کوردستان کە ئەمەش لەلایەن شێخ تەهای شەمزینییەوە دامەزرا، ئەم کۆمەڵ و ڕێکخراوانە کاریگەری ئیتحادی تەرەقی پێوە بوو، بەڵام چالاکیەکی ئەوتۆیان نەبوو بۆیە لەو سەردەمەدا کۆمەڵەیەکی تر هەبوو کە پێی دەوترا ژێکاف (ژ.ك) (ژیانەوەی کوردستان) زۆربەی خەڵکە بەڕێزەکان لەناو ئەم کۆمەڵەدا بوون و زەبیحی سکرتێری بووە، ئەو کەسانەی کە دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە



CamScanner

بوون حسێن فروهەر، عبدولڕەحمانی ئیمامی، نەجمەدینی تەوحیدی، عبدولڕەحمانی زەبیحی، عبدولقادری مودەریسی، موحەممەدی نانەوازادە، عەلی مەحمودی، موحەممەدی ئەصحابی، عبدالڕەحمانی کیانی، سەید حەیدەرەی و قاسمی قادری.

ئەو کەسانەی کە لەناو ئەم کۆمەڵەیەدا بوون کەسی ڕۆشنبیر و دیندار و زیرەك بوون و دەیانویست دەسەڵاتی پەهلەوی لەناو بچێت، بەڵام ئەم دەسەڵاتە هەموو بنەماو ڕێچکە و دامەزراندنی لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام دامەزرابوو، دەیانویست دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیسلامی دابمەزرێنێت و دەسەڵاتی موسڵمانانە بکەوێتەوە گەڕ پشتگیری خەلافەتی ئیسلامی بوون هەوڵیان بۆ ئەوە بوو کە ئەهلی سونەت و جەماعە لەو نێوەندەدا لەسەر مەزهەبی ئیمام شافعی دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنن، توانیان لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە کۆمەڵێك لە هۆنەرانی ئەو سەردەمە وەك وەفایی، حەقیقی و کۆمەڵێکی ترلە هۆنەران لەسەر مەدرەسەی بابانی هۆنراوەیان دەنووسی، ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ کۆمەڵەی هیوای کوردستانی عێراق-دا هەردووکیان پێکەوە هاودەست بوون کە ڕەفیق حیلمی و ئیبراهیم ئەحمدی تێدا بوو ئەو سەردەمە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد گۆڤاری گەلاوێژی دەردەکرد زیاتر مەبەستیان بیری نەتەوەیی بوو. لەدوای ئەوەوە قازی موحەممەد دێتە ناو ئەو کۆمەڵەیەوە.

قازی محەمەد (١٩٠٠-١٩٤٧) زاینی کوڕی قازی عەلی کوڕی قازی ئەبولقاسمە و لە بنەماڵەی ناوداری قازییەکانی مەهابادە.

لەسەردەستی باوکی زانستە ئایینیەکانی خوێندەوە و جگە لەزمانی کوردیی، فارسی، تورکی و عەرەبیشی بە باشی زانیووە، دواتر خۆی فێری زمانی ڕووسیی و ئینگلیزی و فەرەنسی کردووە. مرۆڤێکی ئەدەب دۆست و دیندار بووە، لە ساڵی ١٩٢٦وە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی فێرکردن و پەروەردەی مەهاباد بووە و خۆبەخشانە بێ مووچە ئەرکی خۆی ڕاپەڕاندووە.

قازی محەمەد دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٩٣١ بۆتە قازی شەرعی مەهاباد لە جێگای باوکی، دواتر ڕەزا شا لە پۆستەکەی لایبرد.

قازی موحەممەد پیاوێکی خوێنەوار و زیرەك بوو پیاوێکی ڕاکردووی ئێران نەبوو، بەڵکو فەرمانبەرێکی حکومەتی ئێران بوو مەبەستم ئەوەیە هیچ کات قاچاخ نەبووە لە دەوڵەتی پەهلەوی، پیاوێکی ناوداری بنەماڵەی قازی بوو.

بنەماڵەکەیان زۆر ناودار بوو خانەوادەیەکی گەورە بوون خاوەن زەوی و زارو موڵکێکی زۆر بوون، نفوزێکی زۆریان هەبوو لە ناوچەکانی سابڵاخ و مەهاباد دا، دوو جار بووە بە قازی لە مەهاباد خەڵك زۆر خۆشیان دەویست بەو پێیەی پیاوی ئایینی بوون، قازی موحەممەد لەڕووی دبلۆماسییەوە بەهێز و شارەزا بووە لە فەرهەنگەکانی دراوسێ و وڵاتان. چەند جارێکیش لەڕێی

عەشایەرەکانەوە بانگ کرابوو بۆ باکۆ و ڕووسیا، دیسانەوە بانگ دەکرێتەوە بۆ ئەوێ کە ڕێکخراوێکی ڕۆژئاوایانە دابمەزرێنن، بەڵی ڕووس توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت و بیری نەتەوەی لە سەر بنەمای عەلمانی دابمەزرێنێت، ناوی ژێکاف (ژ.ك)، (ژیانەوەی کوردستان) گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە دوای گەڕانەوەیان قازی موحەممەد-یان کرد بە سکرتێری ئەو حیزبە، هەرچەندە زۆرێك لەوانەی وەك مامۆستا زەبیحی و پیاوە ئایینیەکانی تری ناو ئەم کۆمەڵەیە کە ناوەکەیان گۆڕی زۆریان پێ ناخۆش بوو، بەڵام بە فەرمانی ڕووسیا یەکەم حیزبی عەلمانی دامەزرا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم حیزبە بووە هۆی ئەوەی بانگەشەی کۆماری مەهاباد بکات، چونکە بێ حیزب دەوڵەت دانامەزرێت لە بیری نەتەوەیی ڕۆژئاوا دا.

بۆتین: ئایا کۆماری مەهاباد شیاوە یاخود کۆماری کوردستان؟

ماکوان: هەرچەندە ئەم دوو دەستەواژەیە هەردووکیان شیاوە، لەبەر ئەوەی کۆماری مەهاباد لە ژێر ڕکێفی داگیرکەری ڕووسیا دروست بوو، واتا ئەو ناوچانەی کە ڕووسیا ئازادی کردبوو بریتی بوون لە ناوچەکانی موکریان و مەهاباد.

ناوچەکانی تری وەك سنە، مەریوان و کرماشان..هتد دوور بوون لەو کۆمارە کوردییە، بە هۆکاری ئەوەی لە ژێر دەستی داگیر کەری بەریتانیدا بوون دابڕابوون لە کۆمارەکەی قازی، هەرچەند کۆمەڵێك لە

پیاوچاکان، دین دۆستان و عەشایرەکان هەر لە خەباتی چەکداری بوون بۆ ڕزگار کردنی کوردستان لەدەست داگیرکەری ئیستعماری و ئیستبدادی، لەوانە لە ناوچەکانی مەریوان و هەورامانی تەخت مەحمود خانی دزڵی کاریگەری باشی هەبوو لەسەر شۆڕش لەو ناوچانەدا، پاشان لە سنە کۆمەڵێکی تر لە

قارەمان و شێخانی تەریقەت بەتایبەت ئایەتوڵای مەردوخی و هەندێك لە بنەماڵە ناسراوەکانی سنە لە خەباتی بەردەوامی نەتەوەی خۆیاندا بوون.

کەواتە دەتوانین بڵێین کۆماری مەهاباد دروستە بەکاربێت و مەهابادیش هەر کوردستانە، دەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان کە ڕەهبەر و پێشەوا و سەرۆك کۆماری کوردان قازی بوو جێگای شەرەف و شانازی گەلی کوردە.

سیمای ئەم دەوڵەتە لە هەموو ڕووەکانەوە بەهێز بوو، لەڕووی پێشمەرگە (سەربازی)، لە ڕووی فەرهەنگی خوێندن و پەرەسەندنی زمانی کوردی، ڕاگەیاندن لە ڕادیۆ، سینەما، گۆڤار و ڕۆژنامەوە، پاشان لە هەموو ڕووەکانی تەندروستی و فێرکاری و هەموو لایەنەکانی ترەوە.

زۆر بەکورتی هۆکاری ڕوخاندنی ئەو دەوڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تەمەنی ئەم کۆمارە نەگەیشتە ساڵ، ئەرتەش و جەندرمەی ئێران لە سەقز خۆیان بە هێز کردەوە چەند وردە شەڕێك ڕوویدا، پاشان دەوڵەتانی زلهێز بە تایبەت ڕووسیای کۆمەنیستی لە و سەردەمەدا زۆر

بێ وەفا بوو بەرانبەر بە بەڵێنەکانی و کوردیان گورگ خواردوو کرد
پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ئیتر شەو درەنگە لای من. کاتژمێر
٣ی شەوە من کاتم نەما خواتان لەگەڵ و خۆشحاڵ بووم.

بۆتین: کاك ماکوان ئادم بکە و بمکەرە هاوڕێ با پەیوەندیمان هەبێت

ماکوان: بەخۆشحاڵییەوە!

# ئەوەی لە ژیانمدا بە خەیاڵمدا نەهاتووە

لەدوای ئەوەی ئەو شەوە کۆتاییمان بە باس و خواسەکانمان هێنا لە پاڵتاك بەهۆکاری ئەوەی شەوان کارم دەکرد لە ئۆسلۆ نەمدەتوانی زۆر بچمە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ساڵی ٢٠٠٧ زۆر جدی نەبووم تێدا، بەڵام لەدوای ئەوەی کەچوومەوە ناو پاڵتاك خەڵکێکی زۆر پەیوەندی پێوەکردم کە زۆربەیان داوای کۆڕ و سمینیاریان دەکرد، دڵی کەسیانم نەدەشکاند و سەرەتای دەرچوون و ناسینم بوو ئەو قۆناغە وای دەخواست. ژوورەکانی پاڵتۆك بریتی بوون لە دەنگی کوردستان، کوردستان یونایتد، مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی، چەپی سەربەخۆ و دەنگی ئیسلام وە هەندێك لە ژووری برا بادینییەکان وەك کوچکا کوردستان و هتد...

شەوێك بانگ کرام بۆ مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی زۆرێك لە هاوڕێکانی خۆم دەچوونە ئەوێ، زۆرێك لەو کەسە بەڕێزانەشم تێدا دەناسی لەڕێگای هاوڕێکانی خۆمەوە، یەکێك لە ئادمینە بەڕێزەکانی بەناوی کاك ڕێبین بانگی کردم و وتی وەرە تۆش بەشداربە، کەسێکی لێبوو بەناوی کاك (بابان سەقزی) بە ئارەزووی خۆی قسەی دەکرد و بە پێی پەتی تێکەوتبوو قسەی بە ئیسلام دەوت و

وەسفی زەردەشتی دەکرد گوایە پێغەمبەرەکەی کوردە و ئایینی کوردانە، دیاربوو منیان بانگ کرد وەك موسڵمانێك وەڵامی بدەمەوە!

کاك بابان سەقزی وابوو دەیوت گوایە زەردەشت ئایینی تەوحیدو یەکتاپەرستییە!

پاشان دەیوت زەردەشت کوردە و خەڵکی کوردستانە، ئایینی زەردەشت لەلایەن ئیسلامەوە هەمووی لەناو چووە و کتێبەکانی سوتێنراوە!

زۆری تر لەو قسانەی کە دەیکرد گوایە زەردەشت مافی ئافرەتی داوە، ئاڤێستا پڕیەتی لە جوانی.

ئادمینی سەرەکی ژوورەکە ناوی کاك کوڕی ڕەواندوزی بوو پیاوێکی بەتەمەن بوو بانگی کردم وتی کاك ماکوان قسەت هەیە؟

ماکوان: بەڵێ؛ ئەگەر ئیجازە هەیە وەڵامێکی ئەو کاك بابان-ە بدەمەوە.

مایکیان دامێ بۆ وەڵام دانەوە، بەم شێوەیە دەستم پێکرد.

دوای بسم ألله و سڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستەوخۆ چوومە ناو باسەکە: لە ڕاستیدا مێژووی لە دایکبوونی زەردەشت زۆر ڕوون نیە، بەڵام مێژوونوسان دەیگەڕێننەوە بۆ(٦٦٠) پێش زایین لە ئازەربایجان لە دایك بووە بنەماڵەکەی (ئەسپیاما)یە لە ڕەچەڵەکدا هەموو ئارین، باوکی زەردەشت ناوی (پورشاسپا)ی ئازەربایجانییە دایکی زەردەشت ناوی (دغدو یان دگدو) بووە. خەڵکی (ڕەمێ)

ئازەربایجانە خێزانی سێیەمی زەردەشت ناوی (هۆیوی) بووە کە کچی پاشای ناوداری فارسەکان(فریشا ئوشتر)ی برای (جاماسب) بووە.

لەم قسانەدا بووم کە مایکیان لێسەندم لەلایەن کەسێکەوە ناوی مەشخەڵ بوو!

مەشخەڵ: ئەم ئیسلامییە خوێنرێژە چییە هێناوتانەتە ئەم ژوورە، دەری بکەن با مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان پیس نەکات!

زۆر بێ ئەدەب بوو منیش هیچ دەسەڵاتم نەبوو ئەو ئادمینی ئەو ژوورە بوو، بەڵام ئەوەی کە زۆر پێم ناخۆش بوو ئەوە بوو کە ئەدمینی سەرەکی ژوورەکە کوڕی ڕەواندوزی بوو چووە دەرەوە، بۆ ئەوەی بڵێن ئاگای لە باسەکە نییە چی ڕوویداوە!

لە ڕاستیدا منیش پێم ناخۆش بوو کە سەرەتا ئەوەندە قسەم کرد دەمیان پێ داخستم، لە تایبەت پەیوەندیم کرد بە کاك ڕێبین-ەوە و وتم کاکە تۆ منت بانگ کردووە ئەو بێحورمەتییە بەرانبەر بەمن نەکراوە بە تەنها، تۆ بەرپرسی لەو بێ ئەدەبیە ئەو کوڕە کەناوی مەشخەڵە.

ڕێبین هیچ وەڵامێکی نەدامەوە منیش ئاسایی وەرمگرت و وتم قابیلە لەو تەپوتۆزە هەر ئەوە هەڵەسێت، هاتمە دەرەوە ئاگام لە ژوورەکە نەما دوای من چی ڕوویداوە.

کەسێك پەیوەندی پێوە کردم ناوی کاك باوەڕ بوو!

مایکی گرت لە تایبەت و وتی کاکە من ناوم باوەڕ-ە خاوەنی ژوورێکین وەرە بۆ ئەو ژوورە لەوێ قسە و باسەکانی خۆت بکە، ئاگام

لە چالاکییەکانتە لە پاڵتاك دا، کاك باوەڕ کاك کەمال-ی بەڕێزی ئەڵمانیا بوو یەکەم جار بوو بەخزمەتی بگەم ئەویش بردمی بۆ ژووری ئێرە دەنگی ئیسلامە. کەچوومە ژوورەکە تەماشا دەکەم مامۆستایەکی خۆم لە مزگەوتی شێخ عوسمانی سیرێ دەرسی پێووتبووم بەدەنگەکەیدا ناسیمەوە، کاك سەلاح ستار لە پاڵتاك دا خۆی ناوناوە بە باوکی بەهەشت، ئەو ژوورە پڕبوو لەزانست. دانیشتم گوێم لەو مامۆستا بەڕێزە گرتبوو ئەوەندەم زانی کاك ڕێبین-ی مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان بانگی کردمەوە ئەو کات پێیان دەگوت (ئینقایت)ی کردمەوە بۆ ژوورەکەیان و مایکی بەدەستەوە بوو بەناوی خۆی و ژوورەکە داوای لێبووردنی کرد و وتی ببوورە هەڵەیەك ڕوویداوە تکایە باسەکە کۆتایی هاتووە جەنابت ببورە بڕۆ ناو باسەکەی خۆت لەگەڵ کاك بابان سەقزی-دا.

دیاربوو پۆتی مەشخەڵ-یان شکاند بوو. مەشخەڵ-یش پێشمەرگەیەکی کۆنی یەکێتی بوو کەم ئەندام بوو، هەندێك لە هاوڕێکانی لەو ڕۆژەوە ڕقیان لەمن هەڵگرت!

بەئاسایی وەرمگرت بە کاك باوەڕ-یشم وت لە تایبەت کە داوا دەکەن قسە بکەمەوە داوای لێبوردنیشیان کردووە.

ئینجا جەنابی کاك باوەڕ خۆی هات لەگەڵمدا بۆ ژوورەکەیان، دەستم کردەوە بە قسەکردن و باسی ئەو ڕووداوەم نەکرد کە ڕوویدا بوو، چوومە ناو باسەکە و بە مەجلیسەکەم وت کە هیچ مێژوونووسێك

نالێت زەردەشت کورد بووە تەنها یەك مێژوونووسی ئەڵمانی وا دەڵێت ئەوانی تر هەموو دەڵێن خەڵکی ئازەربایجانە، لەوانە:

کارناسی فرەنسی ئاوێستا (جێمس دار مێستەر) دەڵێت: لە دوای بەجێ هێشتنی زەردەشت لە ناوچەکەدا توانی ڕۆمەکان و یۆنانیەکان ڕێکبخات و کۆکیان بکات لە سەر خوایەك کە لە زەردەشت دایان تاشی ناویان نا(هوم) کە لە شێوەی مرۆڤ دا بوو.

(کرن) مێژوونووسی فەڕەنسی دەڵێت: زەردەشت پەیامبەر نەبوو، بەڵکو ڕۆشنبیرێکی ڕوناك پەرست بوو؛ لە گەڕانەوەیدا بۆ خۆرهەڵات ناونرا بە خوای خۆر.

ئەفلاتون لە ٤٢٩ تا ٣٤٧ی پێش زایین بە ڕاشکاوانە باسی زەردەشتی کردووە ئەو بە فەیلەسوفێکی پارس و هیندەکانی دەزانێت، بە دامەزرێنەری ئایینی (مەزد یەسنا)ی زانیووە کە تا ئێستاش لە هیندستان و ئێراندا ئەو ئایینە ماوە.

مێژوونووسی سەدەی سێیەمی زایین (برۆسوس) زەردەشت بە پاشایەکی خوازراوی پارس و ماددەکان دەزانێت.

مێژوونووسە بەناوبانگەکانی جیهان هەموو لە سەر ئەوە کۆکن کە زەردەشت خەڵکی ئازەربایجانە، مێژوونووسەکانیش بریتین لە (براتلمە، مولون، سیستان، گلدزهیر، جاکسون وە پیریتیا)، بەڵام ڕایەکی کە هەیە کە دەڵێن زەردەشت خەڵکی شاری (ڕەی) واتا تارانی ئێستا بە زمانی



CamScanner

ئاوێستای باسی کردووە بە شاری تارانیان وتوە (وغ)، بە زمانی پەهلەوی پێی دەڵێن(ڕکا) کە گوایە زەردەشت لەوێ لە دایك بووە.

ئەو مێژوونووسانەش بریتین لە (ئەفلاتون، دیۆجین لەگەڵ هرمودرس) کە قوتابی ئەفلاتون بووە، هەر ئەوانیش وشەی زەردەشتیان لێك داوەتەوە بە مانای ئەستێرەی زێڕین یان نیاز پاك یان بە زەوی کێڵەرێکی باش لێکیان داوەتەوە.

لە ناو مێژوونووساندا تەنها مێژوونووسی ئەڵمانی کە ناوی (دۆمارێنی)یە دەڵێت زەردەشت خەڵکی (باڵخ)ی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە یان (ئورومیە) زەردەشتیشی بە مانای سووتان و گەشاوە ناوزەد کردووە.

پاشان باسی ئەوەم کرد کە زەردەشت هیچ پەیوەندی نییە بە یەکتاپەرستییەوە، ئەوەی کە کاك بابان باسی دەکات قسەیەکی بێ بنەمایە، ئەگەر ئیجازەم بدەنێ ئەو باسەش بەکورتی شی دەکەمەوە.

کاك ڕێبین بۆی نووسیم ئازادی بە ئارەزووی خۆت قسە بکە.

سوپاسی کاك ڕێبین-م کردەوە و بەردەوام بووم لەقسەکانم سەرنجی مەجلیسەکەم ڕاکێشا.

ماکوان: لە ئایینی زەردەشتیدا ئاهورامەزدا بە خوای چاکە ناوزەد کراوە، ئەهریمەن بە خوای خراپە دانراوە.

هەمیشە ئەم دوو دەسەڵاتە لە ناو زەردەشتییەتدا بە خوا ناسراون لە کێشمەو وەرگرتنی دەسەڵاتدان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە دەست یەکتری، ئا بزانم کاك بابان ئەمە لەکوێدا پێی دەوترێت یەکتاپەرستی؟

ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەم دوو خوایە لە خوایەکی دیکەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ناوی (زەروان) کە گوایە "زەروان" لەمەولاوە دەسەڵاتی خۆی بەخشیوەتە دەست ئاهورامەزدا بۆ چاکە، بەڵام ئەهریمەن ئەمەی پێ ڕەوا نییە بۆیە کەوتۆتە گیانی شوێن کەوتوانی ئاهورامەزدا.

ئەگەر باوەڕێك لە سەر ئەم شێوەیە دابمەزرێت خواکان خەریکی دەسەڵات لە یەکتری سەندنەوە بن ئەو کات ژیان بەرەو لە ناوچوون و مرۆڤەکانیش بەرەو فەتارەت دەچن؛ کەواتە ئەم ئایینەی کە ئێستا بانگەوازی بۆ دەکەن هەڵخەڵەتاندنی گەلی کوردی موسڵمانە و بیرێکی پوکاوەی سەردەمی ساسانیەکانە کە ئێستا ئەیانەوێت بە ناوی هێنانەوە کایەی دەوڵەتی کوردی کە گوایە وەك زەردەشت بانگەوازی بۆ دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی کردبێت وا ئێستا دەیانەوێت بە بیری زەردەشتی دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنن، کە تەنانەت بنەمایەکی یاسایی لە ناو ئەو ئایینەدا نەماوە یان بە سروودی ئەی ڕەقیب کە شانازی بە کەیخوسرەوە دەکەن و خۆیان بە نەوەی ئەو دەزانن لە کاتێکدا دەوڵەتی مادد بەدەستی ئەو لە ناو چووە.

داوایان کرد کاك بابان قسەی هەیە و من مایك دابنێم بۆیە کۆتاییم بە قسەکانم هێنا و مایکەکەم دانا.

بابان سەقزی (تورەیی پیوە دیار بوو) زانی ئیتر قسە کردن بەتەنها خۆی نییە، کەسێکی تر هەیە وەڵامی بداتەوە، بۆیە دەست بەجێ خۆی

پاراست لە هەڵەکانی ئایینی زەردەشتی و دانی بەوەدانا کە ئەو هەر بڕوای بەخوا نییە!

بەڵکو زەردەشتییەت لای ئەو تەنها فەلسەفەیە.

وەڵامی هیچ کامێك لە بەڵگەو دیکۆمێنتە مێژووییەکانی نەدامەوە، خۆی دەرباز کرد و کاك بابان وتی: کاك ماکوان دەتوانیت تەنها یەك شتی باشەی ئیسلامم پێبڵێیت بۆ گەلی کورد؟

فەرموو مایك ئازاد دەکەم بۆ جەنابت.

ماکوان: بەسەر چاو کاك بابان من چەند دانەیەکت بۆ ڕیز دەکەم، بەڵام دواتر پرسیارەکەی خۆت دەکەمەوە کە تۆش پێمان بڵێ زەردەشتی چ سوودێکی بەکورد گەیاندووە؟

کە ئیسلام هات کۆتایی هێنا بە پیرۆزترین شتی زەردەشتی کە بریتی بوو لە میزی گا!

میزی گا لای زەردەشتییەکان پیرۆزە و دەیخۆنەوە!

بابان سەقزی زیاد لە ١٠ جار نووسی خۆ لە ئایینی ئیسلامەکەی ئێوەشدا میزی حوشتر پیرۆزە!

ماکوان: کاك بابان وەڵامی ئەوەشت ئەدەمەوە بۆ ئەوەی نەڵێیت ماکوان خۆی ئەدزێتەوە، بەڵێ بەدڵنیاییەوە میزی حوشتر لە ئیسلامدا ڕێگا پێدراوە بخورێتەوە، بەڵام هیچ پیرۆز نییە وەك لە ئایینی زەردەشتیەدا پیرۆزە و خەڵکی خۆی پێ دەشوات و دەیخواتەوە.

حوشتر؛ یاخود وشتر، گیانلەبەرێکی تایبەتمەندە لە ناوچە بیابانەکاندا لەو جێگایەدا زیاتر ژیان دەکات، ئەم حوشترە توانای هەڵگرتنی ئاوی هەیە بەشی ٧ بۆ ٩ ڕۆژ!

کە ئاوی نوێی بینی و ویستی بیخواتەوە ئەو ئاوەی کە لە کوڵیدا هەڵیگرتوە پێی دەوترێت زروەت ولسنام، ئەو ئاوەیە ڕۆی دەکات و ئاوی نوێ دەکاتە ئەو تۆرەکەیەی ناوسکی ئەو ئاوە بە پاکی دەمینێتەوە، ئەگەر خاوەنەکەی لە جێگایەکدا پێویستی بەئاو بوو دەتوانێت سەری ببڕێت بیخواتاوە، بەڵام وشتر دوو جۆر میزی هەیە کە لەزمانی عەرەبیدا بە هەردووکی دەوترێت (بول) عەرەب بە (بول حەقیقی) و (بول خزان) ناوی بردووە، ئەو (بولە) کە پێیدەوتری میزی حەقیقی جیاوازە لەگەڵ بەتاڵ کردنی تورەکەی هەڵگرتنی ئاوەکە!

کە بە (بول خزان) ناسراوە خواردنەوەی لەڕووی تەندروستی و پزیشکییەوە هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام جۆری دووەم نەخاوەنەکەی دەیخوات نە سوودی لێوەردەگیرێت، مەگەر زەردەشتییەکان بیخۆنەوە! ئەوە میزی ئاسایی وشترەکەیە خاوەنی وشترەکە و شوانی وشترەکان دەزانن جیاوازییان چییە!

تێبینی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمری نەکردووە بەخواردنەوەی، بەڵکو عەرەب بەکاریان هێناوە کاتێك بۆ پێغەمبەر ﷺ باس کراوە وەك هەموو پێشینەی عەرەب ئەویش بەباشی زانیووە، بەڵام نەبووە بە سونەت بۆ خواردنەوەی.

ئەگەر کاك بابان قسەی هەیە لەسەر ئەو باسە مایکی بۆ ئازاد دەکەم ئەگەر نییەتی بەردەوام دەبم لەسەر چاکەکانی ئیسلام بۆ کورد.

دیاربوو هیچ قسەی نەبوو بۆیە بەردەوام بووم لە قسەکانی خۆم.

ماکوان: ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەدوای ئەوەی میزی گای بە کورد تەرك کرد چاکەیەکی تری خستە سەرشانی کورد یاسایەکی تری ئاوێستا و زەردەشتی تریشی نەهێشت کە بریتی بوو لە (ڕەدووکەوتن) یان (هەڵگرتن) کە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا وای لێهاتبوو کچەکان و ژنەکان لە ماڵەکاندا زیندانی دەکران نەکو پیاوێکی ئایینی و زەردەشتی یان موغێك یان ئەترۆبانێك یان ڕۆحانییەك ڕەدووی کات، خۆ کە دووری دەخستەوە لە جێگای خۆی ئەوکات ئەو دەبووە خاوەنی ئەو ئافرەتە، هەرچەندە بە داخەوە ئێستاش لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا ئەو مەراسیمە ماوە، بەڵام گۆڕانکارییەکی تەواوی بەسەردا هاتووە گوایە ئێستا ئەگەر دوو کەس یەکتریان بە دڵ بێت هەڵی دەگرێت و دەیبات، بەڵام بۆ دەیبات بۆ لە خۆی مارە ناکات خێرا!

مایك درایەوە بە کاك بابان؛ باسی ئەوەی کرد کە بەڵێ ڕەدووکەوتن کلتوری زەردەشتییە و مەراسیمی ئەوانە. ئەو ماکوان-ە دەیەوێت ئەو مەراسیمانە بشێوێنێت بە شێوەی ئیسلامیست باسی دەکات!

هەروەها ماکوان لەباسی میزی حوشتردا لەخۆیەوە قسە دەکات ئاخر پێم نالێن کام زانست باسی پاکی میزی حوشتری کردووە؟

كە وای وت من و چەند هاوڕێیەكی تر لینكی چەندین سەرچاوەمان بۆ خستە ژوورەكە، بەڵام دیار بوو زۆر ئیحراجم كردبوو دەیویست هەرچی كردووە خۆی نەجات بدات.

داوام كرد كە قسەم هەیە..

مایك درایەوە بە من باسی باشەی تری ئیسلامم كرد بەسەر كوردەوە. پاشان بە نەمانی ئەم ئایینە و مەراسیمەكانی كورد ڕزگار بوو بەتایبەت لاوانی كورد بە كچان و كوڕانیەوە لە دەست بە قوربانی كردن، چونكە ئەگەر ئاتەشگەیەكی تازەی زەردەشتی بكرایەتەوە دەبوو كچێك بكرایەتە قوربانی و پێشكەشی ئاتەشگەكە بكرایە، خۆ ئەگەر كچێك دەست نەكەوتایە ئەوا كوڕێكی نابالغیان دەكردە قوربانی كە (ئولاف ئوشیم) لە كتێبی مێژووی گەیشتن بە دەسەڵاتی خۆیدا باسی كردووە.

گەلی كوردی موسڵمان هەمیشە شانازی كردووە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە بەر ئەوەی ئەوەندەی ئێمە سوودمان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بینیووە، ئەوەندە سوودمان لە هیچ بیروباوەڕێكی كە نەدیووە، بە تایبەت نازانین ئێستای بیری زەردەشتی لە پێشینەشدا چ خزمەتێكی بە میللەتەكەی من كردووە تا ئەو بیروباوەڕە جێگەی سەرنجی من بێت، تەنها ئێستا وەك قسەی زل یان ڕەق یان قسەی نەزۆك یان زۆڵەك دەیدەن بە گوێی میللەتەكەمدا كە تەنها دەیانەوێت داماڵینی ئەو كولتورە موسڵمانەی گەلی كورد دابماڵن.

گەورەترین پیاوەتی ئایینی ئیسلام بەسەر ئێمەی کوردەوە ئەوە بوو کە زەواجی مەحرەمی نەهێشت، کۆتایی هێنا بەوەی برا خوشکی مارە بکات، دایك لە کوڕ مارە بکرێت، باوك کچی خۆی بهێنێت.

کەوام وت بابان سەقزی داوای کرد کە قسە بکات؛ باش توڕە بوبوو قسەی ناشرینی زۆری وت بە پێغەمبەری خوا ﷺ، گوایە ئەوە نییە ئەویش عائیشەی هێناوە لە منداڵیدا، باسی ئەوەی کرد کە کورد بە شمشێر داگیر کراوە هەموو کچ و منداڵەکانی کورد بە شمشێری ئیسلام لەناوچوون!

داوام لێکرد کە باسی ئەو مێژووە بکات کە چۆن هەموو کورد لەناو چووە بە شمشێری ئیسلام ئەی ئێمە لە کونە دیوارەوە هاتوینەتە دەرەوە ئەگەر هەموو کورد بەدەستی ئیسلام لەناو چووبێت.

دیار بوو کاك بابان سەقزی ماندوو بوو داوای کرد کە شەو درەنگە، کاتژمێر ١٠ی شەو بوو وتی بەیانی دەچمە سەرکار باس و خواسەکانمان هەڵدەگرین بۆ کاتێکی تر.

کاك ڕێبین داوای کرد کە سیمینارێك بۆ هەردوولامان بگرێت لەسەر مێژووی کورد و هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان.

من دەست بەجێ ڕازی بووم، بابان وتی وەڵامتان ئەدەمەوە.

من گەڕامەوە بۆ ژووری دەنگی ئیسلام و تەعاروفمان کرد لەگەڵ ئەو برایانەی لەوێ بوون، شەوێکی زۆر خۆش بوو.

ئەو شەوە مامۆستا باوكی بەهەشت دەرسی بیروباوەڕی ئیسلامی دەوتەوە، مایكیان بۆ من ئازاد كرد كە قسە بكەم.

باسی بەزەیی خوای پەروەردگارم كرد.

ئەگەر خوای گەورە بەناوی خۆی ئەم گەردوونەی ببردایە بەڕێوە وەك عەرەب دەڵێت: "یدیر الكون" ئەوا هەموو ئەم كەونە بەشی چەند دەقیقەیەكی ئێمەی نەدەكرد؛ هەموو ئەم سیستەمە تێكدەچوو، خوای گەورە گەردوونی بۆ كەس ڕانەدەگرت و تێكوپێكی ئەدا بەسەریەكدا، چونكە ئەوەندە خراپەكارو بێ فەرمانی (الله) دەكرێت.

ئەوەی كە جێگای خۆشحاڵییە خوای بەرزو پیرۆز بە (الله) وەك ناوی بەرزی مامەڵە لەگەڵ ئەم گەردوونە و مرۆڤ ناكات، بەڵكو بە یەك سیفاتی بەرزی دەیبات بەڕێوە ئەویش سیفاتی (الرحمن)ە.

ئەوەی كە گرنگە مرۆڤی موسڵمان تێبگات ئەوەیە كە هەمیشە ناوی (الله) بە بەرز ڕابگرێت، هەوڵ و خەبات و كۆششی دەبێت بۆ ئەو كارە بێت پەروەردگار دەفەرمووێت: (كلمة الله هی العلیا)، چونكە لە بنەڕەتدا ئەمە بەندایەتییە.

سیفاتی پیرۆزی (الرحمن) زۆر گرنگە موسڵمان بەوە داوا بكات لە خوای گەورە. خوای گەورە بۆی دیاری كردووە كە بە سیفاتی ڕەحمان داوای لێبكرێت، یاخود بە ناوی (الله) لە قورئاندا دەفەرمووێت: (قُلِ ادْعُوا اللَّهَ أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَنَ). لە قورئاندا هەمیشە كە ناوی(الله) بە سیفاتی ڕەحمان هاتبێت ڕەحیمش بە دوایدا هاتووە.



CamScanner

وەك هەموو (بسم الله الرحمن الرحيم) یاخود لە زۆربەی زۆری ئایەتەکاندا کە ڕەحمان هاتبێت ڕەحیم لەگەڵیدا هەبووە، لە سورەتی فاتحەدا خوای گەورە دەفەرمووێت (الرحمن الرحيم)، لە سەرەتای سورەتی فصلت دا دەفەرمووێت: (تَنزِيلٌ مِّنَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)، لە کۆتایی سورەتی حەشردا خوای گەورە دەفەرمووێت: (هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ).

کەواتە ئەمە گرنگی خۆی هەیە کە بەو شێوەیە خوای گەورە بە بەزەیی خۆی ئەم گەردوونە دەبات بەڕێوە و لەسەر عەرشی خۆی کە ئەم بوونە دەبات بەڕێوە و خۆی ئیدارەی دەکات، بێجگە خوای پەروەردگار کەسی تر نییە لەم بوونەدا وەك خۆی دەفەرمووێت: (الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى) بەم شێوەیە خوای گەورە لە قورئاندا بۆی وێنا کردووین.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەی کە ڕەحمان سیفاتی خوای گەورەیە بۆ ئازاری کافران و سەرپێچی کاران ئەدات، خوای گەورە بەبەزەییە بۆ موسڵمانان لە هەمان کاتدا بە بەزەیشە بۆ بێباوەڕان و سەرپێچی کاران، بەڵام کافران بڕوایان بە وشەی ڕەحمان نییە بۆیە خوای گەورە بەزەییەکەیان لێوەردەگرێتەوە. ئەوان بە چاوی ڕەقەوە تەماشای خوای گەورە دەکەن و بڕوایان بە بەزەیی پەروەردگار نییە، کێشەی کافرەکانیش لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ لە ناوی (الله)دا نەبوو ئەوان بڕوایان بە خوا هەبوو دەیانزانی خوای گەورە دروستکاری

ئەم گەردوونەیە و ئەم بوونە بەڕێوە دەبات خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ)، بەڵکو لەسەر سیفاتی الرحمن بوو! خوای گەورە خۆی بۆمان باس دەکات لە سوڕەتی فورقان دا دەفەرمووێت:

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسْجُدُواْ لِلرَّحْمَٰنِ قَالُواْ وَمَا ٱلرَّحْمَٰنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا۩﴿٦٠﴾﴾ [الفرقان] واتە: ئەگەر (بە خوانەناسان) بوترێت سوژدە و (کڕنوش) ببەن بۆ خوای میهرەبان و بە بەزەیی، (ئەو نەفامانە، بەسەرکەشییەوە) دەڵێن: ڕەحمان کێیە؟ خوای میهرەبان کامەیە کوا بەزەیی؟ سوژدە بەرین بۆ کەسێک کە فەرمانمان پێ دەدا؟! تا بێت زیاتر تەرە دەبن و وێڵ دەبن.

خوای گەورە سوڕەتێکی بەناوی ڕەحمانەوە ناو ناوە کە سەرومەرمان ﷺ ناوی ناوە بووکی قورئان کە سەرەتاکەی بە سیفاتی بەرزی الرحمن دەست پێدەکات کۆتاییەکەی باسی ئەو سیفاتە دەکات بە تەنها دەفەرمووێت: ئەوە ناوێکی پیرۆزە جەخت لەسەر پیرۆزی ڕەحمان دەکاتەوە بە کۆ نەیهێناوە، بەڵکو بە تاك باسی ناوی کردووە زانایان دەفەرموون واتا مەبەست پێی ڕەحمانە، ئایەتەکە لە کۆتایی سوڕەتی ڕەحمان دەفەرمووێت: ﴿تَبَٰرَكَ ٱسْمُ رَبِّكَ ذِى ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ﴿٧٨﴾﴾ [الرحمن]

کەواتە سیفاتی ڕەحمان بەزەیی خوای گەورەیە و ڕشتنی نیعمەتەکانییەتی بەسەر مرۆڤایەتی و تایبەت تریش بەسەر موسڵمانان، بۆیە خوای گەورە لەسوڕەتی ڕەحمان تەنها باسی نیعمەتەکانی خۆیان

بۆ دەکات پاشان چەند جار دەفەرمووێت و چەند بارەی دەکاتەوە

بۆمان: ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾ [الرحمن] واتە: جا ئیتر ئەی گرۆی

ئادەمیزاد و پەری بە کام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگار بڕوا ناکەن،

کامی پەسەند ناکەن.

تەنها لە ناو قورئان و ئایینی ئیسلامیشە خوای گەورە سیفاتی

ڕەحمانی بەکارهێناوە لەهیچکام لە ئایینەکانی تردا وشەی ڕەحمان

نەهاتووە.

پێشکەشە بە- تۆ- خوێنەری موسڵمان..

دە پێبکەنە ئەی موسڵمانان تۆ لە ناو ئەم دینەدایت و نازو نیعمەتی

خوای گەورە بەسەرتەوەیە کە خاوەنی سیفاتی الرحمن- ە.

دوایی مامۆستا باوکی بەهەشت بە مامۆستا باوەڕی وتبوو ئەوە

ماکوان بە چی وا زیرەك بووە جاران وانەبوو!

## هاتنە ناو پاڵتاکی مەریوان هەڵەبجەیی و کورتە ناساندنێك

شەوان کە لە کار دەگەڕامەوە پاڵتاکم وەك ڕادیۆ دەکردەوە.

شەوێك کوڕێکی هاوڕێم بانگی کردم بۆ ژووری چەپی سەربەخۆ لەوێ ئەم مەریوان هەڵەبجەییە قسەی دەکرد، باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن شمشێریان لێدەرهێناوە لە هەولێر و لە سلێمانی ویستویانە بیکوژن!

گوایە مەریوان فەتوای کوشتنی دراوە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، زۆر قسەی کرد زۆر بەشان و باڵی خۆیدا هات کە گوایە باوکی شەهیدە، دایکی زیندانی سیاسییە، خۆی زیندانی سیاسیە و زۆری تر لەم قسانە.

منیش یەکەم جار بوو ناوی ببیستم وتم دیارە ئەمە فەیلەسوفە، ئەمەی باسی دەکەم ساڵی ٢٠٠٦ ڕوویداوە، خەڵکی دەهاتن پرسیاریان لێدەکرد لە کاتی قسەکردنیدا هەستم کرد زۆر کەم ڕۆشنبیرە ئاستی ڕۆشنبیری لاوازە، هەرکەس پرسیارێکی لێبکات لە دژی بێت خێرا تورە دەبوو بەشان و باڵی خۆیدا هەڵی ئەداو دەیوت تۆ نازانی من کێم!

یەك دووجار کوڕێك بەناوی ئاریز موستەفا لە سویدەوە مایکی دەگرت و دەیوت دەبێت بۆ کاك مەریوان-پەیکەر- دروست بکەین.

زۆرم لا سەیر بوو کەسێك ئەمە ئاستی قسە کردنی بێت چۆن کتێبێك دەنووسێت ئەوەندە خەڵکی قسەی لەسەر بکات و فەتوای کوشتنی

بدرێت و ناوی ئاوا زوو گەورە بێت لەماوەی چەند ڕۆژێکدا، تەنانەت میدیا جیهانییەکان باسیان کرد.

ئەو شەوە من بەس گوێگر بووم بۆ قسەکانی، هیچ موداخەلەیەکم نەکرد، پاشان لەگەڵ ئەدمینێکی مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان بەناوی کاك سەعدی لەبارەی بابەتێکەوە قسەمان دەکرد، باسەکەی مەریوان کرایەوە و وتم ئەوە بۆ سمینارێکی بۆ ناگرن لەسەر باس و خواسێك بۆ ئەوەی بزانین مستەوای چۆنە؟

سەعدی: من کتێبەکەیم لایە و خوێندومەتەوە، بەڵام کتێبێکی زۆر سادەیە لەڕووی زانیارییەوە.

لەکاتێکدا کاك سەعدی خۆی کوڕێکی بێدین بوو!

ماکوان: ئەتوانی بمدەیتێ بیخوێنمەوە؟

چونکە هەردووکمان لە ئۆسلۆ بووین.

سەعدی: بەسەر چاو!

کتێبەکەم وەرگرت و گەیشتە دەستم کە خوێندمەوە زۆر ئاسایی بوو، چونکە من پێشتر ئەو شتانەی کە ئەو نووسیبووی هەموو لە ناو عەرەبەکان و قیبطییەکانی میسر بیستبومان ئەم شتێکی نوێی نەهێنابوو، ئەوەشی جێگای سەرنجی من بوو بیروبۆچوونی مەریوان دەرنەدەکەوت لە نووسینەکاندا، بەڵکو وەك ڕادیۆ و بەرنامەی تەلەفزیۆنی نووسینەکەی دەگێڕایەوە بێ ئەوەی ئسلوبی لێکۆڵینەوەی پێوە دیار بێت.

دوای خوێندنەوەی کتێبەکەی داوام لێکرد کە ڕووبەڕووبوونەوەیەک ساز بەکەین لە ژووری مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان و کاک سەعدی ئەدمین بێت.

سەرەتا ڕازی بوو، بەڵام دوایی بیانووی ئەوەی هێنایەوە کە گوایە من کەسێکی ناسراو نیم، گوێم پێنەدا لەماوەی ۱۰ کاتژمێر بەرنامەی ڕووبەڕووبوونەوەدا لە سێ شەودا کە زیاد لە هەزار کەس کۆبوویەوە بۆ یەکەم جار لە تۆڕی کۆمەڵایەتی پاڵتاکدا ئەوەندە خەڵك لە ژوورە کوردییەکاندا کۆببێتەوە، زۆر بەسەرکەتووی باسەکانم پێشکەش کرد.

پاشان چەند جاریتر داوام لێکردەوە دابنیشین، بەڵام جورئەتی نەبوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە، من زیاتر لە ۱۰ کاتژمێر کۆڕم گرتووە لەسەر کتێبەکەی تەنها توانی لەو دە کاتژمێرەدا یەك چارەك قسە بکات بەمەرجی ئەوەی کە من نابێت هیچ قسە بکەم!

مەریوان هەڵەبجەیی پیاوێکی دووڕوو درۆزن و خاوەنی هیچ ئارگۆمێنت و ڕاستی نییە و لە ڕووی ڕەوشتییەوە چەندین درۆی کردووە، تەنانەت کەسوکارە نزیکەکانی خۆی بۆ منیان باسکردووە ئەم کتێبەی کە چاپ کراوە بەناوی (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) ئەم کتێبە جنێو نامەیەك بوو ئاراستەی موسڵمانانی کرد، هیچ بەهایەکی مرۆڤانە لە ناو ئەم کتێبەدا نەبوو. ئەوەندە بە دڵ ڕەشی و پیسی بۆی نووسرابووەوە، لە هەندێك جێگادا ئوسلوبی سیخورمەی تێدابوو وەك باس دەکەن (شێرکۆ بێکەس) هاوکاری کردووە، لە

کۆمەڵگەی ئێمەش جنێو و قسەی ناشرین هێڵی سوورن بەرانبەر بە نایین، ئیتر چانسی گرتی و وەك خۆی وتبووی لای کەسێك کە بۆمنی گێڕایەوە:-

"لەم ماوەدا کارێك دەکەم کە هەر لە سلێمانییەوە ئیقامەی بێ وەربگرم" خەڵکی تریشمان بینی بۆ وەرگرتنی ئیقامە خۆی کرد بە (هۆمۆسێکسواڵ).

ئیقامەی وەرگرت بەڵام لەسەر جنێودان بە میللەتەکەی خۆی و قسەی ناشرین بە پیرۆزییەکانی ئیسلام، کۆمەڵێك لە جاهیل هاوشێوەکانی خۆی فوویان کرد بە لووتیا ئێستا خۆی لێ کردووین بە فەیلەسوف لەکاتێکدا ناتوانێت ڕستەیەك بە جوانی بخوێنێتەوە.

شەوێك بە دیار تەلەفزیۆنی کۆمەڵەی ئێران دانیشتبووم سەیری مەنصوری حیکەمتم دەکرد کۆڕێکی بۆ گیرابوو لەسەر مەنەفێست، بەڵام کۆڕەکە کۆن بوو لە پڕ خوای من تۆ کردی ڕیکلامێك هات بانگەشەی بۆ کتێبێک دەکرد بە ناوی (زن وسیکس درتاریخ) کە بینیم سیامەکی ستودەنووسی بووی پەیوەندیم کرد بەو کەناڵەوە لە ئەمریکا، کتێبەکە باسێکی مێژووی گشتی بوو لە سەر ژن و سێکس لە مێژوودا کە لە ناوەرۆکیدا باسی ئیسلام دەکات، ئەم مەریوان هەڵەبجەیە لەوی دزیوە لە کاتی خۆیدا بڵاوم کردەوە بە هەموو ڕاگەیاندنە کوردیەکاندا کە کتێبەکەی مەریوان تەرجومەکراوی ئەو کتێبە فارسییە و کردوویەتی بەناوی خۆیەوە.

مەریوان نەیتوانی نکوڵی لە یەك وشەی بکات ئەو سەردەمە، چونکە ئەمە ئیشی یەکەم جاری نییە کە هەر خەریکی ئەو کارانە بووە هەمیشە تەزویر و تەزویرکاری پیشەی بووە شەهادەکەی لە ڕۆشنبیری هەڵەبجە کە پێی دامەزرابوو ئەویشی تەزویر کردبوو کە بە ماستاوچێتی لەو جێگایە دامەزرابوو، زۆر باسی وردەکاری ناکەم، بەڵام تیشکێکی دەخەمە سەر چونکە لەباسی کتێبەکەیدا ئیشمان پێ دەبێت، هەرچەندە زۆرێك لە باسی ناو کتێبەکەی لە قسەکانی عەلی دەشتی و جەلال عەزم و فوئاد زەکەریاساڵەکانی ٦٠ هێناوە ئەمانیشی کردووە بە ناوی خۆیەوە، کە مامۆستای شارەزووری بە ڕەحمەت بێت لە کۆمەڵە کتێبێکی نایاب لە سەردەمی هەشتاکاندا وەڵامی داونەتەوە. لە ڕووی پرەنسیپی ئەخلاقی نووسەری زۆر بی ئابڕووە، گوێ بە هیچ ئێتیکێك نادات وەك قەرەج وایە، دان دەردێنێت و مێو دەبڕێت و فاڵیش دەگرێتەوە.

مەریوان لەکتێبەکەیدا موسڵمانان بەوە تاوانبار دەکات کە درۆزنن، چەندین جار هەموو موسڵمانان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، تەنانەت خودی خوا و پێغەمبەرانیش- علیهما السلام- بە درۆزن هەژماریان دەکات، من چەند درۆیەکی خۆیتان بۆ ئاشکرا دەکەم هەروا بە سەرپێیی و بۆ ئەوەی سایکۆلۆژیەتی ئەم نووسەرە بناسن.

بۆیە بەو زمانە لەسەری ئەدوێم، چونکە جنێونامەکەی خۆی توندترین زمان بەکار دەهێنێت لەگەڵ موسڵماناندا.

مەریوان پارتی بوو بتڵێك خوێنی خۆی دەرهێنا بۆ ئەوەی وێنە یاخود ناوی بارزانی پێ بنووسێت؛ پارتی زۆر ڕێزی گرت لە کاتێکدا بارزانی مەلا و ئایینزان بووە، لەکاتێکدا دەڵێت ئایینزاکان درۆزنن!

لە کاتی یادی هەڵەبجەدا داوای لێکرا کە لافیتە بنووسێت بۆ یادەکە هەندێك تەمەڵی بە مەریوانەوە دیار بوو کە ئەو دەمە دوکانی خۆشنووسی هەبوو یاخود ئەو کارەی دەکرد، بەرپرسێکی پارتی لەسەر ئەوەی کارەکەی ئەنجام نەداوە زۆری لێدا، ئیتر پەتپەتێنی پێکرا بۆیە مەریوان بوو بە یەکێتی، بەو شەهادە تەزویرە دامەزرا لە ڕۆشنبیرییەکەی هەڵەبجە، چووە جێگای (کەمال هەورامی) پاشان لە وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە شەهادە تەزویرەکەی ئاشکرابوو، لە ڕاگەیاندنەکادا بڵاو کرایەوە خەڵکی هەمووی ئەم درۆزنەیان ناسی، ئینجا دوای ئەوە بەڵگەنامەی تەزویر کرد بۆ یەکێتی هێنا کە گوایە زیندانی سیاسی بووە، دوای ئەویش ئاشکرا بوو کە ئەمەشی هەر درۆیە و تەزویرە، بەڵکو لەلای بەعس لەسەر شتی ڕەوشتی گیراوە، تەنانەت لە زیندانی منداڵان بووە واتا (سجنی ئەحداث) بووە، پاشان باوکی کرد بە پێشمەرگەی ئەیلول وتی شەهیدە دوای ئاشکرا بوو کە باوکی ناسراوە بە بەکری سەعە چەقۆلە پیاوێکی بەڕێز بووە، هەر بە دەردی خوای مردووە، لێرەدا بۆیە باسی ئەمانم کرد لەبەر درۆکانی مەریوان، چونکە خۆی باسی کردووە دەبێت بە درۆ بخرێتەوە، ئەم نووسەرە درۆزنە کە لە نێوانی (شایلۆغ و ساندەگویردا)، گیرمکردووە

نازانم کامیانی بۆ بەکار بێنم کە دوو کەسی ساختە چین، زۆر جار لە شانۆگەری ئینگلیزدا وەك ئەکتەر ناویان هێناون.

لە کتێبە جنێو ئامێزەکەیدا بە دیدی خۆی موسڵمان وا نیشان ئەدات کە مافی ئافرەت ناپارێزن، ئافرەت بۆ سێکس و لەزەتی جنسی بەکاردێنن و باس لەوە دەکات کە ئەشکەنجەی ئافرەت لە ئیسلامەوە هاتووە، خودی موحەممەد ﷺ بە داوێن پیس ناوزەد کردووە، ئینجا بێحورمەتی زۆری کردووە بە دایکی ئیمانداران بە گشتی. ئینجا سەیری ئەم نووسەرە بکەن ڕەنگدانەوەی کتێبەکەی لە ژیانی خۆیدا ڕەنگی داوەتەوە.

مەریوان پیاوێکی زۆر دواین پیس و چاوبازە زۆر بەدوای نامووسی خەڵکیەوەیە؛ لە دەمی هاوڕێکانی خۆی کە باسیان کردووە چەند جار لە لای کەسە نزیکەکانی خۆی دەیوت "مافی ئافرەت تەنها بۆ ڕازاندنەوەی مەجلیس باشە هەر قسەیە و بڕوام پێی نییە"، کەسێکی نزیکی خۆی پێی ڕاگەیاندم کە چەند جار خێزانی لەسەر داوێنپیسی لێی تۆراوە و شەڕ و ئاژاوە کەوتۆتە نێوانیان. چەندین جار خیانەتی لە خێزانی کردووە، بەڵام خێزانی ئافرەتێکی بەڕێزە و نەیویستووە ماڵی لێ تێك بچێت، لەکۆتاییدا هەر تەڵاقی داوە بەهۆکاری ئەوەی لادێیی بووە. ئێستا خێزانێکی تری هەیە، لە باسی مافی ئافرەت دێمەوە سەر ڕووداوێکی زۆر دڵ تەزێن کە لە خودی مەریوان ڕوویداوە، خوشکی بۆی گێڕامەوە بە دەنگ و دەنگەکەشی تۆمار کراوە و دەڵێت: دایکم

خانەنشین بوو هەموو مانگێك مەریوان دەهات پارەی لێ دەسەند ئەگەر پارەی مەشروبی پێنەمایە، مانگێك پارەكەی دایكم زۆر درەنگ كەوت، مەریوان پارەی لێبڕا بوو بۆ مەشروب بەدایكی وت پارەم بەرێ؛ كە دایكی پێی وت پارەم وەرنەگرتووە، كەوتە جنێودان بە دایكی.

ئەو قسانەی كە ئەو بەدایكی وتووە وەك حورمەتێك بۆ دایكی مەریوانی تەزویرچی لێرەدا باسی ناكەین، چونكە دایكی ئافرەتێكی زۆر بەڕێز بووە خوای گەورە لێی خۆش بێت، بەڵام ئەوە باس دەكەم كە هەڵسا لە دایكی دا و بە قژ ڕایكێشا و وەك بۆی باس كردم ئەوەندە بە ڕق ڕایكێشا دەڵێت دایكم لە بێخی سەریدا خوێنی لێ دەهات و دوو شەو و دوو ڕۆژ لە ماڵی خۆمان سجنی كرد تا خۆی پیس كرد! ئینجا دەرگاكەی لەسەر كردەوە. ئەوە مافی ئافرەتە لای مەریوان! كە هەمان سەرچاوە دەڵێت، چەند جار ویستوێتی بەدوای بەڕازیلییەكەیەوە ڕایكێشت، بەڵام نەمان هێشتووە!

پرسیم بۆ ئەوەندە حاقد و پیس بووە بەرانبەر بەم دایكە بەڕێزە؟

لەدوای وتوێژێكی زۆر ئینجا كێشە و گرێ دەروونییەكەی مەریوانم بۆ ئاشكرا بوو كە ئەم كوڕە هەموو خانەوادەكە گیریان خواردووە بەدەستیەوە ئەوەندە چەتون و هیچوپوچ بووە. وەك باسیان كردووە دایكی بەڕێزی وەك مافێكی سروشتی خۆی لە دوای مردنی باوكی مەریوان شوویەكی تری كردووە چەند منداڵێكی بەڕێزی لەم پیاوە بەڕێزەی دووەم بووە، مەریوانی مافی ئافرەت ئەو حقدەی لە دڵ

هەڵگرتووە تەنانەت بەرانبەر بە براكەی كە لە دایكەوە برایەتی بە ناوی (ط) كە ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا دەژی و حاشا لەم مەریوانە دەكات، چونكە ئەوەندە داخی كردووە بەدڵی دایك و خوشەكەكانی، لەگەڵ دونیایەك موعاناتی تر كە بەجێی هێشتووە بۆ خانەوادەكەی. ئەوە مافی ئافرەتە كە مەریوان تەنها وەك كاڵا بەكاری هێناوە، ئەمانە هەمووی پێشتر باس كردووە و نەیتوانیوە وەڵام بداتەوە، تەنانەت لەسەر تیڤی باس كراوە لە بەرنامەی شەقامدا.

درۆیەكی تری كە هەر زۆر جێگای پێكەنینە لەم وڵاتانەدا وتبوی خەڵكی هەڵەبجە بە شمشێر ویستویانە سەرم ببڕن، داوای بەڵگەیان لێكردبوو ئەم ساختە چیە چوو بوو ڕەسمی دەروێشەكانی حەمەی شێخ عەبدولكریمی هێنابوو لە كاتی زكری دەروێشی خۆیاندا وتبووی ئەوانە بۆ من هاتوون!

لەشاری هەڵەبجەی خۆشەویست بووم كتێبەكەی لە ناو پشتی سەیارەكەماندا بوو لەگەڵ چەند كتێب و گۆڤارێكدا بەرەو باوە كۆچەك و گوڵان بۆ سەیران چوو بووم كەسێكی هەڵەبجەیی نزیك لەم مەریوانە بەناوی (س.م.ا) وتی ئەو كتێبە چییە وتم ئەوە كتێبی هاوڕێ مولحیدەكەی خۆتە كە بڕوای بە ڕوح و خوا و شتی وا نییە.

وتی كاكە بەخوا ئەمە ماوەیەك فاڵی دەگرتەوە لەشاری سلێمانی باسی بورجی دەكرد و خەریكی خەو لێخستنی خەڵك و تەنویەی موغناتیسی و قاوە گرتنەوە بوو، تەنانەت ماوەیەك دەیوت جنۆكەم هەیە

ئیشی پێدەکەم، من بڕوام نەکرد، بەڵام کە گەڕاینەوە لە ماڵی کاک (ح.ت) بووین شەو باسی ئەم فاڵگرتنە هاتە پێشەوە (س.م.ا) وتی توخوا باسی ئەوەی مەریوانمان بۆ بگێڕەوە، ئەویش جنێوێکی پێدا و وتی کەسم تا ئێستا وەك ئەو (...)م نەدیووە.

ماکوان: چی بووە؟

وتی پارەی دنیای لێسەندم و درۆیکرد، هەڵی خەڵتاندم وتی بۆت ئەدۆزمەوە هیچیشی بۆ نەکراوە، تومەز پارەی لێدزراوە چۆتە لای مەریوان بۆی بدۆزێتەوە بە فاڵ!

مەریوان کەسێکی زۆر نارۆشنبیرە و توانای کۆکردنەوەی باسەکانی خۆی نییە لەپڕدا کە زۆرت بۆ هێنا لەبن دەستت هەڵدێت، زۆر بە دەگمەن دەخوێنێتەوە مەگەر پێویستی بە شتێك بێت لەسەر خۆی بکەوێت زۆرتر گوێگرە، توانای لاسایی کردنەوەی خەڵکی زۆر باشە، زوو لە شت پەشیمان دەبێتەوە، ئەو کتێبەی کە نووسیویەتی و ئاماژەم پێداوە چەند جار چاپی کردووە هەموو جارەکانی گۆڕانکاری بنەڕەتی تێدا کردووە هەر ڕەخنەیەکی لێگیرا بێت لەسەر دەقە ئایینییەکان و سەرچاوەکان لە ماوەی چاپکردنیدا لای بردووە، بەڵگەیشم بۆ ئەم قسەیە زۆرێك لە چاپەکانیم تەماشاکردوەتەوە وردەکاریم لەسەری کردووە بەلاپەڕەوە و بە کۆنەکانەوە هەموویم لای خۆم یاداشت کردووە بۆ ڕۆژی خۆی هەڵگیراوە ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەم جنێو فرۆشە، بەدرۆی بخەمەوە کتێبەکەی چەندە شەق و شڕە.

یەك نموونەی بچوك دێنمەوە بۆ ئەوەی دەستکاری تری نەکاتەوە جارێکی تر، چونکە من سایکۆلۆژی مەریوان باش دەناسم ئەشزانم بابی چەندە، چەند شتی خۆی گەورە دەکات پێچەوانەکەی بە کەم تەماشا دەکات، یەکێکی تر لە مەهزەلەکانی ئەوەیە کە نووسەرێك بە ناوی عومەر کەمال دەروێش لە دووتوی کتێبیکی زیاد لە ٢٠٠ لاپەڕەدا وەڵامی داوەتەوە، ئەم مەریوانە ئەوەندە بێئابڕوو بێ شەرمە لەگەڵ چاپە تازەکەدا کتێبەکەی داناوە ناوی ناوە نامیلکە بۆ ئەوەی سەر لە خەڵکی بشێوێنێت، چونکە عومەر کەمال دەروێش لەسەر چاپی یەکەم یاخود دووەم نووسیوەتی ئەم بۆ چەواشەکاری لەسەر کۆتا چاپی دایناوە! پیاوی درۆزن نموونەی مەریوان تەزویرچی.

نموونەیەکی بەرجەستە مەریوان لە باسی سارە خاتوون و هاجەرە خاتووندا زیاد لە ٦٨ سەرچاوەی قورئانی هێنا بوو بۆ باسەکەی کە درۆی کردبوو دەیوت لەو ٦٨ سەرچاوەدا لە قورئاندا باس لەوە کراوە کە سارا بە هاجەری وتوە دەست و قاچت ئەبڕم و بە ئیبراهیم دەڵێت: هاجەرە دووربخەرەوە، تا کۆتایی چیرۆکەکەی لەگیرفانی خۆی دەرهێناوە.

لەساڵی ٢٠٠٦ کۆڕێکم لەگەڵ گرت تەنها یەك چارەك توانی لەگەڵم بەردەوام بێت، پاشان لە کۆڕەکە هەڵهات دەیان بیانووی دۆزیەوە، کۆڕەکە بە تۆمار کراوی لای خۆم ماوە، ئەم باسەم خستە پێش چاوی کە لەقورئاندا شتی وانییە، وتی من ئەو باسەم لە تەورات دەرهێناوە

ئەوە هەڵەم کردووە، لە کاتێکدا کتێبەکەی باسی (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) جوان دیارە.

خوێنەری بەڕێز ئەو باس لە مێژووی ئیسلام دەکات جا نازانم ئەم تەوراتە پەیوەندی چییە بەسەر مێژووی ئێمەی موسڵمان بەڕاستی کتێبەکەی هەر زۆر بازاڕییە تەنها بۆ ئەوە باشە کە ئەدەبیاتی جنێودانی لێوەفێربێت.

مەریوان کەسێکی درێژ دادڕە لە خۆی زیاتر حەز ناکات کەس قسە بکات، دەبڵ مۆڕاڵە لە هەڵسوکەوتیدا زۆر شتی خەڵکی دەهێنێت و دەیکات بەناوی خۆیەوە، خۆی وا نیشان ئەدات کە کەسێکی زۆر بەریئە، بەڵام دڵی وەك گورگە. لەتۆڕی ئینتەرنێتدا کە لە شتێکدا دەیگریت درۆکەی ئاشکرا دەکەیت خۆی وانیشان ئەدات کە هیچ نازانێت، لە کاتی ڕووبەڕوو بونەوەدا کە داوای سەرچاوەی لێ دەکەی دەڵێت برۆ خۆت بگەڕێ، هەرگیز ئامادەی ڕووبەڕوونەوەی لێ نابینرێت، دەڵێت با موسڵمانەکان بێن کۆڕ دەگرین کە داوای لێ دەکەیت بیانو ئەدۆزێتەوە دەڵێ من کتێبم نووسیوە تۆش برۆ وەڵام بدەرەوە! چونکە کەسێکی ترسنۆکە لە ناخدا لەکاتی قسەکردنیدا توانای ئاراستەکردنی نییە، بەڵکو هەر دروشم ئەدا خەڵکی ئێمەش بەگشتی ئاراستەو دروشم لە یەك جیاناکەتەوە، زۆر چەواشەکارە بۆ ئەوەی خەڵکی چەواشە بکات ڕاستی خەڵك دێنێت لای درۆکانی خۆی دایدەنێت.

لە زانستی سایکۆلۆژیدا ئەوە پێی دەوترێت (سەپتیزم) واتا ڕاستی بەرانبەر درۆکەی خۆم دادەنێم تا درۆکەی من ڕاست دەربچێت!

# سەرەتای پرسیاری دڵی خەڵکی و کردنەوەی گومانەکان و وەڵامدانەوەیان

هەرکات موسڵمانان لاواز بوون و ڕاوەدوونران مولحید و بێدین زۆردەبن، هەرکاتێکیش موسڵمانان بەهێز بوون مونافیق و دووڕووەکان زۆر دەبن، ئەم پێوەرە لەدوای ١١ سێپتەمبەرەوە بۆم ڕوونبۆتەوە، جا ئیتر لەدوای هاتنی ئەمریکا بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق ئەم حاڵەتانە دروست بووە.

ئەوان لە ڕێگای تەبشیری و دابەشکردنی ئینجیلەکەی خۆیانەوە ویستیان مەسیحی بڵاوبکەنەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە نەیانتوانی ڕووبەڕووی ئایینی ئیسلام و فیکری ئیسلام ببنەوە بە مەسیحییەت، ناچار ڕوویانکردە خەڵکە نەخوێندەوارەکەی کوردستان و مۆدیلی بێدینیان فێرکردن کە نازانن بۆچی بێ دینن!

پاشان گەڕام بەدوای ئەو پرسیارانەی کە لاوەکانی وڵاتی خۆمان دەیانکرد و بێدین و عەلمانی و مولحیدەکان دەیان وروژاند بۆ چەواشەکاری.

سروشتی مرۆڤ وا هەڵکەوتووە لە یەکێك لە قۆناغەکانی تەمەنیدا پرسیارێك دێت بە مێشکیدا:

ئایا ئێمە کێین؟

ئێمە چۆن دروست بووین؟

یاخود کێ خوای دروست کردووە؟

خۆ ئەگەر ئەو کەسەی پرسیارەکەی لا دروست بێت بەدوایدا بچێت بۆی دەردەکەوێت کەوا ئەو بەهۆکاری دایك و باوکی هاتوەتە دونیاوە، بەهەمان شێوە دووبارە دەبێتەوە بەهەموو سەرچاوەکاندا دەچێتەوە تاوەکو ئەو بیرکردنەوەی کە کێ هەموو ئەمانەی دروستکردووە؟

تا دەگاتە جێگایەك کە پێی دەوترێت خوای پەروەردگار.

هەموو یەکێك لە ئێمە ئەم پرسیارەی بۆدروست بووە، ئایا کێ خوای دروست کردووە؟

سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین کە خوای پەروەردگار دروستکەری هەموو شتێکە و پێش کات و شوێن بوونی هەبووە، ئەگەر ئێمە دروستکەرێك بۆخوا دابنێین ئەوا لە سیفەتی خوایی دەردەچێت و ناتوانین بەو زاتە بڵێین خوا، دوایی دەبێت بڵێین ئەی ئەو زاتە کێیە کە خوای دروست کردووە؟

خوا بەو شێوەیەیە کە لەکەس نەبووە نە کەسیشی لێدەبێت، بەڵام هەندێك کەس ئەم پرسیارە ڕایان دەکێشێت بۆ بۆچوونێك کە خۆیان لەو پرسیارە قوتار بکەن دەڵێن کە خوا بوونی نییە (پەنا بەخوا) بۆیە پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە دەچینە خزمەت زانایانی فەلسەفە و زانستی (ماتماتیك) سەبارەت بەو باسە چی دەڵێن:

زۆرینەی خەڵکی سەر زەوی باوەڕیان بە بوونی خوا هەیە، زانایانی فەلسەفە باوەڕی تەواوەتیان بە بوونی خوا هەیە، بەڵام ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لەسەری هەیە. زانایانی ماتماتیک کاتێك لەم پرسیارە دەکۆڵنەوە هەندێك شت دەدات بەدەستەوە و هەندێك شتیان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەویش زانایانی ماتماتیك زۆر بەسادەیی دەیگەڕێننەوە بۆ سەرچاوە (المصدر)، بۆیە لە ژمارەیەکدا ئەوان دەوەستن و زۆر بەزانستیانە دەڵێن خوا هەیە چونکە دوای ژمارە یەك ژمارە نییە.

تەنانەت لە ئەوروپای دوای ڕێنسانس-دا دوو قوتابخانەی زۆر گەورە لەفەلسەفە دروست بوون بڕوابوون بەخوا بەناوی (قوتابخانەی دیکارت کە تایبەتە بە شك و گومانەکان) و (قوتابخانەی کانت)، ئەم دوو قوتابخانەیە هەردووکیان هاوڕان لەسەر بوونی خوا، بەڵام لە بۆچوونیاندا جیاوازن.

یەکێك لەو قوتابخانانە (قوتابخانەی دیکارت) بوو باوەڕی سەرەتایی (الاول) خوای پەروەردگار هەیە و دەڵێت: خوا ئەم کەونەی دروستکردووە و دواتر وازی لێهێناوە لە ڕێگای خۆنوێکردنەوە گەیشتوەتە ئەم حاڵەتەی ئێستای کە هەیە.

قوتابخانەی دووەمیان (قوتابخانەی کانت)ە باوەڕی بە کۆتایی (الاخر)ی خوای پەروەردگار هەیە، دەڵێت: ئەم کەونە لەڕێگەی سودفە (ڕێکەوت) وە دروست بووە، بەڵام باوەڕی بەوە هەیە کە خوایەك هەیە

ئاگاداری ئەم گەردونەیە، بەڵام ئێمە وەكو موسڵمان باوەڕی تەواوەتیمان بە سەرەتا (الاول)و كۆتایی(الاخر)ی خوای پەروەردگار هەیە.

واتا پێویستە ئەوە بزانین كە خەڵكانێكی زۆر كەم هەن كە باوەڕیان بە بوونی خوا نەبێت و زۆرینەیان باوەڕدارن بەبونی خوای پەروەردگار.

وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا خوا دروستكەری هەیە یان نا؟

پێویستە ئێمە شارەزای زانستی فیزیا بین بۆ بەرچاو ڕوونیمان ئەویش بریتییە: گەردوون پێك هاتووە لە سێ توخم ئەوانیش (كات، شوێن، وزە (الطاقە)) سەرەتای دروست بوونی شوێن (المكان) و وزە (الطاقە) دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێك كە بێباوەڕ و مولحیدەكانیش شان بە شانی ئێمەی موسڵمان باوەڕیان بەو ڕووداوە هەیە ئەویش تەقینەوە گەورەكەیە.

بیگ بانگ (the big bang)

كە خوای پەروەردگار لە ناو قورئانەكەیدا ئاماژەی پێكردووە كە چۆن ئەم گەردوونەی هێناوەتە بوون خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ﴿٣٠﴾﴾ [الأنبياء] واتە: ئایا ئەوانەی بێباوەڕ بوون نەیانبینیوە و بۆیان ڕوون نەبۆتەوە بەڕاستی ئاسمانەكان و زەوی یەك پارچە بوون لەوەودوا لێكمان جیا كردنەوە (كە ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە ئەم ڕاستەقینە لەلایەن ئەوانەوە پەی پێ دەبرێت)، لە ئاویش هەموو شتێكی زیندوومان فەراهەم هێناوە (ئاو زۆربەی

پێکهاتەی لەشی ئادەمیزاد و زیندەوەران و ڕووەك پێکدەهێنێت)، ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن (بەو ڕاستیانە و بە و دەسەڵاتە بێ سنوورەی ئێمە)؟

خوای پەروەردگار لەدروستبوونی کاتدا (الزمان) دەفەرمووێت:

﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ دَآئِبَيْنِ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ﴿٣٣﴾﴾ [إبراهيم] واتە: خۆرو مانگیشی بۆ ڕام هێناون کە بەردەوام لە چەرخ و خولدان، شەو و ڕۆژیشی بۆ خزمەتگوزاری ئێوە ڕام هێنا.

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۖ يُكَوِّرُ ٱلَّيْلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيْلِ ۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ أَلَا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّٰرُ ﴿٥﴾﴾ [الزمر] واتە: ئاسمانەکان و زەوی لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی دروست کردووە، بەشێوەی کەوانەیی شەو بەسەر ڕۆژدا دەهێنێت، بەهەمان شێوەی کەوانەیی ڕۆژیش بەسەر شەودا دەهێنێت (کە ئەمە خۆی بەڵگەیەکی قورئانییە لەسەر شێوازی خڕی زەوی)، ڕۆژو مانگیشی ڕام کردووە و ڕای هێناون (لە فەرمانی دەرناچن و لەخزمەتی ئادەمیزادان)، هەریەك لەوانە لە چەرخ و خولدان تا کاتێکی دیاریکراو، ئاگاداربن: هەرئەو خوایە زۆر بەدەسەڵاتە (تۆڵە لە کافران دەسێنێت و لەدەستی دەرناچن) لێخۆشبووە (چاوپۆشی دەکات لە هەڵەو کەم و کوڕی ئیماندااران).

ئەمانەی باسمان کرد ئاماژەن بۆ دروستکردنی (کات، شوێن، وزە(طاقە)) لەلایەن خوای پەروەردگارەوە.

کەواتە ئێمە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لەڕاستیدا پرسیارەکە خۆی هەڵەیە و بەمشێوە ناگەیتە هیچ ئەنجامێك، چونکە لە بابەتەکە ناتوانین وێنای ڕاستەقینەی خوای بۆ کەین، چونکە ئەو سیفاتەی خوای پەروەردگار لە کەس نەبووە و کەسیشی لێنابێت، قورسە بۆ ئێمەی مرۆڤ وێنای بکەین چونکە ئەم سیفاتە تایبەتە بەخوای پەروەردگار.

وێناکردنی پەروەردگار وەك ئەوەی کە بێنیازە و لە کەس نەبووە و پێویستی و داواکاری بەکەس نییە، ئەمە وەك سیفاتە بەرزو پیرۆزەکانی نییە کە بەشی مرۆڤی داوە و دەتوانین وێنای بکەین.

وەك-الرحمن، الغفور، الکریم هتد...- باقی سیفاتەکانی تری خوای پەروەردگار کە ئێمە دەتوانین وێنای بکەین، چونکە لەنێو خۆماندا بوونی هەیە، ئەگەر کەسێك پێمان بڵێت (خوا لێخۆش بووە) ئەوا ئێمە ڕاستەوخۆ بێئەوەی پرسیار دروست بێت لەلامان دەزانین کەسی بەخشندە چۆنە دەتوانین وێنای بکەین، بەڵام ئەگەر پرسیار لەو سیفاتە بکەین کە خوای پەروەردگار لەکەس نەبووە و کەسیشی لێنابێت ئەوە وێناکردنی کەمێك گرانە چونکە ئەوسیفاتە لە مرۆڤدا بوونی نییە بۆیە زاتی خوای پەروەردگار زۆر جیاوازە بەراورد ناکرێت لەگەڵ مرۆڤدا، خوا دروستکەرە و مرۆڤیش درووستکراوە.

بۆ نموونە ولله المثل الاعلی (هەروەک چۆن مرۆڤ دروستکەری مۆبایلە و سیفەتیان لەیەك جیاوازە ئەگەر مۆبایلەکە بە دروستکەرەکەی بڵێت کەمرۆڤە بۆچی تۆ بەکارەبا ئیشناکەیت؟ ئەوە پرسیارێکی نامەنتقە، چونکە منی مرۆڤ سیفاتم لەو مۆبایلە جیاوازە و بەکارەبا دەمرم هەربۆیە سیفاتی مرۆڤ کە دروستکەرە و مۆبایل کە درووستکراوە جیاوازن، هەرگیز نابن بەیەکتر ئاواش سیفاتی خوا و مرۆڤ جیاوازە و هەرگیز نابن بەیەکتر کەواتە پرسیارێکی زۆر هەڵەیە ئەگەر بڵێین کێ خوای دروست کردووە پرسیارەکە منداڵانەیە زانست، فیکر و فەلسەفە پێکەنینیان بەم پرسیارە دێت.

لەلایەکی تریشەوە ئەم پرسیارە هەر هەڵەیە، چونکە خوای پەروەردگار پێش کات و شوێن بوونی هەبووە، ئێمە ناتوانین وێنا بۆ ئەو باسە بکەین کە چۆن خوا لەکەس نەبووە بۆ نموونە: زاناکان دەڵێن ئەگەر منداڵێك پێش ئەوەی لەدایك ببێت پێی بڵێیت کە تۆ دوای لەدایك بوونت لەڕێگەی دەمتەوە خواردن دەخۆیت و ئێستا لەناو ئاودایت لەجێگایەکی تاریك دایت، بەڵام دواتر کە لەدایك بوویت هەناسە هەڵدەمژیت و خەڵکانی زۆری لێن کە خۆشیاندەوێیت ئەویش ناتوانێت وێنای ئەو حاڵەتی نان خواردن و شێوازی ژیانەی دوای لەدایك بوون بکات، لەبەر ئەوەی تەنها ئاگادارە بەو ژیانەی کە لەناو سکی دایکیدا بوونی هەیە.

ناتوانێت وێنای ئەو ڕووداو و پێشهاتانە بکات کە بۆی باس دەکرێت بەهەمان شێوە ئێمەش بۆ ئەو پرسیارە و بۆ ئەو سیفاتەی خوای پەروەردگار کە لە کەس نەبووە ناتوانین وێنای بکەین، چونکە ئێمە تەنها ئاگادارین بەو ژیانەی کە ئێستا تێیداین دەتوانین وێنای ئەوانە بکەین لە مێشکماندایە و بینیومانن، یاخود هەواڵمان پێدراوە بە پێناسە کردنی.

# دۆزینەوەی سەرەداوەكان

پێشتر ئاماژەم بەوەدا هەركات ئیسلام لە ڕووی هێزی دەسەڵاتەوە لاواز بوو، ئەوە بێدینی و مولحید هەموو سنگ دەردەپەڕێنن و زۆر دەبێت.

هەركات ئیسلام وەك دەسەڵات و هێز بەهێز بوو ئەوە هەرچی مولحید و بێدینە دەبنە مونافیق.

زەمەنی دوای هاتنی ئەمریكا بۆ ناوچەكە بەهێزەوە مولحید و عەلمانییەكان دەنگیان زیاتر بەرزكردەوە بۆ دژایەتی ئیسلام لەڕێگای ڕێكخراو و ڕاگەیاندن و حیزبەكانیانەوە، جا چ لە ڕێگای نووسینەوە بێت یاخود دەنگو بینراوەكان.

بێ هیواییەكی زۆر بەخەڵك بەگشتی و بەتایبەت لاوەكانەوە دیار بوو، هەستم بەوەكرد كە من بەلای كەمەوە خشتێكم یاخود بەردێكم لە ناو ئەم پێكهاتەی ئومەتی ئیسلامییە كە خەڵكی بۆ بەرنامە دەستكردەكەی خۆی هەوڵ ئەدات و خەباتی بۆ دەكات و چالاكە، ئەی باشە بۆ ئێمە وەك ئەوەی خاوەنی ئایینێكی خوای پەروەردگارین هەوڵی بۆ نەدەین؟

ئەگەر خوا هەیە، قیامەت هەیە و دینەکەمان ڕاستە کەواتە پێویستە لەوان زیاتر هەوڵ بدەین. سوپاس بۆ خوا لەو ڕۆژەوە دانەنیشتووم و هەوڵمداوە تا هەستی بەرپرسیاریەتیم بۆ دروست بووە.

ئەمەش هیچ پەیوەندی توانای بە خودی نووسەرەوە نییە، بەڵکو فەزڵ و منەتی خوای گەورەیە بەسەرمەوە، هەوڵم داوە کە هەرچی پێم دەکرێت بیکەم، ئومێدیشم دروستکردنی خەڵکی خواناس و دەستپاکە بۆ دامەزراندنی دەسەڵات و دەوڵەتی ئیسلامی، ئامانجەکەم ئەوەیە کەی پێی دەگەم نازانم یان دەیبەمە ژێر گڵ، بەڵام هەمیشە دەڵێم خوایە نەمرم تا ئەم ئیسلامە بە عەزیزی و بەهێزو تواناوە دەبینم لەسەر دەستی خۆم یان هەر برایەك و ئازیزێکی ترە.

ئەم هۆکارە وایکردووە چەند دوژمن و نەیارم بۆ دروست ببێت، سوپاس بۆ خوا لە هەمانکاتدا بەهەزارەها دۆست و ئازیز و خۆشەویست هەواداریش لەگەڵمدا ڕێدەکەن.

ڕاستە ڕێکخراو نیم بەڵام بۆ خۆم شتێکم و هەوڵم داوە خاوەن مەنهەجێکی تایبەت بەخۆم بم بە ئاشکراو بەڕوونی، شاراوە نەبم لە بەر دیدی خەڵکیدا بۆ ئەوەی گومانەکان برەوێتەوە.

هیواخوازم خەڵکانێك وەك من بیر بکەنەوە تا ڕۆشنبیریان بکەین بەیەك و بتوانین خزمەتێك بکەین، من نە شوێنکەوتووی حیزب و ڕەوتگەرایی و نە کەسایەتیم، وەلائو بەرائم لەسەربنەمای ئیسلامەتی دامەزراوە، تەنها بۆ ئیسلام دەژیم و دەمرم.

خۆم بە گەلی تەوحید دەزانم و یەکتاپەرستم لە بیروباوەڕمدا حەز بە دینداری دەکەم و ئەوەی بۆم بکرێت لەم ئیسلامەدا لە خۆمدا پیادەی دەکەم، پاشان دەیگەیەنمە ماڵ و منداڵم، پاشان دەیگەیەنم بە چواردەور و میللەتەکەمان، گومانیشی تێدانییە ئەگەر توانای هەڵگرتنی ئەو کۆڵەشم هەبێت دەیگەیەنم بە هەموو جیهاندا و بە ئەرکی خۆمی دەزانم، لە ڕەفتارمدا بە بەزەییم بەرانبەر بە هەژارو زەلیلەکان لە ناو هاوڕێ و براکانمدا هەوڵم توندتۆڵکردنی برایەتی خۆمانە؛ کە دەڵێم خۆمان مەبەست تەنها لایەك یان ڕەوتێك یان حیزبێك نییە، بەڵکو هەموو موسڵمانان بە گشتی، بێ سێ و دوو لە ڕووبەڕوو بوونەوەدا چابوك و ئازاو چاونەترسم و توندیشم، بۆ ئەوەی کەس فێر نەبێت خۆیان پێ تاقی بکاتەوە، ئەو دەستەی دەیەوێت بکێشێت بە دەماندا دەستی دەگرین دەڵێین زوڵم مەکە، ئەگەر بەردەوام بوو ئێمە دەمی دەشکێنین بۆ ئەوەی بزانێت ئازاری ئەو پێداکێشانە چۆنە تا بۆ جارێکی تر ئاقڵ و ژیر بێت، بە کورت و پوختی ئەمە ڕێبازمە.

لە قورئاندا خوای گەورە بە دوو شێوە باسی حیزبی کردووە، شێوەیەکیان زۆر ناشرین و قیزەون کە بەشی شەیتانە، شێوەیەکی تریان کە حیزبی الله یەو بەشی خوای گەورەیە بۆ سەرخستنی ئەم دینە کۆبوونەتەوە.

کە دەڵێم حیزبایەتی ناکەم، بەو مانایە نییە وەك هەندێك لە برایانی سەلەفی دەڵێن، بەڵکو مەبەست بەو شێوە میکانیزمەیە کە ڕۆژئاوا

درووستی کردووە وەك نموونەی هەندێك لە حیزبە ئیسلامییەکانی جیهانی ئیسلامی، ئەوان دینداریيان بەلاوە زۆر گرنگ نییە، دەبینین لە قیاداتیان چۆن یاری بە ئیسلام دەکەن و وەك پەیژە بەسەریدا سەردەکەون بۆ ئەوەی عەلمانییەکان لە خۆیان ڕازی بکەن، جارێك بەناوی دیموکراسی و جارێ بەناوی لیبراڵی هەر جارەو بەناوێکەوە، بەڵام لای من دەبێت دینداری و خواپەرستی پێشەنگ بێت نەك حیزبایەتی، ئەشێت کەسێکی دیندار لەگەڵ من نەبێت، بەڵام دەکرێت گوێی بۆ بگرێت دەرسی لا بخوێنرێت با یەکگرتوو، بزووتنەوە یاخود کۆمەڵ بێت ئەمانە هەموو خەڵکی دیندارو بەڕێزن و هەوڵیانە بۆ سەرخستنی ئیسلام.

من وەك هەندێکیش نیم بۆ مانەوەی خۆم وەك ماکوان ئامادەبم سەربکەم بە کۆشی ئەم و ئەودا و دەیان جاسوسی و عەمالەتیش بکەم بۆ ئەوەی وەك خۆم بمێنمەوە، بەس تەنها بۆ ئەوەی پێی بڵێن شکور بۆ خوا بوونی لە ساحەکەدا هەیە، چونکە بە گشتی ئەم سایکۆلۆژیەتی زەعامەتە، دەمی هەر زەعیمێك دەکەیتەوە دەڵێن هەین و ئێمە لەگۆڕەپانداین، زەمەنی خۆشی دێت بپرسین ئەی کە هەن کوان؟ لەوانەیە بپرسن ئەی تۆ چیت و چۆن ڕێ دەکەیت؟

لەوەڵامدا بە دڵنیایەوە دەڵێین موسڵمانین، بەڵام دەبێت پێناسەکەمان بزانن.

وەك ماكوان لەسەر تەوژم و ئاراستەی قورئان، سوننەت
شوێنكەتوانی ئەهلی سەلەف هەنگاو دەنێم ئەوەندەی كە دەتوانم
خۆم بە جیاواز دەزانم بەم خاڵانە

یەكەم: بەهیچ جۆریك تەنازول لە ئایینەكەم ناكەم بۆ دیموكراسییەكی
پینە و پەڕۆ و لیبراڵییەكی شەق و شڕی ڕۆژئاوا.

دووەم: بەهیچ جۆریك سەر دانانەوێنم بۆ شیعە و هەموو
داگیركەرێك كە بیرو باوەڕو وڵاتمان داگیر بكات و بیەوێت خۆی
بسەپێنێت بەسەرماندا.

سێیەم: من لە بازنەی خۆمدا ئوصوڵیم و ديندارم و پابەندم
بەئایینەكەمەوە، بەڵام كە لە بازنەی خۆمدا دەرچووم لەسەر بنەمای (لا
اكراه فی الدين) بازنەی كەسانی تر نابەزێنم.

چوارەم: خۆم بە نیشتیمانپەروەرو كوردستانی عەیارە ٢٤ دەزانم
سنوورەكانی كوردستان و پێگەی خەڵكی موسڵمانی خۆمان بەرز
ڕادەگرم، تەنانەت ئەو كوردەشی كە بۆ مافی ڕەوای میللەتەكەی خۆی
شۆڕش دەكات من وەك ماكوان پشتی دەگرم، لەسەر بنەمای مافی
ڕەوای میللەتەكەماندا هەوڵ بدەن پشتی دەگرم، ئەگەر پەكەكە بێت،
یان دیموكرات بێت یاخود پەژاك، بەڵام دژایەتی دینی كرد هەر كەسێك
بێت كافرە و ڕووبەڕووبوونەوەی بە واجب دەزانم.

پێنجەم: دەسەڵاتداری عەلمانی بە وەلی ئەمر نازانم ودوعای خێر بۆ زاڵم و تاغوتان ناکەم، سەر بۆ هیچ پارە و مەنصەبێك دانانەوێنم، زیندانم لە هەموو ئەوانە پێباشترە تا دینداریەکەی لە پێناودا دابنێم.

شەشەم: من پاراستن و ئاسایشی خەڵکی وڵاتی خۆمم بەلاوە گرنگەو بە ئەرکی قیامەتی و پاشان نیشتیمانی دەزانم.

حەوتەم: ئەوەی ئەهلی جیهادە لای من خۆشەویستە، هیچ کات ناو و ناتۆرەیان بۆ نادۆزمەوە، وەك وشەی توندڕە و میانڕە و تیرۆریست و هتد...

هەشتەم: هەرگیز من ناڵێم دیمکراسیم پێ قبوڵە و دەشێت موتوربە بکرێت لەگەڵ ئیسلامدا، بیروباوەڕمان دامەزراوە لەسەر بیروباوەڕی ئیسلامەتی ڕەسەن.

نۆیەم: وەك هەندێك لە موسڵمانەکان نیم لە ئەوروپادا وەك مەسیحییەکانیان لێهاتووە جومعە و جومعە دێنە مزگەوت وباقی ڕۆژانی تر کەس نایانبینێت، پابەندم بە قورئان خوێندن و زیکرەکان و دینداریمەوە.

دەیەم: لە موخابەرات و زیندان و سێدارە و فیشەك لە هیچی ناترسم، گوێرایەڵ و پابەندم بە ئیسلامەوە هەرکەس هەر فەرمانێك بڵێت لەسەربنەمای ئیسلامەتی دەستبەجێ پیادەی دەکەم.

یازدەیەم: کەس بە ڕابەڕ و مەرجەعی خۆم نازانم وەك شەخس، چونکە ئەوەی کە ناسیومە هێشتا قابیلی ئەوەی نەبووە کە بەیعەتی پێبدەم.

دوانزەیەم: هەوڵم بۆ سازاندی زەمینەی ئیسلامی و بەهێزکردنی فیکری ئیسلامەتییە لە کوردستاندا بە هێزو توانای خۆیەوە، وەك هەموو فیکری عەلمانییەکانی تر بە میکانزمێکی ئاشتیانە ئەگەر ڕێگە بدەن تا بانگەشە بۆ بیروباوەڕی خۆم بکەم بە ڕاشکاوانە.

هەمیشە لەسەر ئەوە کارم کردووە کە ورە و توانای موسڵمانان بەرز ڕابگرم و نەهێڵم بکەون ئەگەر لەوپەڕی بێتواناییدا بووبن زانیومە ئیسلام کۆتایی مێژووە.

هەندێك لە خەڵکی کە پەیوەندی بە منەوە دەکەن زۆر بێ هیوا دەردەکەون بەرانبەر بە ئیسلام پێیان وایە ئەستەمە هەڵسانەوەی ئەم ئوممەتە و گرتنەوە دەستی دەسەڵات لەلایەن موسڵمانەوە، زۆرجار بێ هیوایی ڕووی کردۆتە هاوڕێکانم هەرچەندە من ناحەقی ئەو خوشك و برایانە ناگرم، چونکە عەلمانییەکان چوار تاوانی گەورەیان ئەنجامداوە بەرانبەر بەخەڵکی موسڵمان لەسەر خاك و زێدو مەڵبەندی خۆیان ئەوانیش بریتین:

تاوانی یەکەم: دروستکردنی موستەشریقەکان؛ موستەشریقەکان (ڕۆژهەڵاتناسەکان) کۆمەڵێك زاناو لێکۆڵەرەوەی داخ لەدڵی ڕۆژئاوان پیسترین و دڵ ڕەشترین خەڵکن، دێن قورئان و سوننەت دەخوێنن و

مێژووی ئیسلام و هەموو زانستەکانی ئیسلام وەردەگرن، نەك بۆ ئەوەی هیدایەت وەربگرن نا، بەڵکو بۆ ئەوەی تانەو تەشەرو تەزویری مێژوو و شوبوهات دروست بکەن، تەنها مێژوویەکی شێوێنراو باسێکی سیاسی ڕوت بدەن بەخەڵکی موسڵمان، بڵێن ئەوە مێژووەکەتانە، ئیتر زانست و زانیاری، میعماری بینا، پیاوچاك و پیاوی دیندارو خواناس هەمووی ئەشارنەوە.

تاوانی دووەم: دروستکردنی گەرای خۆیان لە ناو موسڵماناندا، کە موعجیبیان دەکەن بەخۆیان واتا بە عەلمانییەتی ڕۆژئاوا سەرسامیان دەکەن، پاشان بەچکە موستەشریق دروست دەکەن تا کاری ئەوان بکەن لەناو ئەهلی ئیسلامدا و کە من ناوم ناون بە ڕۆژئاواچییەکان.

ئەمانە کاریان ئەوەیە وەك تووتی شتی ئەوان بڵێنەوە، وەك زەڕنەقوتە دەمیان کردۆتەوە تا ڕۆژئاوا و موستەشریقەکان کرمی خۆیان بکەن بەدەمی ئەم زەڕنەقوتە عەلمانیانەی وڵاتی موسڵمانان.

تاوانی سێیەم: گەورە نیشاندانی ڕۆژئاوا؛ دەیانەوێت هەموو شتێکی ڕۆژئاوا بە چاکو خراپیانەوە بگوازنەوە بۆ وڵاتی موسڵمانان.

چاکەیان هەیە، بەڵام پۆخڵەواتیان خۆیانی بێزار کردووە، کەچی عەلمانییەکانی وڵاتی موسڵمانان زیاتر داوای پۆخڵەواتاکان دەکەن.

تاوانی چوارەم: شێواندنی واقیعی وڵات و میللەتی موسڵمان؛ بۆ نموونە ئەوەی ڕیشی هەبێت و پابەند بێت بە ئیسلامەوە ناویان ناوە ئیرهابی، ئەوەی داوای شەریعەتی خوا بکات ناویان ناوە ڕەجعی و

دواکەوتوو، موحەجەبە بووە بە دێو...، هەروەها لەڕاستیدا ئەگەر بمەوێت لەسەر ئەم چوار تاوانەی عەلمانی بنووسم زۆری دەوێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەنووسم و ڕوونی دەکەمەوە بە شێوەی مێژوو لە داهاتوویەکی نزیکدا بەناوی مەملەکەتی سەهۆڵبەندان گرنگە ئێوەی خوێنەر بزانن ئەم چوار تاوانەی عەلمانی هۆکاری دواکەتووی وڵاتی ئێمەیە!

خوای گەورە لە سوننەت و نەوامیس و ڕێسای کەونی خۆیدا وا دایناوە کە دەبێت دەسەڵات دەستاو دەست بکات.

تاکە ئایینێك لە سەر زەویدا دەمێنێتەوە لەناو ناچێت ئایینی ئیسلامە، لە هەندێك زەمەندا زەلیل دەبێت، بەڵام بە عیزەتەوە هەڵدەستێتەوە. لەهەندێك کاتدا دەکەوێت، بەڵام دوای وەك شێر ڕادەپەڕێتەوە.

ئەوەی گرنگە کە تۆی موسڵمان بیزانیت ئەوەیە کە ئیسلام لەناو ناچێت، ئەگەر لە ناو چوو ئیسلام نەما، ئەوە زەویش کۆتایی پێدێت واتا قیامەتە، چونکە هەموو گەلانی تر لە ناوچوون نەماون؛ بۆ نموون:

کوا شارستانییەتی ڕۆم؟

تەنها هەندێك پایە و بینا و ئاسەوارێکی ڕووخاوی داچەکاوی نەبێت هیچی نەماوە!

کوا شارستانییەتی ئیغریق؟

تەنها کۆمەڵێك فەلسەفەی بەتاڵ و هەندێك مەعبەدی وێرانی وەثەنی نەبێت هیچی نەماوە!

کوا شارستانییەتی فارس؟

کە لەدوای خۆی هیچ میراتیشی جێنەهێشتووە!

کوا شارستانییەتی تەتار؟

کە هەموو دنیای داگیر کرد، کوان چییان لێهات؟

کوا شارستانییەتی فیرعەونەکان؟

کۆمەڵێك خاك و خۆڵ و بتو هەیکەل نەبێت چییان ماوە؟ فیرعەونەکان یان مۆمیا کراون یان لە ناو سکی خاکدا ڕاکشاون!

کوا ئیمپراتۆریەتی قەیصەری ڕووسی؟

کە وجودی ئەرتۆدۆکسیش نەماوە لەسەر زەویدا!

کوا دەسەڵاتی کۆمەنیزمی شورەوی و بەلشەفی؟ کوا سوپای (سوور)ی؟

چیان لێهات؟ نابینن چۆن ئاوا بوون!

کوا ئیمپراتۆری گەورەی دنیا، ئینگلیز؟ کە دەوترا ڕۆژ لە ئیمپراتورەکەیدا ئاوا نابێت، ئێستا زەلیل و حەقیر شوێن کەوتووی ئەمریکایە!

لەکۆتاییدا موسڵمان سەربەرز بکەرەوە و فرمێسکی چاوت بسڕە و سنگ دەرپەڕێنە خوای گەورە هەرگیز ئیسلام لە ناو نابات، چونکە دەبێ شاهید بێت بەسەر هەموو گەلانی تری دنیاوە، ئەوە موعجیزەی ئیسلامە کە بەم نزیکانە دەسەڵات لە هەموو جیهان وەردەگرێتەوە.

بەڵگە چییە بۆ ئەم قسەیەی من؟

تەماشای مزگەوتەکان بکەن نەك لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو جیهاندا ساڵی ١٩٦٠ تەنها پیاوە پیرەکان لە مزگەوتدا دەبینران، ئێستا ئەوەی کە زۆر دەچێتە مزگەوت لاوەکان و منداڵەکانن، تەماشای ئافرەتانی باڵا پۆشی سەربەرز بکەن، جاران تا ساڵی ١٩٨٠ لە دانشگایەك ئەگەر یەك ئافرەت موحەجەبە بوایە، بەڵام ئێستا لە تەلەفزیۆنی عەلمانییەکانیشەوە دەیانبین، سوپاس بۆ خوا هەموو دانشگاکان پڕیەتی لە پاڵاپۆشە سەربەرزکان.

تەماشای پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب بکەن، زۆرترین فرۆش و ئەوەی ئیزدیحامی لەسەرە تەنها کتێبی ئیسلامییە.

تەماشای دەسەڵاتی عەلمانییەکان بکەن، ناوێرن بڵێن ئێمە عەلمانین و ناچارن بە ئاشکرا دان بە مەرجەعییەتی ئیسلامدا بنێن.

تەماشای ڕۆژئاوا بکەن شارو شارۆچکە نییە موسڵمانان مزگەوتیان تێدا نەکردبێتەوە، ڕۆژ بەڕۆژ ڕێژەی موسڵمانان زیاد دەکات.

تەماشای ڕاگەیاندنەکان بکەن لە جیهاندا ناچارن تەعامول لەگەڵ موسڵمانان‌دا بکەن، بە هەموو شێوەیەك.

تەماشای ئابووری و بۆرصەی جیهانی بکەن، بەشی بانکی ئیسلامی کراوەتەوە کە تەعامول بە ڕیبا ناکات لە ڕۆژئاوادا، کەواتە هەستانەوەمان ئاسانە، بەڵام بەداخەوە هەر کەسە و ڕاچڵەکاندنێکی دەوێت.

تەنها پێویستمان بە تیۆرێکی سیاسی بزاڤی ئیسلامیە، کە لە ماستەرنامەکەمدا بەناوی گوتاری سیاسی ئیسلامی بە دووردرێژی باسم کردووە.

# بیرکردنەوە لە ئیسلامدا، ڕێگای گەیشتنە بەخوا و خوای گەورەت پێدەناسێنێت

بیرکردنەوە لەناو دینی ئیسلامدا بابەتێکە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، تاکی موسڵمان دەتوانێت بەهۆی بیرکردنەوەوە ئامانجی دین و ژینی بپێکێت.

زۆرجار هەندێك موسڵمانی بەڕێز تانە لەوە دەدەن دین فیکرە و نابێت بیرکردنەوەی تێدا بێت، بەڵام ئێمە دەڵێین: پێشەوای ئێمە پێغەمبەر ﷺ لەدەرەوەی وەحی کەسێك بووە کە بیری کردۆتەوە، هەندێك جاریش فیکرە و بۆچوونی کەسانی دەوروبەری وەرگرتووە.

پێغەمبەر ﷺ ڕاوێژی (شورا) بەکار هێناوە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا، نموونە بۆ ئەم باسە کاتێك لەجەنگی بەدردا بوون ڕاوێژی کرد بە (حباب بن المنذر) ئەویش فیکرە و بۆچوونی دا کە ئەو جێگە بۆ جەنگکردن ناشێت، ئەمەش زادەی بیرکردنەوەی ئەو هاوەڵە بەڕێزە بوو ڕەزامەندی خوای لێبێت.

خوای پەروەردگار لە قورئانەکەیدا کە کەلامی خۆیەتی، داوای لە پێغەمبەران-علیهما السلام- و ئێمەی موسڵمان کردووە بیر بکەینەوە و

تێفکرین، نموونە بۆ تێفکرینی پێغەمبەری خوا ﷺ کاتی چوونییەتی بۆ ئەشکەوتی حیراء پێش هاتنی وەحی و بیرکردنەوەی لەم گەردوونە.

هەروەها پێغەمبە ابراهیم-علیە السلام- تێفکریوە و بیریکردۆتەوە لە گەردوون و درووستکراوەکانی خوای پەروەردگار.

لەسەر مرۆڤی موسڵمان پێویستە هەمیشە بیربکاتەوە و تێبفکرێت لە هیوا خواستندا بێت بۆ زانست و وەرگرتنی زانیاری، ئەگەر دووربێت لە بیکرنەوە و هیوا خواستن بۆ زانست ئەوا کەرامەتی خۆی لەدەست دەدا و لە مرۆڤ بوونُ دەردەچیت بەم هۆکارەیە مرۆڤی موسڵمان دەکەوێتە بەر تانە و توانجی مرۆڤە بێباوەڕەکان (مولحد) وەك خاڵی لاوازی موسڵمان بەکاری دەهێنن، بەڵام لەڕاستیدا بیرکردنەوە لەگەڵ مرۆڤی موسڵماندا پێویستە دوو شتی لێك دانەبڕاو بن.

پێویستە لەسەر مرۆڤی ئیماندار تێ بفکرێت و بیربکاتەوە وەك چۆن خوای پەروەردگار پێویستی کردووە خوای پەروەردگار لە فەرمایشتە موبارەکەکەیدا بە ڕوونی ئاماژی بۆ ئەم باسە کردووە و دەفەرمووێت:

﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ بَدَأَ ٱلْخَلْقَ ۚ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ۝٢٠﴾ [العنکبوت] واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: با بگەرێن بە زەویدا، تەماشا بکەن و سەرنج بدەن چۆن ئەو زاتە دروستکراوانی بەدیهێناوە، لەوەودواش هەر خوا سەر لەنوێ درووستیان دەکاتەوە (بە شێوەو شێوازێکی تر ئاسمانەکان و زەوی و

ئێمەش دەهێنێتەوە کایە) بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

لێرەدا خوای پەروەردگار داوا لە بەندەکانی دەکات بگەڕێن و بیربکەنەوە، خوای پەروەردگار لە چەندین ئایەتی دیکەدا دەیەوێت فێری پرسیارکردن و گەڕان بەدوای زانیاریمان بکات، بۆ نموونە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿۞يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِۖ...١٨٩﴾ [البقرة]

﴿۞يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِۖ...٢١٩﴾ [البقرة]

﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِۖ...٢٢٢﴾ [البقرة]

هەموو ئەم ئایەتانە بە یەك وشە دەستپێدەکەن کە هانی مرۆڤی خواناس ئەدات بۆ پرسیارکردن و تێفکرین، ئەم شێوە دواندنەی خوای پەروەردگار برتییە: لە ئەکادیای بنچینەکانی فەلسەفە و گەڕانە بەدوای ونبوەکاندا.

مرۆڤ بە چوار توانای بیرکردنەوەی جیاوازدا تێدەپەڕێت، سێیان لەو توانایانە هەموو گیانداران تیایاندا هەیە و بەشدارن، بەڵام توانای چوارەم تەنها لەنێو مرۆڤەکاندا بوونی هەیە.

یەك لەو توانایانە بیرکردنەوەی هەستی کە بریتییە لە؛ بیرکردنەوەیە کە پەیوەندی بە بینین و بیستن و تامکردن و دەستلێدانەوە هەیە و توانای بیرکردنەوەی عەقڵییە.

توانای بیرکردنەوەی خەیاڵی: بیرکردنەوەیەکە پەیوەندی بە خەیاڵ و بۆچوونی تایبەتی مرۆڤەوە هەیە کە خودی خۆی وێنا بۆ شتەکان دەکات.

توانای بیرکردنەوەی وەهمی: بیرکردنەوە لە کەسێك یان شتێك بەپێی وێناکردنی خۆت کە فڵانە کەس خەمبارە یا دڵخۆشە.

پێویستە ئەم توانایە تەواو ڕەنگ بداتەوە لەناو ژیان و کاردانەوەی هەبێت لەخودی موسڵماندا، چونکە بێباوەڕەکان تەواو پشت دەبەستن بە توانای بیرکردنەوەی هەستی، بەتایبەتی لە بوونی خوای پەروەردگار داوای بەڵگەی بینین و بیستن و دەست لێدانەوە لە ئێمەی ئیماندار دەکەن.

توانای بیرکردنەوەی عەقڵی: زۆر گرنگە لە ناو ئێمەی موسڵماندا بوونی هەبێت، لەبەرئەوەی توانا و دەستگرتنی تەواوی هەیە بەسەر توانای بیرکردنەوەی هەستی، کە بێباوەڕەکان تەواو پشتی پێدەبەستن، بە نموونە چۆن مرۆڤێك لەدوورەوە تراویلکە (سەرابێك) دەبینێت، ئەگەر تەنها بە توانای بیرکردنەوەی هەستی لێکیبداتەوە دەبێت چاوەڕوانی گەیشتن بە ئاو بکات، بەڵام ئەگەر بە توانای بیرکردنەوەی عەقڵی حاڵەتەکەی لێکدایەوە و زانی کە تراویلکە یە ئەوا بە هیوای بوونی ئاو ناچێتە جێگاکە، دەزانێت بە بەکار هێنانی توانای بیرکردنەوەی عەقڵی بۆی دەرکەوت و بیری کردەوە کەوا تراویلکە نابێتە ئاو، ئەم بیرکردنەوە عەقڵ ڕێکی دەخات.



CamScanner

یەکێک لەو نمونانەی پێویست بە بەکارهێنانی توانای بیرکردنەوەی عەقڵی دەکات، ئەوەیە کە چەند ساڵێك لەمەوبەر هیچ کەسێك نەیدەزانی لەناو هەوادا ڤایرۆسێك هەیە بەچاو نابینرێت و زۆر بچووک دەچێتە ناو لاشەی باڵندەوە و دەبێتە هۆی ئەنفلوەنزا و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ.

پرسیار بۆ بێباوەڕان: ئایا بە بەکارهێنانی توانای بیرکردنەوەی هەستی ئەم ڤایرۆسە بوونی هەیە؟

لەوەڵامدا دەڵێین:

نەخێر، چونکە توانای بیرکردنەوەی عەقڵییان تەرك کردووە لەکاتێکدا دۆزینەوەی ئەم ڤایرۆسە بە بیرکردنەوەی عەقڵییە، بۆیە کاتێك ئێمەی موسڵمان باسی خوای پەروەردگار دەکەین بە هەستی بیرکردنەوەی عەقڵی پشتڕاستی دەکەینەوە.

خوای پەروەردگار نە دەتوانرێت ببینرێت وە نە دەستی لێبدرێت، بۆیە خوای پەروەردگار لە فەرمایشتە پیرۆزەکەیدا داوای بیرکردنەوەمان لێدەکات تا بیربکەینەوەو تێبفکرین و بگەین بە درووستکراوەکانی بە زانست تا زاتی بەرزی بناسین.

پێویستە مرۆڤی موسڵمان لەو کەسانە بێت کە خاوەنی بیرکردنەوەن و هەمیشە لە پرسیار کردندا بێت هەوڵبدات بۆ وەرگرتنی زانست، لەڕاستیدا خوای پەروەردگار داوامان لێدەکات بیربکەینەوە و تێبفکرین، ئاقڵترین کەس ئەو کەسەیە کە هەوڵدەدات بۆ وەرگرتنی

زانست و زانیاری، نەفامترین کەسیش ئەوکەسەیە کە وادەزانێت زانایە، هەموشتێك دەزانێت و پێویستی بەوەرگرتنی زانست نییە.

ئیسلام وەك هەموو بەرنامەکانی تری جیهان خاوەنی فیکرە، جا هەندێك لە موسڵمانان لەوانەیە بپرسن فیکری ئیسلامی چییە؟

هزر و دید و تێڕوانینە لای من لە ئایین، گەردوون، ژیان، مرۆڤ و دەسەڵات لە ئەنجامی بیرکردنەوە لەو چەمکانەوە دێت کە نوێگەرییەکی وەك داهێنانی پێببەخشێت، بیر یاخود هزر لە زمانی کوردیدا لەئەنجامی هزر کردن و بیر کردنەوە وە سەرچاوەی گرتووە. لە زمانی عەرەبیشدا بە هەمان شێوەیە لە تەفکیرەوە هاتووە چونکە ئەنجامی ئەقڵە؛ ئەقڵ ئاراستەی دەکات، بەڵام لەسەر بوونیادی شتێك کە بوونی هەیە، نەك بێ بوون بێت، ئەگەر لێکۆڵینەوەت لەسەر شتێکی بێ بوون کرد، یاخود داهێنانت تێدا کرد ئەمە دەچێتە خانەی فەلسەفە نەك فیکر، چونکە زۆر کەس لەناو ئیسلامییەکان ئەم دووانە تێکەڵ دەکەن ئەگەر بڵێین پێناسە بۆ فیکری ئیسلامی چییە کاریگەرییەکانی چین لەسەرمان؟

لەڕاستیدا ئەمەیان من ناتوانم پێناسەی بکەم، لەبەر ئەوەی ئیسلام بۆ خۆی ئایینێکی زۆر گەورەیە، دەبێت بگەڕێینەوە خزمەتی زانایانی ئەم ئایینە ئەوان پێناسەی بکەن، بەڵام دەتوانم بە گشتی لەفیکر قسە بکەم چونکە زادەی بیری مرۆڤە، کە هاتە ناو چوارچێوەیەکەوە ئەوا من خاوەنی نیم، بەڵکو خاوەنی خۆی هەیە.

ئیمامی غەزالی ئەو پیاوە گەورەیە کە تەنهایە لەو بوارەدا لە نێوانی ئەقڵ، ئەقل، دڵ، ڕۆح و جەستە پارسەنگی دادەنێت و هزر دەکاتە کاڵاو دەیکات بە باڵای هەموویدا، دەڵێت:

"ئەگەر دەق تینوێتی شکێنی ڕۆح و دڵە ئەوا هزر تێرکەری ئەقڵە دوو مەعریفەیە سەرچاوەکەی دڵە ئەو مەعریفە دەست دەخات کە دەبێتە حەتمیەت لە هزردا.

ئیمامی جوینی مامۆستای غەزالی دەفەرموویت:

"هزر بریتییە لە دیدی مرۆڤ، ئەم هزرە وادەکات مرۆڤ دەگەیەنێتە دیدێکی باڵا، ئەویش لەسەر دووبنەما دادەمەزرێت، دیدی چاکی ئەوپەری باڵاو دیدی فاسد ئەوپەری باڵا".

ئیسلام بۆ خۆی کاریگەری هەیە لەسەر من نەك فیکرەکەی، فیکر دەرئەنجامی بیری مرۆڤە، ئایینی ئیسلام بۆ خۆی وەحییە لە چوارچێوەی ئەو وەحییە مرۆڤ بیرو هزرڤانی تێدا بەکاردێنێت بە مەرجی ئەوەی کە بەیەکدا نەکێشێت لەگەڵ دەقە کۆنکرێتییە قورئانییەکاندا.

فیکری ئیسلامی بۆ خۆی چییە؟

تێڕوانینی مرۆڤی موسڵمانە و داڕشتنەوەی گوتاری ئیسلامیە و بەرهەمی تێگەیشتنی تاکی موسڵمانە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا، وەك فیکری سیاسی، گوتاری فەلسەفی، ڕەوشتی سیاسی و دیدو

تێڕوانین لەم بوونە، ژیان، دەسەڵات و مرۆڤ لەسەر چەمکەکانی ئەدوێنین.

واتا بە بۆچوونی من: بۆچوونی ئیسلامی ئەو بەرهەمەیە کە مرۆڤ دەستەبەری دەکات و بەکاری دێنێتەوە بۆ خزمەتی دین و کۆمەڵگەکەی کە دوو ئامانجی پێ بپێکێت.

یەکەم: ناسینی خوا و قیامەت.

دووەم: دابینکردنی پرۆژە بۆ خزمەتی کۆمەڵگا.

جیاوازی نێوان جیهانبینی و فیکر چییە؟

جیهانبینی بۆ خۆی بەرهەمی فیکرە، بەڵام تێڕوانینی کەسێکە کە قاڵ بۆتەوە لە بیرو هزری خۆیدا بۆ ژیان و دەسەڵات و گەردوون. شیکاری بە فیکری دەکات بۆ چەمکەکانی ژیان یان جوانتر بڵێم ئایدۆلۆژیای لەسەر دادەمەزرێت، بەمەش دەوترێت جیهان بینی.

# بۆچی بێ باوەڕەکان باوەڕناهێنن؟

ئایا هۆکاری باوەڕنەهێنانیان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟
ئایا هۆکارەکەی نەبوونی دڵنیایی و باوەڕی دامەزراوە؟
بەهۆی ئەو دووڕیان و ڕاڕاییەی تێی کەوتوون؟
ئایا نکۆڵی کردن و خۆ گێل کردنە لە ڕاستی و حەقیقەت؟
یاخود بوون بە مولحید بەهۆکاری بەرژەوەندی تایبەتیی و نان خواردن و دەستکەوتنی ماڵی دونیا بەهۆی ئەو فیکرە؟
وەك نموونە لای خۆمان بەدی دەکرێت!

پێش چوونە ناو باسەکە بە بەڵگەیەکی فیکری و عەقڵی دەست پێدەکەین، ئەگەر مرۆڤێکی ژیر دەست بەنووسینی کتێبێك بکات کە پێک هاتبێت لە ۱۰۰۰ لاپەڕە، پاشان مرۆڤێکی دیکەی ژیر هەمان کتێب بچوك بکاتەوە بۆ ۵۰۰ لاپەڕە بەبێ لەدەستدانی ماناو جەوهەری بابەتەکە بەهەموو پێوەرێك کەسی دووەم بەتواناترو ژیرترە.

مرۆڤێك بیرۆکەی دروستکردنی سیدییەك بکات؛ توانای لەخۆگرتنی ۵۰ کتێبی هەبێت، بێگومان ژیری ئەم مرۆڤە زۆرترە لە ژیری دوو مرۆڤەکەی پێشووتر، ئەگەر مرۆڤێکی دیکەی ژیر مێشکی بەکاربهێنێت بەدروست کردنی میمۆریەك زیاد لە ۱۰۰۰ کتێب لەخۆ بگرێت، بێگومان ئەم جۆرە مرۆڤە لە تەواوی مرۆڤەکانی دیکە ژیرترە

کەناماژەمان پێداون، لەکاتێکدا ئەوان خاوەنی ژیریەکی تایبەت بوون بەخۆیان.

ئەگەر بڵێین زاتێك دروستکەری ماددەیەکی بچوکە (DNA) بریتییە: لە شریتێك کە لە ناویدا ناوکێك هەیە، ئەم ناوکە لەناو خانەیەکدایە کە بەکۆدی تایبەتی دەکرێتەوە، بچوکی بەڕاددەیەکە هێندەی کەدەبێت بە تلیسکۆبی زیرەك ببینریت توانای هەڵگرتنی زانیاری هەیە بە جۆرێك، ئەگەر ٥٠٠ جار کتێب لەسەریەك دابنێین تا بەرزایی مانگ ئەو ماددەیە توانای هەیە لەخۆی بگرێت.

دروستکەرەکەی خوای پەروەردگارە، هەڵبەت هەموو کەسێکی خاوەن عەقڵ دەڵێت: کە ئەم زاتە وێنەی نەبووە و نییە و ناشبێت.

ئەم ژیریە لەدرووستکردندا بووە هۆی گۆڕینی باوەڕی چەند زانایەك لە بێباوەڕیان بەخوای پەروەردگار بۆ باوەڕداریان بەبوونی خوای پەروەردگار!

زۆربەی ئەوانەی کە بەهۆکاری (نەبوونی دڵنیایی و قەناعەت و دووریان و ڕاڕاییەی تێی کەوتوون) بوون بە کەسێکی بێباوەڕ (مولحید) بەئەگەرێکی زۆردەگەنە ڕاستی و باوەڕهێنان بە بوونی خوای پەروەردگار. سەبارەت بەم جۆرە بوون بە بێباوەڕ (مولحید)ە چەندان نموونەی ڕاستی بەردەست هەن لەزاناو ناودارانی بێباوەڕ (مولحید) کە ئیان و باوەڕیان بەبوونی خوای پەروەردگار هێناوە.

(DNA) کە درووستکراوی خوای پەروەردگارە لەمرۆڤدا بوونی هەیە، بووە هۆی ئەوەی زانایەکی ناوداری بێباوەڕ (مولحید) بەناوی فرانسیس کۆلین (Francis Collin) باوەڕ بەبوونی خوای پەروەردگار بهێنێت، هەروەها ئەمە بووە هۆی ئەوەی یەکێکی تر لەزانا بێباوەڕەکان دوای ٥٠ ساڵ لە بێباوەڕی دوابەدوای فرانسیس کۆلین ( Francis Collin) گەیشتە دڵنیایی تەواو لە بوونی خوای پەروەردگار ئەویش بەناوی ئەنتۆنی فلیو(Antony flew) پرۆفیسۆر لەزانکۆی ئۆکسفۆرد بەشی فەلسەفە، لەساڵی ١٩٨٤ لێیان پرسی بۆچی بڕوات بەخوا نییە؟

وەڵامێکی زۆر سەرسوڕهێنەری دایەوە وتی: ئەگەر خوا هەبێت، ئەم خوایە پێویستە ئاگاداری هەرچی ورد و درشت هەیە لەسەر ئەم زەوییە و ئەم گەردوونەدا هەبێت، تەنانەت ئاگاداری زەریا و قوڵاییەکانی بێت و ئاگاداری وەرینی گەڵای دارێکیش بێت!

دواتر ئەنتۆنی فلیو(Antony flew) خۆی پرسیار دەکات لە ڕۆژنامەنوسەکە و دەڵێت: شتێك هەیە ناوی خوا بێت بەم شێوەیە؟

پەروەردگاری ئیمە ١٤٠٠ ساڵ ئەم پێناسەیەی خۆی کردووە لە سوڕەتی الأنعام، ئایەتی ٥٩ دەفەرمویت:

﴿... وَيَعْلَمُ مَا فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴿٥٩﴾﴾ [الأنعام] کلیلی هەموو شاراوەکان و زانینی هەموو نهێنییەکان بەدەست خوایە و لای ئەوە، کەس هیچی لێ نازانێت جگە لەو زاتە، هەرچی لەسەر وشکانییە

(لە گیاندار، بێ گیان، گژو گیا، دارو زیندەوەرانی وردو درشت لەسەر زەوی و لەتوێی خاکدا) خوا پێی دەزانێت، هەروەها هەرچی لە دەریاکانیشدا هەیە (لە زیندەوەری هەمەجۆر و ماسی سەیر و سەمەرە) ئاگای لێیەتی، هیچ گەڵایەك لە هیچ دارێك بەرنابێتەوە پێی نەزانێ، هەروەها دەنکێك یا تووێك لە تاریکستانی زەویدا نییە (کە پێی نەزانێت)، ئەو دەنکە چ شێدار بێت یا وشك بێت، هیچ شتێك نییە لە خوا پەنهان بێت و لە (لوح المحفوظ)دا، یاخود لە دۆسیەی تایبەت دا تۆمار نەکرا بێت.

لە ساڵی ٢٠٠٤ لەکۆتایی تەمەنیدا لەگەڕانی بەدوای زانستی جینۆم واتا (DNA) بەئاشکرا داوای لێبووردنی کرد وتی: من ٥٠ ساڵە خەڵکی هاندەدەم بۆ ئەوەی پێتان بڵێم خوا بوونی نییە، من هەڵەبووم خوا هەیە!

باسەکە لەسەر ئەم خاڵە جەوهەرییە دادەمەزرێت کە هەردوو زانای ناودار فرانسیس کۆلین (Francis Collin) و ئەنتۆنی فلو (Antony flew)، تەمەنێکی درێژیان بردە سەر لەگەڵ فیکرەی بێباوەڕیدا، هەردووکیان لەدوای قوڵبوونەوە لەزانستدا لەکۆتاییەکانی تەمەنیاندا گەیشتن بەڕاستی و باوەڕیان بە بوونی خوای پەروەردگار هێنا و هەموو ئەو بۆچوونانەیان ڕەفز کرد بۆ دروست بوونی گەردوون لەڕێگەی سودفەوە.



CamScanner

دوابەدوای ئەم زانایانە یەکێکی تر لەزانا ناودارەکان بەناوی (جیرارد شۆیدیر) پرۆفیسۆر لەدانشگای MIT ئەمەریکی، دەستیکرد بە کردنی تاقیکردنەوەیەك بۆ زانینی وەڵامی پرسیاری: (ئایا ئەم گەردوونە لەڕێگەی سودفەوە دروست بووە؟)، تاقیکردنەوەکەی لەسەر مەیمون ئەنجامدا بە کردنە ژوورەوەی زیاد لە ١٠٠ مەیموون و بۆ هەریەکێك لە مەیمونەکان کۆمپیوتەرێکی بۆ ئامادە کردن.

هەموو ڕۆژێك لەڕێگای دەنگێکی گەورەکەرێکەوە (موکەبەرە) شعرێکی شکسپیری بەناوی (سۆناتا) بۆ لێدەدان بە بەردەوامی هەتاوەکو ماوەی چەند مانگێك، بە مەبەستی ئەوەی ئەم مەیمونانە بە تێپەڕبوونی کات و سودفە فێربن و بنوسن ئەگەر چی پیتێکیش بێت، بەڵام مەخابن بەدرێژایی ئەو ماوەیە نەیان توانی تەنها وشەیەکیش بنووسن.

بۆچوونی دروستبوونی گەردوون لە ڕێگەی سودفەوە بۆخۆی بووەتە شتێکی بەتاڵ. پول دیڤیس (Paul Davies) لێپرسراوی سەنتەری فیزیا و گۆڕانکاری بۆ بایەلۆجی، دەربارەی (سرطان)ە، خاوەنی خەڵاتی (تێنبلْدون) ئەمریکییە کە لە نۆبڵ بەهێزترە و نرخەکەی ١،٦ ملیۆن دۆلارە! چوارەم دانشگایە لە جیهاندا لە زانستە فیزیاییەکاندا.

پول دیڤیس دەڵێت: هەرگیز زانست بەرەوپێش ناڕوات ئەگەر زانایان بڕوادار نەبن و ئیمان نەهێنن بە خوای باڵا دەست! پاشان لە وتارەکەیدا دەڵێت: ئەوە ئەوپەڕی نەفامی و جەهالەتە کە مادییەکان

دەڵێن: یاساکانی سرووشت هۆکاری داهێنان و دروستکردنی زانایانی فیزیاییە، یاخود بڵێین لە سروشتدا بوونی نەبووە، یاساکانی سروشت زانا فیزیاییەکان دایانهێناوە، بەڵکو هیچ زانایەکی فیزیا ناتوانێت بڵێت کە یاسای سروشت بۆ نموونە یاساکانی (نیوتن) داهێنانی مرۆڤە، بەڵکو هەموو یاساکانی سرووشت لە ڕاستیدا خۆیان بوونیان هەیە و هەموو توانای زانایانی فیزیا دەستەوسانە لەبەردەمیادا. زاناکان تەنها دۆزیویانەتەوە و ئاشنایان کردووە بە مرۆڤەکان، داهێنانیان نەکردووە.

ئایا مولحید دەتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی پۆل دیڤیس بداتەوە؟

چۆن یاساکانی سروشت دروست بوون؟

بۆچی ئەم یاسایانە هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، لەهەموو جێگاکاندا وەك یەکە لە ئەمریکا لە ئەفریقا هتد...؟!

چۆن ژیانێك لە دایك دەبێت و دەست پێدەکات کە خاوەن هەست (وەعی) و ئەقڵ و زیرەکییە، لە مادەیەکی بێ گیاندا.

ئەگەر بەوردی لەباسەکە بڕوانین دەگەینە ئەو دەرئەنجامە، زۆربەی ئەو باوەڕدارانەی لەپێشوودا بێباوەڕبوون بەبوونی خوا لەزانا ناودارەکانن، ئەوانەشی لەسەر بێباوەڕی دەمێنێتەوە دوور لەزانستەکانن.

لەسەر ئێمەی موسڵمان پێویستە وردبینەوە لە درووستکراوەکانی خوای پەروەردگار، لەفەرمایشتە موبارەکەکەیدا دەفەرمووێت:

﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ۝١٧﴾ [الغاشية]

واتە: (ئینجا خوای درووستکار لە ڕوانگەی هەندێك دروستکراوانیەوە دەیەوێت بێ باوەڕان دابچڵەکێنێت)، بۆیە دەفەرموێت: ئایا ئەوە سەرنجی وشتر نادەن چۆن درووستکراوە؟! (قەبارەی، ملی درێژی، قاچە درێژەکانی کە بە سمێکی ئیسفەنجی کۆتایی هاتووە، ئینجا خۆگرتنی لەسەر برسێتی و تینویەتی،...)

دواتر خوای پەروەردگار بەبەندەکانی بەتایبەت ڕووی دەمی لە زانایانی فەلەکناسییە دەفەرموێت:

﴿وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيۡفَ رُفِعَتۡ ١٨﴾ [الغاشية]

واتە: ئایا سەرنجی ئاسمان نادەن چۆن بەرزکراوەتەوە (ئەو هەموو ئەستێرە و کاکەشان و هەسارە بێ شومارە دەورەی زەویداوە لە بڵندیەوە ڕاگیراون).

دواتر خوای پەروەردگار بەبەندەکانی بەتایبەت ڕووی دەمی لە زانایانی جیۆلۆجییە و دەفەرموێت:

﴿وَإِلَى ٱلۡجِبَالِ كَيۡفَ نُصِبَتۡ ١٩﴾ [الغاشية]

واتە: ئەی سەرنجی کێوەکان نادەن، چۆن داکوتراون و دامەزرێنراون.

هەروەها دەفەرموێت:

﴿وَإِلَى ٱلۡأَرۡضِ كَيۡفَ سُطِحَتۡ ٢٠﴾ [الغاشية]

واتە: ئەی سەرنجی دەشتەکانی زەوی نادەن چۆن تەخت کراوە (لەبار هێنراوە بۆ کشتوکاڵ و ڕێگەوبان و ژیان)؟!



CamScanner

"بەداخەوە ئەم ئایەتەی کۆتایی زۆرێک لە بێباوەڕان وەك ڕەخنە ناراستەی ئێمەی موسڵمانی دەکەن، لەکاتێکدا ئەم ئایەتە پەیوەستە بەو کەسانەی لەسەر زەوین و لەپێش چاوی ئەوان زەوی تەختەو ڕاخراوە (أَفَلَا يَنْظُرُونَ)، ئەگەر بەجوانتر لێی وردبینەوە بەڵگەی تەواوەتییە بۆ گۆیی زەوی لەبەر ئەوەی مەبەستی ڕوانینی ئێمەیە بۆ زەوی کاتێك لەسەر زەوین نەوەك لە دەرەوەی زەوی.

ئەگەر مەبەستی ئایەتەکە گۆیی بوونی زەوی بێت ئێمە لەهەر خاڵێك لەسەر زەوی بووەستین ئەوا زەوی بۆمان ڕاخراوە، بەڵام ئەگەر گریمان ئایەتەکە مەبەستی تەخت بوونی زەوی بێت ئەوا لەکۆتا خاڵی زەوی ناتوانین بڵێین لەژێر پێمان ڕاخراوە، ئەگەر مەبەستی شێوە سێگۆشە و چوارگۆشە بێت لە خاڵێك لە خاڵەکاندا زەوی سیفاتی ڕاخستنی نامێنێت، بۆیە تاکە گریمان کە ڕاست بێت بۆ ئایەتەکە مەبەستێتی خڕبوونی زەوییە، لەبەر ئەوەی لەهەر شوێنێکی زەویدا بوەستین ئەوا زەوی بۆمان پانکراوەتەوە و ڕاخراوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز پشتڕاستی خڕبوونی زەوی دەکەنەوە".

پێویستە ئێمە شارەزاییمان لە بابەتێکدا هەبێت کە وەك پرسیار زۆر دووبارە دەکرێتەوە، زانا هەیە بێباوەڕە (مولحیدە) ئایا ئەمە دەبێتە بەڵگە بۆ ڕاستی ئەو بیرۆکەیە؟

دەڵێین: حەق و ڕاست بە خەڵکدا ناناسرێتەوە، بەڵکو بەهۆی حەقق و ڕاستییەوە خەڵك دەناسرێتەوە، هەربۆیە پێویستە ئێمە حەق و ڕاستی

ناس بین تا بیکەینە پێوەر نەوەك ناسینی خەڵکی بکەینە پێوەر بۆ دۆزینەوەی ڕاستی.

پرسیار: زۆرێك لەزاناکان (گا) دەپەرستن، ئایا حەق و ڕاستی لەلای ئەوانە؟

هەموو عەقڵێکی تەندروست دەڵێت: ئەوە دوورە لە حەق و ڕاستی.

بۆیە ئەو عەقڵانەی کە زانستیان لەلایەو حەقیان لەلانییە مەرج نییە ڕاستبن و دووربن لەهەڵە بۆ نموونە: مارکسیزم ئەقڵ دایمەزراند بۆ پرۆگرامی مرۆڤایەتی هەزاران کەس شوێنی کەوتن و دواتر زانرا کە هەڵەیەو هیچ کەسێکی لەگەڵ نەما، بۆیە عەقڵی هەڵە بوونی هەیە و قابیلی هەڵەیە لە بەرهەم هێناندا، بەڵام حەقیقەتی گەردوون عەقڵ پشتگیری دەکات بۆ کەسێك کە خۆی بەدوای ڕاستیدا بگەڕێت.

لەکۆتاییدا ئەوە بزانین هەموو بێباوەڕێك دەگاتە ڕاستی ئەگەر هۆکارەکەی نەبوونی دڵنیایی و قەناعەتە بەهۆی ئەو دووریان و ڕاڕاییەی تێیکەوتوون، ئەگەر بگەڕێین وەك-فلو و کۆلینس- دەستیان دەکەوێت، بەڵام هەندێك لە مولحیدەکان بڕیاریانداوە کە کافر بن، بڕیارە نەك باوەڕ! هەمیشە خەریکی ئینکاریکردن و خۆ گێل کردنە لە ڕاستی و حەقیقەت نایانەوێت بگەنە ڕاستی، لەبەر ئەوەی بڕیاری کۆتاییان داوە.

ئایا بێباوەڕ دەچێتە دۆزەخەوە؟

بۆچی دەبێتە مولحید؟



CamScanner

زۆر جار پرسیارێك لە مێشکی خەڵکیدا درووست دەبێت بە بێباوەڕ و باوەڕداریشەوە، ئایا بۆچی بێباوەڕ دەچێتە دۆزەخ؟

لەکاتێکدا هەندێك لەو بێباوەڕانە (مولحید) کەسی باشن و خێردەکەن و یارمەتی خەڵکی دەدەن.

لەوەڵامدا دەڵێین: پەنا بەخوا، خوای گەورە هەرگیز زوڵم لە بەندەکانی ناکات.

ئەو دەرفەتەی کە خوای گەورە دەیدات بە بێباوەڕان بۆ کردنی تاوان و کوفر بەشێکە لەڕەحمی پەروەردگار بەسەریانەوە و مەجالیان دەدات تا ڕۆژی لێپرسینەوە. خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٤٢﴾﴾ [إبراهيم]

واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ) وا گومان مەبە کە خوا بێ ئاگایە لەو کار و کردەوەیەی ستەمکاران دەیکەن، بەڕاستی خوا سزاکەیان دوا دەخات بۆ ڕۆژێك کە چاوەکانیان تیایدا ئەبڵەق دەبن (جاری وایش هەیە هەر لە دنیادا ستەمکاران ڕیسوا دەکات و تۆڵەیان لێدەسێنێت).

هەموو مرۆڤێك فیکرە و باوەڕێکی هەڵبژاردووە بۆ خۆی بەئازادی و بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەو باوەڕەی هەڵبژاردووە سەراپا ئازادە، واتا ئەبێت خۆی بەرپرسیارێتی هەڵبگریت. بۆیە کاتێك ئەم پرسارە لەلایەن بێباوەڕانەوە دەکرێت، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خۆشیان باوەڕیان بەو فیکرە و باوەڕی خۆیان نییە، بەڵکو لە دڵەڕاوکێدان.

لەبارەیەوە دەپرسیت؟
کەواتە ئەگەر باوەڕت پێی نییە بۆچی لەبارەیەوە دەپرسیت؟
ئەگەر ترسێك لەناختدا ڕات نەکێشێت بۆ ئەو باسە، ئایا بۆ لەبارەیەوە دەپرسیت؟

خۆی لەخۆیدا کردنی ئەو پرسیارە بەڵگەیە بەسەریانەوە کە خۆیان لەسەر فیکرەی خۆیان دڵنیاو دامەزراو نین.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکە دەڵێین: ئەو خەڵکانەی کە چاکە دەکەن (یارمەتی دانی خەڵکی بەماددی و مەعنەوی) لەگەڵ چاکەدا ئیمان و باوەڕیان بە خوای پەروەردگار نییە مولحیدن.

خوای پەروەردگار زوڵم لە هیچ کەس ناکات لەگەڵ ئەوەشی کە باوەڕی بەخوا نییە، خوا ڕێز لە باوەڕی دەگرێت و پاداشتی دەداتەوە بە قیاسی باوەڕی خۆی و چاکەکانی لەدونیادا، چۆن؟ مادام ئەم چاکە کارە بێباوەڕە تەنها باوەڕی بەم دونیا هەیە، ئەوا خوا پاداشتی هەر لەم دنیا دەداتەوە و لەم دونیا بێ ئومێدی ناکات و ئیمانداریکی چاکەکار باوەڕی بەم دنیاو ژیانی دوارۆژیش هەیە، خوای پەروەردگار لەهەردوو دونیا پاداشتی دەداتەوە و بێ ئومێدی ناکات.

بۆیە باسەکە لەسەر باوەڕی ئەو کەسە دادەمەزرێت، باشە خوا چۆن پاداشتی ژیانی دوای مردن بداتەوە بە کەسێك کە هیچ باوەڕی پێی نەبووبێت؟

بۆخۆی پرسیارەکەی کە بێباوەڕان دەیکەن جێگای پێکەنینە، ئایا چۆن شتێك باوەڕیان پێی نییە و پرسیاری لەبارەوە دەکەن.

بۆیە بە بەڵگەیەکی عەقڵی و لۆجیکی ئەم باسە زیاتر ڕووندەکەینەوە، نموونەیەکی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بهێننە پێش چاوتان، ئەگەر فەرمانبەرێك لەناو کۆمپانیایەکدا کار بکات ئەم فەرمانبەرە کەسێکی زۆر چاکە لەگەڵ تەواوی فەرمانبەرەکانی هاوڕێی (بە ماددی و مەعنەوی)، هەروەها پارەیەکی باشیشی پێدەدرێت لەلایەن بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکەوە، بەڵام هیچ یاساو ڕێسای بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە جێبەجێ ناکات و پشتگوێی دەخات! کاتێکیش پرسیاری لێبکرێت دەربارەی بەڕێوەبەرەکەی، لەوەڵامدا بڵێت: بەڕێوەبەری چی؟ هەربوونی نییە، من بەقسەی ناکەم!

ئایا ڕەفتاری بەڕێوەبەرەکە چی دەبێت بەرامبەر ئەم فەرمانبەرە چاکەکارە بەرانبەر بەخەڵکی ناو کۆمپانیاکە و یاخی بووە بەرانبەر بە بەڕێوەبەرەکەی؟

بێگومان هەموو خاوەن عەقڵێکی تەندروست دەڵێت: شایستەی سزایە لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە.

ولله المثل الاعلى: ئەم زەوییەی ئێمەش بە هەمان شێوە وەك کۆمپانیاکەیە، خوای پەروەردگار ڕزق و ڕۆزی بەندەکانی دەدات و فەرمانیان پێدەکات کە بیپەرستن و شوێنی بکەون، بەڵام هەندێك لەو بەندانە یاخی دەبن و پەیامەکە پشتگوێ دەخەن، بۆیە لە دادپەروەری خوای پەروەردگار ناوەشێتەوە پاداشتی ئەو بەندانەی شوێن

پەیامەکەی کەوتون هەمان پاداشت بێت لەگەڵ ئەو بەندانەی پەیامەکەیان پشتگوێ خستووە و باوەڕیان بەو زاتە پیرۆزە نەهێناوە.

بۆیە خوای پەروەررگار دەفەرموویێت:

﴿لَقَدْ جِئْنَٰكُم بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ۝٧٨﴾ [الزخرف]

واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە پەیامی حەق و ڕاستیمان بۆ ئێوە ڕەوانە کردووە کەچی زۆربەتان حەزتان لە حەق و ڕاستی نییە لێی بێزارن.

کەواتە خوای پەروەردگار هیدایەتی بەندەکانی دەدات بەمەرجێك ئەو بەندە خۆی بیەوێت خۆی لەبانگەوازی حەق کەڕ نەکات، چۆن لەژیانی ڕۆژانەماندا ئەگەر یەکێك برسی بێت دەچێت بۆلای قاپە خواردنەکە و لێی دەخوات.

ولله المثل الاعلى: هەرکەسێك بیەوێت باوەڕ و ئیمان بهێنێت دەبێت خۆی ئارەزووی ئەو کارە بێت تا خوای پەروەردگاریش هیدایەتی بدات.

بەئایەتێکی خوای پەروەردگار کۆتایی بەم باسە دەهێنین کە دەفەرموویێت:

﴿مَّا يَفْعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمْ إِن شَكَرْتُمْ وَءَامَنتُمْ وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا۝١٤٧﴾ [النساء]

واتە: خوا چ پێویستییەکی بەسزادانی ئێوە هەیە؟ ئەگەر شوکرانە بژێر و سوپاسگوزاربن و ئیمان و باوەڕی دامەزراوتان هەبێت، خوایش

هەمیشە و بەردەوام سوپاسگوزاری بەندە چاكەكانیەتی و زانا و ئاگایە پێیان.

مولحیدەكانی كورد لە نێوانی زانست و نەخۆشی دەروونی و دیاردەدا.

كورد مولحیدی زۆرە، بەتایبەت لەناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەهۆكاری ئەوەی كاریگەری جمهوری ئیسلامیان لەسەرە.

لەهەرێمی كوردستانی ئێمەدا هەندێك لەداخا بوون بە مولحید و هەندێكیش تەنها بۆ سنگ دەرپەڕاندن دەنا كە بە شوێنی تاریكدا دەڕوات ئایەتەل كورسی دەخوێنیت!

ئەو كەسانەی كە لە بواری دەروونناسیدا كار دەكەن پێیان وایە كە مرۆڤ بەسروشتی خۆی و ناخی حەزی بە دینداریيە واتا كائینێكی موتەدەیینە.

زۆر خەڵكێكی شاز و كەم هەیە بڕوای بەبوونی خوا نییە، دەنا زۆرینە بڕوایان بە بوونی خوای پەروەردگارو باڵاو دەست هەیە، بەڵام لەسەر جۆری ئایین ڕای جیاوازیان هەیە.

زۆرێك لە مولحیدەكانی كورد بڕوایان وایە خوایەك هەیە، بەڵام بۆچوونیان وایە كە خوا ئەم گەردوونەی دروستكردووە ئیتر وازی لێهێناوە، خوا لە ورد و درشتی ناكۆڵێتەوە واتا خوایان تەقاعود كردووە!

ئەم جۆرە مولحیدە لەسەربنەمایی فەلسەفەی ئەرستۆ بینای بیروباوەڕی مولحیدی خۆیان کردووە و نیمچە مولحیدن، زیاتر لەناو نوخبەی عەلمانییەکاندا بوونی هەیە کە زۆر قسە لەسەر بوون و نەبوونی ناکەن، کە زۆرت بۆ هێنان دەڵێت خوایەك هەیە، بەڵام بڕوای پێیە بەئایین. ئەم جۆرە خۆ دەرباز کردنە لە بەندایەتی و ئاسوودەکردنی ناخو فیطرەتی مرۆڤەکە خۆیەتی جۆرێکە لە هەڵهاتن لە واقیع و ڕاستی ئەم جۆرە ناوی دیاردەیە.

جۆرێکی تر لە مولحید لەداخا بوون بە مولحید یان کاریگەری سیاسییە یان کاریگەری خێزانی و کۆمەڵگایە، یاخود کاریگەری باوك و برای گەورە و نەریتەکانە کە لای ئەو بووە بە دین.

واتا وەك هەندێك لە ڕۆشنبیرانی کوردانی ڕۆژهەڵات و خەڵکەکەی بەگشتی لە ناو کۆمەڵەی ئێران دا بۆ نموونە: ئەم هێزە مولحیدە مارکسییە زۆر جار لە شەڕەکانیاندا لەگەڵ پاسدارەکاندا، دوعا و ئایەتی قورئانی دەخوێنن، کە من خۆم بەبەڵگەوە لامە پێشمەرگەی خۆیان لە ناوچەی مەریوان بۆی گێڕاومەتەوەکە چۆن پەناو نزایان بۆ خوا بردووە، ئەمانە وەك سیاسەت مولحیدن لە داخی جمهوری ئیسلامی ئێران. ئەمە مولحیدەکان کە داخیان لە دڵدایە نازانێت خۆشی بۆچی دژایەتی خوا دەکات، خوا لەچاوی خامنەییەوە تەماشا دەکات!

هەندێکیان نەخۆشی دەروونی وای لێکردوون ببنە مولحید باوکی زۆر توڕەیە، براگەورەکەی ئەمڕۆ فەرمانی زۆری بەسەردا کردووە، ئەم

کاریگەرییە وای لێدەکات کە بەقسەی خوای ئاسمانیش نەکات، چونکە ناڕەحەتی و ئەشکەنجەی بەدەست کەسوکارەوە زۆر بینیووە.

هەندێکی تریان خۆیان بە زانستیی دەزانن وەك ئەوەی پێیان وایە کە ئەم بوونە بە سودفە دروست بووە، لەڕاستیدا فەلسەفەی سودفە زۆر منداڵانەیە و جێگایی پێکەنینە، قسەیەکی بێ مانایە، کە ئەم جۆرە خراپترین بواری مولحیدیە و زۆر دەمارگیرن و پێشیان دەڵێیت: فیکرەکەتان زانستی نییەو منداڵانەیە توڕە دەبێت، کە نموونەی بۆ دێنیتەوە بێدەنگ دەبێت.

# کێ دەڵێت ئیسلام ڕاستە؟

دوا بەدوای دڵنیابوونی تەواو لە باوەڕ بوون بە خوای پەروەردگار، هەروەها بێگومانی لەوەی ئەم گەردوونە دروستکەرێك لەپشتیەوەیەتی و دروستی کردووە.

پرسیارگەلێك هەمیشە لەنێو چەند کەسانێك دروست دەبێت.

ئایا کێ دەڵێت دین بوونی هەیە؟

ئایا چ پێویست دەکات خوا دین بۆبەندەکانی بنێرێت؟

ئایا من چۆن بزانم کامە ئایینە لەنێو دینەکاندا ڕاستە؟

سەرەتا بەبەڵگەیەکی عەقڵی و لۆجیکی دەست پێدەکەین، خوایەك ئەم گەردوونەی درووستکرد بێت بەشێوەیەکی وا سەرنج ڕاکێش و هەموو شتێکی بەوردی و دیقەتەوە دروستکردبێت کە ببێتە جێگای سەرنجی گەورە زانا بێباوەڕ(مولحید)ەکانی وەك (فرانسیس کۆلین (Francis Collin) و ئەنتۆنی فلیو(Antony flew)، ئایا ئەو خوایە چۆن دەکرێت خۆیان پێ نەناسێنێت؟

بەهیچ شێوەیەك ئەو خوایە ناکرێت یاساو ڕێسای تایبەت بە درووستکراوەکانی نەنێرێت، هەر بۆیە خوای پەروەردگار بۆ ناردنی ئەو پەیامە موبارەکە و ناساندنی خۆی بە بەندەکانی دەبێت لەڕێگەی

هەمان ڕەگەز بێت، واتا مرۆڤ بنێرێت بۆ ناساندنی زاتی بەرزی تا توانای قسەکردنی هەبێت لەگەڵ ناخی هەمان ڕەگەزی خۆیدا.

توانای وەرگرتنی ئەو پەیامەیان هەبێت، جیاوازی ڕەگەز نەکەن بە هۆکار بۆ وەرنەگرتنی پەیامەکە، لەبەر ئەوەی ئەگەر پەیامبەرەکە لەڕەگەزی جیاواز بێت بۆ نموونە فریشتە بێت، ئەوا لەکردنی پەرستشەکانیشدا جیاوازی دروست دەبێت و بەبیانووی جیاواز مرۆڤەکان دەڵێن: ناتوانین لاسایی بکەینەوە بۆیە پەیامەکە ڕەت دەکەنەوە، چونکە لە ڕەگەزمان نییە بۆیە لەتوانماندا نییە!

لەبەر ئەم هۆکارانە خوای گەورە بۆ ناسینی خۆی و ئاراستە کردنی یاسا و ڕێساکانی خۆی بۆ بەندەکانی، پەیامبەرێکی ڕاستگۆ و ئەمین لە جنسی بەندەکانی هەڵدەبژێرێت و پەیامەکەی لەڕێگەی کتێبێك ئاراستەی بەندەکانی دەکات، وەك چۆن خوای پەروەردگار پێغەمبەرمان ﷺ (ڕاستگۆ وئەمین)ی هەڵبژارد و پەیامەکەی بە ئەو بەندە ڕاستگۆیەدا ڕەوانەکرد تا بە بەندەکانی خوا بڵێت: ئەوە کتێبی خوای پەروەردگارە، من پەیامبەری ئەو زاتەم لەنەبوونەوە دروستی کردوون.

خوای دلۆڤان یاساو ڕێسای بۆی داناون، ئەو خوایە بناسن کە وێنەی نییە و لەهیچ شتێك لە دروستکراوەکانی ناچێت.

دین بۆ خۆی سەرچاوەی چەند بەها و ئاکار و دروشمێکە لەوانە ڕەوشت، سەرچاوەی ڕەوشت بەهۆکاری دینەوەیە نەك بەرنامەی دیکە،

واتا پرسێکی نا لۆژیکییە ئەگەر بڵێین ڕەوشت سەرچاوەکەی زانستە وەك بێباوەڕ(مولحید)انی ئێستا زۆر دووبارەی دەکەنەوە، بۆسەلماندنی ئەو پرسە و دەرخستنی ناڕاستی بێباوەڕەکان، چەند نموونەیەکی بەرچاو دەخەینە ڕوو، زۆربەمان ئاگادارین، نموونەی:

دروستکردنی غازێك لەلایەن بەردەستەکەنی هیتلەر بەهۆی زانستەوە بۆ لەناوبردنی خەڵکی، گومانی تێدانییە و نوکوڵی ناکرێت کە زانستێکی گەورە بوو، بەڵام لەڕوانگەی ڕەوشتەوە زۆر بەتاڵ بوو لەئاکارو بەها مرۆییەکان، هەروەها بەکارهێنانی بۆمب بۆ لەناوبردنی (ناکازاکی و هێرۆشیما) لەلایەن ئەمریکای زانستخواز! پڕبوو لەبەکار هێنانی زانست، بەڵام دوور لەڕەوشت و هەموو بەهایەکی هیومانیزمی.

هەروەها نموونەیەکی دیاری ناوچەی خۆمان صدام- ی خوێنڕێژ، زانستی بەکارهێنا بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی و بۆمبارانکردنی شاری هەڵەبجەی خۆشەویست، بەشێوەیەکی دڕندانەی دوور لەڕەوشت. بەم هۆکارانە خوای پەروەردگار دەیەوێت دینمان بۆ ڕەوانە بکات و ڕەوشتمان فێر بکات، لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە مرۆڤەکان دینیان هەبێت تاکو ڕەوشتیشیان هەبێت.

دوابەدوای ئەم باسە پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا کامە دین ڕاستە (ئیسلام، مەسیحی، یەهودی، بوزی یا زەردەشتی...) لەوەڵامدا دەڵێین: خوای پەروەردگار تاك و تەنهایە و تاکە دینێکیشی ڕەوانەکردووە

ئەوەبەش دینی ئیسلامە لە ئادەمەوە تا خاتەم (رسول الله ﷺ) کە بانگەشەی یەکتاپەرستی کردووە تەنها شەریعەتیان جیاواز بووە.

﴿وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ مِن قَبۡلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيۡكُمۡ وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ ٧٨﴾ [الحج]

واتە: بەردەوام بن لە خەبات و جیهاد و هەوڵ و کۆشش لە پێناوی خوادا بەو شێوەیەی کە شایستەیەتی، لەبەر خاتری ئەو بێت وە ئەو زاتە بۆ ئەوە هەڵی بژاردوون لە ئایین و بەرنامەکەیدا هیچ جۆرە شتێکی نارەواو قورس و گرانی لەسەر دانەناون (کە نەتوانن ئەنجامی بدەن). جا ئەم بەرنامەیە ڕێ و شوێن و بەرنامەی ئیبراهیمی باواتانە-علیه السلام- کە پێشتر هەر خوای گەورە ناوی ناون موسڵمان و لەم قورئانەشدا بەموسڵمان ناوی بردوون، تا پێغەمبەر ببێتە شایەت بەسەرتانەوە (کە پەیامی خوای پێ ڕاگەیاندوون) و ئێوەش (بە گەیاندنی ئەو پەیامە) ببنە شایەت بەسەر خەڵکییە وە، کەواتە نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش (لە ماڵ و سامان و زانست و هێزتان) دەربکەن و پشت بەخوا ببەستن، چونکە هەر ئەو زاتە یارو یاوەرتانە، جا دڵنیابن کە خوا چەندە یارمەتیدەرێکی چاکە و چەندە پشت و پەنایەکی بەهێزو بە نرخە.

تەواوی دینەکانی دیکە کە ئێستا بوونی هەیە تەواویان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، تەنانەت لەناو و ناوەرۆکیشدا هەموو ئایینەکان لەسەر ئەم زەویەدا بەناوی شەخسێکەوەیە یان گەلێکەوەیە.

# بێجگە ئیسلام!

بۆ نموونە:

ئایینی مەسیحی بەناوی پێغەمبەر عیساوەیە -علیه السلام-، یاخود نەصرانی بەناوی ناصرییەوە نراوە کە ئەو جێگایە لە فەڵەستینە و جێگای لە دایك بوونی عیسا پێغەمبەرە- علیه السلام-.

ئایینی یەهودی بەناوی گەلێکەوەیە یاخود نەوەکانی ئیسرائیل کە یەعقوب و کوڕەکانێتی -علیهما السلام- هەروەها ئایینی بوزایی (بودای)، بەناوی بوزا (بودا) وەیە.

ئایینی زەردەشتی بەناوی زەردەشتەوەیە.

ئایینی هیندۆسی بەناوی هیندستانییەکانەوەیە.

تەنها ئیسلامە بەناوی کەسەوە نییە تەنانەت ئێمەی موسڵمان پێمان ناخۆشە خەڵکی بڵێن موحەمەدییەکان!، چونکە ئێمە هەموو پێغەمبەران لە ئادەمەوە تا خاتەم خۆشەویستن و جیاوازییان نییە بۆ ئێمە.

کەواتە ئایینی ئێمە تەنها ئیسلامە و تەسلیم بوونە بە فەرمانی پەروەردگار و دوورە لە هەموو ڕەگەزو ناوی شەخس و تەنانەت گەل و هۆزیش!

چۆن ئاو پێداویستییەكی گرنگە بۆ زیندوبوونی جەستەی مرۆڤ، بەهەمان شێوە ئیسلامیش پێویستە بۆ ڕۆحی مرۆڤ، بەبێ ئەو نوورە هەرگیز ئاسودەیی دەروونی نابینێت، ئەگەر جەستەشی لەكەیف و خۆشیدا بێت.

ئیسلام وەك ئاو پێداویستی هەموو مرۆڤێكە!

هەموو كەس ئاو دەخوات، بەڵام خەڵكێك هەیە دەڵێت من قاوە ناخۆم، شەربەت ناخۆم هتد...

بەڵام كەس نییە لەسەر زەویدا بڵێت من ئاو ناخۆم!

ئیسلام و ئاو یەك سروشتن بۆ مرۆڤایەتی، ئاو پەیوەست نییە بە هیچ گەلێكەوە، وەك قاوە پەیوەستە بە گەلانێكەوە كە ڕاهاتوون لەسەری، بەڵام گەلانێكی تر ڕاهاتوون بە چایی، گەلانێكی تر ڕاهاتوون بە شەربەت و كۆكا كۆلاو و خواردنەوەكانی تر، بەڵام ئاو پەیوەستە بەهەموو گەلانەوە و ئیسلامیش پەیوەستە بە هەموو گەلێكەوە.

دوابەدوای زانینی ئەوەی كە دین لەلای خوای پەروەردگار یەك دینە ئەویش (ئیسلام)ە پرسیاركی تر دێتە پێشەوە، ئایا چۆن خوای پەروەردگار بپەرستین؟

ئایا خوای پەروەردگار چ سوودێك لە پەرستشی بەندەكانی دەبینێت؟

دەڵێین: ولله المثل الاعلی (بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ هەر كەسێك پێویستە ئەو كەسە هۆكاری پەیوەندییەكەت پێبڵێت، جا ئایا ژمارەی تەلەفۆنە، ئیمێلە، ئەدرەسە..هتد بەهەمان شێوەش خوای پەروەردگار

هۆکاری پەیوەندیکردنی پێ ڕاگەیاندووین کە پێکهاتووە لە پێنج فەرزەکە لە ڕۆژێکدا، ڕۆژوو حەج و زەکات هتد...

جگە لەو هۆکارە مرۆڤ ناتوانێت پەیوەندی بەدروستکەرەکەیەوە بکات کە (الله سبحانه وتعالی) یە.

ئایا خوا پێویستی بە پەرستشی بەندەکانی هەیە؟

خوای پەروەردگار زۆر لەوە باڵاترە کە پێویستی بەکەسێك یان شتێك هەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئێمەی مرۆڤ پێویستیمان بەخوای پەروەردگارە بۆ ئاسوودەبونی دەروونمان، داوای پێویستییەکانمان دەکەین لەڕێگەی نوێژەکانمانەوە دەتوانین ئەو گفتوگۆ ئارام بەخشە لەگەڵ خوای پەروەردگار بەئەنجام بگەیەنین، بۆ ئەوەی ئێمەی مرۆڤ نزیك بینەوە لە خوای پەروەردگارمان، ئەوە فەزڵ و نیعمەتی خۆیەتی ڕشتویەتی بەسەرماندا کە لەڕێگای بەندایەتییەوە نزیك ببینەوە لەخوای مەزن و دلۆڤان.

بە باسێك کۆتایی پێدێنم کە هەموو کەسێکی خاوەن عەقڵی تەندروست و ژیر پەی پێدەبات و وەریدەگرێت.

ئەگەر خوای پەروەردگار پێویستی بە بەندایەتی ئێمە بێت؟ لەزەویدا نیشتەجێی نەدەکرد تا ماوەیەکی کاتی ئێمە بیپەرستین، بەڵکو هەر لەبەهەشتێکی نەبڕاوەدا داوای لەبەندەکانی دەکرد بیپەرستن!

بەپێچەوانەوە لە ماوەی تەمەنێکی کورتدا داوای پەرستشی لێکردووین تەنها بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکانی و نزیك بوونەوە لە زاتی

بەرزی و پیرۆزی و لەگەڵ ئەوەی دەبێتە ئارامی دەروونی بەندەکان، دواجار ئاسوودەیی دوارۆژ و بەخشینی بەهەشت بەبەندەکانی بەبێ پایانی بەبێ بەندایەتی، خودایە تۆ چ زاتێکی گەورە و دلۆڤانی، سوپاس بۆ نیعمەتی ئیسلامەکەت.

ئایا تاوانی ئەو کەسانە چییە کە بە موسڵمانی لە دایك نەبوون؟

لێرە و لەوێ پرسیار دەکرێت دەربارەی ئەم باسە، ئایا تاوانی کەسێك چییە لە خێزانێکی (مەسیحی، یەهودی، بوزی یا زەردەشتی..) لەدایك دەبێت؟

ئایا تاوانی چییە لە خێزانێکی موسڵمان لەدایك نەبووە؟

ئایا ئێمە بەختمان باش بووە لە خێزانێکی موسڵمانین؟

سەرەتای باسەکە بەوە دەکەمەوە کە هیچ شوێنێك نییە لەسەر زەویدا خوای گەورە بەهۆکارێك لەهۆکارەکان دینی خۆی نەگەیاندبێتە ناوی، سەرورمان ﷺ دەفەرمووێت: (لَيَبْلُغَنَّ هَذَا الْأَمْرُ مَا بَلَغَ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ...)

واتە: ئەم دینە دەگات بەهەر شوێنێك شەو و ڕۆژی بگاتێ...

کاتێك پێغەمبەر ﷺ ئەم فەرمایشتەی فەرمووە، ئیسلام لەوپەڕی لاوازیدا بووە، بۆیە ئەوەتا ئێستا بەچاوی خۆمان فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبینین، ئیسلام گەیشتووە بەهەموو شوێنێك، واتا ئینکاری لەوەدا ناکرێت کە دینی ئیسلام ئێستا بوەتە دینێکی بەربڵاو لە جیهاندا، بەتایبەتی بەهۆکارەکانی ئینتەرنێت و سۆشیاڵ میدیا.

بە نموونە: لە ئەمریکادا لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە، ڕووداوەکەی ١١ سێپتەمبەر بووە هۆکاری ئەوەی لە ٩٨٪ خەڵکی ئەمریکا بەدوای ئیسلام بگەڕێ و زانیاری لەبارەوە کۆبکاتەوە و شارەزای بێت، ئەم هۆکارەش بووە موسڵمانبوونی هەزارەها ئەمەریکی.

هەموو ئایینەکان جگە لەئیسلام بەرنامە و ڕێسایەکیان هەیە پێی دەوترێت: ڕزگاربوون (الخلاص).

واتە: مرۆڤ ئەگەر چووە سەر ئەو دینە و شایەتومانی هێنا، ئەوە کەسێکە بەهەشتی بۆ دابین کراوە. بە نموونە دینی مەسیحی باوەڕیان وایە عیسا لەخاچ دراوە لەپێناویی ئوممەتەکەی و تاوانی ئوممەتەکەی هەڵگرتووە، هەرکەس شایەتمان بهێنێت ئەوا بەهەشتی بۆ هەیە(الخلاص) وەردەگرێت با تاوانیش بکات چونکە عیسا -علیە السلام- لەبەر تاوانی ئەو، خۆی لەخاچ داوە ئەمەش لەڕاستیدا هاندانی خەڵکە بۆ تاوانکردن.

هەروەها لەدینی یەهودیدا باوەڕیان وایە عوزەیر پاکەرەوەی تاوانەکانە، لە زەدەشتی بڕوات بە زەردەشت هەبوو ئاهورامازادا لێت خۆش دەبێت، بوزی و سیغ و ئەوانی دیکە بەو جۆرەن.

بەرنامە و شێوازی ڕزگار بوون (الخلاص) لە دینی پیرۆزی ئیسلامدا بوونی نییە، تەواوی ئەو دینانە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و لە ئەسڵی خۆیان دەرچوون، ڕێسای دینی ئیسلام تەنها شایەتومان نییە و پاڵی لێبدەیتەوە!

ڕاستە بەهۆی شایەتمانە وە بەهەشتت بۆ هەیە، بەڵام دوای بالغ بوونەوەت لەتاوان بە هۆی سزای خوای پەروەردگارەوە. کەواتە بناغەو بنچینەی ئیسلام تەنها شایەتمان نییە وەك سەروەرمان ﷺ دەفەرمووێت: (بني الإسلام على خمس شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله وإقام الصلاة وإيتاء الزكاة وحج البيت وصوم رمضان) متفق عليه.

واتە: بنچینەی ئایینی ئیسلام لەسەر پێنج پایە دامەزراوە، شایەتمان بە خواو پێغەمبەرەکەی، کردنی نوێژە فەرزەکان، بەخشینی ماڵ لەڕێگەی خوا زەکات، چوون بۆ حەجی ماڵی خوا و بەڕۆژوو بوون لە مانگی ڕەمەزان-دا.

کەواتە ئایینی پیرۆزی ئیسلام جیاواز لە ئایینەکانی تر داوای لەبەندەکانی ئەوەیە بە تەواوی خوای خۆیان بپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن.

جیاواز لەدینەکانی دیکە ڕزگاربوون (الخلاص) لەدینی پیرۆزی ئیسلامدا بەدوو شێوەیە ئەویش (ئیمان و کردەوەی چاك)، بەڵگەش بۆ ئەم باسە خوای پەروەردگار داوای کاروکردەوە لەبەندەکانی دەکات و دەفەرمووێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ [البقرة]

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە داوای کۆمەك و یارمەتی لە خوا بکەن بەهۆی ئارامگرتن و نوێژ کردنەوە، دڵنیابن کە خوا یارو یاوەری خۆگر و ئارامگرانە.

هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴿١٨٣﴾﴾ [البقرة]

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان پێویست کراوە هەر وەکو لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست کرابوو، بۆ ئەوەی خواناسی و پارێزکاری بکەن.

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وَمَن يَأۡتِهِۦ مُؤۡمِنٗا قَدۡ عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلۡعُلَىٰ﴿٧٥﴾﴾ [طه]

واتە: ئەو کەسەش بە ئیمانەوە بگەڕێتەوە بۆ لای و بەڕاستی کردەوە چاکەکانی ئەنجام دابێت، ئەوە بۆ ئەوانە پلەو پایەی بەرزو بڵند ئامادەیە، واتا دینی پیرۆزی ئیسلام داوای بەندایەتیەکی تەواو لەبەندەکانی دەکات تا بگەنە سەرفرازییەکی بێکۆتا لەدوارۆژدا.

پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا ئەو کەسەی پەیامەکەی پێنەگەیشتووە خوا سزای دەدات؟

لەوەڵامدا دەڵێین: خوا ئازاری بەندەکەی نادات ئەگەر پەیامەکەی پێنەگەیشتبێت، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿... وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴿١٥﴾﴾ [الإسراء]

واتە: ئێمەش سزای کەسمان نەداوە تا پێغەمبەرێکی بۆ دەنێرین.

تا خوای پەروەردگار ئاگادارکەرەوەیەك نەنێرێت، دینەکەی بە خەڵکی ئاشنا نەکات بەهیچ شێوەیەك سزایان نادات، بەڵکو خوای پەروەردگار لە قیامەتدا بەجۆرێك کە خوا خۆی زانایە پێی ئاگادار کەرەوەیەکیان بۆ دەنێرێت و تاقییان دەکاتەوە، ئیمان هەڵدەبژێرن یان کوفر. ئەبێت ئاگاداری ئەوەشبین کە لە کاتێکی وەك ئێستادا شوێنێك نییە کە ئەو نوورەی پێنەگەیشتبێت، مەبەستم نووری ئیسلامە.

لێرەدا بۆ وەڵامی ئەو پرسارە دەڵێین: دوای ئەوەی زانیمان ئەو ئایینە دەگاتە هەموو کەس و ئەگەر نەگەیشت پێی سزا نادرێت، بۆمان دەردەکەوێت خوا دادپەروەرە هیچ جیاوازییەك لەنێوان بەندەکانی ناکات.

کۆمەڵێك لەبەندەکانی لەخێزانی ناموسڵمانن، چونکە خوای پەروەردگار ئەو نوورە دەگەیەنێتە هەموو شوێنێك. بەڵگەشم بۆ ئەوەی خێزان کاریگەری نییە لەسەر دۆزینەوەی حەق و ڕاستی ئەگەر کەسێك بەدوایدا بگەڕێت، ئەوەیە نموونەی زۆر بەردەست هەیە کوڕە مەلایە و بێباوەڕ بووە، کەسی وایشمان هەیە باوکی مارکسیە و موسڵمانێکی زۆر پابەندە، بەڵگەیەکی دیکەی عەقلی ئەو موسڵمانە زۆرەی لە ئەوروپایە، هیچ کەسێك لەئەوان لەخێزانێکی موسڵمان لەدایك نەبوون، بەڵکو لەخێزانێك لەدایك بوون کە هەر دوور بوون

لەدین، خۆیان بەدوای ڕاستیدا گەڕاون و ئەو نوورەیان وەرگرتووە کە ئیسلامە.

دیسان پرسیارێك دێتە پێشەوە کە دەڵێن: باشە بۆ چارەسەرکردنی ئەم هەموو کێشەیە بۆ خوا پێغەمبەرێکی دیکە نانێرێت؟

لەوەڵامدا ڕووداوێك باسدەکەم کە بەسەر شەخسی خۆمدا هاتووە، یەکێك لەڕۆژەکان لەسەر ئیشبووم یەکێك لەهاوڕێکانم وتی: باشە ماکوان بۆچی خوای پەروەردگار پێغەمبەرێکی تر نانێرێت؟

لەوکاتەدا خەریکی خواردنەوەی ساردی بووین، شووشەی ساردی یەکەم گرت بەدەستمەوە و وتم: ئەم ساردییە بەچەند قۆناغێکدا ڕۆیشتووە؟

سەرەتا ئەو شوشەیە وردبووە دواتر شلکراوەتەوە بەهۆی گەرمکردنەوە دواتر لە قاڵب دراوە و کراوە بەم شوشەیە، ئینجا ساردیتێکراوە وسەری قەپات کراوە.

دوابەدوای ئەوە وتم: ئایا ئەم شوشەیە کە بەم هەنگاوانەدا ڕۆیشتووە، دەکرێت بەهەنگاوێکی تردا بڕوات لەکاتێکدا کە گەیشتۆتە شێوەی تەواوەتی خۆی؟

هاوڕێکەم: بێگومان نەخێر ناگونجێت، لەبەر ئەوەی گەیشتوەتە کۆتا هەنگاوی خۆی و ئامادەیە بچێتە بازاڕەوە بۆ فرۆشتن.



CamScanner

ماکوان: ولله المثل الاعلی؛ ئیسلامیش بە هەمان شێوە هەنگاو بەهەنگاو لەڕێگەی پێغەمبەران لە ئادەم تا خاتەم ﷺ گەیشتوتە هەنگاوی کۆتایی خۆی، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿... ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًاۚ فَمَنِ ٱضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ③﴾ [المائدة]

واتە: ئەمڕۆ ئایین و بەرنامەکەتانم بەکۆتایی گەیاند و نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامەو دین و ئایینتان (جا لەگەڵ بڕیاردانی ئەو شتانەدا کە حەراممان کردووە) هەر کەس ناچار کرا لە گرانیی و برسێتیدا (مەترسی ئەوەی هەبوو بمرێت) دەتوانێت لەو شتانە بخوات کە حەرامان کردووە (بەمەرجێک دەست درێژکار نەبێت و بەئارەزوو ژەمی زۆری لێ نەخوات) و خۆی تووشی گوناهو تاوان نەکات، ئەوە بەڕاستی خوا لێخۆشبووە و میهرەبانە (بۆ ئەو جۆرە حاڵەتانە).

کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە دینێکی تەواومان لەلایە، بەڵام کێشەکە لە ئێمەی موسڵمانە کە نەمان توانیووە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئەو نوورە پیشانی خەڵکی بدەین. لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە خوا دینێکی تەواوی ناردووە و دەیگەیەنێتە بەندەکانی، جا ئەوەی بەدوای ڕاستی بگەڕێت ئەوە ئەو نوورە وەردەگرێت، بەواتایەکی دیکە ئەو ژینگەیەی کە تێیدایە

کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە بۆ بینین و ناسینی حەق، بەتایبەتی لەڕۆژگاری وەك ئەمڕۆماندا ئەوەی ئارەزوو بکات ئیسلام لەماڵەکەیدایە.

## ئایا ئێمە لەناوچاوانمان هەموو شتێك نووسراوە؟

خوای پەروەردگار زانایە بەهەموو شتێك تەنانەت بەوەی لەدڵی بەندەکانیدا هەیە، زانایە بەو کار و کردەوانەی کەبەندەکانی دەیکەن، لەڕابردوودا و لە داهاتووشدا.

تێنەگەیشتن لە ئەم سیفاتە بەرزەی خوای پەروەردگار بووە بە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵێك کەس بە موسڵمان و بێباوەڕیشەوە بەردەوام پرسیارگەلێك لەلایان درووست ببێت.

ئایا تاوانی من چییە خوا هیدایەتی نەداوم؟

ئایا ئەگەر تاوان و چاکەکانم پێشتر نووسراوە بەهۆکاری چی خوای پەروەردگار سزام دەدات؟

ئایا ئەگەر زینا یان کوشتن یان هەر تاوانێکی تر ئەنجام بدەم بۆ چی سزا بدرێم لەکاتێکدا کە نووسراوە لەسەرم؟

لەوەڵامدا دەڵێین: سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین خوای پەروەردگار ئیقامە حوجەی بەندەکانی خۆی کردووە، بەهۆی ناردنی پەیامێك بۆیان کە (قورئان)ە، هەروەها ئەو سیفاتەی خوای پەروەردگار لەمرۆڤدا خەلقی کردووە.

سیفاتی یەکەم: ئازادی ڕەها.

ئازادی مرۆڤە لەکردنی کاروکردەوە دا بە چاك و خراپەوە، واتا ئێمەی مرۆڤ ئازادین چ دینێك و فیکرەیەکمان هەبێت، بەڵام خەلق بوونی مرۆڤ بە (نێر، مێ، کورد، ئینگلیز یا عەرەب هتد...) لە دەسەڵاتی مرۆڤ دا نییە و لێپرسینەوەمان لەسەر ئەو هۆکارانە لێناکرێت. بۆ نموونە کەسێك برسیبێت ئەو برسێتییە لەدەسەڵاتی خۆیدانییە، بەڵام لەدەسەڵاتی خۆیدایە بە گۆشتی مەڕ خۆی تێردەکات یا بەگۆشتی بەراز.

ئەگەر کەسێك تینووی بێت بێگومان لەدەسەڵاتی خۆیدا نییە، بەڵام لەدەسەڵاتی خۆیدایە بە ئاو خۆی تێر دەکات یاخود بە بیرە و مەی (خمر)، کەواتە لێپرسینەوە تەنها لەسەر کردەوەکانمانە، لەبەئەوەی خوای پەروەردگار ئەو سیفاتەی لەئێمەدا خەلق کردووە.

خوای پەروەردگار ئازادی داوەتە بەندەکانی لەکردەوە و هەڵبژاردنی دین لەفەرمایشتە موبارەکەکەیدا دەفەرمووێت:

﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٢٥٦﴾ [البقرة]

واتە: بەهیچ جۆرێك زۆر کردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا (دینداری بەزۆر نابێت بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا)، چونکە بەڕاستی ڕێبازی چاك و دروست؛ ڕوون و ئاشکرا بووە و جیابۆتەوە لە گومڕایی و سەرکەشیی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت

بە ـ تاغوت ـ (کە بریتیە لە؛ هەموو ڕێگە و ڕێباز و هێز و بەرنامە و لادان و بتێك)و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بەخوا، بێگومان ئەوکەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە، کە هیچ پسان و هەڵوەشاندنەوەیەکی بۆ نییە و هەمیشە پتەو و دامەزراوە، خوای گەورەش بیسەر و زانایە.

هەروەها دەفەرمووێت:

﴿وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْۚ إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلظَّٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَاۚ وَإِن يَسْتَغِيثُواْ يُغَاثُواْ بِمَآءٍ كَٱلْمُهْلِ يَشْوِي ٱلْوُجُوهَۚ بِئْسَ ٱلشَّرَابُ وَسَآءَتْ مُرْتَفَقًا ٢٩﴾ [الكهف]

واتە: پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانەکراوە، جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافر و بێ باوەڕ بێت، بێگومان ئێمە دۆزەخێکمان ئامادە کردووە بۆ ستەمکاران کە لە هەموو لایەکەوە دەورەیان دەدات و دیواری بڵێسەی ئابڵوقەی داون، خۆ ئەگەر هاوار بکەن لە ئازار و تینویەتیدا، ئەوە ئاو دەدرێن بە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆش کە وەکو خڵتەی کانزایی تواوە وایە، ئەوەندەش گەرمە دەم و چاویان هەڵدەکوڕوزێنێت و دەیبرژێنێت، ئای کە چەند خواردنەوەیەکی تاڵ و ناخۆشە، چەندە جێگە و ڕێگەیەکی پڕ لە ئازارە.

سیفاتی دووەم: سروشتێکی پاك؛ (الفیطرة).

لەوسیفانەی دەبێتە هۆی ناسینی حەق، جیاکردنەوەی کاری چاك و خراپ هەروەها بەهۆکاری ئەم سیفەتە کارەکانت لەگەڵ سروشت و تەبیعەتی ژیاندا یەك دەگرێتەوە و لەسروشت دەرناچێت، بۆ نموونە لەهەرکەس بپرسیت دەزانێت (دزیکردن، کوشتن...) کارێکی خراپە تەنانەت ئەوانەش کە ئەو کارە دەکەن لەناخیاندا بەکارێکی خراپی دەزانن، ئەگەر چی دانیشی پێدانانێن.

هەروەها هەرکەسێك لەسەر سروشتی پاك بێت دەزانێت نێر دەبێت لەگەڵ مێ دا هاوسەرگیری بکات و بەپێچەوانەوە هەرکەسێك لای وابوو نێر لەگەڵ نێر یا مێ لەگەڵ مێ دەتوانن ڕابوێرێت، ئەوا سروشتە پاکەکەی لەدەست داوە و فیطرەتی پیسە.

سیفاتی سێیەم: ژیریی؛ عەقڵ.

لەجیاکردنەوەی کاری چاك لەخراپ، بۆ نموونە هەموو کەس بە بەکارهێنانی ژیری دەزانێت (دزی، کوشتن، فەساد...) خراپە. ئەو سیفاتانەی خوای پەروەردگار بەلوتفی خۆی بەخشیویەتی بە مرۆڤ کە دەتوانێت چاك و خراپی پێ لەیەك جیابکاتەوە.

لەهەمان کاتدا بوونی ئەو سیفاتانە لەمرۆڤدا خوای پەروەردگار لەڕێگەی کتێبێکەوە (قورئان) بەندەکانی خۆی لەکارە خراپ و چاکەکان ئاگادارکردوەتەوە، هەروەها پێغەمبەرێکی لەخۆیان بۆ ڕەوانە کردون تا ڕێبازی ڕاستیان بۆ ڕوونبکاتەوە، جا مرۆڤ بە بەکارهێنانی (ئازادی ڕەها)، (سروشتێکی پاك؛الفیطرة)، (ژیریی؛ عەقڵ) کە خوا

پێی بەخشیووە، هەروەها ئەو پەیامەی خوای پەروەردگار بۆی ناردووە دەتوانێت حەق و ڕاست ببینێت و بدۆزێتەوە.

کەواتە خوای پەروەردگار هەموو بەندەکانی بەبێ جیاوازی فێری ڕێگای ڕاست کردووە، بەڵام ئەوە مرۆڤەکانن خۆیان لەڕێگای ڕاست کەڕ دەکەن و لادەدەن. بۆیە بەهۆکاری ئازادی ڕەها، سروشتێکی پاك؛ الفیطرة، ژیریی؛ عەقڵ، قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ خوای پەروەردگار ئیقامە حوجەی لەسەر هەموو کەس کردووە بۆ دۆزینەوەی حەق و ڕاستی، هەروەها خوای پەروەردگار زۆر لەکەس ناکات بۆ وەرگرتنی دینی ئیسلام، هەمووان ئازادن.

جارێکی تر پرسیارەکە دەکەمەوە، خوا دەفەرمووێت هیدایەت بەدەستی منە. ئایا بۆچی سزام دەدات ئەگەر بەدەستی زاتی بەرزی ئەوە؟

لەوەڵامدا دەڵێین: بەڵێ؛ هیدایەت بەدەستی خوای پەروەردگارە، بەڵام با سەیرێکی ئایەتەکانی قورئان بکەین تا بزانین خوا هیدایەتی کێ نادات؟ خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿... يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرًا وَيَهْدِى بِهِۦ كَثِيرًا ۚ وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ ٢٦﴾ [البقرة]

واتە: زۆرێکی پێ گومڕا دەکات و زۆرێکی تریشی پێ هیدایەت و ڕێنمویی دەکات، بەڵام دیارە جگە لە لار و وێر و یاخی و تاوانباران کەسی تر گومڕا ناکات.

ئەگەر بەوردی تەماشا و سەرنج بدەین، خوای پەروەردگار ئەو کەسەی بۆمان دیاری کردووە کە هیدایەتی نادات )وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ( ئەویش بەهۆی ئەو زانستەی خوای پەروەردگارەوەیە کە زانایە بەوەی هیدایەت وەرناگرێت و نایەتە ڕێگەی ڕاست، هەروەها لەزۆر جێگادا خوای پەروەردگار ئاماژەی بەو کەسانە کردووە کە خوای پەروەردگار ڕێنموییان ناکات، هەروەك دەفەرمووێت:

﴿... وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ۝٢٥٨﴾ [البقرة]

﴿۞يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ۝٥١﴾ [المائدة]

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکەو گاور مەکەنە یار و یاوەر و پشتیوانی خۆتان ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت ئەوە هەر لەوانە و (حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت) بەڕاستی خوا هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات.

﴿كَيْفَ يَهْدِى ٱللَّهُ قَوْمًا كَفَرُوا۟ بَعْدَ إِيمَٰنِهِمْ وَشَهِدُوٓا۟ أَنَّ ٱلرَّسُولَ حَقٌّ وَجَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ۝٨٦﴾ [آل عمران]

واتە: چۆن خوا کەسانێك هیدایەت دەدات کە دوای ئەوەی باوەڕیان هێنا، پەشیمان بوونەوە و کافر بوون، لە حاڵێکدا کە شایەتیان دابوو کە پێغەمبەر حەق وێژە و بەڵگە و نیشانەیان پێ گەیشتبوو، بێ گومان خوا هیدایەت و ڕێنموییی دەستەو تاقمی ستەمکاران نادات.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبْطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ۖ لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَىْءٍ مِّمَّا كَسَبُواْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦٤﴾﴾ [البقرة]

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەکەن خێرو پاداشتی چاکەکانتان پووچ بکەنەوە بە منەت دانان و دڵ ئازاری، وەکو ئەو کەسەی ماڵ و سامانی خۆی لەبەر چاوی خەڵکی ببەخشێت بۆ ڕیاکاریی و خۆ نواندن، وە ئیمان و باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی نەبێت، نمونەی ئەو جۆرە کەسانە وەك ئەو بەردە سافە وایە کە خۆڵی بەسەرەوە بێت، لەوەودوا بارانێکی لێزمە بباریێت بەسەریاو هیچی بەسەروە نەیەڵێت و بە ڕەق و تەقی بەجێی بێڵێت و حەقیقەتی دەرکەوێت، (ئینجا ئەو جۆرە کەسانە) هیچ بەهرەیەکیان لە بەخشینیان دەست ناکەوێت، بێگومان خوای گەورە ڕێنمویی قەومی کافران ناکات.

﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يَأْتُواْ بِٱلشَّهَٰدَةِ عَلَىٰ وَجْهِهَآ أَوْ يَخَافُوٓاْ أَن تُرَدَّ أَيْمَٰنٌۢ بَعْدَ أَيْمَٰنِهِمْ ۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱسْمَعُواْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿١٠٨﴾﴾ [المائدة]

واتە: ئەوەی کە باسکرا نزیکترین و شیاوترین شێوازە بۆ شایەتی جێبەجێ کردن بۆ ئەوەی سوێند و شایەتیەکان بە ڕاستی بدرێن لەبەر خوا یان لە ترسی ئابڕوو چوونی بەدرۆ خستنەوەی سوێندەکانیان (تا مافی کەس نەفەوتێت)، لە خوا بترسن و گوێ بگرن (بۆ هەموو

ڕێنموییەکی خێر) خوایش هیدایەت و ڕێنموویی هۆزو قەومی

ناوابارو گوناهکارو لە سنوور دەرچوو نادات.

﴿قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ﴿٢٤﴾﴾ [التوبة]

واتە: ئەی موحەممەد ﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر باوو باپیرانتان و براکانتان و هاوسەرانتان و عەشرەت و هۆزتان و ماڵ و سامانێك کە بەدەستتان هێناوە، یاخود بازرگانییەك دەترسن کە شکان و بێ بازاڕی ڕووی تێبکات و خانووبەرە و کۆشك و تەلارێك کە حەز دەکەن لێتان تێك نەچێت و دڵخۆشن پێی، لاتان خۆشەویستترو نازدارتر بێت لە خواو پێغەمبەرەکەی و جیهادو تێکۆشان لەپێناو ڕێبازی ئەو زاتەدا، دە ئەوە چاوەڕوان بن، هەتا خوای گەورە دێت بە فەرمانەکانیەوە و (تۆڵەتان لێ دەسێنێت)، خوای پەروەردگاریش هیدایەت و ڕێنموویی قەومی یاخی و لە سنوور دەرچوو نادات.

﴿ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّى لَمْ أَخُنْهُ بِٱلْغَيْبِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى كَيْدَ ٱلْخَآئِنِينَ﴿٥٢﴾﴾ [يوسف]

(ئینجا یوسف) وتی: با پاشا چاك بزانێ و دڵنیا بێ کە من لە نهێنیدا خیانەتم لێ نەکردووە، چونکە بەڕاستی خوا فێڵ و تەڵەکەی خیانەتکاران سەرکەوتوو ناکات.

(یاخود زولێخا وتی:) تا یوسف دڵنیا بێ لە نهێنیداو (کە ئەو لێرە نییە) خیانەتی لێ ناکەم و بوختانی بۆ هەڵنابەستم، چونکە (بێوم دەرکەوتووە) کە خوا فێڵ و تەڵەکەی خیانەتکاران سەرکەوتوو ناکات.

کەواتە خوای پەروەرگار لەکەلامە پیرۆزەکەیدا ئاماژەی پێکردووە هیدایەتی چ کەسانێك نادات، بەڵکو ئەوجۆرە کەسانە الظَّالِمِينَ،الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ، الْفَاسِقِينَ، الْخَائِنِينَ.

بۆخۆیان بە ئیختیاری خۆیان پێشوەخت ئەو ڕێگایەیان هەڵبژاردووەو پشتیان لە حەق و ڕاستی کردووە.

کەواتە ئاڕاستەی خوای پەروەردگار ڕووبەڕووی ئەو کەسانەیە کە بە ئیختیاری خۆیان پشتیان هەڵکردووە لە ڕاستی، خوای پەروەردگار جارێکی تر ڕێنوێنیان ناکات لەدوای ئەوەی ئازادی ڕەها، سروشتێکی پاك؛ الفیطرة، ژیریی؛ عەقڵ، قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺی پێبەخشین, دواتر پرسیارێك دێتە پێشەوە.

ئایا خوای پەروەردگار کارەکانی لەنێو چاومدا نووسیووە؟

خوای پەروەردگار کارەکانی لەناوچاوانی هیچ کەسێك نەنووسیووە، بەجۆرێك کەئیجباربکرێت لەکردنی ئەو کارە، بەڵکو- خوای پەروەردگار زانایە بەو کارو کردەوانەی بەندەکانی ئەنجامی دەدەن.

باسێکی کەمی ئەوسیفاتەی خوای پەروەردگار دەکەینەوە کە بووەتە جێگای پرسیارکردن، پێویستە ئێمە بزانین ئەو سیفاتانە تەنها خوای

پالاوەست خاوەنێتی و نەیداوە بەهیچ لە درووستکراوەکانی بە پێغەمبەرانیشەوە، ئەو سیفاتە (علم الغيب)ە.

دنیای پەنهانی بریتییە: لەو زانستەی هیچ کەس و بوونەوەرێك خاوەنی نییە تەنها خوای پەروەردگار نەبێت، هیچ بوونەوەرێك توانای گەیشتن بەو زانستەی نییە، زانستێکە توانای زانینی ١٠٠٪ ڕووداوەکانی داهاتووی هەیە، هەر بەهۆی ئەم زانستەوە خوای پەروەردگار دەزانێت بەندەکانی لەداهاتودا چیدەکەن و چییان کردووە.

پرسیارەکە دووبارە دەکەمەوە!

ئایا خوای پەروەردگار خراپەی منی نووسیووە بۆچی دەمخاتە ناو دۆزەخ؟

لەوەڵامدا دەڵێین: ئەو نووسینەی خوای پەروەردگار لە زانست و دانایی زاتی بەرزی خوا خۆیەوەیەتی، نەوەکو ئەو کارە بەزۆری بە بەندەکانی بکات، واتا وەك لەپێشتردا باسمانکرد ئێمەی مرۆڤ موخەییەرین، واتا ئیختیار و هەڵبژاردەمان دراوەتە دەستی خۆمان لە کردنی کار و کردەوەکانمان دا. خوای پەروەردگار تەنها زانایە بەو کار و کردەوانەی کە دەیکەین، بە واتای ئەوەی خوای پەروەردگار دەزانێت و عیلمی پێی هەیە، نەوەکو ویستی هەبێت و بەزۆری دابێتی بەسەرماندا.

دەبێت ئێمە ئەوە بزانین ئەم عیلم و زانستەی خوای پەروەردگار تەنها زانینی کارەکانە و هیچ کاریگاری نییە لەسەر کردەوەی بەندەکانی، بۆ نموونەیەك ڕوونی دەکەینەوە.

(یەکێك لە بانگخوازە ئیسلامییەکانی ئەمریکا لەگەڵ منداڵەکەی خۆیدا دەچێتە کڵێسایەك، پێش دەستپێکردنی وتارەکە بە منداڵەکەی دەڵێت: کوڕم دادەنیشیت گوێ لە وتارەکە دەگریت، یاخود کاغەز و ڕەنگت بدەمێ وێنە بکێشیت؟

لەوەڵامدا منداڵکە دەڵێت: وێنە دەکێشم.

دوا بەدوای ئەمە بانگخوازەکە دەست دەکات بەوتار و باسی قەزاو قەدەر دەکات لەنێو وتارەکەدا کەسێك لەئامادەبوان هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێت: ئێوە تەناقضات (جیاواز و دژیەك بوون) لەقسەکانتاندا هەیە، لەلایەك دەڵێن خوا دەستی نییە لە کاروکردەوەی بەندەکانی، لەلایەکی تر دەڵێن کار و کردەوەی بەندەکانی نووسیووە؟

بانگخوازەکە لە وەڵامدا دەڵێت: خوای پەروەردگار زانایە بەکار و کردەوەکان، نەك ویستی لەسەر کار و کردەوەی بەندەکانی هەبێت، دواتر باسی ئەو ڕووداوەی بۆکرد کە پێش دەستپێکردنی وتارەکە ڕویدابوو.

دەڵێت: من بە منداڵەکەم وت: ئایا گوێ لە وتارەکە دەگریت یان وێنە دەکێشیت؟

لەکاتێکدا من زانابوم بەوەی منداڵەکەم وێنە کێشانەکە هەڵدەبژێرێت، من کەلوپەلی وێنەکێشانەکەم پێشوەخت لەگەڵ خۆم هێنابوو، هیچ زۆرم لەمنداڵەکەم نەکرد، بەڵام زۆر زۆر دڵنیابووم کامە هەڵبژاردەم پەسەند دەکات.

ئەوە منی مرۆڤێکی بێدەسەڵات ئەو زانستە کەمەم هەیە دەزانم منداڵەکەم کامە هەڵبژاردە پەسەند دەکات، ئەی زاتێکی بەرزی وەك خوای پەروەردگار کە ٪ ١٠٠زانایە بەو کار و کردەوانەی کە بەندەکانی دەیکەن.

ئەگەر خوای پەروەردگار ئەو زانستەی نەبێت هیچ فەرقێکی نییە لەگەڵ مرۆڤدا (پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە هەموو شتێکی بەدەستە و کاروباری گەردوون هەڵدەسوڕێنێت).

نموونەیەکی تر دەخەمە بەردەستتان تاکو جوانتر لەبابەتەکە تێبگەن، کاتێك مامۆستایەك لەخوێندنگایەك بۆ ماوەیەك لەگەڵ خوێندکارەکانیدایە لەکۆتایی ساڵدا دەزانێت کام خوێندکارەی دەردەچێت و کامە دەرناچێت، واتا بەو زانست و ئەزموونەی هەیەتی دەزانێت کام خوێندکاری زیرەکەو کام خوێندکاری ئاستی لاوازە.

کەواتە ئەم زانستەی مامۆستاکە نەبووە هۆکارێك بۆ دەرنەچون یان دەرچوونی خوێندکارەکان، بەڵکو مامۆستاکە زانی کامیان لەدەرچوو و دەرنەچووەکانن

ولله المثل الاعلى؛ خوای پەروەردگاریش زانایە بەوەی کامە بەندەیەی سەرکەوتوو دەبێت لەم تاقیکردنەوەیەی دنیادا و زانایە پێی نەوەك لەسەر بەندەکانی ئیجبار کردبێت.

لەکۆتاییدا دەڵێم: ئایا ئێمەی مرۆڤ بەو زانستە کەمەوە پەی بەهەندێك ڕووداو دەبەین، ئەی چۆن دەبێت خوای پەروەردگار بەو هەموو زانستەوە زانا نەبێت بەکارو کردەوەکانمان؟

دواتر هیچ کەسێك نامەی کردەوەکانی خۆی نەدیووە هەتا بڵێت بۆچی دۆزەخیم، بەڵکو تۆ خۆت ڕازی کردنی خوای پەروەردگار. لەچاکەکان هەژمار بکە و هەوڵبدە بۆ کردنی کاری چاك و پاشان پرسیارێکی تر خۆی زیت دەکاتەوە لەلای خەڵکی سادە ئەویش نا دادپەروەری لەم دونیایەدا، مانای وانییە خوا نا دادپەروەرە؟

پرسیار گەلێك لەنێو خەڵکاندا درووست دەبێت سەبارەت بە دادپەروەری خوای پەروەردگار، بەڵام خۆی لەخۆیدا تێنەگەیشنە لەدادپەروەری خوا و ئەو ئازادییەی خوا خولقاندوویەتی بۆ مرۆڤەکان.

دەوترێت: ئایا بۆچی زاڵمان هەمیشە لەو کەسانەن کە خۆش دەژین و ماڵی دنیا خۆشبەختی کردوون؟

ئەوکەسانەی کە پیاوباشن و خواناسن زۆرینەیان ژیانیان نارەحەتە و هەژاری زۆری بۆ هێناون؟ ئایا ئەمە دادپەروەرییە؟

لەوەڵامدا دەڵێین: بەهیچ شێوەیەك لەم دونیایەدا دادپەروەری بوونی نییە، لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار دادپەروەری داوەتە دەستی مرۆڤەکان!

ئازادی هەموو شتێکی پێداون تەنانەت کوفریش!

لەهیچ شوێنێکدا لە قورئان و سوننەتدا خوای پەروەردگار نەیفەرمووە کەمن دادپەروەری دەخەمە زەوییەوە و من لێی بەرپرسیارم.

کەوابوو ئەو نادادپەروەرییەی کە دەیبینین لەئەنجامی خراپی مرۆڤەکاندایە کە ئەو حاڵەتە نەخوازراوەیان دروستکردووە لەزەویدا.

بەپێچەوانەوە خوای پەروەردگار دادپەروەری خۆشدەوێت بەجۆرێك هاریکاری گەلێکی دادپەروەر دەدات ئەگەر چی خوانەناس بن. شیخ الاسلام ابن تیمیة لە باسی دادپەروەریدا دەڵێت: لەهەرجێگایاکدا دادپەروەری بوونی هەبوو ئەوا خوای پەروەردگار هاریکاری و پشتگیری ئەو گەلە دەکات، خوای پەروەرگارلە حەدیثێکی قودسیدا لەزاری پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (يَا عِبَادِي: إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فَلَا تَظَالَمُوا...) من زوڵمم حەرام کردووە لەنەفسی خۆم، حەرامیشم کردووە لەسەر ئێوە، زوڵم مەکەن، لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت، ئایا کە خوای پەروەردگار ئەمەی نەخوڵقاندووە ئەی بۆچی دەستی ئەو کەسانە ناگرێت کە زوڵم دەکەن لەسەر ئەو نادادپەروەرییە وەڵامی نییە؟



CamScanner

لەوەڵامدا دەڵێین: لە سەرەتادا باسمان کرد خوا ئازادی تەواوی داوەتە مرۆڤەکان لەسەر ئەو تاوان و خراپەکاریانەی کە دەکرێت دوایخستووە بۆ ڕۆژی لێپرسینەوەی بەندەکانی، ئەی ڕۆژی لێپرسینەوە بۆچییە؟ ئەی ئازادی واتای چییە؟ خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ﴿٤٢﴾﴾ [إبراهيم]

واتا (ئەی پێغەمبەر ﷺ) واگومان مەبە کە خوا بێ ئاگایە لەو کاروکردەوەیەی ستەمکاران دەیکەن، بەڕاستی خوا سزاکەیان دوا دەخات بۆ ڕۆژێك کە چاوەکانیان تیایدا ئەبڵەق دەبن (جاری وایش هەیە هەر لە دنیادا ستەمکاران ڕیسوا دەکات و تۆڵەیان لێدەسێنێت).

دوابەدوای ئەوە پرسیارگەلێکی تر دێتە پێشەوە، ئایا بۆ موسڵمانان لەناڕەحەتیدان، کاتێك تاوان ئەنجام دەدەن ڕاستەوخۆ ناڕەحەتیان تووش دێت؟

خوای پەروەردگار دادپەروەرە بەهیچ شێوەیەك پێی خۆش نیە بەندە باشەکانی تووشی ناڕەحەتی بکات.

لەوەڵامدا دەڵێین: لە دادپەروەری و ڕەحمی خوایە کە لەم دونیادا پاکیان دەکاتەوە لەگوناە و تاوان بەهۆی ئەو ناڕەحەتییانەی تووشیان دێت ئیمتیازیان ئەداتێ و پلەیان بەرز دەبێتەوە و پاك دەبنەوە بۆ ئەوەی بچنە بەهەشت، خوای پەروەردگار پێی خۆشە بەندە باشەکانی بەپاکی بگەڕێنەوە لای. بە نموونەیەکی واقیعی ڕوونی دەکەینەوە...

ئەگەر کەسێك تاوانێکی بچوك بکات و دەستگیر بکرێت دەبرێتە بنکەی پۆلیس، لە بنکەی پۆلیس هەندێك بەڵێننامەی پێ پردەکەنەوە و ئازادی دەکەن، چونکە تاوانەکەی زۆر گەورە نییە. هەروەها ئەگەر کەسێك تاوانێکی گەورە بکات دوای دەستگیرکردن دەبرێتە دادگا، لەبەرئەوەی دادگا شوێنی تاوانە گەورەکانە و ناتوانێت لە بنکەی پۆلیس ڕزگاری بێت. لەبەر ئەوەی تاوانەکەی هێندە گەورەیە قوتاربوونی لە بنکەی پۆلیس نابێت دەگوێزرێتەوە بۆ جێگایەك کە سزاکەی وەربگرێت، بۆیە پێویستە ببرێتە دادگا، چونکە بنکەی پۆلیس تەنها بۆ تاوانی بچووکە و لەوێ کێشەکان چارەسەر دەکرێت.

ولله المثل الاعلى؛ ئەم زەوییە وەك بنکەی پۆلیس وایە، تەنها بۆ تاوانە بچوکەکانە، موسڵمانان بە ناڕەحەتییەکی کەمی دونیا ڕزگاریان دەبێت و بەهەشتی بێکۆتا چاوەڕێیانە، بەڵام تاوانی زاڵم و زۆردارەکان زۆرە و ئەو ناڕەحەتییانەی لەم دونیایە هەن کەمە بۆیان بۆیە دەبرێنە دادگا گەورەکە کە لەوڕۆژەدا دادگای خوای پەروەردگارە

﴿فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝٧﴾ [الزلزلة]

واتە: جا ئەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێرو چاکەی ئەنجام دابێت دەیبینێتەوە.

﴿وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ۝٨﴾ [الزلزلة]

واتە: ئەوەش کە بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك شەڕو خراپەی هەبێت، دەیبینێتەوە.

کەواتە بەپێچەوانەوە نەهاتنە وەڵام لەتاوان لە دادپەروەری خوای پەروەردگارە و ئازادی تەواوی داوەتە بەندەکانی خۆی.

دوابەدوای ئەوەی ڕوونمان کردەوە کە دادپەروەری خوای پەروەردگار لەزەویدا نییە و داویەتییە دەستی بەندەکانی، بەڵکو دادپەروەری خوای پەروەردگار لە ژیانی دوای مردندایە و ڕۆژی لێپرسینەوەدایە.

پرسیارێك دروست دەبێت، ئایا بۆچی زاڵم زۆربەی بایی ئەوەندە سزانادرێن کەتاوانەکەیان کردووە؟

ئەگەر ٧٠ساڵ ژیاوە ٧٠ ساڵیش سزای بدەن؟

یان مولحیدێك دەڵێت:

ئاخر کەی دادپەروەری اللەیە کە کەسێك تاوانێك بکات لەم دنیایەدا چەند ساڵێك بژی و کەچی بە هەتا هەتایی لە دۆزەخدا بێت؟

لەوەڵامدا دەڵێین: ئەم قسەیە ڕاستە، ئەگەر بەرانبەری نەبێت و هەر ئەو هەڵبژاردەیە هەبێت پاشان ئێمەش دەڵێین ئەو اللەی ئێمە دەفەرمووێت: چاکە بکە لەم دونیایەدا لەم چەند ساڵەی تەمەنتدا بە هەتاهەتایی لە بەهەشت بمێنەرەوە.

کەواتە ئەگەر دۆزەخ هەیە لە بەرانبەریشیدا بەهەشت هەیە.

تۆی مولحید کامیان هەڵدەبژرێت خۆت بەرپرسیاری، گلەیی مەکە ئازادی هەردوو هەڵبژاردەکەت هەیە.

ئازادی بیرە دەخۆیتەوە یان ئاو، ئازادی گۆشتی مەڕ دەخۆیت یان بەراز هتد...

خوای پەروەردگار دادپەروەرە و دادپەروەریشی خۆشدەوێت، چۆن دۆزەخی داناوە تا کۆتایی بەهەمان شێوەیش بەهەشتی داناوە کە نەبڕاوەیە. بەپێی ئەو پرسیارە بێت دەبێت بەهەشتییەکانیش بەپێی چاکەکانیان لەبەهەشتدابن و دواتر دەردەکرێنە دەرەوە، پەنا بەخوا ئەوە دادپەروەری خوانییە، خوای پەروەردگار پێشوەخت بەندەکانی لێ ئاگادارکردوەتەوە کە هەردووکیان (بەهەشت و دۆزەخ) نەبڕاوەن، لە ڕێگای قورئانەوە هەردووکیانی ڕوونکردۆتەوە بۆبەندەکانی. نموونە: ئەگەر کەسێك لە شەقامێکدا بڕوات و یاسا بشکێنێت، دوابەدوای ئەوە مروری شەقامەکە باجێکی کەمی لێداوا بکات بۆ نموونە: (٢٥٠ دیناری عێراقی) ئەوا کەسەکە لەبری (٢٥٠بەڵکو هەزار دیناری عیراقي) ئەداتێ، چونکە بڕەکەی کەمە، هەمو ڕۆژێك هەمان تاوان دەکاتەوە و باکیشی نییە، لەبەر ئەوەی سزاکە کەمەو نادادپەروەرانەیە، بەڵام ئەگەر هەمان حاڵەت ڕوویدایەوە بەڵام سزاکەی بڕە پارەیەکی زۆر بوو ئەوا جارێکیتر ناچێتەوە، سەر ئەو تاوانە سەرپێچیە، بەڵکو خۆشی لێ بەدوور دەگرێت ئەنجامی ناداتەوە ڕاستە سزاکە قورسە، بەڵام دادپەروەرانەیە بۆ ئەوەی خەڵکان نەکەونە ئەو تاوانەوە، ئەگەر دۆزەخ بەوشێوە بوایە کە پرسیاریان لەبارەیەوە کردووە، بەئومێدی بەهەشت هەوڵیان نەدەدا.

ئەگەر ترسی دۆزەخ نەبوایە فەساد و خراپەکاری زۆر دەبوو، کەس ترسی لەدۆزەخ نەدەما چونکە ڕۆژێك لەڕۆژان هەر ڕزگاری دەبێ لەدۆزەخ و دەچێتە بەهەشتەوە. بۆیە دادپەروەرانە ترین حاڵەتە کە چۆن دۆزەخ نەبڕاوەیە ئاوا بەهەشتیش نەبڕاوەیە. کەوابوو ئێمە بە موخەییەری خۆمان هەڵیان دەبژێرین.

# بۆچی خوای گەورە دروستی کردووین و پرسی پێنەکردووین؟

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کۆمەڵە کەسانێك بەناوی لۆژیکەوە هەندێك پرسیار دەکەن بەجۆرێك ئابڕووی لۆژیکیشیان بردووە! لەوپەڕی نەفلاسیدا گەیشتوونەتە ئەم پرسیارە.

ئەوانەی ئەم پرسیارە دەکەن بێئاگان لەوەی کە پرسیار لە چ زاتێکی بەرزو بڵند دەکەن، بێئاگان لەوەی هەموو گەردوون لەچاو کورسی خوای پەروەردگار تەنها خاڵێکە، هەروەها کورسیش بە بەراود لە عەرشی خوای گەورە تەنها خاڵێکە، دەبێت خوای پەروەدگار چەندە بڵندو بەرز بێت؟

پێویستە ئێمە خوای پەروەردگار بناسین لەڕێگەی قورئان و دروستکراوەکانییەوە ئەو خوایەی کە دەفەرموێت:

﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَٱلسَّمَـٰوَٰتُ مَطْوِيَّـٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴿٦٧﴾﴾ [الزمر]

واتە: خوانەناسان؛ قەدری خوایان وەك پێوست نەگرت، ڕێزیان بۆ دانەنا، بەمەرجێك هەر هەموو گۆی زەوی پڕ مشتێکی قودرەتی ئەو زاتەیە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئاسمانەکانیش بەدەستی قودرەتی ڕاست و

دروستی خوا پێچراوەن (ئاماژەیە بۆ دەستەڵاتی بێ سنووری ئەو زاتە)، پاکی و بێگەردی و بڵندی بۆ ئەو پەروەردگارە مەزنەی شایستەی ئەوە نییە نەفامان هاوەڵی بۆ بڕیار بدەن و قەدری نەزانن.

پاشان دێن ڕەخنە و پرسیار ئاراستەی ئەو زاتە پیرۆزە دەکەن.

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بخەمەڕوو کە ئەم پرسیارە لەوپەڕی بێ ئومێدی و لاوازیٚ دروست دەبێت، واتا هیچ ڕێگایەکی تریان نییە بۆدەربازبوون لەو بارە دەروونییە ناڕەحەتەی تێیدا دەژین، بۆیە ناچار دەبن و دەیانەوێت تاوان بخەنە پەنای خوای پەروەردگار و خۆیان بە بێتاوان لەقەڵەم بدەن. ئەمە نیشانەی لاوازی ئەو مرۆڤانەیە کە ئەو پرسیارە ئاراستەی خۆیان و خەڵکی و پاشان پەروەردگاریشیان دەکەن.

پرسیارەکە دەکەمەوە کە بۆچی خوای گەورە دروستکردووین و پرسی پێنە کردووین؟

خەڵکێکی زۆر لە سەرەتای ژیانیانەوە تاکۆتایی ژیانیان بەدوای ئەم پرسیارەوەن، یان با بڵێین زۆربەی دانشمەند و فەیلەسوف و بیرمەندەکان...هتد بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا وێڵ بوون گوزەریان کردووە بەناو مەعریفەدا.

هەر قوتابخانەیەك لە قوتابخانەکانی فیکر و فەلسەفە جۆرە وەڵامێکی دەستەبەر کردووە.

لە فەلسەفەی سروشتەوە بیگرە تا پراگماتیکی، ماددی، وجودی، میسالی و سوفسطائی هتد...

لە کۆتاییدا هەموو لەسەر ئەو ڕایەن کە پرسیارێکی سوفسطائیە و هیچی تر.

لەڕاستیدا فەلسەفەی سرووشتی لێ دەردەچێت کە واتای مرۆڤگەراییە، هەموو بیرو فەلسەفەکانی تر بڕوایان وایە کە مرۆڤ بێهودەیە.

بەڵام ئاینەکانیش قسەی گەورەیان هەیە لەسەر هاتنی مرۆڤ.

بەتایبەت ئیسلام و یەهودی و مەسیحیەکان.

ئاینەکانی تری وەك زەردەشتی، لاوتستۆی، بوزا، کۆنفۆشیۆسی، هیندۆسی، بەهرامی، میترای و...هتد، لای ئەوانیش مرۆڤ بەگشتی لە زوهدو ژیانێکی ناواقعیدایە.

لێرەدا باسی ئیسلام دەکەین، چونکە وتەمان لەسەر مرۆڤی وەرگری ئیسلامە واتا موسڵمان.

کەواتە موسڵمان کاری چییە بۆچی هاتووە؟

ئایا موخەیەرە یان موسەیەرە؟

واتا ئەمری پێکراوە یان ئازادە؟

مادام هەردووکیان هەیە، کەواتە مرۆڤ لەهەردوو بەشەکە پێکهاتووە.

بۆ نموونە:

ئەگەر کەسێك بڵێ چایی دەخۆیت یان قاوە؟ کەواتە هەردووکیان بوونیان هەیە بۆیە ئیختیارت ئەداتێ.

ئەم نموونەیە باشترین ڕوونکەرەوەی ئەو بابەتەیە کە بەدرێژایی دە
ساڵی ڕابووردوو ئەم پرسیارەی لێم کراوە.

بەواتایی ئەوەی ئەو ڕەگەزەی کە مرۆڤە و پێکهاتەی نێر و مێیە
خوای گەورە هەندێك کاری پێبەخشیوە کە ئەمری پێکراوە، هەندێك
کاری پێبەخشیوە و موخەیەر و ئازادە لە هەڵبژاردنیان.

چیین ئەوانەی کە موسەیەرە و مرۆڤ ئازاد نییە تێیدا؟

گومانی تێدا نییە زۆرە، بەڵام چەند نموونەیەك باسیان دەکەین و
بەشەکانی تر لە مێشك و بیری خۆتا دەتوانی بە ئاسانی تاوتوێی
پێبکەیت و ئیتر لەمەودواوە دەزانیت لە چییدا دەسەڵاتت نییە.

لە کوێدا لە دایك دەبیت، لە کوێدا دەمریت، خەڵکی کوێیت، ئایا
کوردی عەرەبی فارسی یان کوڕی کێیت؟ نێری یان مێ؟ ئەمانە هیچی
لەدەسەڵات و هەڵبژاردنی مرۆڤدا نییە...

برسێتی، تینوێتی، ئازار، حەزی شەهوەت بەهەموو جۆرەکانییەوە
(لە لیکە ڕژێنێکەوە تا شەهوەتی جنسی) لەدەسەڵاتی مرۆڤدا نییە...

کە دێمە سەر باسی ئازاد بوون حیکمەت و فەلەسەفەی پارسەنگی
دەردەکەوێت لەناو هەردوو چەمکەکەدا.

مادام برسێتی مرۆڤ بەدەست خۆی نییە و هەر برسی دەبێت،
کەواتە تۆ ئازادی چی دەخۆیت لە حەڵاڵ و موباح وەك گۆشتی
مریشك و مەڕو هتد... یان لە حەرام وەك بەراز و مردارەوە بووەکان.

کە تینووت بوو لەدەسەڵاتتدا نییە، بەڵام ئازادی چی دەخۆیتەوە ئاو، ماستاو، شەربەت هتد... ئەوەی کە حەڵاڵە یاخود لە حەرام کراوەکان وەك خواردنەوە کحولییەکان.

ئازادی شەهوەت و حەزت بۆ ئافرەت هەیە یاخود ئافرەت بۆ پیاو، لەدەستتدا نییە ئەم حەزە، چونکە چێنراوی خواییە، بەڵام ئازادی بە زیناو کاری خراپە و نێربازی تێری شەهوەت دەکەیت یان هاوسەرگیری دەکەیت و خێزان پێك دێنیت.

مردن بەدەست تۆ نییە، بەڵام دەتوانیت مردنەکەت هەڵبژێریت لە پێناوی کێدا بێت لەمەیاندا ئازادیت.

کەواتە وەڵامی ئەو پرسیارەیە ئایا خالق پرس بە مەخلوق دەکات بۆ دروستکردنی؟

وەڵامەکە بە دوو بیردۆزی مەعریفی گریمان وەڵام ئەدەینەوە: وَلِلَّهِ الْمَثَلُ الأَعْلَىَ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ.

یەکەم: ئەگەر لە ئەدیسۆن بپرسی تۆ کارەبات دروست کردووە کە بۆ پێداویستی مرۆڤە، ئەی پرست بەکارەبا کرد کە دروستی دەکەیت؟

دووەم: ئەگەر بە کارەبا بڵێیت جەنابی کاك کارەبا ئایا ئەدیسۆن دەناسیت؟

بە هەردوو گریمانەکە وەڵامی سێیەممان دەست دەکەوێت بە گریمان و دەیکەینە مەعریفە.

ئەدیسۆن پێویستی نییە پرس بەکارەبا بکات، چونکە ئەدیسۆن داهێنەری کارەباییە، پاشان کارەباش بەهیچ شێوەیەك ئەدیسۆن ناناسێت، ئەگەر دەست بداتە سارد و گەرمی کارەبا، خودی خۆی دڵنیام کە کارەباکە بارگاوی دەکات و دەیکوژێت ئەگەر فریای خۆی نەکەوێت.

کەواتە خالق پرس بە مەخلوق ناکات پاشان مەخلوق وەك ئەوەی کە پێویستە خالق ناناسێت، دەیکەواتە ئەو مەخلوقە کە خالقەکەی ناناسێت دەبێت خۆی پێ بناسێنێت.

لێرەدا خوای پەروەردگار ئەو خوایەیە کە خودی خۆی هەموو شتێك دەبەخشێت ناوی خوا لە بەخشینی خۆیەوە هاتووە کە بەخشندەیە و بەدیهێنەرە. نەك لە کاتی دروستکردنیدا پرس بە مەخلوق بکات، ئەگەر خوای پەروەردگار خۆی بە مەخلوق نەناسێنێت هیچ ڕێگایەك نییە تا خوا بناسێت.

بوون بەمرۆڤمان لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە، واتا ئێمە درووستکراوی خوای پەروەردگارین و ئەو بەویستی خۆیەتی چۆن بەدیمان دەهێنێت، نەك ئێمە بکەوینە پرسیار لەو بابەتەدا هەروەك دەفەرمووێت:

﴿لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ﴿٢٣﴾﴾ [الأنبياء]

واتە: پرسیار ناکرێت لەوەی کە خوا دەیکات، لە کاتێکدا ئەوان پرسیاریان لێ دەکرێت و موحاسەبە دەکرێن، بەڵام لەدەسەڵاتی خۆماندایە دەبینە مرۆڤێکی باش (لای خوا لە زۆرێك لە فریشتەکان

بەرێزتربین) یا ببینە مرۆڤێکی خراپ (شیاطین.. الانس).. جا ئێمە لێپرسینەوەمان لەگەڵ ناکرێت لەسەر مرۆڤبوونمان، بەڵکو لە ئەو سیفاتە (ئازادی ڕەها) لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت کە خوا پێی بەخشیووین.

مرۆڤ پێش ئەوەی دروست بکرێت لە نەبوون (عەدەم) دابووە!

نەبوون (عەدەم)چییە؟

شوێنێکی ترسناکە و ناخۆشە بەجۆرێك ناڕەحەتییەکەی وێنا ناکرێت، هەروەها هیچ شتێکی لێنییە جیهانێکە بێ بوونە، بەواتایەکی تر واتا لەناوچوون.

ژیان: بریتییە لە نیعمەتێکی خوای پەروەردگار داویەتی بەبەندەکانی، تیایدا ئازادانە ژیانی خۆیان هەڵدەبژێرن، بەواتایەکی تر...

ئایا کەسێك لە نەبووندا بێت دەکرێت پرسیاری دەربارەی شتێك لێبکرێت؟

لەڕاستیدا ئەو بوونی نییە ئادەی چۆن پرسیاری لێبکرێت؟

بە نموونەیەك ڕوونی دەکەینەوە..

ئەگەر لە کەسێك بپرسین کە گریمان نیازی وابێت ڕۆبۆتێك دروست بکات، بەڵام مەرجمان ئەوەیە نابێت دروستی بکات تاپرسی پێنەکات، ئایا دەگونجێت پێش ئەوەی ڕۆبۆتەکە دروستکات پرسی پێبکات؟

بەڕاستی جێگەی تەنزە، چونکە ئەو ڕۆبۆتە بوونی نییە تا پرسی پێ بکات.

گریهان ئەو ڕووداوە ڕوویدا و پرسیارمان پێکرا، ئێوە خۆتان بخەنە ناو ئەو حاڵەتەوە، ئەگەر خوای پەروەردگار پرسیارتان پێبکات ئایا ڕازیت بەوەی لە ژیانی (نەبوون (عەدەم)) بتخەینە ژیانێکی تر؟

ژیانێك هەموو ئاسانکارییەکی تێدا هەیە وەك (هەوا، ئاو، خۆراك، جوانییەکانی سروشت، خێزان..هتد)، ژیانێك خۆشییەکانی خۆتی تیا بەدی دەکەیت یاخود پیاویك بۆ ژنێك وە بە پێچەوانەوە. لەو ژیانەدا ئێمە ئازاد دەکرێین چ کارێك دەکەین، واتا بە ئیختیاری خۆمان ژیان دەکەین دواتر نەمریی (خلود)مان پێدەبەخشرێت، ئایا چ کەسێك ئەوجۆرە هەڵبژاردنە ڕەتدەکاتەوە (لەنەبوون بۆ بوون و دواتر نەمریی)؟

ئایا زوو هەوڵنادەیت بگەیتە ئەو جۆرە ژیانە و لەو نەبوونە (عەدەم) ڕزگارت بێت؟

ئەم پرسیارە ئاراستەی هەرکەسێك بکەیت، ئاواتیەتی بچێتە ئەو ژیانە خۆشەوە (بەڕاستی ژیان خۆشە بە بەراورد بە نەبوون)، تەنانەت ئەگەر ئەم پرسیارە ئاڕاستەی کەسێکی بێباوەڕ (مولیحد) بکەیت هەرچەند لای بێباوەڕان و خوانەناسان ژیانی دوای مردن بوونی نییە. بەبڕوای ئەوان دوای مردن دەچنە نەبوون (عەدەم)ەوە، بەڵام بەجۆرێك لە و نەبوونە (عەدەم) دەترسن هیچ کات ئاواتی پێناخوازن!

جا ئەگەر بیانەوێت لە شەقامێك بپەڕنەوە هێندە بە وریایەوە دەپەڕنەوە تا خۆیان لە مردن واتا (عەدەم بەدوورگرن بەبڕوای خۆیان) هێندە لەو جۆرە ژیانە دەترسێن، کەواببوو تەنانەت لەلای ئەوانیش

عەدەم ترسێنەرە و ژیان خۆشە، بۆیە ئەگەر ئەم پرسیارە ئاراستەی ئەوانیش بکرێت ئەوا ژیان هەڵدەبژێرن. کەوابوو کەسێك کە نەخۆش بێت ئەم جۆرە هەڵبژاردنە ڕەت دەکاتەوە، بەهەموو پێوەرێك ئەم ژیانە خۆشە و نیعمەتێکی خوای پەروەردگارە پێی بەخشیووین.

باسمان لەوەکرد ئەگەر ئەم پرسیارە بکرێت و نەکرێت بێ سوودە، بۆیە پێویستە لەبری ئەم باسە پرسیار دەربارەی ئەوە بکەین.

بۆچی هاتووینەتە ئەم ژیانە؟

بۆکوێ دەڕۆین؟

کۆتاییمان چییە؟

ئێمەی مرۆڤ بەسەفەرێك لەم ژیانەداین، بۆنموونە (من ئەمەوێت لەگەڵ کۆمەڵێك برادەر لەپێنجوێنەوە بچمە دهۆك، مەبلەغێك پارەی باشمان پێیە بۆ ئەوەی ئەو پارەیە بەکاربهێنین بۆ پێداویستیەکانمان تا دەگەڕێینەوە پێنجوێن، ئایا گونجاوە ئەو پارەیەی هەڵمانگرتووە لە ڕێگا هەمووی خەرج بکەم بۆ نموونە لەشاری سلێمانی؟

خۆ ئەگەر وامان کرد کەواتە ئێمە هەڵەیەکی گەورەمان کرد لەوەی لەکاتێکی کەمدا پارەکانمان سەرفکرد پێش ئەوەی بگەڕێینەوە شوێنی سەرەکیمان، واتا بە ئیفلاسی دەگەڕێینەوە). بەهەمانشێوە ئەم ژیانەش سەفەرێکی کورتە و پێویستە هەر بگەڕێینەوە بۆ مەنزڵگای خۆمان کە بەرزەخە، بۆیە پێویستە ئێمە بە توێشوویەکی زۆرەوە بگەڕێینەوە شوێنی سەرەکی خۆمان، نەك بەئیفلاسی لەبەر خاتری ئەم ژیانە دوو ڕۆژییە

قیامەتمان بفەوتێنێت، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: "قَالَ " مَالِي وَلِلدُّنْيَا، إِنَّمَا مَثَلِي وَمَثَلُ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رَاكِبٍ قَالَ فِي ظِلِّ شَجَرَةٍ فِي يَوْمٍ صَائِفٍ، ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا ".

واتە: نموونەی ژیان وەك نموونەی ئەسپ سوارێك وایە کە لە ژێر دارێکدا بحەوێتەوە و دواتر بەجێی بهێڵێت.

هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا ﴿٤٥﴾﴾ [الكهف]

واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ) نموونەیان بۆ بهێنەرەوە کە ژیانی دنیا وەك ئەو ئاوی باران وایە کە لە ئاسمانەوە دەیبارێنین و ڕووەکی زەوی بەهۆیەوە بەیەکدا دێن، لە دوای ماوەیەکی کەم (هەموو ئەو ڕووەك و گژو گیایە) دەبێتە پووش و پەلاشێکی ورد و خاش، ڕەشەبا بەم لاولادا بڵاوی دەکاتەوە، خوای گەورەش هەمیشەو بەردەوام دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

کەوابوو ئەم ژیانە سەفەرێکی کورتە و لەڕێگادایین بۆ مەنزڵگای خۆمان کە خلودە واتا ژیانێکی نەبڕاوەیە، هیچ ئەقڵێکی تەندروست ئەو ژیانە کورتی دونیایە ناگۆڕێتەوە بە ژیانی بێکۆتایی قیامەت.

دوای ئەوەی خوای پەروەردگار ڕێنمایکردووین و ئەقڵی پێداوین و ئازادی پێداوین کێ هەیە لەنێوان بەهەشتی هەمیشەیی بگۆڕێتەوە بە دۆزەخی بێ کۆتایی.

چۆن نەبوون (عەدەم) ناڕەحەتییە لەچاو (ژیانی دونیا)دا ئاواش ژیانی دونیا ناڕەحەتییە لە چاو ژیانی (دوای مردن و بەهەشت (بەرزەخ)، کەواتە ڕاستە ئەم ژیانە ناڕەحەتی تیایە بەتایبەت بۆ موسڵمانان، تەنانەت پێغەمبەرانیش ناڕەحەتی خۆیان لەم ژیانەدا بینیووە، پێغەمبەر ﷺ کە چاوی هەڵهێناوە بێ باوك و دایك بوو. مەرگی منداڵی خۆی بینی، بەڵام سەرفراز ئەو کەسەیە بە توێشووەوە بگەڕێتەوە قیامەت و ئەو ئازادییەی خوا پێی داوە بەکاری بهێنێت بۆ بەهەشتی نەبڕاوە نەك دۆزەخی بێ کۆتایی.

# بۆچی خوای گەورە ئێمەی بە چاکەخواز دروست نەکردووە؟

زۆرێك لەوانەی دەستیان بەدونیاوە گرتووە و پەیامی خوای پەروەردگاریان پشتگوێ خستووە هەمیشە ئەو کەمتەرخەمییەی خۆیان دەکەنە بیانوو، ڕەخنەگرتن لەخوای پەروەردگار یا بۆ خۆدزینەوە لەپەیامی خوای پەروەردگار پرسیار دەکەن، بۆچی خوای گەورە ئێمەی بە چاکەخواز دروست نەکردووە؟

ئەم پرسیارە ئەوپەڕی بێئاگاییە لە درووستکراوەکانی خوای پەروەردگار، ئەوپەڕی بێئاگاییە لە خودی مرۆڤ کە خوای پەروەردگار چ سیفاتیکی پێبەخشیووە، بەجۆرێك نەیداوە بە درووستکراوەکانی دیکەی.

سەرەتا زۆر بەداخەوە ئەوانەی ئەو پرسیارە دەکەن بە نادانایی لەگەڵ خوای پەروەردگار دەدوێن، بەواتایەکی تر ئێمە دەمانەوێت هەرچی خوای پەروەردگار کردوویەتی لێی تێبگەین و حیکمەتەکەی بزانین ئەمەش قورسە، چونکە خوای پەروەردگار زانستێکی هەیە هێندە باڵایە کە ئێمە ناتوانین پەی پێبەرین. بۆیە ئەوانەی ئەو پرسیارە دەکەن لایان وایە پرسیار ئاراستەی هەمان توخمی خۆیان (مرۆڤ)

دەکەن، بێئاگان لەوەی ئەو پرسیارە ئاراستەی زاتێك دەکەن زانستێکی هەیە هیچ کەس ئاگات پێی و هەموو کارەکانی پڕن لەحیکمەت و جوانی.

لەلایەکی ترەوە ئەوانەی ئەم پرسیارە دەکەن هیچ زانستێکیان نییە و بەجۆرێك هەرخوێنەریش نین، لەوانەش نین خۆیان بە وەرگرتنی زانست خەریك کردبێت، بەڵکو هەر زۆر نەزانن بە کارە پڕ حیکمەتەکانی خوای پەروەردگار.

﴿هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴿٦٦﴾﴾ [آل عمران]

واتە: ئەوە ئێوەن موجادەلە و باس و خواستان لەسەر ئەو شتانە دەکرد کە زانیاریتان دەربارەی هەبوو.. کەوابوو بۆچی دەم لەو شتانەشەوە دەدەن کە هیچ زانیاریتان دەربارەی نییە؟ دیارە هەر خوا ئەو شتانە دەزانێت، ئێوە نایزانن.

لە بێ ئاگاییان لەدرووستکراوەکانی خوای پەروەردگار ئەم پرسیارە دەکەن، جا ئەم کەسە بەو بێ زانستییەوە دەیەوێت لە هەرچی کارە پڕحیکمەتەکان و درووستکراوەکانی خوای پەروەردگار بگات، بەو زانستە کەمەوە پرسیاریان لەبارەوە دەکات و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکات. ئەگەر هەر درووستکراوێکی خوای پەروەردگار لەگەڵ مێشکە کەم زانستەکەی ئەم نەگونجێت و عەقڵی پێی نەشکا ئەوا دەکەوێتە

ڕەخنەگرتن و بڕیاردانی هەڵە و دەیخاتە ئەولاوە، بە خەڵکی دەڵێت ئەمە قابیلی جیبەجێکردن و قبوڵ نییە.

خوای پەروەردگار لەگەڵ بوونی جەستە عەقڵێکی بەخشیووە بە ئێمەی مرۆڤ پێویستە چۆن ئێمە وەرزش بە جەستەمان دەکەین بەهەمان شێوە وەرزش بە عەقڵمان بکەین، وەرزشی عەقڵ خوێندەنەوەیە هەروەها ئەزمون و ڕامان و تێفکرینە لە شتەکان، ئەم وەرزشانە وا لە مرۆڤ دەکات عەقڵێکی بەهێزی هەبێت و زیاتر لە شتەکانی چواردەوری تێبگات و جیهان بینینی بەهێزتر بێت.

جابۆیە ئەگەر مرۆڤ گەیشتە ئاستێکی جیهان بینینی بەهێز، هەروەها پاش ئەوەی تێفکرینی بۆ درووستکراوەکانی خوای باڵا هەبوو پرسیار گەلێکی لەو شێوە ناکات.

بۆ تێفکرین و ڕوونکردنەوەی باسەکە پێم خۆشە زۆر بەکورتی باسی چەند درووستکراوێکی خوای پەروەردگار بکەین، خوای پەروەردگار جگە لەمرۆڤ چەندین درووستکراوی دیکەی هەیە کە ئێمەی لە هەندێکیان ئاگادارکردووەتەوە بۆ نموونە (ئاسمان، زەوی، مرۆڤ، جن، فریشتە هتد...)، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت باسی بکەین و لێی بدوێین (مرۆڤ و جن و فریشتە)ن. سەرەتا باس لە سیفاتێکی هاوبەشی (جن و مرۆڤ) دەکەین کە پەیوەندی بە پرسیارەکەوە هەیە.

مرۆڤ و جن: بریتین لە دوو درووستکراوی خوای پەروەردگار، ئەم دوو درووستکراوە لە هەموو درووستکراوەکانی تری خوای

پەروەردگار جیاوازن لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار سیفاتێکی تێدا دروستکردوون کە نەیبەخشیووە بەهیچکام لەدرووستکراوەکانی ئەویش (ئازادی ڕەها) کە بریتییە لە ئازادی (مرۆڤ و جن) لەکردنی کاروکردەوەدا بە (چاك و خراپەوە)، واتا ئێمەی بەندە (مرۆڤ و جن) ئازادین چ دینێك و فکرەیەکمان هەبێت.

نموونەی ئەو ئازادییە ئەگەر کەسێك تینوو بێت بێگومان لەدەسەڵاتیٖ خۆیدا نییە، بەڵام لەدەسەڵاتی خۆیدایە بە ئاو خۆی تێر دەکات یان بە بیرە و مەی (الخمر)، کەواتە لێپرسینەوە تەنها لەسەر کردەوەکانمانە لەبەرئەوەی خوای پەروەردگار ئەو سیفاتەی لەئێمەدا دروست کردووە خوای پەروەردگار لەفەرمایشتە موبارەکەکەیدا دەفەرموویٚت:-

﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٢٥٦﴾ [البقرة]

واتە: دینداری بە زۆر نابێ بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بە سەر کەسدا، چونکە ڕێبازی چاك و دروست و ئاشکرا بووە و (جیا بۆتەوە لە تولە ڕێگای) گومڕایی و سەرکەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە (طاغوت) کە بریتیە لە هەموو ڕێگە و ڕێبازو هێزو بەرنامەو بت و لادانێك، وە باوەڕی دامەزراو بێنێت بە خوا، بێگومان ئەوە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین

بیروباوەڕ کەوتووە، کە هەڵناوەشێت و هەڵناتەکێت، هەمیشە پتەو و دامەزراوە، خوای گەورەش بیسەر و زانایە، (بە هەموو کردارو گوفتار و نیەت و نهێنی بەندەکانی).

کەواتە ئێمەی مرۆڤ هەروەها جنەکانیش بەرپرسیارین لەو سیفەتە جیاوازەی خوای پەروەردگار پێی بەخشیووین.

یەکێکی تر لەدرووستکراوەکانی خوای پەروەردگار فریشتەیە: بریتییە لە درووستکراوێکی خوای پەروەردگار، ئەم درووستکراوە بەپێچەوانەی ئێمەی مرۆڤ و جنەکان، خوای پەروەردگار ئەو (ئازادییە ڕەهایەی)ی پێنەبەخشیوون، بەڵکو بەبێ ئیختیاری خۆیان خوای پەروەردگار دەپەرستن و هەمیشە ملکەچن بۆ ئەو زاتە بەرزە، هەیانە هەتا ڕۆژی دوایی لە ڕکوع دایە و ملکەچە بۆ خوای پەروەردگار جا ئەم درووستکراوەی خوای پەروەردگار جیاوازییەکی تایبەتیان هەیە ئەویش ئەوەیە هەموویان ملکەچن بۆ خوای باڵادەست.

پرسیارەکە دەکەمەوە بۆچی خوای گەورە ئێمەی بە چاکەخواز درووست نەکردووە؟

لەوەڵامدا دەڵێین: هەروەك پێشتر باسمان کرد کەوا خوای پەروەردگار سیفاتێکی بەخشیووە بە ئێمەی مرۆڤ ئەویش ئازادی ڕەهایە، ئەگەر لەپرسیارەکە وردبینەوە، ئەم پرسیارە ڕەخنەگرتنە لەم سیفاتە جوانە بەجۆرێك دەبێت ئێمەی مرۆڤ سوپاسگوزاری ئەو

سیفانە بکەین نەك بیکەینە ڕەخنە، لەبەرئەوەی خوای پەروەردگار ئیجباری نەکردووین لەسەر پەرستنی خۆی، بەڵکو ئازادی داوینێ.

ئایا کەس هەیە لەژیاندا ئازادی بگۆڕێتەوە بە کۆیلایەتی؟ ناڕازیبێت و ڕەخنە بگرێت بڵێت بۆ ئازادم؟!

مەگەر ئەو کەسە ژیریی لەدەست دابێت (شێت بێت).

یاخود کەس هەیە لەژیاندا بڵێت من ئازادیم ناوێت بمخەنە زیندانەوە؟!

مەگەر کەسێکی ناتەواو و نەخۆش ئەو قسانە بکات، بەهەمانشێوە خوای پەروەردگار ئازادی داوەتە ئێمەی مرۆڤ و ئیجباری نەکردووین لەسەر کردنی کارێك، بەڵکو ئیختیاری داوەتە دەستی خودی مرۆڤ خۆی.

بەجۆرێك پرسیار دەکەن کە گوایە ئەمان لەخوا باشتر دەزانن وپێیان وایە درووستکراوێك کە هەر چاکەکار بێت زۆر باشترە لە خودی مرۆڤ کە ئازادی پێدراوە، ئەمە خۆی ڕەخنەیەکی بێمانایە لە خوا، لەبەرئەوەی خوای پەروەردگار ئەو جۆرە درووستکراوەشی هەیە کە فریشتەیە، تەواوی فریشتەکان خواپەرستن بەبێ ئیختیار و هەڵبژاردنی خۆیان.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ٱلَّذِی خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَیَوٰةَ لِیَبْلُوَكُمْ أَیُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًاۚ وَهُوَ ٱلْعَزِیزُ ٱلْغَفُورُ﴿٢﴾﴾ [الملك]

واتە: هەر ئەو خۆی مردن و ژیانی بەدیهێناوە، تا تاقیتان بکاتەوە، کێتان کردەوەی چاکترو پەسەندترە، هەر ئەویش زاتێکی باڵادەستە بەسەر بێ باوەڕاندا وە لێخۆشبووە لە ئیمانداران، کەواتە خوای پەروەردگار ئەم سیفەتە ئازادی ڕەهایەی لەئێمەی مرۆڤدا درووستکردووە هەتا تاقیمان بکاتەوە و بزانێت کێ کاری چاکە ئەنجام دەدات و ئەو سیفاتە بەباش بەکاردەهێنێت.

بۆنموونە مرۆڤ بۆدەستکەوتنی بڕوانامەیەك پێویستە تاقیکردنەوە بکات، مامۆستای وانەکە ئیجبارت ناکات بۆ دەرچوون یان دەرنەچوون، بەڵکو ئەوە خۆتی کۆشش دەکەیت بۆ ئەوەی بڕوانامەکە بەدەست بهێنیت، هەموو تاقیکردنەوەیەك ماوەیەکی دیاریکراوی هەیە بۆ نموونە لە ٨ ی بەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ بەهەمانشێوەی ئەم تاقیکردنەوە دونیاییە.

ئێمە لەتاقکردنەوەداین وە ئەم زەوییە هاوشێوەی هۆڵی تاقیکردنەوەی بەندەکانە، بەڵام مەودا و ماوەی تاقیکرنەوەی مرۆڤ (الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ) لەژیانەوە بۆ مردنە، دواتر (لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا) بۆئەوەی لەم مەودای تاقیکردنەوەدا ئێمە بە ئازادی ڕەهای خۆمان کاروکردەوەی چاك بکەین و باشترین ئەنجام لەو تاقیکردنەوە بەدەست بهێنین.

دواتر پرسیارێك دێتە پێشەوە بۆچی خوای پەروەردگار ئەم سیفەتەی بەخشییە من و لەناو زەویدا نیشتەجێی کردم؟



CamScanner

دەڵێین: هۆکاری ئەوەی خوای پەروەردگار ئێمەی بەجیاواز لە دروستکراوەکانی تری دروستکردووە دوو هۆکارە:

یەکەمیان: حوکمی زەوی بداتە دەستی ئەم بەندانەی (بەهۆکاری ئەوەی سیفاتی ئازادی ڕەهای پێبەخشیون، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّىٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾﴾ [البقرة]

واتە: (ئەی موحەممەد ﷺ باسی ئەوە بکە لە دێرین زەماندا) پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو: بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێك دابنێم (بۆ ئاوەدانی و دینداری)، فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێکی تێدا دەکەیتە جێنشین کە خراپە و تاوانی تیا بچێنێت و خوێنڕێژی تێدا ئەنجام بدات؟!

لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین، قەدر و ڕێزی تۆ چاك دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین.

(لەوەڵامیاندا) خوای پەروەردگار فەرمووی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: (إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً).

(خَلِيفَةً): كاری ئەوەیە خەڵكی بانگ بكات بۆ خواپەرستی، بەڵام بە ئازادی نەك بەزۆر! لەبەر ئەوەی ئیمان و خوا پەرستی پێویستە لەدڵدا بێت، جا ئیمان و خواپەرستی بە زۆر نادرێت بەسەر كەسدا.

واتا بانگكردنی خەڵكی بۆسەر دینی خوای پەروەردگار پێویستە زۆركردنی تێدا نەبێت، خوای پەروەردگار لەكەلامە پیرۆزەكەیدا فێری ئەوەمان دەكات چۆن جێنشینی بكەین لەزەویدا.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٢٥٦﴾ [البقرة]

واتە: دینداری بە زۆر نابێ بكرێت و دین بەزۆر نادرێت بە سەر كەسدا، چونكە ڕێبازی چاك و دروست و ئاشكرا بووە و (جیا بۆتەوە لە تولە ڕێگای) گومڕایی و سەركەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە (طاغوت) كە بریتییە لە هەموو ڕێگە و ڕێباز و هێز و بەرنامە و بت و لادانێك، وە باوەڕی دامەزراو بێنێت بە خوا، بێگومان ئەوە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆكاری ڕزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ كەوتووە، كە هەڵناوەشێت و هەڵناتەكێت، هەمیشە پتەوو دامەزراوە، خوای گەورەش بیسەر و زانایە، (بە هەموو كردار و گوفتار و نیەت و نهێنی بەندەكانی).

هەروەها دەفەرموێت:

﴿وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلظَّٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا ۚ وَإِن يَسْتَغِيثُوا۟ يُغَاثُوا۟ بِمَآءٍ كَٱلْمُهْلِ يَشْوِى ٱلْوُجُوهَ ۚ بِئْسَ ٱلشَّرَابُ وَسَآءَتْ مُرْتَفَقًا ﴿٢٩﴾﴾ [الكهف]

واتە: پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆتان رەوانەکراوە، (هەمووشتان سەربەستن) ئەوەی دەیەوێ با باوەڕ بێنێ، ئەوەی دەیەوێ با کافر و بێ باوەڕ بێ، بێگومان ئێمە دۆزەخێکمان ئامادەکردووە بۆ ستەمکاران کە لەهەموو لایەکەوە دەورەیان دەدا، بەدیوار و بەربەستی سەخت ئابڵوقە دراون، ئەگەر هاوار بکەن و داوای ئاو بکەن، کانزایەکی تواوەیان بۆ دەهێنرێت ئەوەندە گەرمە دەموچاویان هەڵدەکرۆزێنێ و دەیانبرژێنێ، ئای کە چەند خواردنەوەیەکی نالەبار و ناخۆشە، چەندە جێگە و ڕێگەیەکی نالەبار و پڕ لە ئازارە.

دووەمیان: بۆئەوەی زەوی بەم بەندانەی خۆی (مرۆڤ) ئاوەدان بکاتەوە، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿۞ وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَٱسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ ۚ إِنَّ رَبِّى قَرِيبٌ مُّجِيبٌ ﴿٦١﴾﴾ [هود]

واتە: بۆ هۆزی (ثمود)یش (صالح)ی براو (خزمیانمان) ڕەوانە کرد، وتی: ئەی خزمەکانم گوێڕایەڵی خوای گەورە بکەن جگە لەو (زاتە) هیچ خوایەکی ترتان نییە، ئەو بەرپای کردوون لەم زەویەدا، داوای

لێکردوون ئاوەدانی بکەنەوە، بەکاری هێناون تیایدا، کەوابوو داوای لێخۆشبوونی لێ بکەن ئینجا بگەڕێنەوە بۆلای و فەرمانەکانی بەجێ بێنن و واز بێنن لە کرداری خراپە، بەڕاستی پەروەردگاری من زۆر نزیکە و نزاکانتان گیرا دەکات.

کەواتە خوای پەروەردگار ئێمەی بەجیاواز لە درووستکراوەکانی تری درووستکردووە، هەتا حوکمی زەوی بداتە دەستمان و بەئازادی داوای پەرستنی ئەو زاتە بکەین، هەروەها بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم زەوییە بەدی هێناوین وە بۆ ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتن، نەك بۆ لەناوبردنی یەکتر بەدرووستکردنی بۆمبی ئەتۆمی و کوشتاری یەکتر.

جا بۆ ئەم دوو ئەرکەی کە خوای پەروەردگار خستویەتییە سەرشانی بەندەکانی خوای گەورە چەند سیفاتێکی بەخشیووەتە مرۆڤ هەتا توانای بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکەیان هەبێت، هەروەك دەفەرمووێت:

﴿وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمۡ عَلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِي بِأَسۡمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ٣١﴾ [البقرة]

واتە: (ئینجا ئادەمی درووست کرد، ویستی توانایی و لێهاتووی بۆ فریشتەکان ڕوون بکاتەوە) ناوی هەرچی پێویستی دەوروبەر هەیە فێری کرد، لەوەودوا بە فریشتەکانی ڕانواند و پێی فەرموون: ئادەی ئێوە ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاست دەکەن (توانای ئاوەدانکردنەوەی زەویتان هەیە؟).

کەوابوو خوای پەروەردگار (عەقڵ، ناردنی شەریعەت، ئازادی ڕەها)ی بەخشیووە بە بەندەکانی (مرۆڤ)، جا ئەم سیفات و هۆکارانە بوونەتە هۆکارێك بۆئەوەی بەڕێزتر بێت لەزۆرێك لە درووستکراوەکان لەلای خوای پەروەردگار، تەنانەت هەندێك لە زانایان دەڵێن: مرۆڤ (مرۆڤێك دوای بەرنامەکەی خوا کەوتبێت) بەڕێزترە لە فریشتە، لەبەرئەوەی فریشتە (سیفەتی ئازادی ڕەهای تێدا نییە) بە ئیجباری خوا دەپەرستێت و شەهوەت و ئارەزووی نییە، بەپێچەوانەوە لە مرۆڤدا بوونی هەیە. ئەو مرۆڤەی ئازادی بەکاربێنێت بۆ کاری چاك ئەوا لە زۆرێك لەفریشتەکان بەڕێزترن لەلای خوای پەروەردگار.

ڕووئیایەکی نوێ بۆ چارەسەر و کردنەوەی دەرگەی ئازادییەکانی مرۆڤ بە جیهاد.

شوبوهات: پەیوەندی بە عەقڵ ودڵ و مێشکەوە هەیە.

شەهەوات: پەیوەندی بەلاشەوە هەیە.

چارەسەرکردنی بەسێ جۆری جیهادە، لەڕاستیدا جهیاد خۆی پێنج جۆرە:

یەکەم: جیهادی نەفس.

دووەم: جیهادی شەیتان.

سێیەم: جیهادی زمان (زار).

شوبوهات لەناو ناخی مرۆڤەوە دەست پێدەکات واتا نەفس، لەدەرەوەی هەست و نەستی مرۆڤدا ئەوەی کە بارزی دەکات و هەوڵ

بۆ زیاد کردنی ئەدات خودی شەیتان و مروڤەکانی شوێنکەوتووی شەیتانن.

چارەسەری ئەم دەردە تەنها پرسیارکردن و خۆ بەهێز کردنە بە چەکی زانست و هەبوونی مامۆستایەك، پاشان گەڕانەوە بۆ لای خەڵکی تایبەتمەند لەو بوارەی کە شوبوهاتەکەی تێدا دروست کراوە، جا فەرموودەیە دەگەڕێتەوە لای ئەهلی فەرموودەوانی، قورئانە بۆ لای شارەزایانی تەفسیرزان، مێژووە مێژووناس..وە هەروەها.

شەهەوات: خوای گەورە شەهەوەتی زۆری بەخشیووە بە مرۆڤ، بەشێکە لە نیعمەتەکانی خوای گەورە، وەك شەهوەتی خواردن، شەهوەتی قسە کردن، شەهوەتی خواردنەوە، شەهوەتی ئافرەت، بە پێچەوانەوە ئافرەت بۆ پیاو، شەهوەتی سەروەت و سامان، شەهوەتی تەمەن و هتد...

خوای گەورە ئەم شەهوەتانەی کە بە مرۆڤی بەخشیووە لە دەسەڵاتیدا نییە واتا موسەیەرە، چونکە مرۆڤ هەموو برسی دەبێت لێرەدا مرۆڤ موسەیەرە، بەڵام لە تێرکردنی ئەو شەهۆەتە، مرۆڤ موخەیەرە.

کەواتە مرۆڤ دەرگای سێ جۆر جیهادی بۆ کراوەتەوە، ئەگەر موجاهیدی! فەرموو جیهادی خۆت بکە.

دوو جۆر جیهاد ماوە کە لە ڕێگای ئەم سێ جۆرەوە دەتوانیت بە لوتکەی جیهاد بگەیت کە قیتالە، لەو بەهێزتر وتنی حەقە بەرانبەر بە

دەسەڵاتدارێکی زاڵم، واتا دوو جۆرەکەی کە بریتییە لە جیهادی قیتال و جیهادی وتنی حەق بەرانبەر بە دەسەڵاتدارێکی زاڵم.

ئەم سیفەتەی خوای پەروەردگار بەخشیوەتی بەمرۆڤ جێگەی سوپاس و ستایشە نەوەك ڕەخنەگرتن لێی، لەبەرئەوەی هەر مرۆڤێك کاری چاك هەڵبژێرێت و کاری خراپە وەلانێت ئەوا لە دروستکراوەکانی تری خوای پەروەردگار بەڕێزترە، بۆیە نیعمەتێکی زۆر گەورەیە دراوەتە مرۆڤ، پێویستە هەمووان بڵێین (سوپاس و ستایش بۆتۆ ئەی خوای باڵا، پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە، کارەکانت پڕن لەحیکمەت و جوانی و دوور لەخەوش).

هەمیشە پرسیارێك زۆر باوە لەناو خەڵکیدا تەنانەت لەلای موسڵمانانیش، لێرە و لەوێ ئەم پرسیارە دووبارە دەبێتەوە کە ئایا خوای گەورە بۆچی ئێمەی دروستکردووە؟

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ۝﴾ [الذاريات]

واتە: بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کەمن بپەرستن و فەرمانبەردارم بن.

سەرەتا پێش ئەوەی بچمە خزمەتی ئایەتە کە پێم خۆشە ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی (يَعْبُدُونِ) بدەم لە ئیسلام و ئەدیانەکانی تردا.

عیبادەت لە دینەكانی تردا بەواتای شەعائیر دێت؛ واتا چەند پەرستشێكی تایبەتكراو و سنووردارە، بۆنموونە لەناو مەسیحییەتدا بەندایەتی تەنها لە كڵێسادا دەكرێت لە یەهودیەتیشدا بەهەمانشێوە وەهەروەها زەردەشتیەت عبادەتیان تەنها لەبەرامبەر خوردە ئاڤێستاكان یا وردە ئاڤێستاكاندایە، هەروەها بوزیەكان لەبەرامبەر بە پەیكەری بوزادا، بەڵام لە ئیسلام دا مرۆڤی موسڵمان دەتوانێت لە هەموو جێگەیەكدا عیبادەت بكات، تەنانەت دەتوانێت عیبادەتی خۆی بكا لە كڵێساشدا.

بەداخەوە زۆرێك لەخەڵكی وا لە عیبادەت گەیشتووە تەنها (نوێژ، ڕۆژوو، زەكات و حەج..)ە لەكاتێكدا عیبادەت لە ئیسلام دا گەلێك فراوانە، هەموو شتێك كە حەڵال بێت كردنی بەعیبادەت هەژمار دەكرێت تەنانەت چوونە لای هاوژینی خۆت، لەبەر ئەوەی بەهۆكاری ئەم حەڵاڵە لە حەرام دووركەوتوەتەوە ئەجر و پاداشتی بۆ دەنووسرێت و بە بەندایەتی قبوڵ دەكرێت.

هەروەك لە فەرموودەیەكدا سەروەرمان ﷺ ئاماژەی پێكردووە: "وَفِي بِضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ ". قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيَأتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ يَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ؟ قَالَ: " أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي الْحَرَامِ أَكَانَ عَلَيْهِ فِيهَا وِزْرٌ؟ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلَالِ كَانَ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ " واتە: یا رسول الله ﷺ ئەگەر كەسێك دەست بەسەر شەهوەتی خۆیدا بگرێ و خۆی كۆنترۆڵ بكات چاكەی بۆ هەیە، پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامدا دەڵێت:

ئەگەر ئەو شەهوەتە لە حەرامدا بەکاربهێنێت ئەوە تاوانە، بەڵام ئەگەر ئەو شەهوەتە لە حەڵاڵدا (لەگەڵ خێزانی خۆت) دا بەکاری بهێنێت ئەوا چاکە و خەیرە.

جا بەواتایەکی گشتی هەموو چاکە و خێرێك عیبادەتە تەنانەت پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (تَبَسُّمُك فِي وَجْهِ أَخِيك لَك صَدَقَةٌ) واتا پێکەنین بەڕووی براکەتدا خێرت بۆ دەنووسرێت و بە بەندایەتی هەژمار دەکرێت. کەوابوو عیبادەت لە ئیسلامدا تەنها شەعائیر نییە وەك ئایینەکانی تر، بەڵکو (تەنانەت نان خواردنیش بەنییەتی ئەوەی چالاك بیت بۆ پەرستشی خوا) عیبادەتە، قسەکردن بەنییەتی ڕازی کردنی خوا (قسەی خێر و چاك)، کەسابەتی پیاو بۆ ماڵ و منداڵی، بەخێوکردنی منداڵ و کارەکانی تری ئافرەت لەناوماڵداو پەروەردەکردنی منداڵەکانی، ئەمانە هەموویان بەندایەتین لە ئیسلامدا.

بەواتایەکی گشتی ئیسلام هانی خەڵکی دەدات هەمیشە چاکە خوازبێت و چاکە لەگەڵ خەڵکیدا بکات، هەمیشە لەعیبادەتدا(عیبادەت بە واتا گشتیەکەی) بێت بۆ ڕازیکردنی خوای پەروەردگار، واتا خوای پەروەردگار ئێمەی دروست نەکردووە هەتاکو تەنها بیپەرستین، ئەگەر خوای پەروەردگار پێویستی بەو عیباداتە کەمەی ئێمە بوایە لەزەویدا نیشتەجێی نەدەکردین تا ماوەیەکی کاتی ئێمە بیپەرستین، بەڵکو هەر لە بەهەشتێکی بێ کۆتادا داوای لەبەندەکانی دەکرد بیپەرستن.

لەگەڵ ئەو پەرستنە کەمەی کە سەرفرازی دوای مردنی تێدایە هانی بەندەکانیشی داوە چاکە بکەن و لەگەڵ یەکتردا باش بن.

دوابەدوای ئەم وەڵامە هەمان پرسیار دووبارە دەبێتەوە، ئایا خوای گەورە بۆچی مرۆڤی دروست کردووە؟

دەڵێین: ئەمە ئەرکی مرۆڤە، ئەی سەبارەت زاتی بەرزی خوا و هۆکاری دروست بوونی مرۆڤ چییە؟

لەوەڵامدا دەڵێین: خوای پەروەردگار مرۆڤی خۆش دەوێت بۆیە دروستی کردووە، لە حەدیسێکدا سەرومان ﷺ دەفەرموێت: (خوای پەروەردگار مرۆڤی خۆشدەوێت، هەروەك چۆن دایکێك منداڵی خۆی خۆش دەوێت، ئایا دایك حەز بەوە دەکات منداڵی خۆی سزا و ئازار بدات)؟

لەگەڵ ئەوەی خوای پەروەردگار مرۆڤی خۆش دەوێت، دەیەوێت خۆی بەبەندەکانی بناسێنێت و دروستی کردوون تاوەکو درووستکراوەکانی بیناسن.

بە نموونەیەك ڕوونی دەکەینەوە، ئەگەر کەسێك بەخشندە بێت هەتا گوناهێك بەرامبەری نەکرێت ئەو بەخشندەییەی دەرناکەوێت هەرچەند لەناخیشیدا هەبێت. ولله المثل الاعلى خوای پەروەردگاریش کۆمەڵە سیفاتێکی بەرز و کامڵی هەیە، مرۆڤی دروستکردووە هەتا خۆی و ئەو سیفاتە بەرزانەی پێ بناسێنێت.

وەك موسڵمان خوای گەورە چەند كارێكی پێ سپاردووین دەبێت پێكەین.

یەكەم: بەندایەتی؛ ئەم بەندایەتییە شمولییە واتا گشتگیرە و هەموو ئاكارو ڕەفتارەكانی ژیان دەگرێتەوە كە لەچاكەدا بەكاری بهێنێت و لە ناو ئایینەكەدا وەك ئەرك و فەرمانەكانی نوێژ و ڕۆژوو و زەكات و حەج...هتد، ئەمەش لایەنێكی تری بەندایەتییە.

دووەم: ئاوەدانكردنەوە؛ كە پێكهاتەی ژیار و شارستانییەتە، لە سێ توخم پێك دێت.

آ- ڕەوشت.

ب- بیروباوەڕ.

ت- داهێنان.

سێیەم: زانست؛ لە ئیسلامدا كە خوای گەورە مرۆڤی درووستكردووە ناتوانێت بەندایەتی بكات و سەرزەوی ئاوەدان بكات تەنها بەزانست نەبێت، ئەمەش دوو جۆرە؛ زانستەكان كە فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانان بە پیاو و ژنەوە.

آ- زانستی شەرعی: وەك تێگەیشتن لە عەقیدە، قورئان، شەریعەت، فیقهی ئیسلامی و هتد...

ب- زانستی ژیانی: پزیشكی، هەندەسە، فیزیا، كیمیا، گەردوون ناسی و هتد...



CamScanner

چوارەم: بانگەواز؛ مرۆڤ کە بۆ بەندایەتی دروست بوو پاشان بووە خەلیفە لەسەر زەوی و زانست فێربوو، گرنگە دەستی خێری هەمیشە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی زانستەکە بگەیەنێت کە وەك وتمان پێکهاتەی دوو بەشە، ئەم زانستە سەرەتاکەی یەك سەرچاوەیە واتا (وەحدەتی مەصدەرە) کە قورئان و سوننەتە.

لەهەردوو بەشەکەدا مانای وانییە لە قورئان دا باسی فیزیا، کیمیا و پزیشکی بەتەواوەتی کرابێت و لە کۆلێژەکاندا بخوێنریت، نەخێر؛ مەبەست پێی ئەوەیە کە ئەولەویاتی دیاری کردووە لە وەی چ زانستێك حەڵاڵە و خزمەت بە مرۆڤ دەکات، یاخود چی حەرامە لەزانست کە مرۆڤ لە فیطرەتی لا ئەدات.

پێنجەم: ئارام گرتن "صبر"؛ بۆ لێرەدا خوای گەورە ئارامگری لەم ژیانەدا کردۆتە ئەولەویات؟ لەبەر ئەوەی لەبەرانبەر ئەم پێنج کارەی مرۆڤ کە ژیانی لەسەر دامەزراوە و پاداشتەکەی بەهەشتی ئەبەدییە، لەبەرانبەریدا پێنج جەبهەی تر هەیە کە دژایەتی ئەم پێنج سەنگەرەی موسڵمان دەکات.

یەکەم: شەیتان؛ بەدوو شێوە شەڕ دەکات لەگەڵ سەربازەکانیدا.

آ- سەربازی شەهوەتی هەیە.

ب- سەربازی شوبوهاتی هەیە.

دووەم: نەفس پاڵنەری خراپەیە لە ناخی مرۆڤ خۆیدا.

سێیەم: نیعمەتەکانی ژیان لەم دنیایەدا کە خوای گەورە بەخشیویەتی دەبێتە جەبهە دژی موسڵمان.

چوارەم: هاوڕێی خراپ.

پێنجەم: دونیا.

# بەندە و کەنیزەك لە ئیسلامدا

لە ڕۆژگاری وەك ئەمڕۆماندا کۆمەڵە کەسانێك بۆ تانە و تەشەر و ڕەخنەگرتن لە ئیسلامی مەزن، دێن ئەم باسە دەوروژێنن و خەڵکی عەوام و نەشارەزا بە بابەتەکە هەڵدەخڵەتێنن.

دێن ئەم باسە وا نیشانی ئەو خەڵکە نەزانەی دەدەن کە ئیسلام داهێنەری ئەم دیاردەیە بووە.

هەروەها ئەوکارەی داعش کردی دەیکەنە بیانوو و بەڵگە بەسەر ئیسلامی مەزنەوە، بەڵام ئەگەر بچینەوە بە مێژوودا ١٠٠٪ پێچەوانە دەبێتەوە لەبەر ئەوەی تاکە دین و فیکر بووە، جورئەتی ئەوەی کردووە بڵێت بەندە ئازاد بکەن و نابێت مرۆڤی ئازاد بکرێتە کۆیلە.

بۆخۆی ئەم بابەتە یەکێکە لە خاڵە جەوهەری و بەهێزەکانی ئایینی ئیسلام دەبێت ببێتە بەڵگە بەدەستهانەوە، نەك بکرێتە بەڵگە بەسەرمانەوە.

لەبەر ئەوەی لەسەردەمێکدا ئەم دیاردەی بازرگانی کردنە بەمرۆڤەوە بەجۆرێك تەشەنەی سەندبوو بەرگرتن لێی کارێکی ئەستەم و گران بوو، هیچ کەسێك جورئەتی ئەوەی نەدەکرد باسێکی لەو جۆرە بکاتەوە، یەکەم فیکر و ئایدۆلۆجیا جورئەتی ئەوەی کرد بڵێت بەندە ئازاد بکەن. تەنها ئیسلام بوو هیچ فیکر و ئایینێکی تر ئەو باسەی نەکردۆتەوە.

ئەنانەت بە ئەوروپای مرۆڤ دۆستیشتەوە، بەڵام زۆرێك لەوانەی ئەم ڕەخنە دەگرن یان ئەوەتا دەیانەوێت ئەو جوانییەی ئیسلام ونکەن و بیشارنەوە یان گوێی خۆیان لە مێژوو خەولێخستووە بەشێوەیەك کە هەر نایانەوێت ببیستن.

سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین بەندە و کەنیزەك و سەبایا ئیسلام داهێنەری نەبووە، بەڵکو هەر لەپێش ئیسلامدا ئەم دیاردەی بازرگانی کردنە بەمرۆڤەوە بوونی هەبووە.

زۆرێك لە وڵاتەکانی (ڕۆم، یۆنان، مصر و..هتد) هەریەك لەمانە لەپێش ئیسلامدا بازاڕی تایبەت بەخۆیان هەبووە بۆ فرۆشتنی مرۆڤ و کردنیان بە کۆیلە.

ئەم دیاردەیە لەسەردەمی خۆیدا بووەتە دیاردە و باسێکی ئاسایی، بەجۆرێك هەرکەس بەندەو کەنیزەکی نەبوایە شتێکی سەیر بوو.

چەند هۆکارێك هەبوون بۆ کردنی مرۆڤ بە کۆیلە بۆ نموونە، هەروەك چۆن ڕووبارێك چەند لقێك بووەتە هۆی دروست بوونی ئاواش ئەم دیاردەیە چەند لق و هۆکارێك بوونەتە هۆی دروست بوونی.

چۆن بۆ وشککردنی ڕووبارێك پێویستە لقەکانی بگریت ئاواش بۆ نەمانی بەندە و کەنیزەك دەبوو هێواش هێواش لق و هۆکارەکانی بنەبڕ بکەیت، نەك بەیەك جار بڕیاری نەمانی بدرێت کە شتێکی زۆر نا واقیعی بوو، ئیسلامیش ئایینی واقیع و قۆناغ بەندییە، لەبەرئەوەی

ئەگەر بەیەك جار بڕیاری نەمانی بدرایە زۆرێك لەو بەندانە دەکەوتنە ژێر هەڕەشەی برسێتیەوە و تەنانەت مردنیش دەبووە هۆکاری ئاژاوە و فیتنە لە ناوچەکە.

زیاد لە ٢٨ جۆری کۆیلایەتی لەسەردەمی جاهیلیەتدا بوونی هەبووە کە بەکورتی دەچینە سەر چەند خاڵێکی سەرەکی، لێرەدا باسێکی کورتی ئەو هۆکارانە دەکەین کە لەسەردەمی جاهیلیەتدا خەڵکی پێکراونەتە بەندە.

یەکێك لەهۆکارەکانی بوون بە بەندە ئەوەبووە کە دایك و باوکی بەندە بووبێتن، ئەوا وەچەی بەندە هەر هەژماری بەندەی بۆکراوە.

هۆکارێکی دیکەی بوون بە بەندە لەسەردەمی جاهیلیەتدا (دزی) بووە، لە کۆندا دەچوون مرۆڤیان دەدزی و دەیانکردن بە کۆیلە و دواتر دەیان فرۆشتن.

هەژاری: کەسێك کە هەژار و دەست کورت بوایە هەڵدەستا بە فرۆشتنی خۆی، تا لەڕێگەیەوە ببێتە ئیشکەری گەورەکەی و گەورەکەی بەخێوی بکات.

جەنگ: هەرکەسێك لەجەنگدا بگیرایە دەکرانە کۆیلە و ئافرەتانی کۆیلە (سەبایە) بەجۆرێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرا وەك خزمەتکار و تێرکەری ئارەزوو و شەهوەت.

ئەو هۆکارانەی باسمان کرد مشتێك بوو لە خەروارێك، واتا لەسەردەمی جاهیلیەتدا هۆکار زۆربوون بۆ بوون بە کۆیلە کە ژمارەیان

دەگاتە زیاد لە ٢٨جۆر، بەڵام ئیسلام هات وردە وردە ئاسەواری نەهێشتن.

پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەگەر ئیسلام بیویستایە بەیەك جار ئەم دیاردەیە لەناوبەرێت، دەبووە هۆی ئاژاوە و هەڕەشەی برسێتی لە بەندە ئازاد بووەکان.

نموونەی بەرچاو هەیە لەسەر ئەم باسە، بۆ نموونە لە ئەمریکادا کاتێك بڕیارێکی تەواو درا لەسەر نەمانی کۆیلە لەو وڵاتەدا لەلایەن-ئەبرەهەم لینکۆلن (١٩٠٨ـ ١٨٦٥)- بووە هۆکارێك بۆ ئاژاوە و ٦ ملیۆن کەس لەناو چوون! بەهۆکاری چینایەتی کۆیلەی ڕەش پێست و سپی پێستەکان یەکەم هۆکار کە ئیسلام هەڵسا بەڕێگری کردن لێی بریتی بوو لە ڕێگریکردن لە فرۆشتنی مرۆڤی ئازاد، واتا بەهیچ جۆرێك نابێت مرۆڤی ئازاد بکرێتە کۆیلە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ١٣﴾ [الحجرات]

باوەڕ بوون بەشتێك. ئیسلام هەڵسا بەچۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا تا کاتی کۆتایی هاتنی دیاردەکە نەك ڕەواج دان بە کارەکە، چونکە لەدەرەوە لە وڵاتی (ڕۆم، یۆنان، ئەوروپا بەگشتی، حەبەشە، میسر و ئەفریقا بەگشتی) بەندە دەهاتە ناو موسڵمانان، بۆیە نەدەکرا ڕێگری لەم کارە بگیری بە یەکجار لە دەسەڵات و سنووری موسڵمانیشدا نەبوو.

بۆیە ئیسلام هەڵسا بە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا تا کۆتایی هاتنی دیاردەکە لە لایەکیش ئیشی دەکرد بۆ نەمانی دیارەکە، هەروەها کاری لەسەر ئەوەش کرد کە ڕێنمایی خەڵك بکات کە چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت تا کۆتاییان پێبدرێت.

دواتر پرسیارێك دێتە پێشەوە، بۆچی ئیسلام ڕێگری لە بەندە و کەنیزەك نەکرد لە جەنگدا؟

لەوەڵامدا دەڵێین: سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین ئیسلام ناوی (سەبایەی گۆڕی بۆ کەنیزەك (مەلەکەتول یەمین)) سەبایە چییە؟ کەنیزەك چییە؟

سەبایە: لەجەنگد بگیرایە بەجۆرێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وەك خزمەتکار و تێرکەری ئارەزووی جنسی.

کەنیزەك (مەلەکەتول یەمین): خاوەندارێتی بەبوونی سوێند، واتا بوونی عەقدێك بە سوێند کە هیچی کەمتر نییە لە عەقدی نیکاح (هاوسەرگیری)، بەواتایەکی تر چۆن پیاوێك بۆ کردنی زەواج دێت عەقدێك دەکات لەگەڵ ئافرەتەکەدا، ئەم حاڵەتەش بە هەمانشێوەی هاوسەرگیری دەبێت پیاوەکە عەقدێك بکات لەگەڵ کەنیزەکەکەدا، جا ئەم عەقدە زۆر لە عەقدی نیکاحەکە بەهێزترە و سوێند لەنێوانیاندا هەیە.

بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ئەم جۆرەی بەندایەتی لەئیسلامدا لانەدرا تاماوەیەك، لە کۆندا وابوو لەکاتی جەنگەکاندا ئافرەت لەگەڵ لەشکردا دەڕۆیشت و هانی مێرد و کەسوکاری خۆیان دەدا، پیاوەکەی وای

ییشان ئەدا ترسی نییە و ڕاناکات لە شەڕدا، چونکە شەرەفی خۆی لەگەڵدایە، ئەگەر لەشەڕدا ئافرەتانی موسڵمان بگیرانایە مامەڵەی سەبایەیان لەگەڵ دەکرا (ڕوونمان کردەوە جیاوازی سەبایە چییە لەگەڵ کەنیزەك)، بۆیە ئیسلام ئەم جۆرەی وەك کارتێکی فشار لەسەر بەرانبەر هێشتەوە، بەڵام چاکسازی و گۆڕانکاری تێدا کرد وەك لە پێشدا باسمان کرد.

پێویستە ئەوە بزانین تەنها لەو کاتانەدا ئافرەت کراوە بە کەنیزەك، ئەگەر هاتبێتە جەنگ لەگەڵ پیاوەکەیدا نەك ئەوانەی لە ماڵو حاڵی خۆیاندا دانیشتوون، بەڵگەشمان مێژووە.

لەمەدینە هیچ جولەکەیەك نەکرانە کەنیزەك هەتا پەیمانیان نەشکاند، لەکوردستان ئەم هەموو زەردەشتییە مانەوە و نەکرانە بەندە و کەنیزەك. لە ئیسلامیشدا هەر ئافرەتێك منداڵێکی بوو لە خاوەنەکەی دەست بەجێ ئازاد دەبێت لە کەنیزەك دەردەچێت، ئەو سەردەمانەش هۆکاری ڕێگری نەبوو لە دروستبوونی منداڵ و زوو منداڵ دروست دەبوو، ئەمەش هۆکارێك بوو کە ئافرەتەکان ئازاد دەکران.

هۆکاری ئەوەی ئەم ئافرەتانە کراونەتە کەنیزەك لە جەنگدا حیکمەتی خۆی هەیە، بە هۆکاری ئەوەی ئەم ئافرەتانە مێردەکانیان دەمردن لەجەنگەکاندا کەس نەبوو بەخێویان بکات.

وەك ئێستا دەزگا و ڕێکخراو بوونیان نەبووە هەتا ئەم ئافرەتانەی (کە کەسوکار و مێردیان نەماوە) بەخێویان بکات، بۆیە ئەگەر ئاوا بەرەڵایان

کردایە بەچەتە دەدران لەقەڵەم سوپای بەرانبەر بە چەتە دەناسرا، بۆیە ئیسلام مافی ئەوانەشی لەبەر چاو گرتووە، بەنەبوونی مێردیان بەخێویان دەکەن، هەرچەندە هاتبنە شەڕی ئەوانیش، جا ئەم کەنیزەکانە بەویستی خۆیان بووە کە ببنە خێزانیان یا هەر بە خزمەتکار بمێننەوە و سەرپشك کراون لەو بابەتەدا.

ئەگەر ببنە خێزانیان واتا ئەگەر جنسیان لەگەڵ بکەن بەویستی خۆیانە و پێویستە عەقدی سوێند لەنێوانیاندا هەبێت، وەك ئاماژەمان پێداوە نیکاحەکە ناوی مەلەکەتول یەمینە، نەك وەکو ئەوەی دژە ئیسلام باسی دەکەن و داعش دەکەنە بیانوو، بەڵکو مافی تەواویان بۆ دانراوە لە ئیسلامدا.

لەکاتێکدا ئەگەر نەیویست ببێتە خێزانی ئەوا کەنیزەکە کە بەزۆر لای خاوەنەکەی نامێنێتەوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:-

﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱلَّذِينَ يَبْتَغُونَ ٱلْكِتَٰبَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا ۖ وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ ءَاتَىٰكُمْ ۚ وَلَا تُكْرِهُوا۟ فَتَيَٰتِكُمْ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا۟ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعْدِ إِكْرَٰهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٣﴾﴾ [النور]

واتە: بەڵکو بە ئارەزوو و ویستی خۆیەتی دەتوانێت خۆی بکڕێتەوە، جا ئەگەر پارەی نەبوو دەچێت داوا لەبەیتولمالی موسڵمانان دەکات کە پارەی بۆدابین بکەن تا خۆی پێبکڕێتەوە، ئەوەیە دادپەروەری ئیسلام

لەبەیتولمالی موسڵمانان بەندەیەك ئازاد بکرێت کە لەجەنگی دژی موسڵمانان دا گیرا بێت، جا با بڵێین ئیسلام کەنیزەکی داهیناوە.

لە ئیسلامدا زۆر ڕێز لەبەندە و کەنیزەك گیراوە، هیچ جیاوازییەکیان لەنێوان بەندەو کەسی ئازاد دا نەکردووە، بۆ نموونە بیلال یەکێك بوو لەصەحابییەکانی سەروەرمان ﷺ و بەهەمان شێوەی صەحابییەکانی تر مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، یەکێك لە نموونە جوانەکان بۆ ئەم باسە ڕووداوەکەی نێوان ئەبوزەری غیفاری و بیلال: ڕۆژێك ئەبوزەر بە بیلال دەڵێت: (یا ابن السوداء) بیلال کە بەندەیەك بووە ئەو قسەی پێناخۆش دەبێت، دواتر دەچێت گلەیی خۆی دەباتە لای سەروەرمان ﷺ کاتێك سەروەرمان ﷺ بەمەی زانی زۆر بێتاقەت بوو بەجۆرێك بەنێوچەوانییەوە دیاربوو،

پێغەمبەر ﷺ بە ئەبوزەر دەفەرمووێت: ئایا تۆ سەرزەنشتی بەندەیەکت کردووە؟

دەڵێت: یارسول الله ﷺ ئەبوزەر دەست دەکات بەگریان و بە سەروەرمان ﷺ داوای لێخۆشبوونم بۆبکە لای خوای پەروەردگار، دواتر ڕاکشا و نێوچەوانی لەنێو ئەو گڵ و خۆڵە خزاند و وتی: ئەی بیلال هەڵناسم تا پێیەکانت نەخەیتە سەر ناوچاوانم، من زەلیل تۆش بەخشندە بە، دواتر بیلال لێی خۆشبوو.

بەو شێوە مامەڵە لەگەڵ بەندەدا کراوە لەئیسلامدا، تەنانەت زۆرێك لە زانایەنی ئیسلام کوڕە کەنیزەك بوون وەك (شیخ الحسن البصری،

ابن سیرین)، هەروەها زۆرێك لە پێشەوایانی ئیسلام کوڕە کۆیلە بوون(مەئمون، معطصم، سیف الدین قدس، جمال الدین ئاقوش) و زۆری تریش.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمری پێکردووین بە عەبدی یا عەبدەکەم بانگیان مەکەن، بەڵکو بە کچم یا کوڕم بانگیان بکەن. سەرومرمان ﷺ دەفەرموونت: (وَلا يَقُلْ أَحَدُكُمْ: عَبْدِي، أَمَتِي، وَلْيَقُلْ: فَتَايَ، فَتَاتِي غُلامِي) هەروەها خوای میهرەبان فەرمانی پێکردووین چۆن ژن بۆ کوڕت دەهێنیت ئاواش دەبێت بۆ ئەوانیشی بهێنیت، هەروەك چۆن کچەکانتان دەدەن بە شوو ئاواش ئەوان بدەرە شوو، واتا هیچ جیاوازیەکیان نەکەیت، پەروەردگارمان دەفەرمووێت:

﴿وَأَنكِحُواْ ٱلۡأَيَٰمَىٰ مِنكُمۡ وَٱلصَّٰلِحِينَ مِنۡ عِبَادِكُمۡ وَإِمَآئِكُمۡۚ إِن يَكُونُواْ فُقَرَآءَ يُغۡنِهِمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ ٣٢﴾ [النور]

واتا: ژن بدەن بە پیاوانی بێ ژن و ئافرەتانی بێوەژن بدەن بەشوو، هەروەها ژن بدەن بە بەندە صاڵحەکانتان و کەنیزەکەکانیشتان بدەن بە شوو ئەگەر هەژاریش بن، ئەوە خوا لە فەزڵ و بەخششی خۆی بەهرەوەریان دەکات، خوای گەورەش هەمیشە فراوانگیر و زانایە.

هەروەها پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرمووێت: " أَطْعِمُوهُنَّ مِمَّا تَأْكُلُونَ، وَاكْسُوهُنَّ مِمَّا تَكْتَسُونَ، وَلَا تَضْرِبُوهُنَّ وَلَا تُقَبِّحُوهُنَّ قَالَ: "

واتە: هەمان خواردنیان بدەنێ کە خۆتان دەیخۆن، هەمان جل بدەنە کۆیلەکانتان کە خۆتان دەیپۆشن،

واتا نابێت جلێکی بکەیتە بەر جیاواز بێت لە خۆت و وەك کۆیلە دەربکەوێت و نابێت لێیان بدەن.

ئەم کەنیزەکانە هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ کەسی ئاسایدا، ئەگەر بێتو کەسێك بیەوێت کەنیزەکی کەسێك مارە بکات، ئەوا پێویستە وەك کەسانی ئاسایی مارەییان بدەنێ، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ ۚ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِكُم ۚ بَعْضُكُم مِّنۢ بَعْضٍ ۚ فَٱنكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَءَاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ مُحْصَنَٰتٍ غَيْرَ مُسَٰفِحَٰتٍ وَلَا مُتَّخِذَٰتِ أَخْدَانٍ ۚ فَإِذَآ أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَٰحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى ٱلْمُحْصَنَٰتِ مِنَ ٱلْعَذَابِ ۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ ٱلْعَنَتَ مِنكُمْ ۚ وَأَن تَصْبِرُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٥﴾﴾ [النساء]

واتە: ئەوەش کە نەیتوانی لە ئێوە لەبەر دەستکورتی، ئافرەتانی سەربەستی باوەڕدا مارە بکات، ئەوە با لە کچە کەنیزەکە ئیماندارەکانتان بخوازێت، خوایش زانایە کە ڕادەی ئیمانتان چەندە و چۆنە، ئێوە هەندێکتان لە هەندێکتانن (هەمووتان لە ئادەم و حەوان و ئەم جیاوازیە چینایەتیە شتێکی کاتی یە)، لەبەرئەوە ئەو کەنیزەکانە مارە بکەن لەسەر ڕەزامەندی کەس و کارو خاوەنەکانیان و مارەییان بەچاکی پێ بدەن، لەکاتێکدا ئەو کەنیزەکانەش پێویستە پاك داوێن بن و دووربن لە داوێن پیسی و دۆست گرتنەوە، خۆ ئەگەر شوویان کردو لەوەودوا داوێن پیسیەکانیان ئەنجامدا ئەوە نیوەی سزای ئافرەتانی

سەربەست دەدرێن (چونکە ئازادیی تەواویان نەبووە لەو سەردەمەدا)، لەبەر ئەوە مارەکردنیان بۆ ئەوانەتانە کە دەترسێت تووشی هەڵەو گوناهـ ببێت، خۆڕاگریتان (تا خوا دەرووتان لێدەکاتەوە) چاکترە بۆتان، خوایش لێخۆشبوو و میهرەبانە.

تێبینییەکی گرنگ:

ئەمانەی کە باسکرا هەمووی جۆری مامەڵەیە نەك هەنجەتی بە کۆیلە و کەنیزەك کردن، بەڵکو ڕێك پێچەوانەیە بۆ هاندانی خەڵکی بەگشتی کە لەو ڕەوشە بەندە و کەنیزەك نەهێڵنەوە.

دوای ئەوەی زانیمان ئیسلام داهێنەری ئەم دیاردە نەبووە، بەڵکو هەوڵی بنەبڕکردنیشی داوە بەشێوەیەکی زۆر باش و بەکوالیتیەکی بەرز و دوور لە ئاژاوە نانەوە مامەڵەی لەتەکدا کردووە.

ئیسلام چەند ڕێگایەکی دانا تا لەڕیشەی هەڵکێشرێت، بەجۆرێك بۆ هەرچی کەفارەتی تاوانە باسی ڕزگاربوونی کۆیلەی تێداکردووە.

خوای پەروەردگارلە کەفارەتی سوێندا دەفەرمووێت:

﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ ۖ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيْمَٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ۚ وَٱحْفَظُوٓاْ أَيْمَٰنَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾﴾ [المائدة]

واتە: خوا لێتان ناگرێت کاتێك بەسادەیی سوێند بەدەمتاندا دێت و (لەسەری ڕاهاتوون)، بەڵکو لەو سوێندانەتان دەپرسێتەوە کە بیرو هۆشتان لای هەبووە و بۆ مەبەستێك وتووتانە، جا کەفارەتی ئەو جۆرە سوێندانە: نان و خۆراك دانە بە دە کەسی هەژار بەشێوەیەکی مامناوەندی کە بۆ خاو و خێزانتان سەرفی دەکەن، یاخود پۆشتە کردنەوەیان یاخود ئازاد کردنی بەندەیەك (ئەگەر بووی) ئەوەی (توانای ئەو شتانەی نەبوو) با سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت، ئەوە کەفارەتی سوێندەکانتانە کاتێك سوێند دەخۆن و نایبەنە سەر، جا تا دەتوانن سوێندەکانتان بپارێزن و مەیانشکێنن، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بکەن.

هەروەها خوای پەروەردگار لە کەفارەتی ئەوەیکە بە (خێزانی خۆت بڵێیت وەك خوشك و دایکم وایت) دەفەرمووێت:

﴿وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُواْ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ ذَٰلِكُمۡ تُوعَظُونَ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ۝٣﴾ [المجادلة]

واتە: ئەوانەی وا بە هاوسەرەکانیان دەڵێن و دوایی پەشیمان دەبنەوە لەوەی کە وتویانە، ئەوە دەبێت کۆیلەیەك ئازاد بکەن پێش ئەوەی ئەو ژن و مێردە بەیەك بگەن، ئەو بڕیارە ئێوەی پێ ئامۆژگاری دەکرێت، خوایش ئاگادارە بەو کار و کردەوانەی ئەنجامی دەدەن.

هەروەها خوای پەروەردگار لە کەفارەتی کوشتنی هەڵەدا دەفەرمووێت:



CamScanner

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَـًٔا ۚ وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَـًٔا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُوا۟ ۚ فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ۖ وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍۭ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَـٰقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٩٢﴾﴾ [النساء]

واتە: بۆ هیچ ئیماندارێك نییە ئیماندارێكی تر بكوژێت مەگەر بە هەڵە، خۆ ئەگەر كەسێكی ئیماندار بە هەڵە ئیماندارێك بكوژێت، ئەوە دەبێت بەندەیەكی ئیماندار ئازاد بكات و خوێنباییەكەی بدات بە كەسوكاری كوژراوەكە (وەك میراتی دابەشی بكەن) مەگەر لێی ببوورن و لە خوێنەكەی خۆش ببن، خۆ ئەگەر كوژراوەكە لە ناو قەوم و دەستەیەكدا بوو دوژمنی ئێوە بوون، بەڵام ئەو (كوژراوە) ئیماندار بوو، با (بكوژەكە) بەندەیەكی ئیماندار ئازاد بكات و ئەگەر ئیماندارە كوژراوەكە لەناو قەوم و دەستەیەك بوو كە پەیمان لەنێوانتاندا هەبوو، دەبێت خوێنبایی بدرێت بەكەسوكاری و بەندەیەكی ئیمانداریش ئازاد بكرێت، (خۆ ئەگەر بكوژەكە) ئەوەی بۆ نەلواو دەستی نەكەوت (بەندە ئازاد بكات و بەندایەتی باوی نەمابوو ماڵ و سامانیشی نەبوو) ئەوە دەبێت دوو مانگ لەسەر یەک بەڕۆژوو بێت، ئەمە بڕیارێكە بۆ ڕاستی و دروستی تەوبە و گەڕانەوەكەی، ئەمەش لەلایەن خواوەیە، بێگومان خوای گەورە هەمیشە و بەردەوام زاناو دانایە.

بەکورتی خوای پەروەردگار کەفارەتی سوێند خواردن و بەخێزانی خۆت بڵێیت وەك خوشکو دایکم وایت، کوشتنی هەڵەی بەئازاد کردنی کۆیلەیەك باسکردووە، ئەگەر واقیعی بین تەنها کەفارەتی سوێندەکە دەبێتە هۆی نەمانی کۆیلە.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئازادبوونی کۆیلە، ئەگەر کۆیلەیەك منداڵی ببوایە ئەوا ئەو منداڵە بەکەسێکی ئازاد لەقەڵەم دەدرا بە پێچەوانەی سەردەمی جاهیلی.

جا ئەگەر بەئینساف بی ئەمە خۆی لەخۆیدا بنەبڕکردنی تەواوی ئەم دیاردەیەیە، چونکە نەوەی تازە هەموویان ئازاد دەبن.

یەکێکی تر لەڕێگاکان بۆ ئازاد بوونی کۆیلە، ئەگەر کەنیزەکێك منداڵی لە گەورەکەی ببوایە ئەو کەنیزەکە ئازاد دەبێ دوای مردنی گەورەکەی.

(أيُّمَا وَلِيدَةٍ وَلَدَتْ مِنْ سَيِّدِهَا، فَإِنَّهُ لَا يَبِيعُهَا وَلَا يَهَبُهَا وَلَا يُوَرِّثُهَا وَهُوَ يَسْتَمْتِعُ بِهَا، فَإِذَا مَاتَ، فَهِيَ حُرَّةٌ) یەکێکی تر لە ڕێگاکانی بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە، ئەگەر هەرکەسێك لە کۆیلەیەك بدات ئەوا کەفارەتەکەی ئازاد کردنییەتی وەك سەروەرمان ﷺ دەفەرمووێت: (من ضرب غلاماً له حداً لم يأته، أو لطمه؛ فإن كفارته أن يعتقه) ئەم بڕیارە خۆی لەخۆیدا بووە هۆی ئەوەی چیتر لە کۆیلە نەدرێت و ببێتە هۆکارێکیش بۆ ئازاد بوونی کۆیلە.

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە ئیسلام دایناوە بۆ نەمانی ئەم دیاردەیە ئەم حەدیثەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە دەفەرمووێت: (مَنْ أَعْتَقَ رَقَبَةً مُسْلِمَةً أَعْتَقَ اللَّهُ بِكُلِّ عُضْوٍ مِنْهُ عُضْوًا مِنَ النَّارِ، حَتَّى فَرْجَهُ بِفَرْجِهِ) واتە: هەرکەسێك کۆیلەیەکی موسڵمان ئازاد بکات بەئەندازەی ئەندامەکانی لەشی ئەو کۆیلەیە ئەو کەسە لە ئاگر ڕزگاری دەبێت. لێرەدا سەروەرمان ﷺ هانی موسڵمانان دەدات کە بەندە ئازاد بکەن، تەنانەت خودی سەروەرمان ﷺ بۆ خۆی ٦٥ کۆیلەی ئازاد کردووە، ئەمەش بووەتە هۆکارێك کە هاوەڵان و خەڵکیش چاوی لێبکەن.

دوابەدوای ئەمە پرسیارێك دێتە پێشەوە، باشە ئەی داعش ئەمکارەی بۆکرد؟ لەئیسلام بۆی ماوەتەوە؟

لەوەڵامدا دەڵێین: باسمانکرد ئیسلام چۆن ڕوانیوویەتیە ئەم دیاردەیە، بەهەموو شێوەیەك ئیسلام دژی ئەم دیاردەیە بووە هەر کەس زیندووی بکاتەوە دابوونەریتی جاهیلی زیندوکردۆتەوە، بەڵکو هیچ مۆرکێکی ئیسلامیشی پێوەنییە.

ئەی داعش بۆ کردی؟

دەڵێین: داعش کەوتبووە پڕۆژەی کوفرەوە، بەجۆرێك ئەوکارانەی دەیکرد بەهیچ جۆرێك پشتی بە دەقەکانی قورئان و سوننەت نەدەبەست، بەڵگەشمان مێژووە بە نموونە (صلاحەدین ئەیوبی) لە شەڕی قودس-دا زۆرێك دیلی گرت کە ئافرەتیشیان تێدابوو، بەڵام مامەڵەی دیلی لەگەڵ هەموویان کرد و دواتر هەموویانی ئازاد کرد.

بەکێکی تر لەو نموونانە (عبدالله عزام) کە زۆرێك لە ئافرەتی ڕووسی بەدیل گرت، بەڵام مامەڵەی دیلی لەگەڵ هەمووویاندا کرد و نەیکردنە کەنیزەك.

کۆتاییەکەی بە وتەیەکی (ربيعي بن عامر) دەهێنم کە بەرامبەر جەیشی فارس دەفەرمووێت: (نحن قوم ابتعثنا الله لنخرج العباد من عبادة العباد إلى عبادة الله رب العباد، ومن ضيق الدنيا إلى سعة الدنيا والآخرة، ومن جور الأديان إلى عدل الإسلام)

واتە: ئێمە گەلێکین خوا ناردووینی بۆ ئەوەی بەندەکان لەبەندەی بەندەکانەوە، ئازاد بکەین بۆ بەندایەتی خوای پەروەردگار.

کەواتە باسەکە بەپێچەوانەوە ڕاست بوو ئیسلام نەهاتبوو بۆ کردنی خەڵك بەکۆیلە، بەڵکو هاتبوو بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی لەکۆیلایەتی، بۆیە دەڵێم بەقسەی باق و بریقی دوژمنانی ئیسلام هەڵمەخەڵەتێن، سەرتان بەرز بێت ئێوە خاوەنی ئاینێکن کە نوور دەبەخشێت بەخەڵکی و لە تاریکی دەریان دەکات سەربەرزبە بە ئیسلامەکەت، چونکە خوای پەروەردگارت ناردوویەتی.

## ئایا پەیوەندی ئێمە بە خوای پەروەردگارەوە چۆنە و چییە؟

موسڵمانان لەناو خۆیاندا زۆر ئەم باسە دەکەنەوە، پرسیاری لەبارەوە دەکەن و دەڵێن: ئایا بە خۆشەویستی مەعبودم خواپەرستی بکەم؟ یان لەترسی سزا و بە ئومێدی پاداشت؟

پێش ئەوەی بچمە ناوباسەکەوە، جۆرەکانی یەکتاپەرستی باس دەکەین کە یەکتاپەرستی دەکرێت بە سێ جۆرەوە:

١ـ توحيد الربوبية.

٢- توحيد الالوهية.

٣- توحيد الاسماء والصفات.

لەڕاستیدا ئەم پۆلێنکردنە شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە دایناوە تا فێرکاری بیرو باوەڕ ئاسانتر بێت.

١- "توحيد الربوبية" یەکتاپەرستی پەروەردگارێتی: بریتییە لە بەتاك دانانی خوای پەروەردگار لە درووستکراوێتیدا، واتا باوەڕت وابێت هیچ کەس دروستکەری ئەم کەون و گەردوونە نییە جگە لەخوای تاکو تەنها.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ٣﴾ [فاطر]

واتە: ئەی خەڵکینە بیربکەنەوە و لە چاکەی خوا بەسەرتانەوە ئایا درووستکار و بە دیهێنەرێکی تر هەیە جگە لە خوا لە ئاسمان و زەوییەوە ڕزق و ڕۆزیتان پێ ببەخشێت؟ جگە لەو زاتە خوایەکی تر نییە، جا ئەوە چۆن لەو بیروباوەڕە دروستە لا دەدرێن؟ (ڕوو دەکەنە گومڕایی).

هەروەها باوەڕت وابێت تەنها خوای پەروەردگار خاوەنی هەموو شتێکە لەم گەردوونەدا، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ١٨٩﴾ [آل عمران]

واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە و ئەو خوایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

هەروەها موسڵمان پێویستە باوەڕی وابێت تەنها خوای پەروەردگارە ئەم گەردوونە بەڕێوە دەبات خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ٣١﴾ [یونس]

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ کێ هەیە لە ئاسمانە و (بەهۆی تیشکی خۆرو بارانەوە و لەزەوییەوە (بەهۆی خاك و ئاوو هەواوە) ڕزق و ڕۆزیتان بۆ فەراهەم بهێنێت و پێتان ببەخشێت، ئەی کێ هەیە خاوەنی دەزگاکانی بیستن و بینین بێت (توانای بیستن و بینینیان پێ ببەخشێت) ئەی کێ زیندوو لەمردوو دەردەهێنێت و مردوو لەزیندوو

دەردەهێنێت، هەروەها کێیە کەهەموو کار و فەرمانەکان جێبەجێ دەکات و گۆڕانکاریان بەسەردا دەهێنێت (لەبەرامبەر هەموو ئەو پرسیارانەوە) خەڵکی دەڵێن: الله؛ خوا (هەموو ئەو کارانە و زیاتریش زۆر بەئاسانی ئەنجام دەدات لەڕێگەی یاساو بەرنامەیەکەوە کەهەر خۆی دایڕشتووە)، کەواتە پێیان بڵێ: ئایا ناترسن لەسەرەنجامی یاخیبوونتان، ئایا ناترسن لەخەشم و قینی خوا؟

٢- "توحيد الالوهية" یەکتاپەرستی خوایەتی: واتا بەتاك دانان خوای پەروەردگار لە پەرستن و عیبادەت بۆکردندا، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ﴿٣٠﴾﴾ [لقمان]

واتە: ئەو شتانە دەریدەخەن کە: بێگومان هەر خوا خۆی حەق و ڕاستە، بەڕاستی هەرچی خەڵکی لەباتل و ناحەقییە، دڵنیا بن خوا هەر خۆی هەمیشە بەرز و پایە بڵند و گەورەیە.

هەروەها خوای پەروەردگار هەموو پێغەمبەرانی بۆ ئەم مەبەستە ناردووە هەروەك دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ ۖ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُ ۚ فَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ﴿٣٦﴾﴾ [النحل]

واتە: سوێند بە خوا بێگومان ئێمە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووە و پێمان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها

خوا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر، جا هەبوو لەو خەڵکە (کە بیر و هۆش و ژیری خۆی خستەکار و بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕا) خوایش هیدایەتی دەدا، هەشیان بوو خۆی شایستەی گومڕایی دەکرد و بەسەریدا دەچەسپا، کەوابوو بگەڕێن بەسەر زەویدا و سەرنج بدەن و بزانن چۆن بوو سەرەنجامی ئەو کەسانەی بڕوایان بە بەرنامەی ئێمە نەبوو.

٣- "توحید الاسماء والصفات" یەکتاپەرستی لە ناو وسیفاتی پیرۆزی خوادی پەروەردگار: بریتییە لە باوەڕبوون بەهەموو ئەو ناو سیفاتانەی خوای پەروەردگار کە لە قورئان و سوننەتدا ئاماژەیان پێکراوە.

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٨٠﴾ [الأعراف]

واتە: هەر بۆ خوایە هەموو ناوە جوان و پیرۆزەکان، جا (ئەی ئیمانداران) بەو ناوانە دۆعا و نزا بکەن و هاناو هاوار بۆ ئەو زاتە بەرن، واز بهێنن لەوانەی کە لە ناوە پیرۆزەکانی خوا لادان دەکەن و (سیفەت و ناوەکانی خوا بەکاردەهێنن بۆ غەیری خوا)، لە ئاییندەدا پاداشتی ئەو کار و کردەوانەیان وەردەگرن کە ئەنجامیان دەدا.

لەدوای زانینێکی سەرەتایمان لە جۆرەکانی یەکتاپەرستی پێویستمان بە شیکارییەکی سەرەتایش هەیە بۆ تێگەیشتن لە زانینەکە.

مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن هەستە و خوای گەورە ژیری پێبەخشیوە لەسەردەمی ئادەمەوە، گومانی تێدا نییە کە پێش ئادەم

مرۆڤ بوونی هەبووە لەسەر زەویدا، بەڵام باوکە ئادەم یەکەم مرۆڤە کە مەلەکەی ژیری و ئەقڵی پێبەخشراوە و لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە کتێبی ئاسمانی بۆ ناردووە، بۆ هەردوو کوڕەکەشی کە لەسەردەمی خۆیدا بەیەکەوە ژیاون. واتا بۆ شیثی کوڕی ئادەم و ئیدریسی کوڕی ئادەم کە هەردووکیان چاویان بە باوکە ئادەم کەوتووە.

شیث ٥٠ کتێبی ئاسمانی بۆ هاتووە و ئیدریسی براشی ٣٠ کتێب و هەندێك ڕا دەڵێن لاوازە، بەڵام بە هەردووکیان هەشتا کتێبیان بۆ هاتووە، چونکە سەرەتای دەستپێکی ژیری بووە مرۆڤەکان زیاتر پێویستیان بە زانیاری هەبووە لەسەر چوار دەور، گەردوون، ژیان، دەسەڵات و مرۆڤ و تەنانەت خودی خوای موتەعالیش.

بەم پێیە خوای گەورە پلەی مرۆڤی بەرز کردۆتەوە بەهۆی هەستەکانی و ئیدراکی لە ژیری و لە بیرکردنەوە هتد...

خوای گەورە هەموو مرۆڤێکی خۆش دەوێت کە لە نەبوونەوە هێناویەتە ئەم بوونە، چونکە مرۆڤ کە وجودی نەبووە لە عەدەمدا خوای پەروەردگار ئیجادی کردووە ئەوە بۆ خۆی نیعمەتێکی زۆر گەورەیە کە لەم بوونەدا بە ئەبەدی دەمێنێتەوە.

دیسانەوە بەم پاوپێوەندە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پەروەردگاری ئەم بوونە، مرۆڤی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، دەبێت شتێکی پێ ببەخشێت بۆ ناسینی زاتی پیرۆزی خۆی.

ئەویش سێ مەعەریفەی گرنگە یاخود سێ زانستی بنچینەییە کە مرۆڤ دەتوانێت خوای پێ بناسێت.

مەعریفەی یەکەم: زانستی مەخلوقاتی خوای پەروەردگارە؛ ئەم زانستە هەموو کەس دەتوانێت تێیدا بەشدار بێت کە گەڕانە بەدوای نهێنییەکانی ئەم بوونە لە هەموو زانستەکانی کە بریتییە لە زانستەکانی پزیشکی، گەردوونی، ئەندازیاری، فیزیایی، کیمیایی، ئەدەبی، میکانیکی و هتد...

واتا مرۆڤی خاوەن ژیری لە ڕێگای ئەم دروستکراوانەوە دەگاتە ئەوەی کە ئەم بوونە خاوەنی پەروەردگارێکە کە حەتمییە، بەڵام ئەم زانستە گشتییە کافر و موسڵمان و دیندار و بێدین تێیدا بەشدارن تا هەمووان دەگەنە ئەو باوەڕەی کە خالق هەیە، بەڵام هەریەکە بە ژیری و ئیدراك و ئەقڵی خۆی پێناسەی دەکات، زۆرێکیان لە ڕێگادا بە جێدەمێنن و ناگەنە ئامانج، خەڵکانێکی زۆر کەم و شاز لەم جیهانەدا مولحیدن و واتا بڕوایان بە وجودی خالق نییە بۆیە زۆرینەی خەڵکی سەر ئەم هەسارەی ئێمە باوەڕدارن، لە ڕێگای ئەم زانستانەوە گەیشتون بە باوەڕ.

مەعریفەی دووەم: زانستی فەرمانی خوای موتەعالە؛ ئەم زانستە تایبەتە بە پابەندانی ئایینە ئاسمانییەکان، لە ناویاندا ئیسلام، لێرەدا باسی زانستی فەرمانی خوایی دەکەین ئەویش بریتییە لە:

هەموو ئەو بەندایەتیانەی کە ناسراون بە عیبادات و موعامەلات، ئەم زانستە پەیوەندی هەیە بە ئاکارو ڕەوشتی مرۆڤەوە و بەندایەتیە دروشمیەکانە، واتا عیباداتی شەعائیری قبوڵ نابێت، ئەگەر بەندایەتی کردارو ڕەفتاری لەگەڵدا نەبێت موعامەلاتی.

گریمان کەسێك با نوێژ بکات، بەڵام ئەگەر ماڵی خەڵکی بخوات لە قیامەتدا بەندایەتی نوێژەکانی بە قەدەر چیایەك بێت پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " دەبێت بە تەپوتۆز" یان کەسێك با بەڕۆژوو بێت گەر باسی خەڵکی بکات و بوختان و زەم و ملی خەڵکی بشکێنیت لێی قبوڵ ناکرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: "تەنها خۆی تینو برسی دەکات" واتا خۆی ماندوو دەکات و هیچ پاداشتێکی نییە ئەو کەسەی کە بەپارەی حەڕام دەچێت بۆ حەج، خوای گەورە تەلبیەکەی دەگەڕێنێتەوە و بە ئاشکرا دەڵێت حەجەکەت قوبوڵ نییە و هەروەها زەکات، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمووێت بە ویستی خۆیان و بە زۆریش بیدەن خوای گەورە لێیان قوبوڵ ناکات، تەنانەت شایەتومانیش ئەگەر حەقی خۆی نەدرێتێ بەکردار ئەوا بە وتنی تەنها چەند وشەیەکە لەدەم دەردەچێت، بۆیە لە فەرموودەیەکدا خۆشەویستمان ﷺ دەفەرمووێت:

"حەقی شایەتومان جێبەجێکردنی مافەکانییەتی"

مەبەستمان لە بەشی دووەمدا ئەوەیە مەرج نییە هەرکەس نوێژ و ڕۆژ و بەندایەتی کرد پێی بووترێت خواناس و خوای ناسیووە! هەیە

مونافیقە، هەیە فێربووە وەك كلتورێك، هەیە وەك دابوونەریتە، هەیە چەواشەكارییە هتد...

یاخود هەیە زانایە بەم باسانەی عیبادات و موعامەلات، بەڵام فاسقە، یان كاسەلێسی بەردەمی سوڵتانەكانە.

زۆرێك لە مرۆڤەكان لەم ڕێگایەوە دەگات بە ناسین و خۆشەویستی خوای پەروەردگار.

بۆ باسی ناسینی پەروەردگار دەكەین، چونكە ئەصڵی دین بۆ ئەوە هاتووە كە خوای پەروەردگار بناسین.

كەواتە یەكەم زانست ئاماژەمان پێدا زانستی مخلوقاتی الله یە، دووەم زانست ئەمری الله یە، سێیەمیان زانستی ناسینی خودی زاتی الله یە.

مەعریفەی سێیەم: زانستی خواناسییە لە ڕێگای ناو و سیفاتە پیرۆزەكانی زاتی پیرۆزی الله ئەم سیفات و ناوانە ئەگەر بە زانستی و ئەكادیمی ناسیت ئەوا كاریگەریان لە سەر مرۆڤ دروست دەبێت و مرۆڤ بەرەو كامڵ بوون دەبات، ئەگەر ئەو دوو زانستەی كە ئاماژەمان پێداوە نەیتوانی كاریگەری لەسەر دڵ و دەروونت دروست بكات، بەدڵنیاییەوە ناو سیفاتە پیرۆزەكانی خوای گەورە كاریگەری تەواوەتی دروست دەكات لەسەر دڵی موسڵمان و كافر و دیندار و بێدین و زەردەشتی و بوزی و مەسیحی و جولەكەش، ئەمەش ئامانجی ئەم

باسەیە کە دایدەمەزرێنین لە خزمەت خوێنەردا بۆ ئەوەی هەموومان خوای پەروەردگار بناسین.

کێشەی گەورەی مرۆڤ لەگەڵ خوای پەروەردگاردا ئەوەیە کە نایناسین وەك زاتی خۆی، خەڵکانێك خوایان لە مێشکی خۆیاندا داتاشیووە نەك ئەوەی بەزانست خوا بناسن، لە کاتێکدا ناسینی خوا دەبێت بەزانست بێت. بۆیە خوای پەروەردگار جەخت لەسەر ناسینی زاتی پیرۆزی دەکاتەوە بەزانست و (فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ) دەفەرمووێت:

پاشان پێویستە بزانین چۆن خوای پەروەردگار بپەرستین، ئایا بەخۆشەویستی خوای پەروەردگار بپەرستین؟ ئایا لەترسی سزاو بە ئومێدی پاداشت خوا بپەرستین؟

پەیوەندی بەندەکان بە خوای گەورەوە لەسەر سێ هۆکار دادەمەزرێت:

١- یەکتایی لە پەروەردگاریێتی.

٢- یەکتایی لە پەرستن.

٣- یەکتایی لەناو و سیفاتە پیرۆزەکانی.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: هەرسێ هۆکار گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بە جۆرێك نەبوونی یەکێك لەم هۆکارانە کورت و کەمی دەکەوێتە ئیمانی مرۆڤی موسڵمانەوە، بەڵام گەیشتن بە ڕەزامەندی خوای باڵا لەڕێگەی خۆشەویستی خواو بەندایەتی کردن بۆی گرنگترین خاڵە

لەو سێ خاڵەی ئاماژەمان پێکرد، لەبەرئەوەی هۆکارێکی زۆر جەوهەرییە و توانای ئەوەی هەیە هەردوو جۆرەکەی تر لەدڵدا پەروەردە بکات.

مرۆڤ هەر لەسەرەتای هاتنە ناو ئیسلام بەخۆشەویستی بۆ ئەم دین و ڕێبازە پڕ نورە شایەتومان دەهێنێت. ئیسلام لەسەر بنەمای خۆشەویستی دادەمەزرێت، ئەگەر خۆشەویستی نەبوو ئەوا نەقص و کەمییەك هەیە.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ۝٣١﴾ [آل عمران] واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بە ئیمانداران بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت، ئەو خوایە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

هەرسێ هۆکارەکە ڕێگا و گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام خۆشەویستی هێندە پایەیەکی گرنگی هەیە بەجۆرێك ئەگەر خۆشەویستی خوای پەروەردگار لەدڵدا بوونی نەبوو دەبێت ترسی نەبوونی ئیمان لەخۆت بکەیت.

هەروەك سەرورمان ﷺ دەفەرمووێت: "لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ مَالِهِ وَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ حَتَّى نَفْسِهِ الَّتِي بَيْنَ جَنْبَيْهِ" فَيَقُولُ عُمَرُ: يَا رسُولَ اللَّهِ، لأَنْتَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ مَالِي وَلَدِي وَالنَّاسِ

أَجْمَعِينَ إلا نَفْسِي الَّتِي بَيْنَ جَنْبِي. فقال الرَّسُولُ " :لا يَا عُمَرُ". فرجع الفاروق إلى نفسه وحبه للنبي فقال: وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ لأَنْتَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ مَالِي وَلَدِي وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ حَتَّى نَفْسِي الَّتِي بَيْنَ جَنْبِي. فَقَالَ الرَّسُولُ:" الآنَ يَا عُمَرُ". أي الآن اكتمل إيمانك يا عمر، أعلن عمر صراحةً في بادئ الأمر أن حبه للنبي أكثر من أي شيء إلا نفسه وهذه الصراحة دليل على قوته النفسية.

واتە: ئیمانتان تەواو نییە تاوەکو منتان لە خۆتان و ماڵومنداڵ و هەموو کەسی سەرزەوی خۆشتر نەوێت، عومەر-ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- فەرموی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من تۆم لە ماڵو منداڵ و هەموکەس خۆشتر دەوێت، بەڵام لە خودی خۆم نا! سەرورمان ﷺ فەرمووی: ئیمانت تەواو نەبووە، دواتر عومەر بە نەفسو ئیمانی خۆیدا چووەوە و گەڕایەوە لای سەرورمان ﷺ فەرموی یا ڕسول الله ﷺ ئێستا تۆم لە ماڵومنداڵ و تەنانەت خۆشم خۆشتر دەوێت، سەرورمان ﷺ فەرمووی: ئێستا ئیمانت تەواوە ئەی عومەر.

لەم فەرموودەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت خۆشەویستی چ پایەیەکی گەورەی هەیە بەجۆرێك ئیمانی لەسەر دادەمەزرێت، جا ئەگەر مرۆڤی موسڵمان خوای پەروەردگاری خۆشوویست، ئەوا پەرستشیشی بۆ ئەو زاتە پێخۆش دەبێت و چێژ لە بەندایەتی کردنی خوا وەردەگرێت، بە جۆرێك دوای هەموو نوێژێك بە موشتاقییەوە چاوەڕوانی نوێژی داهاتوو دەکات، خۆشەویستی بۆ عیبادەتکردن لە ناو عیبادەتەکانی

سەروەریشمان ﷺ بوونی هەبووە بە جۆرێك لەکاتی نوێژەکاندا کە داوای لە بیلال کردووە هەڵسێت بۆ بانگ فەرموویەت: (قُمْ يَا بِلَالُ فَأَرِحْنَا بِالصَّلَاةِ) واتە: ئاسوودەمان بکە ئەی بیلال بە نوێژ.

ئەوان بەو جۆرە ئارەزوومەندی عیبادەت بوون، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی خوای پەروەردگار و ئەو دینە لەدڵیاندا چەسپی بوو بەپێچەوانەوە ئەگەر خۆشەویستی خوای پەروەردگار بوونی نەبوو، ئەوا مرۆڤی موسڵمان بەجۆرێك بەندایەتیەکانی دەکات.. وەك- لە کۆڵ و شانی خۆی بکاتەوە، ئەگەر خۆشەویستی بوونی هەبوو لەدڵدا ئەوا کارێکی ئاسانە ترسی سزاو ئومێدی بەهەشت لەدڵدا پەروەردە بکەیت.

پرسیارێك دروست دەبێت، ئایا ئێمە بەس خوامان خۆشبوویت و تەواو؟ ترسی سزامان نەبێت؟ ئومێدی بەهەشتمان نەبێت؟

لە وەڵامدا دەڵێین: هەرسێ هۆکارەکە گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئیمان بەگشتی لەسەر بنەمای خۆشەویستی دادەمەزرێت، ئەو خۆشەویستییە وات لێدەکات هەمیشە دەست بەو دینەوە بگریت و دەستبەرداری نەبیت، وات لێدەکات دوور نەبیت لەو چێژە و خۆشەویستییەی خواو عیبادەتکردن بۆی ئەهلی سونەت و جەماعە دەڵێن ئیمان زیادو کەم دەکات (بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ وَهُوَ قَوْلٌ وَفِعْلٌ وَيَزِيدُ وَيَنْقُصُ) مادام ئیمان بەرزو نزم دەکات ئەوا ترسان لە سزای خوای پەروەردگار و ئومێدی بەهەشتەکەی دوو هۆکاری زۆر گرنگن بۆ مرۆڤی موسڵمان تاکو ئیمانی خۆی پێ کامڵ و تەواو بکات چۆن

خۆشەویستی بنچینەی مانەوەی ئیمانە ئاواش هاوسەنگی ئەم ئیمانە بە ترسان لەسزاو ئومێدی بەهەشت دەپارێزرێت.

باسێکی کورتی بەدەست هێنانی ئەو خۆشەویستییەی بۆ خودی پەروەردگار دەکەین پێویستە چەند ڕێگایەك بگریتە بەر یەکێك لەوانە مرۆڤی موسڵمان بەدڵ داوا لەخوای پەروەردگار بکات بخاتە دڵیەوە و خشوع بخاتە بەندایەتیەکانییەوە. ﷺ تا خۆشەویستی خواو پێغەمبەر پەیڕەوکردنی تەواوی جۆرەکانی تەوحید کە لە سەرەتادا باسمان کردن (توحید الربوبیة، توحید الالوهیة، توحید الاسماء والصفات) وە دواتر کردنی زیکری زۆری خودی پەروەردگار وەك نوێژ (نوێژی واجب و سوننەت)، ڕۆژووگرتن (واجب و سوننەت) لەبەرئەوەی گرنگترین هۆکار دوای واجبەکان بۆ نزیکبوونەوەت لە خوای پەروەردگار کردنی سوننەتەکانە بەچاکی.

لە کۆتاییدا موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب-ڕەحمەتی خوای لێبێت- تەوحیدێکی تریشی زیاد کردووە کە لە بابی عەقیدەدا بەناوی تەوحیدی المتبعة واتا شوین کەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشەویستی سەرەکییە بۆ ئایینەکەمان. هۆکاری



CamScanner

# ئایا قورئان لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ دا نوسراوەتەوە؟ ئەی فەرمووده چۆن نوسراوەتەوە؟

پرسیار گەلێك دەکرێت دەربارەی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز،
ئایا کەی قورئان کۆکراوەتەوە؟
چۆن کۆکراوەتەوە؟

ئەم پرسیارەش بە هۆکاری دوو باسەوە دێتە ئاراوە، زۆرێکیان لە کەمئاگاییان بۆ ئەم باسە پرسیار دەکەن.

هەندێك لەوانەی ئەو باسە دەکەنەوە وا دەزانن قورئان نەنووسراوەتەوە تا سەردەمی خەلیفە عوسمان کوڕی عەفان-ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دەڵێن ماوەیەك هەیە لەنێوانی سەروەری مرۆڤایەتی ﷺ و کاتی خەلافەتی عوسمان کوڕی عەفان-دا-ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- دەڵێن کێ دەڵێت ئەو قورئانە بە سەلامەت گەیشتووەتە دەستی عوسمانی کوڕی عەفان؟

لەوەڵامدا دەڵێین: ئەوەی باوەڕی وابێت کە قورئان لەسەردەمی پێش عوسمان کوڕی عەفان دا نەنووسراوەتەوە، بەڵکو خەلیفە عوسمان هەڵساوە بە نووسینەوەی و ئەو کارەی گرتۆتە ئەستۆی، هیچ شارەزایی نییە لە مێژووی ئیسلام و قسەی بەتاڵ دەکەن.

لەگەڵ لەبەرکردنی (حفظ)ی قورئانی پیرۆز لەلایەن هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ چەندین کەسیان خەریکی نووسینەوەی قورئان بوون، کە لە ئیسلامدا ناسراون بە (کتاب الوحی).

سەرومرمان ﷺ پشتی بە یەك و دووان لە هاوەڵەکان نەبەستووە بۆ نووسینەوەی قورئان، بەڵکو کۆمەڵێك لە هاوەڵان بوونەتە کاتب و نووسەرەوەی قورئان لە زاری پێغەمبەری خواوە ﷺ ژمارەیان زیاتر لە ١٠ کاتب زیاتر بوون لەسەرەتای شاری مەککەدا، بۆ نووسینەوەی هەر سورەت و ئایەتێك دەبوو دوانیان پێکەوە ئامادە بوونایە.

ئەو هاوەڵە بەڕێزانە بریتی بوون لە هەرچوار خەلیفە بەڕێزەکە ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان و عەلی- رضي الله عنهم- ئابانی کوڕی سەعید کوڕی عاص، و ئوبەی بن کعب، زید کوڕی ثابت، موعاز کوڕی جەبەل، ئەرقەم کوڕی ئەبی ئەرقەم، ثابت کوڕی قەیسی کوڕی شەماس، حەنظەلەی کوڕی ڕەبیع، خالیدی کوڕی سەعید ی کوڕی عاص و زوبێری کوڕی عەوام.

هەندێکی تریش لە شاری مەدینەدا لە دواییدا بوونە کاتبی وەحی، لەناو ئەوانەشدا خالیدی کوڕی وەلید هەبوو کە قورئانی لەبەر نەبوو، بەڵکو خوێندەواری هەبوو تەنها دەینووسییەوە لەگەڵ دوو کاتبی تردا بەکۆی گشتی ئاماژە بە هەندێکی تریشیان دەکەین لەسەردەمی پێغەمبەری خواوە ﷺ هەموو قورئانیان نووسیوەتەوە، لەو بەڕێزانە: عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی أبي سەرح، عامری کوڕی فهیرة،

عەبدوڵڵای كوڕی ئەرقەم، عەبدوڵڵای كوڕی زەیدی كوڕی عەبد ڕەبی، عەلائی كوڕی حەزرەمی، موحەممەدی كوڕی مەسلمە كوڕی جریس، معاویەی كوڕی ئەبو سوفیان، موغیرەی كوڕی شوعبە (رضي الله عنهم أجمعين).

هەركاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ وەحی بۆ بهاتایە ڕاستەوخۆ بانگی كاتبەكانی قورئانی دەكرد تا ئەو وەحییەی بۆی هاتووە بینووسنەوە، بەجۆرێك ئەو قورئانەی ئێستا لەبەردەستی ئێمەدایە لە سوڕەتی ڕیزبەندییەكەی الفاتحە تاكو الناس لە لایەن سەروەرمان ﷺ دانراوە بە ئەمری خوای پەروەردگار ڕیزبەندیش كراوە.

كەواتە هەر لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان نووسراوەتەوە و بە نووسین بوونی هەبووە، لێرەدا پرسیارێك خۆی زیت دەكاتەوە و دەڵێت: ئایا كراوەتە یەك بەرگ و كتێب؟

لەوەڵامدا دەڵێین: دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان كۆكرایەوە و كرا بە یەك كتێب لەسەردەمی ئەبوبەكر صدیق-ڕەزامەندی خوای لەسەر بێت- ئایا لەسەردەمی عوسمان دا چیكرا؟

لەسەردەمی عوسمان-دا قورئان كۆكرایەوە و كرا بەیەك لەهجە و دیالێكتی قوڕەیش، وەك دەزانین قورئانی پیرۆز بەچەند لەهجەیەك دابەزیووە ئەمەش گەورەیی قورئانمان بۆ دەردەخات. لەبەر ئەوەی بەچەند لەهجەیەك دەخوێنرێتەوە بێئەوەی واتای ئەسڵی خۆی لەدەست بدات، لەسەردەمی خەلیفە عوسمان-دا قورئانی پیرۆز كرا بە



CamScanner

لەهجەی قورەیش و لادانی بەشێکی کەم لە قورئان بە حوکمی ناسخ و مەنسوخ کە ئەو ئایەتانە بە ئایەت نەسخ ببوونەوە.

ناسخ و مەنسوخ چییە؟

نەسخ: ئایەتێك لە قۆناغێکدا ئیشی پێکراوە و لە قۆناغێکی تردا نامێنێت.

دوو جۆری هەیە.. یەکێکیان تایبەت بووە بە قۆناغی خۆی و دواتر لابراوە و بە حوکمێکی تر جێگەی گرتوەتەوە بەپێی قۆناغەکەی، بۆ نموونە (لەسەردەمی مەککەدا وابوو دەستنوێژ بەخواردنی هەر شتێك لەسەر ئاگر بێت دەشکێت، بەڵام دواتر نەسخ بووەوە بە ئایەت و فەرمووده بۆ یە لابراوە).

جۆری دووەم بۆ نموونە حەرامکردنی مەی (الخمر) بەسێ قۆناغ سەرەتا قورئان بە خراپ باسی دەکات، دواتر نەهی لێکرا لە کاتی نوێژدا سەرخۆشبن تا لە کۆتا مەرحەلەدا بەتەواوەتی قەدەغەی کرد بخورێتەوە، بە جۆرێك دوای قەدەغەکردنی لە شاری مەدینە ماوەیەك بۆنی مەی لەو شارە دەهات بە هۆکاری ڕشتن و فڕێدانی ئەو حەرامکراوە هۆکاری سەرەکی مانەوەی هەندێك ئایەتی مەنسوخ، بۆ نموونە ئایەتەکانی حەرامکردنی مەی لە ئێستادا ئەگەر یەکێك مەی بخواتەوە تۆ دەتوانی بەو ڕێنماییەی قورئان پێی تەرك بکەیت (سەرەتا باسکردن زیانەکانی دواتر سەرخۆش نەبوونی لەکاتی نوێژ تا تەرککردنی) هۆکارێکی تری مانەوەی ئەم ئایەتانە بۆ ئەجرو پاداشتی

بەندەکانە، چونکە لە کاتی خوێندنەوەیدا ئەجرو پاداشتت بۆ دەنووسرێت کەواتە ناسخ و مەنسوخ تەنها قۆناغ بەندییەك و پلە بەندییەکە دوابەدوای نووسینەوەی قورئان و موسڵمان بوونی کەسانی عەجەم (واتا عەرەب نەبوون) بە هەڵە قورئانیان دەخوێندەوە، لەسەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان لەسەر داوای حەجاج-ی کوڕی یوسوف سەقەفی لەسەردەستی ئەبو ئەسوەدی دەئولی کە بە مەلیکی نەحو واتا ڕێزمانی عەرەبی ناسراوە، سەر و بۆر بۆ وشەکان دانرا هەتا قورئان بەهەڵە نەخوێنرێتەوە.

ئێمەی موسڵمان سەرمان بەرزە بە قورئانەکەمان لەبەرئەوەی ئەو قورئانە زۆر بە ئەمانەتەوە گەیشتووە بە ئێمە و کەسانێك ئەو ئەمانەتەیان گەیاندووە کە خۆشەویستانی خوا بوون، خوای گەورەش خۆی پاراستوویەتی.

بە نموونەیەکی لۆژیك و ئەقڵانی کۆتایی بە باسەکە دەهێنم کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هاوەڵان بەوپەڕی ئەمانەتەوە ئەو قورئانەیان گەیاندۆتە دەستمان، لای هەموو ئاشکرایە کە (سورة التوبه) تاکە سوڕەتی قورئانە بە (بسم الله الرحمن الرحیم) دەست پێناکات.

ئایا تائێستا لە خۆتان پرسیوە بۆ نەنوسراوە؟

لەبەر ئەوەی هاوەڵان گوێیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ نەبووە لە کاتی سورة التوبه دا (بسم الله الرحمن الرحیم) بخوێنێت.

پرسیارێکی دیکە بێجگە لە سورەتی الفاتحە ئایا (بسم الله الرحمن الرحیم) بە ئایەت هەژمار کراوە لە ناو سورەتەکانی قورئاندا؟

لەوەڵامدا نەخێر؛ باشە لەکاتێکدا (بسم الله الرحمن الرحیم) حسابی ئایەتی بۆناکرێت ئەی بۆچی لە سورەتی -التوبە:- نەیان نووسی خۆ بەشێک نییە لەقورئان و هیچ کێشەیەك نەدەبوو، ئەگەر بنوسرایە.

هۆکاری نەنووسینی (بسم الله الرحمن الرحیم) لە سەرەتای سورەتی التوبە تەنها ئەوەیە کە هیچ صەحابیەك گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ نەبووە (بسم الله الرحمن الرحیم) بخوێنێت لەکاتی خوێندنەوەی ئەو سورەتەدا.

باشە هاوەڵان ئەمانەتیان لە شتێکی ئاوا کەمدا کردبێت (لە کاتێکدا بەشێك نییە لە قورئان) چۆن ئەمانەت لە قورئانێك ناکەن کە خاوەنەکەی دروستکەری ئەرز و ئاسمانە؟

وەحی ناوی زۆرە لێرەدا تەنها ئاماژە بە دووانیان دەدەین.

القرئان؛ واتا خوێندنەوەی زۆر لەبەر؛ پاشان کەلامی خوایە بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ هاتووە بە مەبەستی تەحەداکردن.

الکتاب: کتێب بەواتای نووسینەوەی کەلامی خوای گەورە کە ئێستا لە بەردەستماندایە نووسینەوەی سوننەت چۆن بووە؟

زیاتر پشت بە دەقەکان دەبەستین و ئوسلوبی (شێوازی) خەڵکانی زانستی لەبواری فەرموودەدا دەگرینەبەر ڕاستە دەقەکان گرنگن، بەڵام

هەموو دەقەکان ڕاڤەی ئەقڵانییان بۆ کردووە، خوێنەریشمان بە هێنانی زۆری دەقەوە سەرقاڵ نەکردووە فەرموودەکانی بەهۆکاری ئەوەی باسەکە وەڵامە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەربارەی نووسینەوەی سوننەت و پێغەمبەر ﷺ ئەو هاوەڵ و قوتابی هاوەڵانەی ناسراون بە شوێنکەوتووان کە فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە یاخود نووسیویانەتەوە، چونکە تانە و تەشەر لەسەر ئەم باسە زۆرە و وەڵامی گومانی هەموو ئەو گوماندارانەمان داوەتەوە. جا لە گروپەکانی موعتەزیلەی سەردەم بن بەناوی نوێگەرەکان یاخود ئەوانەی کە ناویان لە خۆیان ناوە قورئانیی، کە لەڕاستیدا ئەوانە (شەیتانین)، یان بە گشتی عەلمانی و مولحیدەکان کە بەناوی ڕەخنەوە ژەهر بڵاودەکەنەوە، لەم باسەدا ڕەچاوی ئەکادیمیم تێداکردووە لە هەر باسێکدا گرنگیان داوە بە سەرچاوەکەی لەناو باسەکەدا ئاماژەی پێدەکرێت نەك وەك پەراوێز، هۆکاری ئەوەی نابێتە کتێبێك، بەڵکو لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوەیە و ڕاڤەی ئەقڵانییە. درێژەی باس..

ئەو هاوەڵانەی کە فەرموودەیان نووسیوەتەوە یاخود ڕیوایەتیان کردووە زۆرن، بەڵام ستافی سەرەکی کە ڕیوایەتیان کردووە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن،

لەوانە:-

ئەبو هورەیرە، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، ئەنەسی کوڕی مالیك، خاتوو عائیشەی کچی ئەبوبکر، جابری کوڕی عەبدوڵڵا، ئەبو سەعیدی خودری... ڕەزامەندی خوای پەروەردگار لە هەموویان بێت.

ئەو هاوەڵانەی لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموودەیان نووسیوەتەوە بریتی بوون لە ستافێك کە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن.

عەبدوڵڵا کوڕی مەسعود، عەبدوڵڵا کوڕی عەمری کوڕی عاص، سەعدی کوڕی عەبادە، جەریر ئەبو شات، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس، عەبدوڵڵا کوڕی عەوف ڕەزامەندی خوا لە هەموویان بێت.

تێبینی: ئەبو هوریرە بەهەمان شێوە فەرموودەی نووسیوەتەوە، بەڵام لەدوای ئەوەی کە بووە خاوەنی ٨٠٠ قوتابی لە شوێنکەتووانی هاوەڵان واتا (التابعین) ئەودەمە دەستی کرد بەنووسینەوەو خۆی فێری نووسین و خوێندنەوە کرد.

هەر چوار خەلیفەی ڕاشدین لە پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە.

عومەری کوڕی خەتاب زۆرترینی کردووە لەچاو سێ خەلیفەکەی تردا بە پلەبەندی دەیانووسین چەندیان ڕیوایەت کردووە، عومەری کوڕی خەتاب(٥٣٧) فەرموودە، عەلی کوڕی ئەبو تالیب(٥٣٦) فەرموودە، ئەبوبەکری صدیق(٢٤٢) فەرموودە، عوسمانی کوڕی عەففان(١٤٦) فەرموودە.

ئەمەش بۆیە باس دەکەم تەنها بۆ بەدرۆ خستنەوەی شیعەیە کە دەڵێن عەلی کوڕی ئەبوتالیب تەنها ٣٠ فەرموودەی ڕیوایەت کردووە! هەریەك لەو هاوەڵانەی دیکە کە فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە تێپەڕ ناکات لە ڕیوایەتی چوار خەلیفەکە، مەگەر نووسەرەکانی فەرموودە هەندێکیان نەبێت، کە ئەو خەلیفانە لە هەموو یان زیاتر ڕیوایەتیان کردووە، ئەمە زانیاری نوێیە لە ناو کورد دا لە هیچ لێکۆڵینەوە و باسەکانی فەرموودەدا نەنووسراوە!

چۆن؟

واباوە لە ناو ئەهلی ئیسلامدا کە خاتوو عائیشە و ئەبوهورەیرە زۆرترین ڕیوایەتیان کردبێت، ئەمە لەڕاستیدا چەواشەکاری شیعە و موعتەزیلەیە، بابزانین سەرەتا ئەبوهورەیرە خاوەنی چەند فەرموودەیە کە ڕیوایەتی کردووە و هیچ کەسێکی تر ڕیوایەتی نەکردووە واتا تایبەتە بە ئەبوهورەیرە ئەبوهورەیرە ماوەی ٤ ساڵ و دوو مانگ هەمیشە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دا بوو لە ئەهلی (صفە) بووە، پێغەمبەری خوا ﷺ خەرجی کێشاوە و دوعای بۆ کردووە، دوعای پێغەمبەریش بەدڵنیایەوە گیرایە بۆ حفظ و لەبەرکردن، تەنها خۆی بۆ وەرگرتنی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ تەرخان کردووە.

ئەبوهورەیرە٢١ ساڵ تەمەنی لەناو ئیسلامدا بەسەر بردووە. لە ئەبوهورەیرە وە (٥٣٧٤) فەرموودە، ڕیوایەت کراوە، (٤٠٧٤) فەرموودە

دووبارەیە لە کتێبەکانی فەرمووودەدا کە لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەت کراوە. کتێبەکانی فەرموودە کە دووبارە کراونەتەوە بریتین لە:

بوخاری، موسلیم، مەسنەدی ئیمام ئەحمەد، ئەبوو داود، نەسائی، ترمزی، ئیبن ماجە، موەطەئی ئیمام مالك و سونەنی ئیمام دارمی هەندێك لە کتێبەکانی تری فەرموودە، بەڵام سەرەکیترین ئەوانەن کە ئاماژەمان پێداوە، واتا هەمووی وەك یەك یەك سەنەدو یەك مەتن و دەق دووبارەیە و کۆکراوەتەوە بەناوی ئەبوهورەیرە بە فەرموودەی صحیح و حەسەن و لاواز هتد... ئەوەی کە ماوەتەوە لە فەرموودەکان (١٣٠٠) فەرموودەیە کە جیاوازن و دووبارە نەبوونەتەوە بۆ نموونە لە بوخاری و موسلیم-دا ئەو فەرموودەوانانەی تردا دووبارە نەبوونەتەوە، ئەوەی کەجێگای سەرسوڕمانە هاوەڵانی تر وەك ئەو ناوانەی ئاماژەمان پێداوە لەباسەکەدا کە ستافی ڕاوی فەرموودەن ئەوانیش لەو (١٣٠٠) فەرموودەیەدا هەمان فەرموودەیان ڕیوایەتکردووە کە ئەبوهورەیرە ڕیوایەتی کردووە، ئەوەی کە بەتەنها ئەبوهورەیرە ڕیوایەتی کردووە خۆی ڕاستەوخۆ لە پێغەمبەر ﷺ تەنها (٤٢) فەرموودەیە.

(منفرد) بە وەك لە زاراوەی فەرموودەوانیدا باسی لێوە کراوە.

من لێرەدا باسی فەرموودەی لاواز و ڕاست ناکەم، بۆ نموونە لەناو ئەو هەزار و سێ سەد فەرموودەیە (٤٥٠) فەرموودە سەنەدەکەی دابڕاوە (منقطع)ە، ئەوەی ڕیوایەتی کردووە نێوانی ئەبوهورەیرە و

گێڕەرەوەکەی نازانرێت کێیە! ئەوەی کە فەرموودەیە و دروستە لەسەر ئەبوهورەیرە ماڵە تەنها ٤٢ فەرموودەیە!

ئەگەر باسی هەموو ئەو فەرموودانە بکەین کە ڕیوایەتی کردووە، هەڵبەت بە ڕاست و دروست لاواز و هەموو پلەبەندیەکانی فەرموودەکانی کە ڕیوایەتی کردووە چل و دوو فەرموودەیە، وتمان ژیانی ئەبوو ئەبوهورەیرە لەناو ئیسلامدا ٢١ساڵ بووە کەواتە هەموو مانگێك دوو فەرموودە و نیوی گێڕاوەتەوە. وەك زانا و عەلامەی گەورە د. عەبد یەمانی کە ڕاقەکار و لێکۆڵەرەوەی بواری فەرموودەوانییە ئەم شیکاریانەی ئەنجامداوە، هەروەها ستافی شیکاری و گەڕان بەدوای فەرموودەکاندا لە دانشگای ڕباط لە مەغریب ئەنجامدراوە.

جێگای سەرسوڕمانە کە هەندێك خەڵکی بێ مۆڕاڵ کە لەسەر ئیسلام و موسڵمانان ماڵە تانەو تەشەرو درۆی زۆر ئەداتە پەنای ئەبوهورەیرە-ڕەزامەندی خوای لێبێت- بزانین خاتوو عائیشە چەند فەرموودەی ڕیوایەت کردووە؟

بەهەمان شێوە لەو کتێبی فەرموودانەی کە ئاماژەمان پێداوە، ئەو فەرموودانەی کە ڕیوایەت کراوە لە خاتوو عایشەوە (٥٩٦٥) فەرموودەیە، پاشان (٥٢٢٥) فەرموودە دووبارە کراوەتەوە لەو کتێبانەدا واتا تەنها (٧٤٠) فەرموودە دووبارە نەبۆتەوە، بەڵام هەمان ژمارە هاوەڵانی تریش ڕیوایەتیان کردووە وەك ئەبو هورەیرە، عومەری کوڕی خەتتاب، ئەنەسی کوڕی مالك، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس، جابری

کوڕی عەبدوڵلا، ئەبو سەعیدی خودری هتد...، هەموو ئەم هاوەڵە بەڕێزانە هەمان فەرموودەی ئەویان گێڕاوەتەوە بە مەتن و ڕاوییەوە. تەنها (١٣٨) فەرموودە نەبێت کە خاتوو عائیشە خۆی ڕاستەوخۆ گێڕاویەتیەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ واتە: (منفرد)ە.

ئێستا پرسیارێك خۆی زیت دەکاتەوە و دەڵێت: باشە فەرموودە بڕوا پێکراوەکان چەندن لە ناو ئیسلامدا واتا حدیث صحیح؟

لەناو هەموو ئوممەتی ئیسلامیدا ئەوەی کە فەرموودەی ڕاست و دروستە تەنها (٤٤٠٠) فەرموودەیە، هۆکاری ئەوەی کە فەرموودەکان زۆرن ئەوەیە کە هاوەڵان و شوێنکەتوان لەڕێگای ترەوە هەمان فەرموودەیان دووبارە کردۆتەوە، ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە لەزاراوەی فەرموودەوانییەکاندا ناسراوە بە متەواتر و ڕێگا جیاوازەکان کە زیاتر فەرموودەکان بەهێز دەکەن و بەتەواوەتی ئەوە دەسەلمێنێت کە خوای گەورە چۆن پارێزەری قورئانە بەهەمان شێوەش پارێزەری سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ کە وەك قورئان وایە سوننەت.

ستافی هاوەڵان و شوێنکەوتوان:

سەرەتا باسی نووسینەوەی فەرموودە دەکەین لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەشاری مەککە نەهی کرد لەوەی فەرموودە بنوسرێتەوە (بە دیدو بۆچوونی نووسەر) بەهۆکاری ئەوە بووە ئایینی

ئیسلام ئایینێکی قۆناغ بەندییە، هەموو ئەحکام و یاساو ڕێساکان بەیەکجار نەهاتووە بە قۆناغ و پلەبەندی هاتووە.

بۆ ئەوەی موسڵمانان بتوانن پیادەی بکەن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە خۆشەویستمان فەرمانی پێنەکردوون بینووسنەوە، چونکە لەشاری مەککەدا مەی حەرام نەبووە، ئەگەر هاوەڵێك مەی بخواردایەتەوە پێغەمبەر ﷺ ئاگای لێبوایە و هیچی نەفەرمووایە، ئەوا دەبوو بە ڕێگا پێدراو یاخود هۆکاری ئەوەبوو کە هەموو قورئانی مەککی کە دابەزیووە بۆ دامەزراندی بیروباوەڕ و ڕەوشتیان بووە، بەوپێیە پێویستی بەوە نەکردووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ زیادەیەك و ڕوونکردنەوە بدات لەسەری، چونکە هەموو ئایەتە مەککیەکان ئەقڵانی و پەروەردەیی بوون! ئەمە یەکێك لە هۆکارەکان بووە، پاشان هەندێك ئەحکامی تر دوایی کۆتایی پێدێت و نەسخ دەبێتەوە وەك نموونەی ئەوەی بە ئاگر بکوڵێت دەست نوێژ دەشکێنێت، کە لەدواییدا ئەم حوکمە نەسخ بۆتەوە!

لە ڕاستیدا هۆکاری لۆژیکی زۆرە بۆ ئەوەی کە لەسەرەتاوە خۆشەویستمان نەهێشتووە فەرموودەکانی بنوسرێتەوە، بەڵام لەدواییدا ڕێگای پێداوە.

وەك زانایان دەفەرموون بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت لەگەڵ قورئاندا، چونکە لەسەرەتای هاتنی وەحییەوە قورئان نووسراوەتەوە لەشاری مەککە.

پاشان لەشاری مەدینەدا پێغەمبەر خوا ﷺ ڕێگری نەکردووە لە نووسینەوەی فەرموودە تەنها ئەوەندە نەبێت کە نەیهێشتووە لەگەڵ قورئاندا بنووسرێتەوە، کاتێك فەرموودەیان نووسیوەتەوە لاری لێی نەبووە هەندێك جاریش بۆی ڕاستکردونەتەوە، بۆ نموونە لە باسی زیکرەکانی خەودا ئیبن و عەبباس لە وشەیەکدا دەفەرمووێت: الرسول، پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی ڕاست دەکاتەوە دەفەرمووێت: بلْ النبي لە کاتی فەتحی مەککەدا پێغەمبەری خوا ﷺ وتاری ئەدا، خەڵکی گوێیان لێنەبوو-ئەبوشاة- هاواری کرد کە گوێیان لێ نییە، بۆیە خۆشەویستمان فەرمووی با ئەبی شاة بنووسیتەوە (اکتب لی ابی شاة) لەبەر ئەوەی دواتر خەڵکی سوود لە وتارەکەی ببینێت.

یاخود عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص، وەك ئیبن ئەسیر دەفەرمووێت: هەزار فەرموودەی لە پێغەمبەر ﷺ نووسیوەتەوە، تەنانەت ئەبوهورەیرە دەڵێت: لەمن زیاتر فەرموودەی گێڕاوەتەوە چونکە ئەو نووسیویەتیەوە.

لەکاتی نووسیندا دەهاتن بۆلای و دەیانوت چی دەکەیت ئەویش دەیووت: پێغەمبەر ﷺ چی بکات دەینووسمەوە، وتیان چۆن شتی وادەکەیت پێغەمبەریش مرۆڤە، چۆن هەموو شتێکی دەنووسیتەوە، بۆ ئەم قسەو باسە ناو خەڵکی و ئەم کارەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص، چوونە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: من چی لە جەنابت ببینم دەینووسمەوە، خۆشەویستمان ﷺ فەرمووی: بینووسە!

کتێبەکانی لەناو هاوەڵان و شوێنکەتوان دا ناسراو بووە بە (صحیفة صادیقة) زۆریك لە شوێنکەتووان لەوەوە ڕیوایەتیان کردووە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دیکۆمێنتێکی زۆر گرنگ بکەین، ئەویش ئەو دەستنوسەیە کە ناسراوە بە (صحیفة)ی صادقی عەبدوڵڵا کوڕی عەمری کوڕی عاص بەشێکی لە کتێبخانەی (ظاهریة) لە دیمەشق-ە بەشێکی تری ون بووە، لەدوای ئەوەی کە لە کتێبخانەی گشتی بەرلین دۆزرایەوە زانای فەلەستینی (باسم جرار) دەڵێت: بەراورد کراوە لەگەڵ ئەو فەرمودانەی کە بوخاری نووسیویەتی بریتی بووە لە (١٣٨) فەرمووده هیچ جیاوازییەکی نەبووە، پاشان لەگەڵ بەشەکەی تری کتێبخانەی (ظاهریة) لە دیمەشق هەمووی بەراورد کراوە تەنانەت وشەیەك زیاد و کەم نەکراوە، ئەم کارە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر ڕوویداوە کە هەر هەمان سەرچاوە لە بەرلین و دیمەشق بەروارد کراوەتەوە لەگەڵ مەسنەدی ئیمام ئەحمەد، هەمووی وەك یەك بووە بێ زیاد و کەمی وشە.

گشت نەیارو و دوژمنانی ئیسلام ئەوە بزانن کە هاوەڵێکی وەك طەڵحەی کوڕی عوبێدوڵا یەکێکە لە دە مژدە پێدەرەکەی ئەهلی بەهەشت و ئەهلی بەدر، ئوحود هەروەها لە خەنەدقیشدا بەشدار بووە، بەهەمان شێوە پەیمانی حودەیبیە و و فەتحی مەککە و هتد... بینیووە، ئەم هاوەڵە فەرموودەی لێوە ڕیوایەت نەکراوە، مەگەر تەنها بەهۆکاری کەسی دووەمەوە نەبێت، دەنا لە ناو ئیسلامدا هیچی لێومرنەگیراوە، چونکە لەڕووی ئەقڵییەوە قسەی لەسەر بووە، گرنگیشی بە خۆی

نەداوە لە ڕووی جل و بەرگەوە، لێرەوە ئیتر گومانی هەموو ئەو گوماندارانە بەدرۆ دەخرێتەوە کە دەڵێن هەندێك لە ناو هاوەڵاندا مونافیق بوون، کێ ناڵێت ئەوانە فەرموودەی پێغەمبەری خوایان ﷺ ڕیوایەت نەکردووە؟

دەڵێین: لە کوێدا فەرموودەیەك لە عەبدوڵڵای کوڕی سەلول یان ئەو مونافیقانەی کە ناویان ئاشکرابووە فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە؟

بێگومان نییە...

لەوانەیە هەندێك لە ئەقڵانی و موعتەزیلە و قورئانییەکان بڵێن: باشە هەندێك مونافیق هەیە ئێمە نازانین کێیە، لەوانەیە ئەوان فەرموودەی هەڵبەستراویان خزاندبێتە ناو ئیسلام و بەناوی هاوەڵەوە بڵاویان کردبێتەوە؟

هەرچەندە خوای گەورە پارێزەری سوننەتە بە بەڵگەی قورئان خۆی دەفەرمووێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ۝٩﴾ [الحجر] زانای تەفسیری سەردەم باسم جرار دەڵێت: زیکر لەوێدا بەمانای قورئان نییە، بەڵکو واتاکەی بەرفراوانترە کە سوننەت و ئیجماعیش دەگرێتەوە کە دادپەروەی هاوەڵانە، چونکە هەندێك لە ئەحکام لەوانەوە بۆمان بووتە ئەحکام. هەرچەندە بۆ ئەو کۆمەڵانەی کە باسمان کرد پێدەچێت ئەوانیش قسەی خۆیان هەبێت لەسەر تەفسیری ئایەتەکە، چونکە تەفسیر سەرچاوەکەی ئەقڵە تا ڕادەیەك کە لێرەوە بەڵگەیەکی لۆژیك تر دەخەینە بەرچاو ئەویش ئاگادارکردنەوەی هاوەڵێکی ترە لە هەموو

دووڕووەکان بەناوی حوزەیفەی یەمانی، ناسراوە بە نهێنی پارێزی پێغەمبەری خوا ﷺ.

خۆشەویستمان لە ڕێگای وەحیەوە ناوی هەموو مونافیقەکانی دابوویە، تەنانەت زۆرێك لە هاوەڵان دەچوونە لای و دەترسان لە خۆیان دەیانوت ناومان نییە لە ناو ئەو لیستەدا؟

حوزیفەی یەمانیش تا زەمەن و کاتێکی دوور و درێژ مایەوە لە ژیاندا لە دوای پێغەمبەری خوا ﷺ نووسینەوەی فەرموودە لە لایەن ستافی زوهریەوە، خۆیشی یەکێك بوو لەوانەی دەگەڕا لە نێوانی دوو قوتابخانە ناسراوەکەی کوفە و بەصرە و مەدینەدا.

زۆرێکی تر لە هاوەڵان کە خاوەنی دەستنووسی و صحیفە بوون، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بەناوەکانیان دەکەین، ئەوانیش...

عەبدوڵڵای کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی عەباد و هتد...

لێرەدا باسی ستافی دوای هاوەڵان دەکەین کە چۆن فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە، نموونەیەك وەردەگرین بەناوبانگترینیان زوهری-یە، کە زوهری ستافی گەورەی فەرموودەیە تا ئیمامی مالك کە لە هاوەڵانەوە گێڕاویانەتەوە و نووسیویانەتەوە.

ئەوەی کە پێویستە ئاماژە پێ بکەین و بەڵگەیەکی ئەقڵییە بۆ ئەو کەسانەی گومانیان هەیە لەنووسینەوەی سوننەت، دەپرسین ئایا پێش بوخاری و موسلیم چۆن ئەحکام و فەرموودەکان باسکراوە؟

لە کاتێکدا هەموو ئەو زانایانەی کە ڕیوایەتی فەرموودەیان کردووە خۆیان و هاوەڵانیان بینیوە و یاخود قوتابی هاوەڵانیان بینیوە بۆ نموونە ستافی زوهری.

بەهێزترین ستافن لە گێڕانەوەی فەرموودە تا سەردەمی ئیمام مالیك، لای هەمووان ئاشکرایە هاوەڵان لەساڵی ١٠١ هیجری کۆتایی بەژیانیان هاتووە، کۆتا هاوەڵ ناوی طوفەیل بووە-ڕەزامەندی خوای لێبێت، زوهری و ستافەکەی لە موالیدی ٥٨ کۆچین و ساڵی١٢٤ ئەوانیش کۆچیان کردووە، کەواتە ڕاستەوخۆ لە هاوەڵان فەرموودەیان وەرگرتووە و نووسیویانەتەوە یاخود لە قوتابی هاوەڵان.

لێرەدا نموونەیەك باس دەکەین کە زۆر گرنگە، عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان داوا دەکات لە زوهری کە فەرموودە بەمنداڵەکانی بڵێت ئەویش (٤٠٠) فەرموودە دەنووسێتەوە بۆ منداڵەکانی خەلیفە بەسەنەدەوە، بۆ ئەوەی لەبەری بکەن.

پاش ساڵێك خەلیفە داوا دەکات لە زوهری و دەڵێت: ئەو دەستنوسانەت دیار نەماون تکایە جارێکی تر ئەو فەرموودانەمان بۆ بنووسەرەوە.

لەدوای نووسینەوەی فەرموودەکان لە لایەن زوهری بەراوردی دەکات یەك فەرموودە جیاوازی نییە، تەنانەت یەك وشە جیاوازی نییە نە لە سەنەد نە لە مەتن.

بۆ زانیاری زوهری و ئەلقەمی زۆر دژی بنەماڵەی ئەمەویەکان بوون، زوهری زیاد لە ٢٠٠٠ فەرموودەی لێوە ڕیوایەت کراوە یاخود واتا نوسراوەتەوە.

لەسەردەمی ئەمەویەکاندا بە تایبەتی سەردەمی حەکەمی کوڕی مەروان هەموو فەرموودەکان دەنووسرایەوە و هەڵدەگیرا لە خەزنەی دەوڵەتدا، پاشان بڵاودەکرایەوە و ناوی لێدەنرا،

ئەگەر بە پلەبەندی فیقهی بوایە ناوی لێدەنرا سونەن، ئەگەر لەیەك هاوەڵەوە ڕیوایەت بکرایە ناویان دەنا مەسنەد، هەموو فەرموودەکانی هاوەڵان لەسەردەمی مەرواندا دەنووسرایەوە بۆیە لەسەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەکرایە کتێب و بڵاو دەکرایەوە بە ویلایەت و شارەکانی ناو جیهانی ئیسلامی لە ساڵی ٩٩ کۆچی بۆ ١٠١ کۆچی.

چۆن فەرموودە نوسراوەتەوە؟

هەر هاوەڵێك یان لە زانایانی شوێنکەتوو (تابعین)، ئەگەر فەرموودەیان ڕیوایەت بکردایە و قوتابییەکانی بیانووسیایەتەوە دوای نووسینەوەی دەبوو جارێکی تر بۆ هاوەڵەکە یان شوێنکەتووەکە (تابعەکە) بیخوێنرێتەوە، ئەگەر ڕەزامەندی دەربڕیایە لەسەری وەك ئیمزا یاخود تەزکیەی نەکردایە ئەوا ئەو فەرموودەیە لە هیچ کەس وەرنەدەگیرا و بەلاواز هەژمار دەکرا.

کەواتە پێش بوخاری و موسلیم و زانایانی فەرموودە، فەرموودە نووسراوتەوە، تەنانەت کورد کە شارەزا نییە لە ژیانی ئیمامی گەورە ئەبو

حەنیفە وەك پێویست ئەویش لە هاوەڵان و تابیعەوە مەسنەدی خۆی هەیە و ناسراوە بە مەسنەدی ئیمام ئەبو حەنیفە.

کورتو پوخت: دەمەوێت بەو کەسانە بڵێم پێش بوخاری و موسلیم بەدەیان زانای گەورە و ناوداری وەك زوهری و مالك و ئەبو حەنیفە و ئەلقەمی و حەسەنی بەسری و هەزارانی تر فەرموودەیان نووسیوەتەوە فتوایان داوە لەسەر بنەمای فەرموودە و وەك ئەحکام لەبەر دەستیاندا هەبووە. بوخاری و موسلیم و شەش فەرموودەوانە ڕاستەکە و مەسنەدەکان هەموو ئەوانی تریش تەنها نەقڵیان کردووە و گواستویانەتەوە بۆ نموونە بوخاری تەنها (٢٧٠٠) فەرموودەی نووسیوەتەوە، ناسراوە بە مەسنەدی فەرموودەی ڕاستی بوخاری کە بۆتە (٧٠٠٠) فەرموودە، تەنها لەبەر ئەوەیە کە دووبارە بۆتەوە لە سەنەدو مەتندا دەنا لەڕاستیدا (٢٧٠٠) فەرموودەیە، بەڵکو کەمتریش.

لێرەدا پرسیارێك دەکەین بۆ هەڵوەشاندەوەی گومانی ئەو گوماندارە بێ مۆراڵانە و دەڵێین: چەند کەس هەیە توانای لەبەرکردنی قورئان و فەرموودەی هەیە؟ ئایا بەلاتانەوە زۆرە کە بوخاری (٢٧٠٠) فەرموودە بگێڕێتەوە؟ لە کاتێکدا من وەك نووسەر زۆر لەوە زیاترم لەبەرە تەنانەت لە مێژووی ئیسلام و مێژوی گەلانی تر و کوردیش بەتایبەتی، لێرەدا بۆیە باسی خۆمم کرد نەك لەبەر ئەوەی خۆهەڵنانبێت، بەڵکو بەڵگەیەکی زیندووە لەبەردەستاندا کە وتاری دەنگ و بەرنامە تەلەفزیۆنەکان شاهیدی ئەوەم بۆ ئەدەن کە منێکی جاهیل ئەو توانایەم

هەبێت، داخۆ چەند موسڵمانی خواناس و دیندار لەم سەردەمەدا لە من بەهێزترن و لەم سەردەمی تەکنەلۆجیای زانیارییەدا کە لەڕاستیدا تەکنەلۆجیای سەردەم هۆکاریکە بۆ تەمەڵ کردنی مێشکی خەڵکی بەگشتی، داخۆ لەسەردەمی بوخاری و موسلیم و ئەو زانایانەی تردا کە هیچ سەرقاڵییەك نەبووە بێجگە وەرگرتنی زانست لە شارو وڵاتەکاندا بەلاتانەوە زۆرە ۲۷۰۰ فەرموودە؟

هەندێك لەو کاڵفام و شیرین ئەقڵانە دەڵێن: گوایە بوخاری و موسلیم و فەرموودەوانەکانی تر عەرەب نەبوون و لە فەرموودەیان نەزانیووە.

ئەمە لەڕاستیدا قسەیەکی زۆر پێکەنیناویە...

بە بەڵگەیەکی ئەقلی لەم سەردەمەدا وەڵامیان ئەدەینەوە ئەگەر تەماشای د. موستەفا زەڵمی و دکتۆر عەلی قەرەداغی هەزارانی تر بکەین دەبینین ئەمانە هەموو عەجەمن (عەرەب نین)، لە ئێستادا کە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوایەتییە و ڕەگەز و نەتەوەکان بەهەند وەردەگیرێن ئەم پیاوانە لە زمانی عەرەبیدا بە توانان و کتێبەکانیان مەنهەجن لە دانشگاکانی وەك ئەزهەر، سعودیە و هتد... کە ناو جەرگەی عەرەبە!

بۆ ئەمە چی دەڵێن؟

ئەی بۆ زانای پایە بەرزی کورد ئیبن و تەیمییە چی دەڵێن، کە چۆتە هەر شارێك کتێبێکی نووسیووە بە عەرەبی، ئەودەمە سەردەمی مەمالیك

بووە زمانی عەرەبی لاواز بووە، تورکمانی بەهێز بووە کەواتە ئەوەش قسەیەکی بەتاڵ و نازانستییە، هەموو دەستنووس و کتێبەکانیان کە نەساخینەکان نووسیویانەتەوە تا ئێستاش ماوە دەتوانن بۆ نموونە لە گوگڵ بنووسن المخطوطات الاسلامیە یان زانایەکیان دەست نیشان بکەن بۆ نموونە بنووسن مخطوطات الامام بخاري، هەمووی دێتە بەردەستان کە ئەودەمە دەزانن خەڵکانێك چەندە دوژمن بە سونەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژێر ناوی قورئانیی و ئەقڵگەرای خۆیان حەشارداوە قورئان و ئەقڵیش بێبەرین لەم خەڵکانە، درۆی هەموویان و دەستە چەپەڵەکەیان ئاشکرا دەبێت.

ونبووەکان لە دۆزینەوەدان:

لە ئێستادا بە ملیۆن دەستنووس هەیە کە لە ژێر چاودێری و لێکۆڵینەوەدان بۆ سەر لە نوێ نووسینەوە و چاپکردن.

زانای پایەبەرز و لێکۆڵەرەوەی جیهانی ئیسلامی عەبدولفەتاح حلو دەڵێت: لەساڵی ١٩٨٨ لەدوای لاواز بوونی دەوڵەتی شوعی ڕوسی داوام لێکرا و بەئەرك پێم سپێدرا کە سەردانی کتێبخانەکانی سۆڤیەتی جاران بکەم کە وڵاتە ئیسلامییەکانی لەژێر دەستدا بوو.

دەڵێت: کتێبخانەکانی تورکستانی چین، ئۆزبەکستان، تاجیکستان، ئەفغانستان و هتد... ٪ ٩٨ دەست نووسەکانیان بە زمانی عەرەبی بووە.

پاشان دەڵێت تەنها لە وڵاتی تەتارستان، داغستان و چیچان ٢٥ هەزار دەستنووسی عەرەبیان کۆکردەوە بێجگە لە سەدان هەزار

دەستنووسی تر لەو وڵاتانە بەگشتی یان بەدەستهانەوە هەڵدەورین کە تەماشامان دەکردن، یاخود مۆرانە و حەشەرات خواردبوونی، یان خوێن و خۆڵ و کۆنی بەسەرەوە مابوویەوە کە زانایانیان لە کتێبخانەکاندا کوشتووە!

بۆ زانیاری هەموولایەك لێکۆڵەری ناسراو عەبدولفەتاح حلو قوتابی عەبدولسەلام هارونە لە جیهانی ئیسلامیدا یەکێکە لە لێکۆڵەرە بەناوبانگ و ناسراوەکان، ئەویش قوتابی زانای پایەبەرز ئەحمەد شاکرە کە لێکۆڵەری مەسنەدی ئیمام ئەحمەدە. ئەویش برای محمود شاکری مێژوونووسی بەناوبانگی جیهانی ئیسلامییە.

عەبدولفەتاح حلو دەڵێت: ئەوەی کە تا ئێستا توانیومانە لەو دەستنووسانە تەماشای بکەین توانیوومانە تەنها ٪٥ ی بینووسینەوە لە ماوەی ٢٥ ساڵدا.

بەڵگەیەکی تری ئەقڵی بۆ پاراستنی فەرمووده و سوننەت..

لای هەموان ئاشکرایە کە تەفسیری تەبەری یەکێکە لە تەفسیرە بەناوبانگەکانی جیهانی ئیسلامی، تەبەری لەسەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی وەفاتی کردووە.

کتێبی تەبەری هەر لەسەردەمی خۆیەوە زانایان بە سەرچاوە دەیانهێنا لە تەفسیرەکاندا دەیانوت تەبەری وا دەڵێت...

بەڵام ئەی تەفسیری تەبەری خۆی کوا؟

ئەم کتێبە ون بوبوو، هیچ کەس نەیدەزانی تەفسیری تەبەری لەکوێیە.

تا لەساڵی ١٩٠٢زاینی واتا لە سەدەی بیستەمدا دۆزرایەوە و چاپکرا.

باسەکەمان ئاوا دادەمەزرێنین لە ڕووی ئەقڵیەوە کاتێك کە کتێبی تەفسیری تەبەری دۆزرایەوە و دروستیەوە بەراورد کرا لەگەڵ ئەو هەموو سەرچاوە کۆنانەی کە ئاماژەیان بۆ کردبوو ڕووی ڕاستی و یەك تاکە وشە جیاوازی نەبوو.

کەواتە خەڵکی دەروون نەخۆش لە ناخی خۆیەوە تەماشای زانایان و خواناسانی ئیسلام دەکات، بە دەروونە نەخۆشەکەی خۆی گومانیان بۆ دروست دەکات.

ئێستاش لێرە و لەوێ ڕۆژانە هەر کتێبی نوێیە و ئەدۆزرێتەوە لە تەفسیر و فەرموودە و زانستەکانی تر کە پشتڕاستی یەکتر دەکەنەوە، گەورەی، گرنگی و پاکی زانایانی ئیسلام و خودی ئیسلام بۆ خەڵکی ڕوون دەبێتەوە.

هەمووی دوو ساڵە تەفسیری زانای گەورەی ئیسلام ئیبنو برجانی ناسراوە بە (ئەبو الحکم برجانی) دۆزراوەتەوە و چاپکراوە.

دەستنووسەکانی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس زۆربەیان لە دوو دانشگای جیهاندا پارێزراون یەکەمیان دانشگای بەرلین و دوومیان دانشگای برۆمستۆنی ئەمریکی.

دیارە ئەو وڵاتە داگیرکارانە کە هاتوونەتە وڵاتی موسڵمانان دەستنووسەکانیان دزیوە، کە ئیبن کەسیر دەڵێت: باری کتێبەکانی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس وشترێک بووە.[٤]

کتێبە دەستنوسەکانی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس لەسەردەمی مەلیك فەیصەلی سعود دا داواکراوە کە بەشێکی لێ بنووسرێتەوە لە سعودیە.

دانشگای برۆمستۆنی ئەمریکی بۆ دراساتی شەرق لەوێ ١٢ هەزار دەستنووسی ئیسلامی تێدایە و لەوانە دەستنوسەکانی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسە.

دکتۆر، فرۆکەوان و پسپۆر لە بواری مێژوودا موحەممەد موسا شەریف دەڵێت: هەموو دەستنوسەکانمان لە ئەمریکا لە دانشگای برۆمستۆنی بەراورد کرد لەگەڵ کتێبەکانی سەردەم و لەوەی کە فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس هیچ جیاوازییەك نەبووە، بەردەوام لە نزیکبوونەوەداین لەگەڵ ئەو دانشگایانە بۆ دووبارە لە چاپدانی ئەو کتێبانە، بۆ زانیاری کە باسی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەکەین بۆ یەك باس و خواست و فەرموودەیەك جاری وا هەبوو لە ٣٠ هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ پرسیاری کردووە.

---

[٤] (بەڵام کە خۆم چوومە بەرلین و کتێبخانەی نیشتیانی بەرلینم بینی تەماشای تەنها فهرستی مخطوطاتی ئیسلامیم کرد ٢٥ بەرگ تەنها فهرستەکەی بوو! لەوێ نەك باری حوشتر بوو، بەڵکو باری پیکابێك بوو)!نووسەر

ئەوەش بەڵگەیەکی تری ئەقڵییە بۆ گوماندارەکان دەتوانن بەناو سەرچاوەکاندا بگەڕێنەوە کە ئەم باسەی بۆ ئێوەمان گواستۆتەوە لە بەرنامەیەکی ڕۆژنامەوانی مونتەدا باسکراوە بە شێوەی لێکۆڵینەوە بەناوی د. موحەممەد موسی شریف. "المکتبە الاسلامیة "لەبەرکردن: "حفظ" لە کۆندا یەکێك لە نیشانەی بەزانا بوون لەبەر کردن بووە، پاشان دەورەی زانستی لە جیهانی ئیسلامیدا دەستی پێدەکرد لە بوخارا، سەمەرقەند، خۆراسان، بەغداد، مەدینە، دیمەشق، قاهیرە، قەیرەوان و ئەندەلوس کۆتایی دەهات، یاخود بە پێچەوانەوە.

بەهۆکاری ئەوەی قورس بوو بۆ زاناکان و نەدەتوانرا زانستەکان هەمووی بکرێتە کتێب و ئەو هەموو کتێبە نەدەتوانرا لەگەڵ خۆیاندا هاتوچۆ پێبکەن؛ بۆیە ناچار لەبەردەکرا! بە هۆکاری ئەم گەڕانەیان دەبوو تەنها لەبەرکردن بوایە، چونکە زۆر جار دزو جەردەکانیش ڕووتیان دەکردنەوە لە ڕێگادا، بۆیە ناچاربوون کە حفظ بەکار بێنن و ترسیان لە فەوتان و ون بوون نەدەما.

لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا نابینی زانایەك خاوەنی ئەو توانا لەبەرکردنە نەبێت، چونکە مەرج بووە زانای ئیسلام "سەرخەسی" زیندان دەکرێت و دەخرێتە ناو بیرێکەوە، قوتابیەکانی بەدزیەوە دێنە لای ئەویش زانستیان فێر دەکات و بۆیان شەرح دەکات، لە کۆتاییدا کتێبێك بەناوی المبسوط لە ناو بیرەکەوە دەنووسێت بە قوتابیەکانی. ئەو کتێبە یەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکانی فیقهی ئیسلامی لە ئێستادا کە

چاپکراوە لەسەرو ٢٠ بەرگە لەبەریبووە سەرخەسی هەمووی پێنووسیونەتەوە.

لێیان پرسیووە تۆ لەبەرکردنت بەهێزبووە یان ئیمامی شافعی دەڵێت: هێزی لەبەرکردنی من تەنها زەکاتی شافعیە بەرمن کەوتووە!

کەسێکی کە بەناوی موحەممەد حەسن وڵددو الشنقیطی کە لەم سەردەمەدا دەژی قورئان و بوخاری و موسلیم و شەش فەرموودەوانەی لەبەرە بێجگە لە موعلەقاتی سبعە و چەند کتێبێکی تر کە باسی لێوە کردووە.

## ئەگەر موسڵمانان بوونیان نەبێت لەم جیهانەدا چەندە خۆش دەبوو؟

لێرە و لەوێ باس باسی توندڕەوی و دواکەوتویی ئیسلامە بەجۆرێك ئەم باسە کاریگەری دروستکردووە لەسەر هەموو تاکێکی ئیماندار، موسڵمانانیش کەوتوونەتە داوی ئەو گومان و شبوهاتانەوە بۆیە ئەم باسە بووە هۆی ئەوەی بە مانشێتی گەورە لە ڕۆژنامە و سۆشیاڵ میدیادا بنووسرێت ئەگەر موسڵمانان بوونیان نەبێت ئەم جیهانە چەند خۆش دەبوو!

پیشاندانی ئیسلامێکی دڕندە و ناشارەزایی خەڵکی خواناس لە دین و بەتایبەتی مێژووی خۆیان. بۆیە بەچاکی دەزانین کەمێك باس لەمێژووی پرشنگداری موسڵمانان بکەین.

ئێمەی موسڵمان بێئاگا و غافڵین لەوەی ئەو پێشکەوتنە گەورانەی ئێستای ڕۆژئاوا کە لافو گەزافی پێوە لێدەدات بنچینەی کارەکان لەسەردەمی زێڕینی موسڵماناندا وەرگیراوە کە لە ئایینی ئیسلام وەریانگرتووە.

دەبوایە موسڵمانان جێگای شانازی هەموو خەڵکی سەر زەوی بن بەجۆرێك داهێنانەکانیان بەربڵاوە تەنانەت لەژیانی ڕۆژانەشماندا بە دییان دەکەین.

لێرەدا زۆر بەکورتی باسی چەند داهێنان و پێشکەوتنی زانانی ئەم ئیسلامە دەکەین:

ئێستا ئەوانەی ئەو ڕەخنە ناراستەی ئێمەی ئیماندار دەکەن هەمیشە کوپێك قاوەی بەدەستەوەیە، بێئاگا لەوەی ئەو قاوەیە یەکێکە لەداهێنانەکان و دۆزینەوەکانی موسڵمانان لەڕابردوودا، هەر ئەو برادەرانەی ڕەخنەمان ناراستە دەکەن هەمیشە کامێراکانیان بەکاردێنن بۆ گواستنەوەی ڕەخنە و ناونانمان بەدواکەوتوو، بێئاگا لەوەی ئەو کامێرایە یەکێکی ترە لەداهێنانەکانی زانای خواناس (ابن الهیثم).

٢٠ی یەنایەری ساڵی ٢٠١٥ گەورەترین پێشانگایی نێودەوڵەتی ساڵانە بۆ ڕووناکی و تەکنەلۆژیایی بینین لە پاریس پایتەختی فەڕەنسا کرایەوە کە ڕێکخراوی یۆنسکۆ هەڵدەستێت بە کردنەوەی ئەم پێشانگایە.

لە دەست پێکی پێشانگاکەدا باسی ئیبن هەیسەم کرا کە یەکەم کەس بووە کامێرای دۆزیوەتەوە، زانایەکی موسڵمان بووە بەناوی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی هەیسەم کە لەساڵی ٩٦٥ زاینی لە شاری بەسرە لە باشووری عێراق لەدایك بووە.

هەروەها باس لەوە کرا کە کەم کەس هەیە بزانێت وشەی کامێرا چییە و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو وشەیەی کە ملیارەها خەڵکی لەسەر زەویدا بەکاری دێنێت لە وشەی "القمرة"ی عەرەبییەوە هاتووە

بەمانای ژووری تاریك و لە زمانی لاتین و ڕۆژئاوا دا وشەی قامیرایان بەکارهێناوە بۆی تا بووە بە کامێرای ئێستا.

هەر لەو پێشنگایەدا باس لە چۆنییەتی داهێنانی کارەکەی ئیبنو هەیسەم کرا کە مرۆڤایەتی بە گشتی سوودی لێ وەرگرتووە، لەهەمان کاتدا باس لە کارە پزیشکیەکانی کرا کە یەکێك بووە لە زاناو پزیشکە ناوازەکانی چاو و یەکەم کەسیش بووە کە توانیویەتی شیتەڵی چاو بکات و بە وێنە بیکێشێت. دوای ئەو زانای بەناوبانگ ئەبو قاسمی زەهراوی پەرەی پێداو ٧٠٠ ساڵ یەکەم سەرچاوە بوو لە هەموو جیهاندا.

حەسەنی کوڕی هەیسەم لە بوارەکانی فەلسەفە، هەندەسە، مۆسیقا، فیزیا، ئەستێرە ناسی و دەروون ناسی کاری کردووە.

داهێنانیشی لە هەموو ئەو بوارانەدا هەیە، بە نموونەی نۆتەی میوزیك زۆری نووسیەوە لەوانە نوتەی ڕۆحی ئاژەڵەکان و خێرایی ڕۆشتنی حوشتر و کە چۆن دەتوانێت بە مۆسیقا کەم و زیادی بکەیت.

لە جیهانی ناسادا ئەستێرەیەك بەناوی ئیبنو هەیسەم-ەوە ناونراوە کە ١٦ ساڵ لەمەوبەر دۆزراوەتەوە لە لایەن زانای سویسری (ئیستیڤانو سپوزیتی)!

یەکەم کەس بووم کە توانی داهێنان بکات لە دابەشکردنی ئاوی نیل بۆ کشتوکاڵ، لەسەردەمی "قائیم بیئەمری للاهی" فاطیمیەکان بانگ کرا بۆ قاهیرە تا ئەو کارە بکات، بەڵام کاتی کەمیان دایە ئەویش وازی



CamScanner

لێهێناو نەیکرد و وتی کاتەکە بەشم ناکات، لە سەدەی ڕابورددا جەمال عەبدولناصری عەلمانی لەسەر هەمان پرۆژە ئەوەی ئەوی درێژ کردەوە و بەنداوەکەی لە هەمان جێگاو شوێنی حەسەنی کوڕی عەلی هەیسەم دروستکردووە کە یەکێکە لە بەنداوە جیهانییەکان.

ئەم زانا بەڕێزە لە دوای خۆی ۲۳۷ کتێبی جێهێشتووە لە بوارەکانی زانستی سەردەمدا کە سەرچاوەی سەرەکی بوون بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، تەنها لە زانستی بیرکاری و بینین دا ۳۷ کتێبی نووسیووە.

پێش باس:

چەند تابلۆیەك لە مێژووی کتێبخانەکان و زانستەکانی وڵاتی ئیسلامی

سەرەتای فەتحی هەموو کتێبێك خوێندنەوەیە (إقرأ)ە پێغەمبەری خوا ﷺ لە شاخێك کە بەرزییەکەی ٦٣٤مەترە، لە ئەشکەوتی(حراء)ە هێندە شاخەکە بەرزە ئەگەر کەسێکی بەهێز بڕوات بە کاتژمێرێك دەیبڕێت، شاخێکە پێکهاتەکەی بەردینە کە سەر دەکەوێت دەبێت زۆر بە وریاییە و بڕۆیتە سەرەوە ئەو شاخەدا پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕەمەزانێك لە ڕەمەزانەکانی ساڵدا دەچێتە ئەو جێگایە، هێشتا وەحی بۆ نەهاتووە و بیر دەکاتەوە لەم گەردوونە.

لە گەرمای مەککەوە لە جێگایەکەوە کە هیچ شارستانیەتێکی تێدا نییە ئەم پیاوە تێدەگات و بە مێشکیدا دێت کە بیر بکاتەوە، خۆ

ناگونجێ ئەم دنیایە هەر ئاوا بە سادەیی و ئاسانی دروست بووبێ، ئەم بتانە ئەو سیستەمە جوانەی گەردوون بەڕێوە بەرن!

بۆیە دەچێتە ئەوێ، بێزارە لەو خەڵکەی کە هەیە، بێزارە لەو پەرستشەی کە ئەیکەن، بێزارە لە سیستەم و دەسەڵاتیان، بۆیە پێویستی بەوە هەیە کە گۆشەگیر بێت لەو خەڵکە نەفام و نەزانە.

خوای گەورەش ئەم پێغەمبەرە نازدارە ﷺ پەروەردە کردووە وەك چۆن خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ ۝٦﴾ [الضحى] واتە: تۆ هەتیوێك نەبوویت خۆمان پەروەردەمان کردی. ئەی موحەممەد.

کە دەچێتە ئەو جێگایە یەکەم پەیام بۆ ئومەتی پێغەمبەر ﷺ وەك چۆن دەفەرموێت: پێغەمبەرانی تر کە هاتوون بە تایبەتی بۆ گەلێك و نەتەوەیەك هاتوون، بەڵام من بۆ هەموو جیهان هاتووم.

خوێندەواریشی نییە هیچ شتێك نازانێ، نە ئەزانێ بنووسێ و نە بخوێنێتەوە، یەك وشەی بۆ دێتە خوارەوە ئەویش وشەی (إقرأ)ە.

ئایا ناپرسن بۆ لەناو ئەم هەموو ئەحکامە جوان و زۆرەی ئیسلامدا کە هەیە بۆچی یەك وشە بۆ موحەممەد ﷺ دابەزی، وشەکەش بەوە دەست پێدەکات ئەفەرموێت بخوێنە! جەنابیان کە نەیتوانیوە بخوێنێتەوە و بنووسێت. خوای گەورە فەرمانی پێ دەکات کە بخوێنێت، سەرەتای هەموو زانستێك بە خوێندنەوەیە و پێشکەوتنی هەموو گەلان و وڵاتێك بە خوێندنەوەیە، پێگەیشتنی هەموو شارستانیەتێك بە

خوێندنەوەیە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خوێندنەوە نازانم، هیچ نازانم.
جوبرئیل(علیه السلام) پێی دەفەرموێت: بخوێنە!

کەواتە سەرەتا و دەستپێکی هەموو دنیا بۆ ئەوەی ئێمە سەرکەوتن بە دەست بێنین خوێندنەوە بوو.

# چەند تابلۆیەکی کتێبخانە ناوازەکانی جیهانی ئیسلامی

## کتێبخانەی شاری بەغداد

سەیری کتێبخانەکان بکەن لە جیهانی ئیسلامیدا، یەکەم کتێبخانە بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ لەهەموو جیهاندا یەکەم بووە، ئەویش کتێبخانەی بەغداد بووە، کە هیچ کەسێك نەیتوانیووە سەرژمێری بکات و بیژمێرێت ئەوەندە کتێبی زۆری تێدا بووە، بۆ ئەوەی بەهای کتێبخانەی بەغداد بزانن ڕووباری دیجلە بهێنە بەرچاوی خۆتان کاتێك کە سوپای تەتار ئەو شارە داگیر دەکات دەیەوێت لە وشکانی ڕۆژئاوای بەغداد بۆ وشکانی ڕۆژهەڵاتی بەغداد بڕوات و بپەڕێتەوە بەئاودا[٥]، چی لەناو ئەم کتێبخانەیەدایە تەتار ئەیهێنێتە دەرەوە پردی پێ دروست دەکات لە جیاتی بلۆك یان چیمەنتۆ! ئەم هەموو کتێبە دادەنێت لە ناو ڕووبارەکە بۆ ئەوەی سەربازەکانیان و کالیسکە و حوشتر و ئەسپەکانیان بپەڕنەوە بۆ بەشی ڕۆژهەڵات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت بە ملیۆن کتێب هەبوبێت لەناو ئەم کتێبخانەیەدا.

---

[٥] شاری بەغداد دوو بەشە دیجلە بەناویدا دەڕوات، دیجلەش ڕووبارێکی گەورەیە بە واتایەکی تر سێ هێندەی ئاوی قەشقۆڵییە، بەنزیککراوەیی بەقەدەر ڕووباری نیلە

کتێبخانەی بەغداد بەش بەش بووە لە: (علوم الحدیث، علوم العقیدة، علوم الفقهي، علوم الحیاة، فیزیاء، کیمیاء، الطب و..هتد) لەناو ئەم کتێبخانەیەدا هۆڵی تێدا بووە کە بۆ موحازەرە وتنەوە تەرخان کراوە، زانایان وانەیان تیا وتۆتەوە. هۆڵی تیا بووە بۆ موناقشە و دیبەیت، هۆڵی تێدا بووە وەکو کافتریا کەسێك ماندوو ببێت بچێتە ئەوێ پشوویەك بدات یان چایەك یان قاوەیەك بخواتەوە، ئەمەش لە ساڵی١٣٢ کۆچییەوە دەست پێ دەکات لە سەردەمی عەبباسییەکانەوە واتا سەردەمی ئەبو سەفاح و جەعفەری منصور و هەتاوەکو ٧٠٠ ساڵ تەمەنی ئەم کتێبخانەیە.

لەناو ئەم کتێبخانەدا خەڵکی تێدا بووە تەنها کاری ئەوە بووە کە کتێب بۆ خەڵکی بدۆزێتەوە، بۆ نمونە کەسێك ڕۆیشتووە وتویەتی پێویستم بە کتێبێکە لەسەر مێژووی شاری باقەلان[٦]، ئەو کەسانە شوێنەکانیان زانیووە و بۆیانهێناون.

لەناو کتێبخانەی شاری بەغداد دا شتێکی زۆر گرنگی تێدا بووە، بۆ نموونە کەسێك کتێبێکی ویستووە بەڵام خۆ چاپخانە نەبووە ئەو کتێبەی

---

[٦] شاری باقەلان ئێستا هیچ شوێنەوارێکی نەماوە لە کوردستاندا لە نێوانی سلێمانی و هەولێردا نزیکی قەزای دوکان بووە، باقەلانیش بە زنجیرە چیاکانی وەتمانەوە دەست پێ دەکات هەتاوەکو دەگاتەو دێی باقەلانی ئێستا وە گەورەترین کتێبخانە لەدوای کتێبخانەی بەغداد لە ناوچەکانی کوردستاندا کتێبخانەی باقەلان بووە تەتارو مەغۆل ئەو کتێبخانە و باقەلانیان خاپور کردووە.

بۆ چاپ بکات، بەڵام خەڵکیان هەبووە کە دانیشتوون ناویان (نەساخین) بووە کتێبەکەیان بۆ نووسیوەتەوە و داویانە بە خەڵکی و فرۆشراوە یان بەشێوەیەکی تر بەخشیویانە بە زانست خوازەکان، هەروەها لەناو ئەم کتێبخانەیەدا دانشگای تێدا بووە، ئەم دانشگایە خەڵکێك لە دەرەوە ئەهات و لە ناو ئەم کتێبخانەیەدا ئەمایەوە، ئەوەی لەوێ بژیایە خەلیفەی موسڵمانان پارەی دابەش دەکرد بەسەریاندا بۆ ئەوەی ئەو خوێندکارانە بخوێنن، لەوسەردەمەدا زۆر بایەخیان بە زانست ئەدا.

# کتێبخانەی قاهیرە

مێژووی کتێبخانەی شاری بەغداد یەکەم کتێبخانەی گەورەی جیهان بوو تا کۆتایی سەدەکانی ١٨ ی زاینی، دووەم کتێبخانەی گەورە لە جیهاندا کتێبخانەی (دار العلم) بووە لە قاهیرە، با گەورەیی ئەم کتێبخانەیەشتان بۆ وێنا بکەین تا ببێتە تابلۆیەك لەبەر چاوتاندا، بێگومان وێنە و تابلۆ جیاوازیان هەیە، تابلۆ واتە ڕەنگدانەوەی شتێك کە پەیوەندی بەفکرەوە هەبێت و پەیوەندی هەبێت بەسەر جوانی زیانەوە، کەخەڵك بجوڵێنێت و فەلسەفەی سروشتیان تێدا دەربخات، بەڵام وێنە شتێکە دەقاودەق دەیبینیت، تابلۆی ئەم کتێبخانەیە پێکهاتووە لە چل بەش هەر بەشێك لەناو ئەم چل بەشەدا جیا کراوەتەوە، بەشێکی فیقە بووە، بەشێکی مێژوو بووە، بەشێکی تر زانستی فیزیا بووە، بەشێکی تر زانستی پزیشکی بووە، بەشێك هەندەسە بووە. هەر بەشێك لەناو ئەم چل بەشەدا هەژدە هەزار کتێبی تێدا بووە، واتە ئەگەر کۆی بکەیتەوە زیاد لە حەوت سەد هەزار کتێب دەکات.

ئەمە شتێکی زۆر گرنگە بۆ ئێمە کە نەدەبوو ئەو مێژووەی خۆمانمان ئاوا لە بیر بکردایە، ڕاستە ئێستا بە عیزەتەوە باسی ئەکەین و سەرمان پێی بەرزە، بەڵام ئایا لە دوای ئەم نووسینە کارمان چییە و چی دەکەین؟

ئەمە جەوهەری باسەکەمانە، چونکە ئەمە ئاوڕدانەوەیەکە بۆ تۆی خوێنەر پاشان ورە دانێکیشە بە تۆ بۆ ئیش کردن بۆ ئەم ئیسلامە.

# كتێبخانەی قورتوبە

ئەم كتێبخانەیە لەهەموو جیهاندا دووەم بووە دوای بەغداد، كتێبخانەی قورتوبە پێنج سەد هەزار كتێبی تێدا بووە، لە شاری قورتوبە كتێبخانەی تری تێدا بووە هاوشێوەی كتێبخانەی ئەمەوی بێجگە لەوەی كە خەلیفەكان كتێبخانەی تایبەتی خۆیان هەبووە، ئەگەر لە بەغداد دا هەر موسڵمانێك كتێبێكی وەربگێڕایە لە هەر زمانێكی ترەوە بووبێت یۆنانی، فارسی، هیندی یان چینی وەریانگێڕایە بۆ عەرەبی ئەوا مەئمون كە یەكێك بووە لەو خەلیفانە، كتێبەكەی دەكێشا بەقەدەر قورسایی كتێبەكە ئاڵتونی دەبەخشی بەو كەسەی كە وەریگێڕاوە، ئێستا ئەمانەی كە خۆیان بائەدەن و شانازی بە فەلسەفەی كلاسیك و سوقرات و ئەرستۆ هەروەها بەم فەیلەسوفانەی كە چوار سەد ساڵ لە پێش لە دایكبوونی عیسا (علیه السلام) ژیانیان بردۆتە سەر دەكەن، ئایا كێ كتێبی ئەم فەیلەسوفانەی بۆ ئەوان زیندوو كردۆتەوە؟

بێگومان زانایانی ئیسلام و نووسەرانی ئەم ئیسلامە توانیان ئەم زانستە زیندوو بكەنەوە كە هەموو ئەورووپاش هەستی پێ بكات، لە عێراقدا چەند مەدرسەیەك دروست بوبوو، لەوانە: مەدرەسەی كوفە، مەدرەسەی مەدینە، مەدرەسەی ئەهلی ڕەئی و مەدرەسەی حەدیس ئەمانە هەمووی پەیوەندییان بەسەر تەدوینی زانست و مەعریفەوە

هەبوو کە تا ئێستایش ئەم مەدرەسانە بوونیان هەیە و کاریگەریان بەسەر جیهانی ڕۆژئاوا و جیهانی ئیسلامییەوە هەیە.

کتێبخانەی قورتوبە کاتێك کە قووتییە مەسیحییەکان هێرش دێنە سەر قورتوبە و داگیری دەکەن، پاپایەك بەناوی "کامبیس" لە یەك ڕۆژدا هەشتا هەزار کتێبی موسڵمانان لە مەیدانی قورتوبەدا دەسووتێنێت.

# کتێبخانەی تەرابلوس

کتێبخانەی تەرابلوس لە لوبنان ئەو کاتەی کە خاچدروشمەکان داگیری دەکەن لەو کاتەدا کە دێنە ناوەوە ٣ ملیۆن کتێبی موسڵمانان دەسووتێنن لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، ئەوان فیکریان بۆ ئێمە چۆنە دەزانن ئەگەر ئێمە زانست و زانیاریمان هەبێت سەردەکەوین، هەمیشە بە زانست بەرز دەبینەوە و بناغەی دروستبوونی ئەم ئوممەتە بە زانستە.

ئەوەی کە ئاماژەمان پێدا کتێبخانە گشتییەکان بوو، کتێبخانەی تایبەتیش هەبووە وەکو:

کتێبخانەی تایبەتی ئەبو فەزڵی ئەبی حامید

ئەم پیاوە ئەگەر لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بڕۆشتایە یان لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بڕۆشتایە دەبوایە کتێبخانەکەی بە سەد حوشتر بۆیان بار بکردایە، لە ئێستادا ئەگەر سەیری ماڵی هەندێکمان بکەین هەر کتێبی تیدا نییە، یان زۆر جار دەچیتە ماڵی کەسێکەوە داوای قەڵەمێك دەکەیت قەڵەمی تێدا نییە!

## کتێبخانەی تایبەتی صاحبی کوڕی عباد

صاحبی کوڕی عباد ئەم زانا بەرزە بزانین "دیۆد جۆران" چۆن باسی کتێبخانەکەی صاحبی کوڕی عباد دەکات ودەڵێت:

کتێبخانەی صاحبی کوری عباد لە سەدەی چواری هیجریدا بەقەدەر هەموو ئەوروپا و ڕۆژئاوا بەئەندازەی کتێبخانەکەی ئەم پیاوە کتێبیان نەبووە! چەندمان بیرمان لەوە کردۆتەوە کە پرۆژەی کتێبخانەیەك لە ماڵەکەماندا هەبێت، پیش ئەوەی کەسێك ژن بهێنێت بیر لەوە ئەکاتەوە ژوورێکی نووستنی باشم هەبێت یان تاقمێ قەنەفەی چەرم و تەلەفزیۆنێکی "سمارت"م زیرەکانە هەبێت، چەندێك بیرتان لەوە کردۆتەوە ئەوەندە بیرتان لە دروستکردنی کتێبخانەیەك کردۆتەوە؟

ئەگەر ماڵێك هەزار کتێبی تێدا نە بێت ئەو ماڵە مردووە، ماڵی موسڵمان عەیبە لە هەزار کتێب کەمتری تێدا بێت یان هەر کتێبخانەی تێدا نەبێت دیسانەوە دەیڵێمەوە بۆ ئوممەتی "إقرأ" نازدارە کتێبخانەی تێدا نەبێت یان هەر کتێبخانەیەکی خنجیلەش دروست نەکات، ئەو پێغەمبەرە ﷺ فێری ئەوەی کردوین کە یەکەم کلیلی کردنەوەی قورئانەکەمان بە (اقرا)ە ئەی کە تۆ ئوممەتی اقرای چی دەخوێنیتەوە لە ماڵەوە یان بە خواردن یان خەریکی کارێکی بێسوودی یان هەردەم خەریکی ماڵەکەی کە تەپو تۆز دەچێتە سەر شتەکانت.

نموونەی ئیمامی زەهەبی مان هەیە کە یەکێکە لە ئیمامە بەرێزەکانی ئەم ئیسلامە کە دوو سەد کتێبی نووسیووە، ئەم پیاوە یەکێك لە

کتێبەکانی پەنجاو سێ بەرگە، یەکێکی تر لە کتێبەکانی کە نووسیویەتی بە ناوی "سیر اعلام النبلاء" زیاد لە ١٨ مجەلەدە، دوو سەد کتێبی ناوەهای نووسیووە، ئەوە مێژووەکەمانە، ئەوە شارستانێتی ئیسلامە، ئەوە ئەو خەڵکانەن کە حەقە شانازییان پێوە بکەین.

یەکێکی تر لەو زانایانە ئیمامی طەبەرییە، ئەو زانا بەڕێزە یەکەم کەسە تەدوینی عەقیدەی کردووە، دوای ئەوە یەکەم کتێبی تەفسیر لە جیهانی ئیسلامیدا هەر ئەم پیاوە بەڕێزە نووسیویەتی (تفسیر الطبري)، موحەدیس بووە، کتێبێکی نووسیووە حەدیسی پێغەمبەری کۆکردۆتەوە. یەکەم کەس بووە کە مێژووی نووسیوەتەوە بەناوی تەئریخی ئومەم، تەئریخی طەبەري پێ دەوترێت، ئەم پیاوە لەزانستی عروز[7]دا زۆر شارەزایی هەبووە کەس نەیتوانیووە موناقەشەی بکات.

زانایەکی تر ئیمامی شافیعییە کە بە هەتیوی گەورە بووە، ئەو ئیمامە شافیعییەی لێ دەرچووە، دایکی ئەوەندە فەقیر بوو، کە چوونەتە سەر دائیرەی مەعاریف، شوێنی تەعلیمی خەلافەتی عەبباسی کاتێك وەرەقەی کۆنیان فڕێداوە وەرەقەی عەمارەپڕ بووە لەبەرئەوەی پارەی پێ نەبووە کتێب بۆ ئیمامی شافیعی بکڕێت، ئەو وەرەقانەی کۆ دەکردەوە و ئیمامی شافیعی بە منداڵی لەسەر ئەو وەرەقە کۆنانە شتی

---

[7] زانستی عروز زانستێکە باس لەوە دەکات چۆن بتوانیت وەزن و قافیەی شیعر داڕێژرێت کە قورسترین زانستە هیچ کەسێك لەم ڕۆژەدا ناتوانێت ئەو زانستە بخوێنێت کە ئەو پیاوە موناقەشەی لەسەر کردووە.

نووسیووە. ئەو پیاوەی لێ دەرچووە یەکەم کەسە کە کتێبێکی نووسیووە بەناوی (رسالە) کە باس لە ئوسوڵی فیقە دەکات.

ئیمامی بوخاری باوکی نەبووە بێگومان باوکیشی پیاوێکی زانا بوو وە خۆشی کوێر بووە بە کوێری هەموو قورئانی لەبەرکردووە، شەونێك دایکی دەپاڕێتەوە چونکە بەزانست پێگەیشتون و ڕاستگۆبوون لەگەڵ خوای پەروەردگاردا دەپاڕێتەوە و دەڵێت: خوایە چاوی کوڕەکەم چاك بێتەوە! بۆ بەیانی چاوی چاك ئەبێتەوە! ئەوانە پێشەنگی ئێوەن ئەوانە زانای ئێوەن ئەوانەن کە ئەم دینەیان بە ئێوە گەیاندووە زانایانی تریش لەسەر دەستی ئەواندا پێگەیشتوون.

ئیمامی ئوقەیلی ئێستاش یەکەم کەسە لە هەموو دونیادا کەس نەیتوانیوە وەك ئەو بنووسێت، خاوەنی کتێبێکە ٨٠٠ بەرگە، بەداخەوە لە وڵاتی موسڵمانان دەست ناکەوێت ئێستا لە یەکێك لە مۆزەخانەکانی ئەڵمانیایە.

ئیمامی غەزالی خاوەنی ٦٠٠ کتێبە و ٢٠٠ کتێبی بەدەست و بە پەنجەی خۆی نووسیوەتەوە، ٢٠٠ ی تری قوتابییەکانی نووسیویانەتەوە، ٢٠٠یشی ون بوون و تەنها ناونیشانەکانیان ماون.

هۆکاری دروست بوونی ئەم زاناو لێهاتوانە هەموو پەیوەندی هەبووە بەسەر سیستەمە ئیسلامیەکەوە کە ئەم کارانەی فەراهەم هێناوە.

تەنها نموونەیەك وەردەگرین و بە خێرایی باسی دەکەین لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسی یەوە دەست پێ دەکەین کە ٥٢٤ ساڵ حوکمڕانی کردووە واتە لە (١٣٢-٦٥٦) کۆچی.

ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بەراوردێك لە نێوانی ساڵەکاندا بکەن با بەراوردەکە لە (٦٥٦) کە یەکسانە بە ١٢٥٨ی زایینی.

پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتەکەوە دەسەڵاتی ئیسلامی لە سەردەمی خۆیدا هەرگیز بە ناوی وڵات و خاکەوە ناو نەنراوە تا دەمارگیری فەرهەنگ و نەتەوایەتی لای موسڵمانان دروست بێ، هەمیشە نەتەوەی موسڵمان باوبوە فەرهەنگی ئیسلامی لە وڵاتانی عەرەب و عەجەم دا وەك یەك سەیر کراوە بۆیە زۆرینەی دەسەڵاتەکانیش هەر بەناوی خەلیفەکان ناونراوە وە نەبێ ئەمانە بێ کەم و کورتی بووبێتن، بەڵام لە چاو ڕۆژئاوا دا سفر بە سەد ئاماژەی بۆ دەکرێت.

بە گشتی خەلافەتی عەبباسی بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە بۆیە ساڵەکان ئاشکرا دەکەین بۆ ئەوەی سەردەمی ئەو وەختەی ڕۆژئاوا دیار بێت کە ئەوان لە چ تەنگەژەیەکدا بوون و سەردەمی عەبباسی ئیسلامی لە چ سەردەمێکی زێڕیندا بووە.

١. سەردەمی یەکەمی عەبباسی لە ساڵی (١٣٢-٢٣٢) بووە.

٢.سەردەمی دووەمی عەبباسی لە ساڵی (٢٣٢-٥٩٠) بووە.

٣. سەردەمی سێیەمی عەبباسی لە ساڵی (٥٩٠-٦٥٦) بووە.

سیما تایبەتییەکانی بریتی بوون لەمانە:

- ڕابوونی ڕۆشنبیری بە تایبەتی لە سەردەمی یەکەمی عەبباسیدا بووە، بەڵام زانستێکی تریان کە لە نێوەندی سەردەمی عەبباسییەکاندا بووە کە بریتی بووە لە ڕابوونی زانستی ڕاستەقینە لە سێ لایەنەوە:

ا- بزاڤی پۆلێن کردن (حركة التصنيف).

ب- داڕشتنی سیستەمی زانستەکانی ئیسلامی (تنظيم العلوم الاسلامية).

ج- گۆڕین لە زمانەکانی ترەوە (حركة الترجمة من اللغات الاجنبية)، وەك (یۆنانی، ڕۆمانی، سریانی و فارسی).

ا- بزاڤی پۆلێن کردن: بۆ شیکردنەوەی پۆلێن چەند نمونەیەك دەهێنینەوە.

- بەناوبانگترین موصەنەف لەو سەردەمەدا مالیك بووە کە (موطآ)ی داناوە.

- إبن اسحاق سیرەی نووسیووە.

- ابو حنيفە فیقهی ڕەئی داناوە.

- ابو جعفر المنصور ناسراو بووە بە ئاراستە کردنی زانایان بەرەو زانستە نوێکان و هاوکاری کردنی لە کاروانی زانستی و ئەدەبیە جیهانیەکاندا.

- لەم قۆناغەدا زانستەکان لە تەڵقینەوە (شفوی) چوونەتە قۆناغی نووسین و تەدوین و هاوسەنگی لە کتێب و فەرهەنگەکاندا.

## داڕشتنی سیستەمی زانستەکانی ئیسلامی:

- زانستی تەفسیری قورئان (علوم التفسیر) لە دایك بووە، هەر لەو سەردەمەشدا لە زانستی فەرموودە (علوم الحدیث) جیا کراوەتەوە.

- چوار ئیمامە گەورەکە لەو سەردەمەدا ژیاون، واتە کۆڵەکە و پایەی ئیسلامیان لە ڕووی زانستە شەرعییەکانەوە.

١. ابو حنیفە (١٥٠)ی کۆچی ژیاوە.

٢. مالك (١٧٩)ی کۆچی ژیاوە.

٣. شافعی (٢٠٤)ی کۆچی ژیاوە.

٤. احمد (٢٤١)ی کۆچی ژیاوە.

- دوو قوتابخانەی گەورەی زانست دروست بوون.

١. أهل الرأي لە عێراق.

٢. أهل الحدیث لە مەدینە.

- زانستی زمان و نحو فراوان بوە دوو ئەکادیمی گەورە سەری هەڵداوە.

١. قوتابخانەی بەسرە.

٢. قوتابخانەی کوفە.

زانایانی زمانەوانی لە بەسرە بریتی بوون لەم زانایانە کە زۆر ناسراو بوون:

١. عیسی ابن عمران الثقفی(١٤٩)ی کۆچی.

٢. ابو عمر بن العلاء (١٥٤)ی کۆچی.

٣. الخلیل بن احمد الفراهیدي (١٧٠)ی کۆچی.

٤. سیبویه (١٨٠)ی کۆچی.

٥. یونس بن حبیب (١٨٢)ی کۆچی.

زاناکانی کوفه بریتی بوون له:

١. ابو جعفر الرءواسي.

٢. الکسائي.

٣. الفراء.

له سەرچاوه مێژوویەکاندا ئاماژه بەوه کراوه که ئەم زانایانه له ٢٨٠ی کۆچیدا ژیاون.

- زانستی مێژووی به جیا بوونەوەی له عیلمی تەفسیر و عیلمی حدیث وه له سیره نووسینیش مێژوو سەربەست بووه.

محمد بن إسحاق (١٥٢)ی کۆچی- دا سیرەی نووسیووه.

- ابن هشام له (٢١٨)ی کۆچی دا کورتی کردۆتەوه

- مێژوو نووسی بەناوبانگ محمد ابن سعد (٢٣٠)ی کۆچی پەیدا بووه و به (کاتب الواقدی).

(الطبقات الکبری) داناوه که بریتی بووه له هەشت بەرگ.

بەشی کۆتایی سەردەمی عەبباسی: سەردەمێکی گرنگ بووه بریتی بووه له- بزاڤی وەرگێڕان (ترجمة).

- ابو جعفر المنصور لە ساڵی ١٤٥ی کۆچی بناغەی پایتەختی بەغدای داناوە وە زۆرینەی زاناکانی لەوێ کۆکردۆتەوە بۆ هاندانیان بۆ کاری زمانەوانی.

ئەو زانایانەی کە تەرجومەیان کردووە ئەمانە بوون.

١. ابن المقفع کە کتێبی (کلیله و دمنه)ی لە ٧٥٧ زاینی وەرگێڕاوە.

٢. دکتۆری نسگوریەکان (گورگیس بن بختیشوع)لە ساڵی ٧٧١ زاینی ژیاوە.

بختیشوع بن گورگیس ٨٠١ زاینی و جبریل قوتابی بختیشوع بن گورگیس بووە لە ساڵی ٨٠٩ زاینی ژیاون خەریکی کاری وەرگێڕان بوون لەو سەردەمەدا بۆ زمانی عەرەبی و بە پێچەوانەوە بۆ زمانەکانی تریش.

٣. حجاج بن یوسف بن مطر(٧٨٦- ٨٦٣)ی زاینی بە ناوبانگترین وەرگێڕی ئەو سەردەمە بووە.

- لەگەڵ وەرگێڕانی ئەو سەردەمەدا جێگا دەستی خۆیان دیاری کرد.

- ئەوان ئەو کتێب و سەرچاوانەیان زیندو کردەوە کە لە چاخە تاریکەکانی ئەو سەردەمەدا (عصر الظلام)ی ئەوروپادا ون بوون.

- لە زمانی عەرەبیشەوە بۆ زمانە لاتینیەکان وەرگێڕان هەبووە و کاری کردۆتە سەر ڕابوونی ئەوروپا.

(عصر النهضة) واتە ڕێنسانس:-



CamScanner

- لە سەردەمی عەبباسیدا (بیت الحکمە) دامەزرا وەك کۆمەڵێکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستەکانی لە ئەو سەردەمە.

لە سەردەمی مەئمون و کوڕەکانی دا زیاتر بەرەو پێشەوە چوون و کاری ئەو کۆمەڵەیە یان ئەو ڕێکخراوە بریتی بووە لە:-

ا- وەرگێڕان (ترجمة).

ب- ئەرشیفکردن و هەڵگرتنی کتێبەکان.

ج- بەرگتێگرتنی کتێبەکان.

د- تەفسیری ئاشکرای جازیبیەتیان (هێزی ڕاکێشانی زەوی) تیا کرد واتە تاقیگایەکیش بوو.

ە- هێڵی پانی و درێژی زەویان دیاری کرد لەو تاقیگایەدا.

ئەمە مشتێکە لە خەروارێك لە سەردەمی عەبباسییەکاندا و لە سەردەمی ئەمەویەکانیشدا خاوەنی داهێنانی بێشومار بوون، تەنها تیشکێکی بچوکی دەخەینە سەر کە لە ساڵی ٤٠ی کۆچی تا ساڵی ١٣٢ی کۆچی بووە و ناوی ئەم خەلافەتەش دەگەڕێتەوە بۆ (بەنی ئومەییە) کە لە قوڕەیشییەکان بوون.

لەم سەردەمەدا پزیشکی باو بووە یەکەم نەخۆشخانەش لە سەردەمی ئەمەوی (مەقریزی) دروستکراوە.

# باسێکی مێژووی زانستی پزیشکی لە جیهانی ئیسلامدا

ئیمامی شافعی دەفەرموێت: بەڕێزترین زانست لەدوای زانستی شەرعی زانستی پزیشکییە، تابلۆی شارستانێتی ئیسلامی و زانستی پزیشکی تەماشا بکەین و لێی وردبینەوە دەبینین ئێستاش هەموو جیهان چاو لە ئیسلام دەکەن! بۆیە لە ئیسلامدا ئەم زانستە گرنگە، چونکە ئەتوانی خەڵکی پێ ڕزگار بکەیت لە نەخۆشی و چارەسەر بکرێت وا ئەکات کە خەڵك بەرەو ساغ بوونەوە بەرێت.

- یەکەم خەستەخانە (نەخۆشخانە) کە لە هەموو جیهاندا دروستکراوە لە ساڵی حەفتای هیجریدا دروستکراوە لەسەردەمی وەلیدی کوڕی "عەبدولمەلیك"دا ئەو کەسەی کە دروستی کرد ناوی "مەقریزی" بوو، ئەم خەستەخانەیە کە دروستکرا شوێنی تایبەتمەندێتی تێدا بوو: واتە:

- بەشی چاو.
- بەشی هەناو.
- بەشی منداڵبوون.
- بەشی نەشتەرگەری.
- بەشی شکاوی.



CamScanner

بە حەوت سەد ساڵ دوای ئەم خەستەخانە ئیسلامییە، ڕۆژئاوا خەستەخانە دروست !

- نەخۆشخانە لە ئەوروپا دروست دەکرێت لە فەڕەنسادا ئەویش خەستەخانەیەکی زۆر سەرەتایی کە ڕەچاوی پاك وخاوێنی نەکردووە و ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان دەبوو لەهەمان ژوور لەگەڵ ئەو کەسەدا دادەنرا کە تووشی نەخۆشی سیل و نەخۆشییە درمەکان بوبوون یان کە بریندار بووە لە شەڕدا، واتە نێوانی ئێمە و ڕۆژئاوا حەوت سەد ساڵ جیاوازیمان هەبووە.

بێجگە لەوە لەناو ئەهلی ئیسلامدا خەستەخانەی گەڕۆك هەبووە، ئەم خەستەخانەیە بە گالیسکەی تایبەتی و بە حوشتر گەڕاوە، جاری وا هەبووە چل حوشتر بەدوای یەکتردا ڕۆیشتون یان ئەسپ و عەرەبانەی بەدواییەکدا ڕۆیشتوون، ستافی دکتۆر و دەرمان ڕۆیشتوون بەناو دێهات و شارەکاندا بۆ ئەوەی خەڵکی بپارێزن لەو نەخۆشییە بەربڵاوانەی کە هەبووە، ئەوە شارستانێتی ئیسلامی بوو،ئەو شارستانێتیەیە کە شانازی پێوە دەکەین.

یەکێکی تر لەو تابلۆ ناوازانە لەناو ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا و لە جیهانی ئیسلامیدا زانایان دروستیان کردووە خەستەخانەی فێرکارییە، ئەبو بەکری ڕازی لە بەغداد دایمەزراندووە.

ئەبو بەکری ڕازی موعجیزەیە لەهەموو دنیادا، موعجیزەیە بەوەی کە تا ئێستا هیچ کەسێك نەبووە لەسەر ئەم زەوییە هاوشێوەی ئەبو بەکری

ڕازی دروست ببێتەوە، بێگومان خۆی سەرپەرشتی خەستەخانەکەی کردووە. ئەم پیاوە سێ سەد دکتۆری لەژێر دەستدا بووە و قوتابی پەروەردە کردووە، ئەبو بەکری ڕازی کتێبی نووسیووە لەسەر زانستی پزیشکی، نەهاتووە لە خەستەخانەکەدا بڵێ وەرن ڕوقیەی شەرعیتان بۆ بکەم دەست ئەخەمە دەمتانە و ئەتان پشێنمەوە! یاخود بڵێ من شێت چاك ئەکەمەوە و ئایدز چاك ئەکەمەوە، بزانن ئەبو بەکری ڕازی چی کردووە؟

ئەم زانا بەڕێزە-ڕەحمەتی خوای لێبێت- لەناو خەستەخانەی قێرکاریەکەیدا (بیمارستان) سێ سەد هەزار کتێبی تێدا بووە، بێجگە لەوە کتێبخانەی "ئەحمەدی کوڕی طولون" لە قاهیرە سەد هەزار کتێبی هەبووە لە کتێبخانەی نەخۆشخانەکەدا، ئەو نەخۆشیانەی ئەم پیاوە دۆزیویەتەوە تاکو پێنج سەدە هیچ کەسێك نەیتوانیووە هاوشانی ئەبو بەکری ڕازی بڕوات. خۆ ڕوقیەی شەرعی نەکردووە!، خۆ ئەگەر کردبێتشی شتێکی ئاساییە، بەڵام داهێنانی کردووە لە ئیسلامدا.

یەکەم کاری کە کردوویەتی لەخەستەخانەدا شوێنی تایبەتی کردۆتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە یەکەم جار پشکنینیان بۆ دەکرێت، پشکنینی بۆ کردوون دوای ئەوەی کە نەخۆشییەکی بۆ دەستنیشان کراوە ناردویەتی بۆ جێگای تایبەت بەو نەخۆشییە.

جلو بەرگەکانی نەخۆشەکانیان دادەکەند و دەیانشۆرد بۆیان ئەگەر بەکەڵك بهاتایە ئەیان دانەوە، ئەگەر بەکەڵك نەهاتایە فڕێیان داوە و جلو بەرگی تریان دەدائێ.

لەناو خەستەخانەدا هەموو دەرمانێك بە بەلاش بووە، هەتا دەوڵەمەندە ئیسلامییەکان وەقفیان کردووە دەرمان و گژوگیا و ئەعشابی خۆیان ڕواندووە بۆ ئەو خەستەخانانە تا موسڵمانانیان پێ چارەسەر بکەن. لەناو خەستەخانەکاندا جۆرە گژوگیایەکیان دروست کردووە کە بەکەڵکی ئەوە بێت بۆ دەرمانسازی، ئەم پیاوە بەڕێزە داهێنانێکی کردووە کە بۆ یەکەم جار کە نەشتەرگەرییان کرد ڕێخۆڵەی پشیلەیان بەکار دەهێنا بۆ خێتی دوورینەوە، کە تا دەساڵ لەمەو پێشیش ئەو داهێنانەی ئەو بەکاردەهێنرا.

هیچ دکتۆر نییە کە ئەم زانستەی ئەوی نەخوێندبێت کە بە درێژایی هەزار و سەد ساڵ لەمەوبەر ئەمەی دۆزیوەتەوە، شارستانیەتێکە جێگای شانازییە بۆ موسڵمانان ئەم پیاوە بەڕێزە بۆ یەکەم جار مەڵحەمی دروستکردووە لە هەموو جیهاندا، کە ئێستا مەڵحەم بەکارئەهێنرێت لە ڕێگای پێستەوە بچێتە ناوەوەی جەستە و نەخۆشی پێ چارە بکرێت.

یەکەم کەس بووە کە ئاژەڵی بەکار هێناوە بۆ تاقی کردنەوەی ئەو دەرمانانەی کە دروستی کردووە ئەبو بەکری ڕازی هەزار و سەد ساڵ لەمەو پێش لەسەر لاشەی مەیمون دەرمانەکانی تاقی کردۆتەوە، بەو پێیەی کە لاشەی مەیمون لە مرۆڤەوە نزیکە. ئێستا لەسەر مشك یاخود

گەروێشك بەکاردەهێنرێت لەبەرئەوەی پێکهاتەی ئەندامەکانی ناوەوەی ئەو ئاژەڵانە لە مرۆڤەوە نزیکە.

یەکەم نەشتەرگەری لە جیهاندا کرا بۆ نەخۆشی ئاوی سپی چاو ئەم زانا ئیسلامییە کردوویەتی.

یەکەم کەسە لە جیهاندا دۆزیویەتیەوە کە(تا) نەخۆشی نییە، بەڵکو نیشانەی نەخۆشییە. بۆ ماوەی حەوت سەد ساڵ لەهەموو ئەوروپادا دەستاو دەستی کراوە لەسەر ئەو زانستەی کە دۆزیویەتەوە تاکو ئیسپات بوو، گرنگە تۆی خوێنەر بزانیت ئەمە شارستانێتی ئیسلام کە سەربەرزی و شانازییە بۆ ئێمە.

خەستەخانەیەکی تر بۆ ماوەی هەشت سەد ساڵ ئیشی کردووە ئەویش خەستەخانەی "نوری"بووە، ئەم خەستەخانەی نوری-ە بەتایبەتی بەناوی نورالدین محمود دروستکراوە، خەستەخانەی مەنصوری لە مەغریب، ئەم خەستەخانانە یەکێك بوون لە خەستەخانە پێشکەووتوەکانی جیهان کە مەنصوری موەحیدی دروستی کردووە، خەلیفە مەنصور کە ئەم خەستەخانەیەی دروستکردووە هەر هەینییەك کە خۆی وتاری دابێت هەرچی وەزارەتەکەیەتی و وەزیرەکانییەتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و چوون بۆ خەستەخانەکە لەوێش سەردانی نەخۆشەکانی کردووە بۆئەوەی حاڵەتی دەروونی نەخۆشەکان باش بێت، ئا ئەوەیە پێشکەوتنی ئایینی ئیسلام! ئا ئەوەیە شارستانێتی ئیسلام!

ئێمە مۆزەخانەمان نیە مێژووی زاناکانی خۆمان نازانین، بەڵام ئەمان مێژووی دزەکانی خۆیان ئەزانن، هەرچی شتی ئێمە بوو دزییان لەبەر ئەوەی موسڵمان خەولێخراوە بە بێدینی و عەلمانی.

ئەبو قاسمی زەهراوی یەکەم کەس بووە لە هەموو جیهاندا دەرزی بەکارهێناوە لەڕێگەی دەمارەوە.

ئایا تۆی خوێنەر تا ئێستا زانیوتانە کە دەرزی و مەڵحەم داهێنانی ئیسلامییە؟

ئەبو قاسمی زەهراوی دووربینی جەراحی دروست کردووە، یەکەم کەس بووە لە هەموو جیهاندا کە دووربینی نەشتەرگەری دروست کردووە بۆچی بۆ ئەوەی میزەڵانی پیاوی پێ ببینێت.

ئالەتێکی دروست کردووە لەناو ئەم میزەڵانە کە پێی دەوترێت "مەسانە"، لەناو ئەم مەسانەیەدا شتێکی دروست کردووە کە زیخی پێ ئەپشکێنێ کە پێی دەوترێت "حەصوە".[٩]

-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-

[٩] - ئەوەی من (نووسەر) خوێندومەتەوە وە سەرچاوەشم هەمان ئەو کتێبەیە کە ئەم باسانەم لێدەرهێناوە جائیزەی وەرگرت لە میسردا بەناوی "ماذا قدم المسلمون في للعالم" دوو بەرگە لەگەڵ کتێبێکی تر بە ناونیشانی قصه العلوم الطبية.

تەنها سەری بابەتەکانم هێناوە بۆتان باس ئەکەم هەتا لە کتێبەکەشدا بەس شتێکی بچوکی داناوە نەگینا تۆ بچیتە سەر یەکێك لەمانە بۆ خۆی مەوسوعەیەکی گەورەیە-.

ئەم پیاوە بەڕێزە کتێبێکی نووسیوە بەناوی "تصریف لمن عجز عن التألیف" لە سی بەرگدا، لەهەموو جیهاندا بۆ ماوەی پێنج سەدە ئەم کتێبە نەك بەشێك بووە لە سەرچاوە، بەڵکو یەکەم سەرچاوە بووە هیچ سەرچاوەیەکی تر نەبووە سوودی لێوەربگیرێت.

ئیبن سینا لە فەڕەنسادا پێی دەڵێن ئەڤەسینا، کتێبخانەی نیشتیمانی فەڕەنسی بەناوی ئەو زانا ئیسلامییەوە ناونراوە. ئەو کەسانەی لە فەڕەنسادا بژین ئەزانن چەند کتێبخانەیەك لە پاریسدا بەناوی ئەڤەسیناوەیە.

ئەوە زانای تۆیە و پێشەنگی تۆیە شارستانێتی تۆیە، تازە شارستانێتی میدیاو کەیخوسرەومان بۆ زیندوو ئەکەنەوە. تەحەدای مێژوونووسەکانی کوردیش ئەکەم تا ئێستاش یەکگرتوو نەبوون لە نێوانی خۆیان بۆ ئەوەی بزانن قۆناغەکان جیا بکەنەوە ئایا ساسانی کێیە و میدیا و زاگرۆسی و کاسی و لۆلۆی هتد... کێیە.

ئەوانەی کە خۆیان بە کورد زانیووە خۆشیان زەمەنەکەیان بۆ جیا ناکرێتەوە، ئەم مێژووە جوانەش لەبەرچاوی ئێمە ئا بەو شێوەی لێهاتووە کە ئەیانەوێت ئەم مێژووانەمان لێ بشارنەوە و بەچی بیەنەوە دەستمان بە مێژووی کەیخوسرەو.

# کەیخوسرەو کێیە؟

یەکێك ئەڵێ لە میدیاکانە یەکێك ئەڵێ لە ساسانییەکانە یەکێکی تر ئەڵێ واللە ئەمە ئیلامی بوون یەکێکی تر دێت لەولاوە ئەڵێ کاکە ئەمە ئەسڵ لەگەڵ سوپای کابرای یۆنانیدا هات جاش بوو دژی وڵاتەکەی خۆی و دژی ئێرانییەکانیش شەڕی کردووە، یەکێکی تر ئەڵێ لە جەمشیدییەکانە، یەکێکی تر ئەڵێ لە دەیلەمێکانە، ئێ ئەمە چۆن ئەبێت مێژوویەك ئاوا بێت تا ئێستا کەس بۆی ساغ نەبۆتەوە خۆشت بە ساحێبی ئەو مێژووە بزانی! ئەی بۆ ئەم مێژووەی خۆت لەبیر کردووە؟

ئادەی مێژووی میدیا و کەیخوسرە و چ ئیبداعێکی کردووە؟

ئەو میزۆپۆتامیایەی کە شانازی پێوە ئەکەی، وەرن بزانین بەهای کورد چی بووە لەناو ئەم میزۆپۆتامیایەدا؟ تورك ئەڵێ میزۆپۆتامیا، ئەوروپا ئەڵێ میزۆپۆتامیا، فارس ئەڵێ میزۆپۆتامیا، هیند ئەڵێ میزۆپۆتامیا، کوردیش هاتووە لەناو ئەمانەدا ئەڵێ ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین!

# تابلۆیەکی دیکە لە شاکاری ژیارمان:

یەکەم جار سوڕی خوێنی بچوك کە دۆزراوەتەوە "ئیبن نەفیس" دۆزیویەتیەوە،

کابرایەکی ئیسپانی چوو کردی بەناوی خۆیەوە دوایی دۆزیانەوە کە ئەم پیاوە تەرجومەی کردووە بەناوی خۆیەوە، بەڵکو ئەو خاوەنی نەبووە خاوەنەکەی ئیبن نەفیس-ە، ئێستا کە باسی سوڕی خوێن دەکرێت دەبێت باسی ئەم زانا بەڕێزە بکرێتەوە.

پیاونکی وەکو ئیبن هەیسەم تەشریحی چاوی کردووە، تەشریحی (نونکاری) چاو و ڕەسمەکەی دروست کردووە کە هاوێنەی چاو چۆنە وە دەمارەکانی چاو چۆنە وە بەکوێوە گرێدراوە، ئەو ڕووناکی و تیشکە لە کوێوە وەردەگرێت.

خوێنەری ئازیز ئەمە زۆر گرنگە لە ساڵی شەش سەدی هیجریدا ئەوەی دروستکردووە، سەیرکەن چەند بەتوانا بووە ئەم پیاوە. حەوت سەدە لە جیهاندا هەموو کتێبەکانی موسڵمانان سەرچاوەی زانستی پزیشکی بوون.

کتێبەکانیش ئەمانە بوون:-

یەکەم: (حاوی) کە ڕازی نووسیویەتی.

دووەم: (تصریف لمن عجز عن تالیف) کە ئەبو قاسمی زەهراوی نووسیویەتی.

سێیەم: بەناوی (قانون)ی ئیبن سینا.

چوارەم: (التذکیرة) باس لەزانستەکانی چاو دەکات کە تەنها باس لە بەصەریات ئەکات.

پێنجەم: (المناظر) کتێبی ئیبن هەیسەمە و باس لە چاو دەکات.

زانایانی ئیسلام لە زانستی چاودا زۆر بەتوانا بوون، هیچ کەسێك نەبووە شان لە شانیان بدات، ئێستاش لە میسر و عێراقدا هەمیشە ئەو کەسانەی کە لە بواری زانستی پزیشکی چاودا کار دەکەن پلەی بەرزیان هەبووە.[10]

---

[10] ئەڵبەت ئێستا ئاگادار نیم کە ئایا ئێستا میسر پێشکەوتووە یان نا، بەڵام عێراق وەکو میزی حوشتر بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە کە زیاد لە دوو هەزار دکتۆری بەس لەبەریتانیا عەیادەیان هەیە وە زیاد لە سەد دکتۆری عێراقی لە نەرویجدا لە ئۆسلۆدا ژیان ئەباتە سەر کە سەندیکایەکی تایبەتیان بە پزیشکانی عێراق دروستکردووە (نووسەر).



CamScanner

# زانایانی جوگرافیا و دۆزینەوەی ئەمریکا

یەکەم کەس کە زانستی جوگرافیای داناوە لەهەموو جیهاندا، زانایەکی موسڵمانە بە ناوی "ئیدریسی".

ئەم پیاوە شتێکی زۆر گەورەی کردووە ئەویش ئەوەبوو کە وێنەی زەوی لەسەر تۆپێك کێشا بۆ ئەوەی ئیسباتی بکات بۆ خەڵك کە زەوی خڕە، ئەو قسەیەی پێش ئەوە دەکرێتەوە دەڵێن کە دنیا لەسەر پشتی گا و ماسی وەستاوە ئەمە قسەی فارسەکان بوو، قسەی شارستانێتی میدیاو کەیخوسرەو بووە، ئەگەر ماسییەکە بپژمیایە یان گاکە بپژمیایە ئیتر حاڵی ئەو خەڵکە و زەوی لە بوومەلەرزەدا بووە، ئەوروپاش ئەم ئەدەبیاتەیان چووبووە ناو، بەڵام موسڵمانان لە-سقلیای ئیتالیا- ئیدریسی یەکێك بووە لەوانەی کە نەخشەی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقای کێشاوە، ئیلدرسی تا ئەو سەری یابان ڕۆشتووە و ڕەسمەکەی کێشاوە و ئەفەریقا تاکو ئینگلتەرا ڕۆیشتووە و ڕەسمی کێشاوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە تا ئێستاش وەکالەی "ناسا" دەستە وەستانە لە بەردەمیدا ئەویش کابرایەکی کوردە بەناوی "موحێدین ڕەئیس"ە.

لە ساڵی ١٥١٣ی زاینی وەفاتی کردووە، لە سەدەی بیست دا کتێبەکەی دۆزراوەتەوە کە موجەلەدێك کتێبی دۆزراوەتەوە نەخشەی

کێشاوە و وێنەی جوگرافیایی بووە، سەیری گەورەیی ئەم پیاوە بکەن! واتە بە بیست ساڵ دوای ئەوەی کە کریستۆفەر کۆڵۆمبۆس لە ساڵی ١٥٣٣ی زاین وتی چومەتە ئەمەریکا و ئەمەریکام دۆزیوەتەوە جا وەرن گوێ بگرن سەیرکەن کریستۆفەر کۆڵۆمبۆس ئەم درۆیە دەکات! دوایی دەرکەوت کە "ڕەئیس"ی نەخشەی هەردوو جزیرەی ئەمریکای باشوور و باکووری کێشاوە، ئێستا وەکالەتی ناسا بەشوێن ئەوەدا وێڵە ئەم پیاوە زۆر بە دەقیقی کێشاویەتی، لەکاتێکدا کریستۆفەر کۆڵۆمبۆس بەس چووە جزیرەکەی سەرەوەیان واتا ئەمریکای باکوور، نەخشەی هەردوو کەنارەکەشی کێشاوە، لەوەش سەرسوڕهێنەر تر نەخشەی ئاوی ئەتلەنتیکی کێشاوە کە پێی وتراوە زەریای تاریك کە کەس نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە، لەوەش گرنگتر جەمسەری باکووری دۆزیوەتەوە و ڕەسمی کێشاوە، ئێستا گەورەیان کردووە ئەو نەخشەی قوتبەکەی کێشاوە، واتا چووەتە ئەوێ و بینیوییەتی کە دیارە ستافێکی گەورە بوون کە دەوڵەتی عوسمانی کار ئاسانی بۆ کردوون، کتێبەکە لە ئەستەنبول دۆزراوەتەوە بوو بە موناقەشە لە نێوانی زاناکانی جوگرافیا لەسەدەی بیست دا لەسەر کتێبەکەی موحێدین ڕەئیسی عوسمانی، وتیان هەندێ شتی تێدایە هەڵەی تێدا کردووە وەکالەتی ناسا چووە ئاسمان، لەوێوە بە مانگی دەستکرد وێنەی ئەو جێگایانەی گرت و دوای ئەوەی موحێدین ڕەئیس ساڵی ١٥١٣زاینی کێشابووی ڕاست

ەرچوو ئەو کەسانەی کە لە سەدەی بیست دا نەخشەی ئەمەریکایان کێشاوە ڕاست دەرنەچووە.

لە هەمووی سەرسوڕهێنەر تر کە نەخشەکەیان گەورە کردووە لەناو ئەو جێگایانەی کە نەخشەی ئەمریکای کێشاوە ناوی ئەو جێگاییانەی نووسیوە کە چ جۆرە نەباتێك، ئاژەڵ، گەل و هۆز و مرۆڤ، ماسی و خواردنێکی ناوی تێدایە، هەروەها جۆری خاکەکە و ناوی هۆزەکان و ناوی جێگاکانی هەمووی تێدا نووسیووە، تا ئێستاش وەکالەی ناسای ئەمریکی بە شوێن ئەمەدا وێڵە لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەکاتەوە.

ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە قورئانێکی بە موعجیزە ناردۆتە خوارەوە بۆ پێغەمبەری نازدار ﷺ، ئەگەر تۆ بەشوێن ئەم قورئانە بکەویت و هەوڵ بدەیت لەسەر ئەم قورئانە بینای زانستی شەرعی و زانستی مرۆی خۆت بکەی پیاوانی وەکو ئەو زانایانەت لێدەردەچێت.

## تابلۆیەك لە زانست و شارسانییەتی فەلەکناسی

زانستی فەلەك ئەوەندە قورس نەبوو بۆ زانایان، چونکە هەموو فەلەك خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردووە، باسی دروستبوونی ئاسمان زەوی کردووە بە گشتی. شتێکی سەرسوڕهێنەر هەیە ئەویش نەخشەی گەردوون لەناو جیهانی ئیسلامیدا دروست کراوە واتا جوگرافیای ئەستیرەکان درووستکراوە، ئەم هەسارانە چۆن دێن و دەچن، تەنانەت دیاریکردنی کاتی ڕۆژگیران و مانگ گیرانیان کردووە!

زانای بەناوبانگ "بەتتانی" یەکێکە لەو زانایانە کە باسی زانستی فەلەك بکرێت لە ئاسادا ناوی ئەم پیاوە یەکێکە لەو ناوانەی کە وەکو ئەستیرە ئەدرەوشێتەوە، لەساڵی ٩٢٩زاینی (واتا نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر) تیۆرێکی نووسیووە دەستنیشانی شەو و ڕۆژی کردووە.

بەتتانی دەست نیشانی کردووە ساڵ ٣٦٥ ڕۆژە،٥ سەعاتە،٤٦ خولەك و ٣٢چرکەیە، لە قەرنی (سەدەی) بیست و یەك دا زانایانی ئێستا ئەڵێن ٣٦٥ ڕۆژە، ٥ سەعاتە،٤٨ خولەك و ٤٨ چرکەیە، واتە جیاوازی هەزار ساڵی لەمەو پێشی بەتتانی لەگەڵ سەدەی بیست ویەك دا ٢ خولەك و ١٦ چرکەیە.

ئەو نیشانەی شارستانێتەکەتانە کە بەو شێوەیە زانستەکەیتان لەبەردەستە و کتێبەکان هەمووی هەیە، بەس بۆ دەری ناهێنن ئەوە کێشەی ئێمەیە کە خەومان لێ کەوتووە!

پیاوێکی تری وەك عەبباسی کوڕی فەرناسی کوڕی ویرداسی تەرتکیرنی، ئەم پیاوە زانایە لە ماڵەکەی خۆیدا لەبەشی سەقفەکەیدا ڕەسمی گەردوونی دروستکردبوو، یەکەم کەس بووە کاتژمێری دروست کردووە، یان ئەو کۆپتەرەی کە دروستی کردووە و خەڵك وا دەزانێت شتێکی خەیاڵییە، هەرچی مۆزەخانەی فڕۆکە هەیە لە مالیزیا و واشنتۆن و ئەوروپادا، تەنانەت کۆمپانیای فڕۆکەوانی بەناوبانگی جۆری کۆنکۆرد دەبێت باسی ئەم زانایە بکەن لە سەرەتاوە، چونکە داهێنانی فڕۆکە کراوە عەبباسی کوڕی فەرناس کردوویەتی، کە یەکێکە لەزانا موسڵمانەکان.

زانستی کیمیا لەسەدەی یەکی هیجرییەوە دەستی پێ کردووە وە لەسەدەی دووی هیجری "جابری کوڕی حەییان" ئەم زانستەی بەرەو پێش برد، زاناکانی ئەوروپا تا سەد ساڵێك لەمەو پێش کیمیایان بە صنعەتی جابر ناسیوە، ئەم زانایە تەرکیبەی هێناوە تێکەڵی کردووە، ئەمیش یەکێك بووە لەو کەسانەی کە شوشەی دروستکردووە، شوشە پێش موسڵمانانیش هەبووە ئەم کەمۆڵە[١١]ی دروست کردووە. ئەو

-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-

[١١] کەمۆڵە ئەوەیە کە لە تاقیگەکاندا بەکاردەهێنرێت

شوشەیەی کە پێشتر هەبووە لە شێوەی ڕەنگی سەوزدا بووە پێی وتراوە "اخضر رخیص"، بەڵام یەکەم جار کە شوشە دۆزراوەتەوە شەفاف بووە ئەم شێوە ئاوییەی کە هەیە جابری کوڕی حەیان دۆزیویەتیەوە، بەناوی "دووەم ئۆکسیدی مەنگەنیزە"ەوە بووە.

یەکێکی تر لەو زانایانە ناوی "غەزان"ە هەزار و سەد ساڵ لەمەو پێش ژیاوە، کێشی ئاڵتونی واتە وەزنی نەوعی مادە ئاڵتون ١٩.٢٥ی دۆزیوەتەوە.

لەلای "بەیرونی" کە زانایەکی تری ئیسلامییە وەزنی جۆریەکەی ئاڵتون لەلای ئەو ١٩.١٦ یە، لە سەدەی بیست و یەکدا وەزنی جۆری ئاڵتون ١٩.٢٦؟ ئەوەش زاناکانی ئێمەی ئیسلامییە بزانن جیاوازیان چەندە لەگەڵ سەدەی بیست و یەك دا، ئایا دەزانن(فیزیا) یەکەم جار موسڵمانان دۆزیویانەتەوە و ئەزموونیان لێوەرگرتووە؟

ئایا ئەگەر ئەو بنچینەیە نەبوایە کەسە ئەکادیمیەکانی ئێستا چۆن دەیانتوانی ئەکادیمیای تایبەتی بۆ دابینکەن؟

ئایا دەزانن ئەو ئابورییەی کە وڵاتان لەسەر بنچینەی (کشتوکاڵ و بەروبوومەکان) دایانمەزراندووە هۆکارەکەی مسوڵمانانن؟

لەبەرئەوەی ئەو دێراوەی بۆ کشتوکاڵ دەکرێت داهێنانی موسڵمانان بوو.

لەهەمووی گرنگتر(داینەمۆیە) کە لەسەر دەستی زانای کوردی خواناس (جەزەری) داهێنراوە، هەموو ئەو کەرەستانەی کە ڕۆژئاوا

بەکاریدێنێ بەهۆکاری داینەمۆ (سەیارە و شەمەندەفەر (فیتار) و مۆلیدەی و کارەبا و هتد...) دروستکراوی موسڵمانانن.

ناوی ئەبو عزی کوڕی ئیسماعیلی جەزیرەییە خەڵکی دیاربەکرە ٥٦١-٦٠٧ کۆچی = ١١٣٦-١٢٠٦زاینی ژیاوە، ئەم زانا ئەندازیارە ناسراوە بە بدیع و زەمان و بەناوی جزیرەی عومەرەوە نازناوی جەزیری وەرگرتووە، کە ئەو دەمە سەر بە ولایەتی شام بووە، ناوەندی جزیرەی عومەر دیاربەکر بووە. بەداخەوە بە هۆکاری ئەوەی زاناکانی خۆمان ناناسین لێمان شاراوەتەوە، عەرەب و تورك و چواردەورمان ئەم زانا بەڕێزەیان کردووە بە ناوی خۆیانەوە، بەڵام لەڕاستیدا کوردە.

یەکەم کەس بووە کە مەکینەی دروستکردووە بە ئاو کاری کردووە، ئێستا لە ئۆتۆمۆبیلدا بەکار دێت.

ئەم پیاوە دروستکەری مرۆڤی ئالییەو بە دەنگی مۆسیقا گۆڕانکاری لە جوڵەی ئەو ئامێرەدا کردووە، بێجگە لەوەی دروستکەری کاتژمێری تیشك و کاتژمێری ناسراوی جیهانی فیلە و باشترین جۆری ئامێری ئاشی دروست کردووە بە هۆکاری ئاو کاری کردووە، ئەم زانا پایە بەرزە داهێنانی تری زۆر بووە.

بۆچی بەهیچ شێوەیەك هیچ لەزانا ناسراو و دیارەکان ژیانی مرۆیی بۆ ئێمەی کورد ئاشکرا ناکرێت لە لایەن وەزارەتە پەیوەندی دارەکانەوە؟

بە بۆچوونی من (نووسەر) وەڵامەکەی ئەوەیە: دەیانەوێت تەنها بە میدیاو کەیخوسرەوی دەوڵەتی ماد و زەردەشتیەت و هەموو ئەم خورافیەتە بێماناyانە سەرقاڵمان بکەن تا مێژووی جوانی خۆمان ون بکەین، چونکە لە دوای هاتنی ئیسلامەوە ئێمە خاوەن مێژووین و دیارە، بەڵام ئاراستەوانی عەلمانی کوردی بۆ ئەوەی شیرینی ئەو ڕاستیانە نەکەوێتە بەردەم خەڵکی دەیشارنەوە و ناشرینی دەکەن.

بۆ کوێ دەچێت ئەو گەنجینەیە هەر دەردێت بۆ ئەو میللەتە و شارەوەی ئەو باسانە هەروا نامێنێتەوە و بەئاسانی ئاشکرا دەبێت، چونکە پێداویستی خەڵکە.

ئایا ئەو پزیشکە ڕۆژئاواییانەی ڕەخنەمان ئاڕاستە دەکەن، دەزانن زیاد لە ٢٠٠ ئالەتی نەشتەرگەری داهێنانی موسڵمانانە؟

ئێستا لەهەرچی خەستەخانە هەیە لە جیهاندا بەکاردێت، دەرمانی بێهۆشی و بەنج یەکێکی ترە لە داهێنانی موسڵمانان، هەروەها دەرمانی ئاوڵە داهێنانی موسڵمانانە؟

ئایا ئەو بێباوڕانەی بە قەڵەم و نووسین بە دواکەوتوو ناوزەدمان دەکەن، دەزانن داهێنانی قەڵەم موسڵمانن؟

ئایا ئەو زانا ڕۆژئاوایانەی هەمیشە بەدواکەوتوو باسمان دەکەن، دەزانن ئەو ژمارانەی لە توێژینەوەکانیاندا بەکاری دەهێنن یەکێکە لەداهێنانی ئیسلامی؟

داهێنەری ژمارەکان (١، ٢، ٣، ٤ – ٩ هتد...)، هەروەها جەبرو موسەلەساتی هەندەسی بەهەمان شێوە داهێنانی ئیسلامیە و زانای پایە بەرزی خواناس (خەواریزمی) دایهێناوە؟[١٢]

لەهەموو ئەمانە گرنگتر بوونی دانشگا لە شارستانێتی ئیسلامیدا پێش هەموو شارستانێتەکانی جیهانە،

یەکەم دانشگا لەسەردەستی (عبد الرحمن الناصر) دروستکرا، ئەگەر موسڵمانان نەبوونایە ئەوا نەك هیچ دانشگایەك بوونی نەدەبوو، بەڵکو هیچ زانایەکیش بوونی نەدەبوو، تەنانەت هیچ داهێنانێك بوونی نەدەبوو. کەواتە بناغەی هەموو ئەمانە موسڵمانانن.

ئایا دەزانن ڕۆژئاوا داوای یارمەتی لە موسڵمانان کردوە تا هاریکاریان بکەن بۆ کردنەوەی دانشگا و فێرکردنی چەند کەسێك تا وەك مامۆستا پشتیان پێببەستن لای خۆیان پاشای ئینگلتەرا نامەیەك دەنێرێت بۆ (عبدالرحمن الناصر) داوای لێدەکات سێ کەس لە زاناکانیان وەربگرێت لەدانشگای قورطوبە تا فێری زانست و زانیاری بین، لەکۆتایی نامەکەدا دەنوسێت: خزماتکاری تۆ پاشای ئینگلیز!

زۆرێکی تر لە داهێنانەکانیان وەك بەتانی، حەمام، ساردی، جوانکاری ئافرەتان، خۆشنووسین، کاغەز و قوماش، نۆتەی مۆسیقا،

---

[١٢] من (نووسەر) پێشنیار دەکەم ئەوانەی بەدواکەوتوو ناوزەدمان دەکەن، با چیدی کە سێ ژەم نان نەخۆن لەبەر ئەوەی ئەم شێوازی نانخواردنەی ئێستا هەموو جیهان پشتی پێدەبەستێت داهێنانی موسوڵمانانە!

فلچەی ددان، عەینەك (چاویلكە)، فەرش، باخ، ئاش بۆ هاڕینی گەنم و جۆ هەروەها نوێكاری بیناسازی، زوخروفە هونەرێكی ئیسلامییە، قفل بەكۆد، شەترەنج، سابوون، عەطر ئەمانە هەمووی سیمای شارستانێت و ژیاری ئیسلامین.

شەكر- داهێنانی شەكر بۆ ئەوانەی دەموچاویان چرچ ئەبو شەكریان نەدەخوارد، ئەبێت شەكر بە پێی پێداویستی لەشی مرۆڤ بخورێت بۆ ئەوەی ئەو چرچ و لۆچیە نەكەوێتە دەموچاویانەوە ئەوەش داهێنانی موسڵمانانە.

سەلاجە- دروست كردنی سەلاجە و مادەی سەلاجە ئەوەی بەفر ئەهێڵێتـەوە داهێنانی ئیسلامە، یەكێك لە خەلیفەكانی عەبباسی كە ئەیەوێت لە بەغدادەوە بڕوات بۆ مەككە بەفر هەڵدەگرێت بەو ماددەیە كە مادەی سەلاجە یان ئەلاجەی پێ دەگوترێت بەو شێوەیە بەفرەكە دەهێڵێـتەوە.

تابلۆی دروستكردنی شار: یەكێك لەو شارە گەورانەی كە دروست كراوە و جێی نیگای هەموو جیهانە شاری مەراكیش و قورتوبە یە، شاری قورتوبە لە سەردەمی عبدالرحمن الناصردا دروستكراوە.

سێ هەزار مزگەوتی تێدا بووە و ١٣ هەزار ڤێلای تێدا بووە، نیو ملیۆن خەڵكی تێدا ژیاوە، دووەم شار بووە لە دوای بەغداد لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، شەوانی بەغداد و شەوانی قورتوبە كۆڵان نەبووە ڕۆشنایی تیا نەبووبێت، ئێستا لە بەغداد كارەبا نییە! شەقام و

ڕەصیفەکانی هەمووی بە بەرد و چەوڕێژ کراوە، لەناو قورتوبە ٢٨ گەرەکی تێدا بووە، سێیەم شار ئیشبیلیە بووە کە هەر شاری ئیسلامی بووە ئەویش ٤٠٠ هەزار کەسی تێدا ژیاوە، بازاڕی ئیسلامییەکان جیاواز بووە، بازاڕی گوڵ، بازاڕی کتێب، بازاڕی چەك، بازاڕی ئاژەڵان هەبووە لە قورتوبە.

هەندێك نموونەی کارگەکان:

نمونەیەك لە "فا" لە ناوەڕاستدا دێینە خوارەوە بۆ ئەفەریقا، لە فاس دا لەساڵی ٦٠٠ی هیجریدا لەسەردەمی موەحیدینەکاندا لەو شارە ٣٦٤ کارخانەی تێدا بووە، یاخود بڵێین کارگەی جلو بەرگی تێدا بووە، یەکێك بووە لە کارگە گەورەکان لە جیهاندا، وە ٤٧ کارگەی صابونی تێدا بووە، ٨٦ کارگەی خۆشکردنی پێستەی تێدا بووە، ١١٦ماڵی تێدا بووە بۆیاخیان کردووە، ١٢ کارگەی مس و ئاسنی تێدا بووە، ١١ کارگەی شوشەی تێدا بووە،١١٢ کارگەی ئاڵتون دروستکردنی تێدا بووە،٤٠ کارگەی وەرەقەی تێدا بووە، ٢٠٠ کتێبخانەی بۆ فرۆشتنی کتێب تێدا بووە.

شاری هەولێر یەکێك بووە لەو شارانەی کە زۆر زۆر بەناوبانگ بووە لە پیشەسازیدا لەسەردەمی ٦٢٥ واتە لەسەردەمی دوای سەلاحەدینی ئەیوبی، کارگەی ڕستن و چنین لە هەولێردا زیاد لە ٢٥٠ کارگەی تێدا بووە، دوو کارگەی صابونی تێدا بووە، ٨ کارگەی پێستە خۆش کردنی تێدا بووە، ١٢ ماڵی تێدا بووە بۆ بۆیاخ کردن، ٧٠

کارگەی مس و ئاسنی تێدا بووە لە ویلایەتی موسڵ دا ٨ کارگەی شوشەی تێدا بووە، ٩ کارگەی ومرەقەی تێدا بووە، کتێبخانەی مەلیك موزەفەر کە گەورەترین کتێبخانە بووە.

# موسڵمانان ئەگەر خواکەتان ڕاستە!؟ ئەو هەموو موسڵمانە بۆ لە ناڕەحەتیدا دەژین؟

زۆرکات بێباوەڕان کۆمەڵە پرسیارێك ئاراستەی ئێمەی موسڵمان دەکەن کە لەڕاستیدا کۆمەڵە گومانێکی بێبەها و بەتاڵە کە دەڵێن: ئایا ئێوە ئەگەر خواکەتان ڕاستە بۆچی لەناڕەحەتیدا دەژین؟

یاخود هەندێك جار بە نەشارەزاییان پرسیارەکە دەکەن و دەڵێن: ئای ئێوە ئەگەر خواکەتان ڕاستە بۆچی ١٤٠٠ ساڵە لەناڕەحەتیدا دەژین؟

بەشێوەیەکی تر بۆچی ڕۆژئاوا لەپێشکەوتن و خۆشگوزەرانیدان لەکاتێدا خواکەی ئێوە ناپەرستن؟

یان بۆچی خەڵك لەناڕەحەتیدان (زۆرجار وەك تەنز وێنەی منداڵێکی ئەفریقیان بۆدەهێنن برسییە، گوایە خوای پەروەردگار هۆکاری ئەمەیە) سەرەتا دەمانەوێت باسێکی سەرچاوە و مێژووی ئەم جۆرە پرسیارانە بکەین، لەڕاستیدا ئەم جۆرە پرسیارانە تازە نین، بەڵکو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، کاتێك خەڵك لە برسێتییەکی زۆردابوون، ئەم جۆرە پرسیارگەلە ئاراستەی دەسەڵاتی کڵێسا دەکران.

سوننەن و یاسای خوای پەروەردگار چییە؟

پێش ئەوەی بچینە سەر وەڵامی پرسیارەکان پێویستە بزانین سوننەن یان یاسای خوایی چییە؟

وەڵام: کۆمەڵە یاسایەکە خوای پەروەردگار دایناوە بۆ بەڕێوەبردنی گەردوون، هەروەها درووستکراوەکانی ئەم یاسایە گۆڕانی بەسەردا نایەت، بە واتایەکی تر هیچ هۆکارێك نابێتە هۆی ئەوەی خوای پەروەردگار ئەم یاساو ڕێسایەی دایناوە بگۆڕێت، خوای پەروەردگار دەفەرموویٌت:

﴿سُنَّةَ ٱللَّهِ فِي ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلُۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗا﴾ [الأحزاب]

واتە: هەرگیز گۆڕانکاری نابینی لە یاساو بەرنامەکانی خوادا.

بۆ نموونە ئاو لەپلەی ١٠٠ دەکوڵێت، ئەگەر بڵێین با ئەم یاسایە لەکاتی پێویست بگۆڕدرێت بۆ ٥٠ یان ٧٠ پلە، ئەوا بەهیچ جۆرێك گونجاو نییە لەبەر ئەوەی یاسای گەردوون تێك دەچێت و جێگیری لەدەست دەدات.

یاساکانی دیکەی خوای پەروەردگار بەهەمان شێوەن، ئەگەر گۆڕانکاری تێدا بکرێت ئەوا گەردوون جێگیری خۆی لەدەست دەدات، کەواتە خوای پەروەردگار یاسای خۆی بە هیچ هۆکارێك ناگۆڕێت. ئەگەر موسڵمانێك تەواوی قورئانیشی لەبەربێت، لەناو دەریایەك گیربوو و مەلەی نەزانی ئەوا دەخنکێت، لەبەر ئەوەی ئەوە یاسای خوایە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کافرێك مەلەزانبێت ئەوا ڕزگاری دەبێت، ئەمە پێی دەوترێت سونەنی خوای گەورە، یاخود سونەنی کەونی.

پرسیارەکەی ئەوان دووبارە دەکەینەوە کە دەڵێن: ئەگەر ئێوە خواکەتان ڕاستە بۆچی ١٤٠٠ ساڵە لەناڕەحەتیدا دەژین؟

تیمەی موسڵمانیش لەوەڵامیاندا دەڵێین: سەرەتا ئەم پرسیارە لەوپەڕی بەشارەزای بە مێژووی موسڵمانانەوە دەکرێت، بەپێچەوانەوە موسڵمانان نەك هەرخۆش ژیاون بەڵکو، خەڵکیش لەسەر دەستیان خۆش ژیاوە. لەڕاستیدا ئەم قسە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان ڕاستە، لەبەرئەوەی هەرچی وڵاتە سەرمایەدارە ئیسلامییەکانن، لەبری ڕووکردنە قیبلە و داوا کردنیان تەنها لەخوای پەروەردگار ڕوویان کردووەتە ڕۆژئاوا و داوای هاوکاری لەئەوان دەکەن، بۆیە ئەمە حاڵی ئوممەتی ئیسلامییە لەئێستادا.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿لَهُۥ مُعَقِّبَٰتٞ مِّنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ يَحۡفَظُونَهُۥ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ سُوٓءٗا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ ﴿١١﴾﴾ [الرعد]

واتە: بۆ خوا هەیە فریشتەی بێ شومار کە بە نۆرە بەدوای یەکدا دێن تا چاودێری ئادەمیزاد بکەن لە بەر و پشت و لە هەموو لایەکەوە بیپارێزن بە فەرمانی خوا، بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت (لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانیەوە بۆ هەرزانی) هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن، کاتێکیش خوا بیەوێت بەڵایەك بەسەر هەر

میللەتێکدا بهێنێت (لە دەرئەنجامی سەرکەشی و یاخی بوونیان)، ئەوە هیچ هێزێك ناتوانێت بەری بگرێت، هیچ کەسیش ناتوانێت جگە لە خوا فریایان بکەوێت و ڕزگاریان بکات.

هەتا ئەو کاتەی عەلمانییەت نەهاتبووە ناو وڵاتانی ئیسلامی و موسڵمانان لەوپەڕی خۆشی و کامەرانیدا ژیانیان دەکرد، بەڵام کاتێك عەلمانییەت ڕویکردە وڵاتانی موسڵمانان ئەو کاتە سەرەتای ناڕەحەتییەکانی موسڵمانان بوو.

تاکو موسڵمان دەستی گرتبوو بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، شوێنکەوتەی ئەو ڕێبازە پیرۆزە بوون، موسڵمانان پێشەوا و سەروەری جیهان بوون.

بەجۆرێك وڵاتان داوای هاوکاریان لەموسڵمانان دەکرد، هەر موسڵمان بوو زانستی دەبەخشییەوە، هەر موسڵمان بوو خەڵکان لەسایەی دەحەسانەوە، زۆربەی زۆری داهێنراوەکان موسڵمانان سەرمەشق و دەستی یەکەم بوون، هەتا موسڵمانان دەستیان بە قورئانەوە گرتبوو عیزەتیان هەبوو لەهەموو جیهاندا، بەڵام دوابەدوای هاتنی عەلمانییەت و دوورکەوتنەوەمان لەڕێبازە پڕنوورەکەی (ئیسلام)، ئێمەی موسڵمان کەوتینە ناڕەحەتی و پشتبەستن بەڕۆژئاوا، بەجۆرك توانای دروستکردنی کەوچکە چایەکیشمان نییە.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ⑦﴾ [محمد]

واتە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئایینی خوا بکەن و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، ئەوە خوایش پشتیوانی لەئێوە دەکات و سەرتان دەخات و پایەدارو جێگیرتان دەکات.

پرسیارێکی تر: بۆچی ڕۆژئاوا لە خۆش گوزەرانیدان، خۆ ئەوان ئیسلام نین و پشتیشیان لە ئیسلام کردووە؟

لەوەڵامدا وتەیەکی شيخ الاسلام ابن تيمية دەهێنین لە باسی دادپەروەریدا دەڵێت: لە هەر جێگایاکدا دادپەروەری بوونی هەبوو ئەوا خوای پەروەردگار هاوکاری و پشتگیری ئەو گەلە دەکات، کەوابوو دادپەروەری و خۆشگوزەرانی لەهەر جێگایەك بوونی هەبوو، ئەوا خوای پەروەردگار هاوکاریان دەکات، با غەیرە ئیسلامیش بن.

پێشتر ئەو دادپەروەرییەی ڕۆژئاوا لای ئێمەی موسڵمان بوو (بۆ نموونە عومەری کوڕی عبدالعزيز، دەچووە ناو بازاڕ و هاواری دەکرد (کێ لەئێوە پارەی پێویستە با بیدەمێ)، هەروەها لەسەردەمی موڕابطین، یوسفی کوڕی تاشفین، ئەبوبەکری کوڕی لەمتونی، هەروەها لەسەردەمی عبدالرحمن- ی کوڕی مەعاویە (لەئەندەلوس)، عبدالرحمن ناوەند دواتر عبدالرحمن ناصر، هەروەها لەسەردەمی حاجب مەنصور، لەسەردەمی موحەممەدی کوڕی خەواریزم شا،

موحەممەدی کوڕی غوری، سەردەمی جەلالەدین- ی کوڕی خەواریزم (لەهیندستان پێش هاتنی تەتار و مەغۆل)، وە لەسەردەمی صلاح الدین ئەیوبی، مەمدوحی کوری تومتکین، مەلیك شا، نیزام مولك و زۆرێکی تر).

خەڵکی لەم سەردەمانەدا لەوپەڕی خۆشی و شادیدا بوو، موسڵمانان لەم سەردەمانەی باسمانکرد بە دوو سەدە بگرە زیاتریش لەخۆشی و شادیدا ژیاون بەجۆرێك هەژاریان بنەبڕکردبوو، لەبەرئەوەی لەو سەردەمانەدا دادگەری لەلای ئێمەی موسڵمان بووە.

لەسەردەمی عوسمانییەکاندا هەر لە بایزیدی یەکەمەوە تا موحەممەدی کوڕی فاتیح و دواتر بۆ سلێمان شاهی قانونی موحەممەدی بەربەرۆسی هتد...

کەوابوو ئەم بابەتە پەیوەندی بە مرۆڤ خۆیەوەیەتی خۆی هەوڵنادات بۆ دادگەری، بۆ نموونە ئەوروپا کە ئێستا لە ئەمان و ئاسیاش دا خۆش دەژین.

سەردەمانێك داهێنەری جەنگی جیهانیی بوون، کە ٦٣ ملیۆن کەس کوژران تەنیا لە جەنگیی جیهانی دووەم، ئەگەر بڕوانیتە هەموو مێژووی ئیسلام ناگاتە ئەو ژمارەیە، هەر ئەوروپا بوو شەڕی ئۆرتۆدۆکس و کاتۆلیکی کرد، ئەمریکا بوو شەڕی ناوخۆی کرد، هێرۆشیما و ناکازاکی، شەڕی فلیپین. بۆچی باسی ئەمانە ناکرێت ئەگەر مرۆڤ دۆستن؟

دوای ئەوەی ڕۆژئاوا گۆڕانکاریان لە خۆیاندا کرد توانیان ئەو ئەمانەی ئێستا دروست کەن، بەهەمان شێوەش خوای گەورە داوای هەمان شتمان لێدەکات خۆتان بگۆڕن تا خوا گۆڕانکاریتان بەسەردا بهێنێت.

دواتر پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا بۆچی خەڵك لەناڕەحەتیدان؟

ئایا خوا یاسا و ڕێسای داناوە هەندێك برسی و هەندێك تێر بن؟

لەوەڵامدا دەڵێین: خوای پەروەردگار یاسا و ڕێسای خۆی ناگۆڕێت، بەڵام خوا نەبووەتە هۆکاری برسی بوونی بەندەکانی، وەك دەزانین مرۆڤ ئازادی پێدراوە لە هەموو کارێکدا ڕزق و ڕۆزی زۆری بەخشیووە. خوای موتەعال لەسەر ئەو ئازادییەی لێپرسینەوە لەگەڵ مرۆڤ دەکات، هەیە ئەم ئازادییەی خوا پێی داوە بەکاری دەهێنێت بۆ برسی کردنی خەڵکی و پڕکردنی گیرفانی خۆی.

بۆنموونە (ئەمریکای مرۆڤ دۆست)، ئەگەر مرۆڤ دۆستن بۆچی ناچن بە هانای خەڵکی برسی وەك ئەفەریقا، بەڵکو کەوتونەتە بردنی قووتی ئەو هەژارانەش بەجۆرێك خاکە بەپیتەکەیان بەکاردەهێنن، بەڵام تێریان ناکەن. بگرە وەك کرێکار بەکاریان دەهێنن لە وڵاتی خۆیاندا وەك دەزانن ئێستا ئەوان (ئەمریکای مرۆڤ دۆست) لەسەر زەوی باڵادەستن، ئایا بۆچی ناچن فەقیر لەسەر زەوی نەهێڵن، وەختێك ئێمەی موسڵمان حوکمان دەکرد خۆ برسی لەسەر زەوی نەبوو (وەك ئەوەی ئێستا لە ئەفەریقا دەبینرێ)، بەڵام ئەوان (ئەمریکای مرۆڤ

دۆست) لەگەڵ ئەو دروشمە ڕاست ناکەن کە خۆیان بە مرۆڤ دۆست ناوزەد دەکەن، بۆ ئەوەی نرخی برنجی نەیەتە خوارەوە ساڵانە بە سەدان ملیۆن تەن ئەڕژێتە ناو دەریاکان، یاخود ئوستورالیا بۆ ئەوەی نرخی گۆشتەکەیان دانەبەزێت ئاژەڵەکان دەکوژن، لە ئەوروپادا ئەو دیاردەیە تەنها لە کارگە پیشەسازییەکاندا دەبینرێت.

با دوور نەڕۆین کوردستانی خۆمان ئایا کێیە کە قووتی خەڵکی بڕیووە، ئیسلامە؟ مولحیدەکانیش لەگەڵ دروشمی مرۆڤ دۆستییان ڕاست ناکەن.

دواتر پرسیارێك دێتە پێشەوە، بۆچی خوای پەروەردگار ناچێت بەهانای ئەو هەژارانەوە؟

وەك باسمان کرد خوای پەروەردگار یاسای خۆی هەیە گۆڕانکاری بەیاسای خۆیدا ناهێنێت، بەواتایەکی تر دەبێت هەژار و برسی هەبێت و دەوڵەمەند و سەرمایەداریش بوونیان هەبێت، ئەوە یاسای خوای پەروەردگارە.

ئایا حیکمەت لەمە چییە؟

وەڵام: بێگومان حیکمەتی خۆی هەیە، وەك دەزانن ئەم دونیایە زۆر کورتە و تاقیکردنەوەیە ئەم هۆکارانەش (هەژاری و دەوڵەمەندی) هۆکارێکن بۆ تاقیکردنەوەی بەندە، ئەو مرۆڤەی هەژارە تاقیدەکرێتەوە بەو هەژارییەو ئارامگرتن لەسەری، هەروەها ئەو مرۆڤەی دەوڵەمەندە تاقیدەکرێتەوە بەوەی لە چیدا سەرفی دەکات.



CS CamScanner

ئایا ئاگاداری کەسانی هەژارە، ئایا تێریان دەکات؟

ئەگەر هەردوولا سەرکەوتوو بوون ئەوا لەدوارۆژدا ئەجر و پاداشتیان بۆ هەیە.

هەندێك جار ڕەسمی منداڵێکی برسی ئەفەریقیهان پیشاندەدەن و دەڵێن: ئەمە تاوانی چییە؟ خۆ ئەم هیچی لەسەر نییە تا تاقیبکرێتەوە؟

لەوەڵامدا دەڵێین: وەك باسهان کرد ئەمە تاقیکردنەوەی خوایە و باسای تایبەت بەخۆیەتی و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵام ئەم جۆرە تاقیکردنەوە جیاوازە بۆ خودی منداڵەکە نییە، بەڵکو تاقیکردنەوەیە بۆ سەرمایەداران(بۆ ئەمریکای مرۆڤ دۆست)، ئاخۆ تاچەند لە تاقیکردنەوەی سەرمایەداریدا سەرکەوتوو دەبن.

داخۆ مولحیدە قسە زلەکان کە داوای هاوکاری لە ئێمەی موسڵمان دەکات کەچی خۆی بە مرۆڤ دۆست نازانێت ئەو هاوکاری بکات، لەدوایشدا ئەو منداڵە ئەجری تایبەت بەخۆی هەیە، خوا زوڵم لەکەس ناکات وەك لەم فەرموودە قودسییەدا دەفەرمووێت:

)یا عبادي إني حرمت الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فَلَا تَظَالَمُوا(

واتە: من زوڵمم حەرام کردووە لەنەفسی خۆم، حەرامیشم کردووە لەسەر ئێوە، زوڵم مەکەن.

لەکۆتاییدا دەڵێم ئەوە خوای پەروەرگار نییە قاتوقڕی دروست کردووە، بەڵکو دەسەڵاتدارانن

ئەو وەزعەیان خولقاندووە بەسەرمایەداری، کۆمۆنیزمی، لیبراڵی و دیموکراتخوازەکانەوە، خۆی پرسیارەکە زۆر مناڵانەیە ئایا دروستکردنی بۆمبی نەوەوی و وێرانکردنی جیهان، خوا هۆکارە؟

بە هەمان شێوە ئایا برسیکردنی خەڵکی، خوا هۆکارە؟

نەخێر؛ بەڵکو ئەوە مرۆڤ خۆیەتی ئەو ڕەوشەی دروست کردوو.

# پاشكۆ

## چۆن گفتوگۆ (موناقشه) ئاخافتن لەگەڵ مولحید بكەین؟

چۆن (موناقشه) ئاخافتن لەگەڵ مولحید بكەین، بە خوێندەوار و نەخوێندەواری مولحیدەوە.

سەرەتای باسەكەمان بە دوو وشەی سەیر دەست پێكردووە!

خوێندەوار و نەخوێندەواری مولحید، لەوانەیە بپرسن بۆ؟

لەبەر ئەوەی هەردووكیان لە یەك ئاستدان و جیاوازیان نییە، هیچ جیاوازییەك نادۆزیتەوە بەدڵنیاییەوە لە نێوانیاندا، هەردووكیان وەك یەكن.

لەوانەیە لە نووسەر بپرسن چۆن؟

پێش ئەوەی باسەكە بكەینەوە دەبێت ئەوە بزانین مولحید توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نییە، بێجگە ناو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان یان لە دەرەوەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا بەشێوەی پێكەنین و نیفاقیانە و گاڵتە ئامێز قسە دەكات، لەو ڕێگایەیەوە قسەو باسەكانی خۆیان دەكەن توانای جدیاتیان نییە، هەڵبەت لەگەڵ خەڵكی خاوەن زانستدا بەو شێوەیەن، دەنا بزانن كەسێك زانستی نییە هەڵدەكوتنە سەری و هەر لە خۆیانەوە زاراوەی فیكرو زانستی لە ئاستی خەڵكی سادەدا زۆر بەكاردەهێنن و هیچی لە جێگای خۆیدا نییە ئەگەر ورد تەماشای بكەین.

مولحید کە ئەوان بە خۆیان دەڵێن (ئاتایست) لەڕاستیدا ناوەکە زۆر هەڵەیە، ئاتایست لە دوو واتا دەرناچێت، یۆنانییەکان بەکاریانهێناوە و وشەکە بنەڕەتی یۆنانییە واتا دژە خواکان، دژی فرە خوایی بەکارهاتووە.

بەم شێوەیە دەخوێنریتەوە (ئاتوس) واتا دژی خوا و دین، ئەگەر خوا نییە بۆ دژی دەوەستیتەوە کەواتە بۆچی ئاتایستن؟

ئەوەی کە لەم باسەدا گرنگە ئەوەیە کە فێربین چۆن ئاخافتن و گفتوگۆی جدی و مەعریفی لەگەڵ مولحیدا بکەین.

سەرەتا هەوڵ ئەدەین میتۆد و شێوەی ئەوان باس بکەین لە گفتوگۆدا، پاشان دژەکەش نیشان بدەین کە نەتوانن ڕووبەڕووی موسڵمان ببنەوە.

دەبێت هەموو دیندارێك ئەوە باش بزانێت کە مولحید توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نییە بە فیکرو دید و جیهانبینی خۆی، هەرگیز ناتوانێت دید و تێڕوانینی خۆی بەرانبەر بە دین بخاتە ڕوو، خاوەنی (ئەڵتەرناتیف) نییە و بژاردەیان نییە لەبەرانبەر ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، هەرگیز مولحیدێك خاوەنی پرۆژەی لەجیاتی دانانی نەبووە بەرانبەر ئیسلامدا، واتا نموونەی بیر و فیکری خۆی وەك تێڕوانین بۆ مرۆڤ بۆ دەسەڵات بۆ گەردوون نیشان نادات و لەسەر ئەو بنەمایە ئیسلام بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەو توانایانەی نییە!

مولحید بێجگە لە هێرش کردنە سەر موسڵمان بە جنێو و تانە و تەشەر و سوکایەتی هیچی تری نییە، موسڵمانیش لەبەر ئەوەی

دەیەوێت ڕوویەکی جوانی ئیسلام دەربخات بابای بێدین سوود و ئیستیفادە لەو نەرم و نیانییەی دەکات، ئەوەندەی تر جنێو ئەدات و هەوڵ ئەدات موسڵمان تووشی ئیستیفزاز و توڕەی بکات بۆ ئەوەی وەك زمانی مولحیدەکە قسە بکات و دوای ئەو بڵێت موسڵمان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نییە بەهۆکاری ئەوەی موسڵمانان کەمتر دەخوێننەوە و توانای ئەدایەکی فیکری باشیان نییە و زۆربەیان لە بەرگریدان، هەر بەم هۆکارەیە ئەو کەسانەشی دەتوانێت گفتوگۆیان لەگەڵ بکات ئەویش دەکەوێتە بەرگری، چونکە وەڵامی گومانە سادەکانیان ئەداتەوە تا موسڵمانان لە فیتنەی قسەکانیان بە دووربن.

نموونە مەیدانییەکان و جۆری پرسیار و ئاخافتن و قسەکانیان بریتییە:

میحوەری یەکەم: ناهێڵێت تۆ دەرچیت لە دیفاع کردن لە ئایینەکەت، ئەو پرسیارت لێ دەکات و تۆ وەڵام ئەدەیتەوە. پرسیاریش کورتە، بەڵام زۆر جار وەڵامەکە پێویستی بە زیاترە تا ڕوون ببێتەوە.

- دژی مولحید لەم خاڵەدا: پێویستە کە پرسیاری کرد تۆش بپرسیت پێوەری تۆ بەرانبەر بە پێغەمبەرەکەی من ﷺ کە قسەی لەسەر دەکەیت؟ چ کەسایەتیەکی تری جیهانییە؟

جا بزانە ئەتوانێت پێوەرێك بهێنیت لە جیهاندا ڕووبەڕووی پێغەمبەر ﷺی بکاتەوە، لەکاتێکدا کە ڕۆژئاواییەکان و بێدینەکان ئەوان پێغەمبەریان بە یەکەم کەسایەتی داناوە، هەڵبەت لە ڕووی ئەوەوە نا کە

خودی خۆی پێغەمبەرە ﷺ، بەڵکو وەك کەسایەتیەکی گۆڕانکاری لەسەر زەویدا و ئایینەکەی و شوێنکەتوانی، پاشان هەموو ئەو کایە و ڕەهەندانەی کە هێناویەتی لە ئایینەکەدا قسەی لەسەر کراوە بەگشتی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانن!

پاشان بپرسە تۆ قسە لەسەر خوای من دەکەیت، بڕوات بەم خوایە هەیە؟

گومانی تیدا نییە هەندێکیان دەڵێن هەمانە، ئەوەی کە وتی هەیە، قسەکردن ئاسانترە لەگەڵیدا، ئەوەی کە وتی نییە بەو لۆژیك و مەنطیقەی خۆی قسەی لەگەڵ بکە بزانە کێ ئەوی دروست کردووە تا دێتەوە سەر ئەم کەون و گەردیلە و تەنانەت ثوقب و کلۆرفیلێك کە چۆن دروست بووە، واتا لە زمانی زانستدا پێیدەوترێت گەڕانەوە بۆ سەرچاوە، تا ئەو کاتەی دەیبەیتەوە سەر فەلسەفەی سودفە پێکەنیناوییەکەی خۆی.

ئیتر وشەی سودفەی ئەو خواکەیەتی! ئەگەر پرۆفیسۆریش بێت لێی دەرناچێت، بەڵام گرنگە تۆش خاوەن زانست و فیکر بیت، هەروا بە ئاسانی ئەم باسانە ناکرێت، دەبێت بخوێنیتەوە نابێت چاوەڕێی قۆریەکەی عەلائەدین بیت و دێوەکە بێتە دەرەوە بە جادوویەك هەرچی زانستە بێتە مێشکت.

ئەگەر وتی: خوا هەیە من تەنها ڕەخنە دەگرم، ئەوکات دەبێت پێوەری تێگەیشتنی خوایەتی لەگەڵ باس بکەیت پێش ئەوەی بێتە سەر

خوای ئیسلام، دەبێت لەسەر پێناسەی خوا ڕێکبکەون ئینجا قسە لەسەر دینی خوا بکەن، چونکە خوا پێناسەی زۆرە، پێناسەی خوا وەك لاستیك وایە هەر کەس بە ئارەزووی خۆی دەیکێشێت، بەڵام پێناسەی ڕاستەقینە بۆ خوا کێ دەیکات؟ گومانی تێدانییە خودی پەروەردگار دەیکات و ئەوکات ئەقڵی ئێمەش فراوانتر دەکات!

میحوەری دووەم: هەمیشە ئەتخاتە گۆشەیەکی ئەم دینی ئیسلامە و ناهێڵێت لێی دەرچیت، کە بەهێز بوویت ئینجا گۆشەیەکی ترت بۆ دەکاتەوە، گۆشەکانیشیان هەمووی تەسکە بۆ ئەوەی ماندووت بکات.

- دژی ئەم بڕگەیە: گۆشەکانی ئەوان چەند خاڵێکی سەرەکییە لەوانە:

مافی ئافرەت؛ بۆ دوو ئافرەت بە شاهیدێکە؟ بۆ میرات بەشی کچ جیاوازە لە کوڕ؟ جیهاد و قیتال لە ئیسلامدا؟ بەنی قوریزە، شەڕو جیهادی و موسڵمانان بەگشتی. بۆ پێغەمبەر ﷺ ١١ ژنی هێناوە، زەینەبی بۆ هێناوە، عائیشە تەمەنی ٩ ساڵ بووە، خاتو سەفیە؟

تەوەرێکی تریان کۆیلە و کەنیزەکە لە ئیسلامدا هتد...

تەوەرەکانی مولحید لەوانە تێپەڕ ناکات و وەڵامی هەموو ئەو گومانانە دراونەتەوە، ئەگەر هەر باسێکی کرد تۆ وەك موسڵمانێك نەتزانی وەڵامی بدەیتەوە ڕاستەوخۆ پێی بڵێ کە تۆ هەڵەیت هیچی لێنازانیت گرنگە بیشکێنیت و مێشکی ئەو ورد و خاش بکەیت لە ڕووی فیکریەوە، چونکە بزانە کە مولحید درۆزنە یان نەزانە، پاشان

بڵێ: ڕاستە من ناتوانم ئێستا وەڵامت بدەمەوە، چونکە ئیسلام خاوەنی زانست و تایبەتمەندێتی خۆیەتی چاوەڕێ بکە تا وەڵامەکەت بۆدەهێنینەوە.

دیسان دووبارەی بکەرەوە بڵێ: دڵنیابە کە تۆ ڕاست نیت و هەڵەیت، چاوەڕوان بە تا وەڵامەکەت بۆ دەهێنمەوە، دەبێت تۆی موسڵمانیش ڕاستگۆ بیت وەڵامەکەی بۆ بەریتەوە و بۆی بپرسیت، چونکە ئەوە ئەرکە و ئەگەر نەتکرد درۆیە و غەشە و فێڵە!

پاشان ئەو گۆشەیەی ئەو فراوان دەکەیت و یەکسەر دەیخەیتە ناو ئەمری واقع، ئەگەر وتی نا من ناتوانم چاوەڕێ بکەم، ڕاستەوخۆ تەلەفون بکەن بۆ مامۆستایەکی شارەزا لە زانستە ئیسلامییەکان و یاخود بەردەوام بە لەسەر داوای مۆڵەتەکەت، بڵێ ئەگەر تۆ بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێیت پەلە مەکە تا ڕاستییەکە دەخەمە بەردەستت.

میحوەری سێیەم: ئەوان وا لە موسڵمان دەکەن کە هەمیشە لە هێنانەوەی موبەریر دابن، واتا وادەکەن کە موسڵمانان بە ئەقڵی خۆیان داتاش بکەن بۆ ئیسلام پاساو بهێننەوە، ناهێڵن بچیتە سەر دەقەکان، مولحید دەقی بڕواو دزراو نیوە ناچڵ دەهێنێت بۆ ئەوەی بڕوا بە قسەکانی بدات.

دژی خاڵی سێیەم: مولحید هەر شتێکی جوانی ئیسلامت باس کرد، یەکسەر ئەوان دەموچاویان تێك دەچێت و دەڵێن: پینەو پەڕۆ بۆ ئیسلام دەکەن. لەم حاڵەتەدا نەهێڵیت دەرچێت لە ژێر دەستت، بڵێ ئەگەر

ئەوەی من پێنەو پەڕۆ بێت، ئەصڵی پرسیارەکەی تۆ نامەعقولە، چونکە لە فەلسەفەدا هەر پرسیارێکی نامەعقول کە دەکرێت بەدڵنیاییەوە وەڵامەکەشی نامەعقولە، وەك ئەوە وایە پێی بڵێیت بۆ لوتت لەنێوانی دوو چاودایە؟

ئەم پرسیارە هەر زۆر نامەعقولە، پێی بڵێ مەعقولەکە چییە لای تۆ؟ ئەو کات دەیبینی چەندە لاوازە، لەمەعقولەکەی ئەو بە حسابی خۆی ئینجا بینای فیکری خۆت بکە، هەر فەرموودەیەك یان هەر دەقێکی قورئانی کە ئەو دەیهێنێت دڵنیابە ١٠٠٪ درۆیە و چەواشەکارییە و هەمووی نەهێناوە[١٣].

کورت و پوخت ئەوان خاوەنی هیچ دیدو تێڕوانینێکی ئیلحادی و ئاتایستی نین تا باسی بکەن بۆیە هەمیشە سەرقاڵن بە ئیسلامەوە.

بۆ ئەوەی دەستت نەبەسترێت پێویستە کەلەبچەی دەستیان بکەینەوە بەزانست، ئەوکات دەست گیرکردنی مولحیدەکان ئاسان دەبێت.

دەمەوێت ئەوە بە خوێنەر بڵێم کەسی دیبەیتکار یان ئەوەی کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەیە لەگەڵ دژەکانی ئیسلام بە گشتی دەبێت خاوەنی کەسایەتییەکی تایبەت بەخۆی بێت، بوونیادی کەسایەتی خۆی لەسەر بونیادی زانستی بینا بکات و خوێندنەوەی زۆر هەبێت و

-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-

[١٣] (نووسەر) ئەزموونم لەگەڵیاندا هەیە زیاد لە ١٠٠ ڕووبەڕووبوونەوەم کردووە لەگەڵ مولحید سەرچاوەی ڕاستی نییە، یاخود بەهەڵە بۆت دەکات بەکوردی وەرگێڕانەکەی بە نارەزووی دڵی ئەوە.

بێجگە تایبەتمەندی خۆی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی گشتی بێت، لە هەمووی گرنگتر خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بێت و شل و شێواو نەبێت لە ڕووی دەروونییەوە، واتا دەبێت نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لەناخیدا فڕێ بدات کە قسەی کرد سەرچاوەکەی ١٠٠٪ دڵنیا بێت، چونکە مرۆڤی دوو دڵ و ڕاڕا توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نییە.

## کەسایەتی دیبەیتکار بەلای کەمەوە دەبێت بەم شێوەیە بێت..

یەکەم: گاڵتە و گەپی کەم بێت.

دووەم: هەمیشە ئەبدەیتی زانیاریەکانی دەکاتەوە، واتا زانیاری نوێ وەربگرێت.

سێیەم: بە گومانەوە تەماشای هەموو زانستەکان دەکات تا دەگاتە یەقین.

چوارەم: نابێت نەرم و نیان بێت لە ڕووبەڕبوونەوەدا تەنازول لە مەبادیئو بیروباوەڕی بکات.

پێنجەم: دیبەیتکردن لەگەڵ بانگەواز جیاوازە، بەڵکو سەرخستنی بیروباوەڕی خۆتە بە بەڵگەی بەهێز، بۆ ئەوەی بەرانبەر هەست بە نەزانی خۆی بکات، ئوسلوبی فێرکاری بەکەسێك کە جاهیلە بە ئیسلام و ئەویش خۆی بە زانا دەزانێت، واتا زۆرێك لە خەڵکی وا دەزانێت دیبەیت و بانگەوازە، ئەمە دوو ئوسلوبی جیاوازە، دەبێت لەیەك جیا بن ئەو کەسەی کە بانگەشەی دەکەیت ئەو گوێگر نییە، بەڵکو قسەکارە و بەشێکە لە نەیاری فیکریت.

شەشەم: نابێت دیبەیتکار هەموو شتێکی ئاشکرا بێت لە کاتی گفتوگۆدا، دەبێت هەمیشە خاوەن موفاجەئە بێت بۆ بەرانبەرەکەی.

حەوتەم: بزانێت ئەو کەسەی کە دیبەیت و ئاخافتنی لەگەڵ دەکەیت کەسایەتی بەلای چ جۆرە میتۆدێکدایە، واتا کەسایەتی شێوا و تووڕەیە، سادەیە، ماسۆشییە، قەلەقە، ئەکادیمیە یاخود ئیستعراضیە و خۆ دەرخەرە وە یان هێمن و لەسەرخۆیە هتد... هەر جۆرێك لەمانە ئوسلوبی تایبەتی خۆی هەیە.

هەشتەم: لەباسی سەرچاوەی ئیسلامیدا بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی پێنادەی بە مولحید و دژە ئیسلامییەکان ناوی نووسەر بهێنێت و کتێب و لاپەڕە باس نەکات، چونکە کاریگەری خراپ دروست دەکات، ناوی هەر نووسەرێکی برد یەکسەر دەبێت بیوەستێنیت بڵێیت لە کام کتێب و لاپەڕە و بەرگدا ئەم قسەیە دەگوازیتەوە.

نۆیەم: هەوڵمەدە لەگەڵ مولحیدا ببیتە هاوڕێ، هەوڵبدە ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا بکە و لە ناسیاوی زیاتر نەیکەیتە هاوڕێ، چونکە ڕووگیرت دەکات لەکاتی گفتوگۆ، تۆی دیبەیتکار ناتوانیت خاتری هیچ کەس بگریت لەکاتی ڕووبەڕوبونەوەدا و کە ئاراستەی ڕاستییەکان بکەیت.

دەیەم: وتلك عشرة كاملة؛ پێویستە خاوەنی ڕۆحیەتی ئازا و چابوك بیت و ئەو ڕۆحی ڕووبەڕوبونەوەیە لەناختا دروست بووبێت، دیبەیت بەخەڵکی ترسنۆك و جاهیل ناکرێت، هەردووکیان بەیەکەوە ڕێ دەکەن

نازایەتی و زانست. با ئازا بیت کەزانستت نەبوو هیچ سوودی نییە، با زانستت هەبێت کە ترسنۆك بوویت هەر سوودی نییە و هیچە.

هیوام وایە ڕەچاوی ئەم دەخاڵە بکەن.

ئاماژەم بەوە کرد هیچ مولحیدێك توانای ڕووبەڕبوونەوەی نییە بە جیهانبینی خۆی، تەنها باسی ئیسلام دەکات و ئیسلامی کردۆتە بەهانە و بیانو بۆ برەودان بە نادیارەکەی خۆی جاری وا هەیە مولحید خۆشی نازانێت ئامانجی چییە و بۆچی مولحیدە، گیری بەدەست خۆیەوە خواردوە!

میحوەری چوارەم: هەوڵ ئەدات کەمێك لە قورئان و فەرموودە بخاتە بەردەستت و تەنها باسی ئەخلاقی ئیسلام و پێغەمبەر و خوای ئیسلام دەکات ئەوانی تر هەمووی واز لێ دەهێنێت.

دژی ئەم ئوسلوبە چۆن دەوەستێتەوە هەر ئایەتێك یان فەرموودەیەك باس دەکات و دەهێنێتەوە سیاقی ئایەتەکە وەك خۆی ناهێنێت، واتا ئایەتە قورئانییەکە و فەرموودەکە وەك خۆی نییە ئەمسەر ئەوسەری دەکات، ئینجا دەیخاتە بەردەست موسڵمان و بەمەش سەرلێتێکچوونی بۆ دروست دەبێت. پێویستە لەو حاڵەتەدا پێی بڵێیت سیاقی ئایەتەکە هەمووی بەیەکەوە بهێنە بۆ ئەوەی ماناکەی تەواو بێت، یاخود فەرموودەکە و سەرچاوە و سەنەدەکەی دیاری بکە، یان چیرۆکەکەی کە باسی دەکەیت دەبێت سەرەتا و ناوەند باس بکەیت تا خەڵکی بزانێت کۆتاییەکەی چییە، ئەگەر لە کۆتاییەوە باسی مێژوویەك بکات

ئەمەش هەر خەڵکی پێ چەواشە دەبێت، چونکە سەرەتا و ناوەڕاستەکەی شاردۆتەوە!

میحوەری پێنجەم: ناهێڵێت موسڵمان بەزانست و لۆژیك قسە بکات، مولحید لە بەهێزەکانی ئیسلام ناپرسێت کەسەرەکییە وەك سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی ئابووری و سیاسی و خەباتگێڕی و ئەو سیستەمانەی تر، هەمیشە لە چوارچێوەی غەیبییات و نادیار پرسیار دەکات، بۆ نموونە بەهەشت و دۆزەخ، فریشتە و جنۆکە و شەیتان، چیرۆکەکانی وەك یەئجوج و مەئجوج، نەهەنگەکەی یونس و ئەو گوێدرێژەی بەناوی بۆراق هتد... کە لای ئێمەی موسڵمان پێی دەوترێت ئیمانییات، واتە هەواڵی غەیبین.

دژی ئەم ئوسلوبەی مولحید: سەرەتا هەر پرسیارێکی لە غەیب کرد پێویستە بیبەیتەوە بۆ ناو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، باسەکانی واقیعی ژیانی موسڵمان ڕوونی بکەیتەوە، هەر شتێك هەواڵی غەیب بوو لای ئێمەی موسڵمان پێی دەوترێت ئیمان. ئیمانیش نادیارە تۆ بڕوات بە نادیار نییە، کەواتە لۆژیك و ئەقڵانی تر ئەوەیە قسە لەسەر دیارەکانی ئیسلام بکەین وەك ئابوری و سیستەمی دەوڵەت و دادپەروەری هتد...، لەڕێگای ئەو ڕەهەندانەی ژیانەوە دەگەیتە نادیارەکان، بە گشتیش مولحید تەقەی مێشکی دێت لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە لە ڕاستیدا ئەگەر شارەزابوایە لەسیستەمە کۆمەڵایەتییەکان هەرگیز

بانگەشەی مولحید بوونی نەدەکرد، چونکە خەڵکی ئاقڵ پرسیار لە نیهان ناکات دەزانێت هەواڵی نادیارە!

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم برگەیە، ئەوەتان بۆ دەردەخەین کە مێشکی مولحید و دژە دینەکان نوقسانە و ناتەواوە، چونکە کێشەی ئەوان لەوەدایە بڕوایان بە خوا نییە باسی بەهەشت و جەهەنەم دەکەن، بڕوایان بە ئیهان نییە و قسە لەسەر خوا و فریشتە دەکەن، بڕوایان بە غەیب نییە قسە لەسەر موعجیزە دەکەن، واتا سێڵی بیرکردنەوەیان ناتەواوە بەگشتی، بیرکردنەوەیان پلەبەندی نییە و شێواوە، تۆ هەوڵ ئەدەیت خشت لەسەر خشت مێشکی ڕێکبخەیت و ڕێکوپێکی دەکەیت بۆ ئەوەی مەلەفەکانی مێشکی ڕیکخستنی پێوە دیار بێت، ئەو دەگاتە ئامانج بەو ڕێکخستنە.

میحوری شەشەم: لەبارەی تیۆری پەرەسەندن و فەلسەفەی ئەڤەلەیشن و باسەکانی سودفەوە نایەڵێت قسە بکەیت، یەکسەر ئەتباتەوە سەر درووستبوونی ئادەم و حەوا و لافاوەکەی نوح و کەشتییەکەی!

دژی ئەم ئوسلوبە: زۆر ئاسانە تۆ لێی بپرسە سەرەتای ژیانی بەشەری و دروستبوونی مرۆڤ و پەرەپێدانی گەشەی مرۆیی چۆن بووە تا بزانم ئەوەی تۆ بەهێزە؟ ئەو کات خۆت گوێی لێبگرە تا دەتوانیت پێدەکەنیت پێی، چونکە خاوەنی هیچ تیۆرو قسەیەك نییە. گرنگە نەهێڵیت ئەو پرسیارەت لێبکات، خۆ ئەگەر کردی بڵێ بە مەرجێك

وەڵام ئەدەمەوە سەرەتا باسی دیدو تێڕوانینی خۆت بکەیت لەمەڕ دروست بوونی مرۆڤ لەم ئەستێرەیەدا کە ناوی زەوییە!

ئەوکات بەئاسانی پێی دەسەلمێنیت تیۆری ئادەم و حەوا چەند تیۆرێکی زانستییە لەسەر ئەو قسە بێمانایانەی کە کردوویەتی.

میحوەری حەوتەم: هەمیشە هەوڵ ئەدات باسی سێکس بکات و پرسیار لە ئافرەت و سێکس و ژیانی پێغەمبەر و خێزانەکانی و کۆیلە و مەلەکەتول یەمین دەکات. لەموسڵمان دەپرسێت ئیسلام بونیادی سێکسە!

دژی ئەم ئوسلوبە: هەمیشە مولحید سایکۆلۆژی خۆی نیشان ئەدات، چونکە بەدوای تێرکردنی حەزە سێکسەکانییەوەیەتی وا دەزانێت ژیانی پێغەمبەر ﷺ و موسڵمانان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە لەم حاڵەتەدا دەبێت بە واقیعی خۆیان بیسەلمێنیت کە ئەوەی ئەو باسی دەکات پێچەوانەکەی ڕاستە لە ژیانی خۆیاندا ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەوە ئەوانن ڕەواج بە جێندەر و منداڵبازی، کچ بازی و سێکسی ئازاد و گەی و لێسبیەن هتد... دەدەن.[١٤]

---

[١٤] هەموو مولحیدێك لە پیاوان و ژنان دڵنیابن کێشەی ئەخلاقیان هەیە، (نووسەر) بۆ بەدوادا چوون ئەو کێشەیە زیاتر لە ٧٠ کەیس هاتۆتە بەردەست و بەوردی لێکۆڵینەوەم لەسەر کردووە مولحید بەگشتی کێشەی ئەخلاقی هەیە یان دەست درێژی لێکراوە یان خۆی کردوویەتی، یاخود هەندێکیان زۆر بە ڕێژەیەکی کەم لەڕێگای ناخۆشییەکانی ژیان و توڕەبوونی باوك و دایکیان ئەو حاڵەتەیان بۆ

میحوەری هەشتەم: مولحید هەمیشە لەبەر ئەوەی باری دەروونی لە ڕووی ڕەوشتیەوە ڕووخاوە کە زۆر قسە دەکات باسی مرۆڤ دۆستی و دژی جنێو و ناو ناتۆرە، ئەیەوێت زۆر بەڕەوشت خۆی نیشان بدات!

دژی ئەم جۆرە میتۆدەیان زۆر ئاسانە: هەوڵبدە ورد گوێ لە قسەکانی بگرە، ئەوکات بۆی بژمێرە چەند جار قسەی بە خوا و پێغەمبەر ﷺ و جنێوی داوە بە هاوەڵان و چەند بێڕەوشتیشی کردووە بە ئیسلام، ئیتر بێدەنگی دەکەیت زۆر بە ئاسانی هەر بە ئسلوبی خۆی، چونکە ئەستەمە مولحید جنێو نەدات لەوەش گرنگ تر ئەوەندە خۆیان بە باسی ئازادییەوە خەریك دەکەن سەرەتا باسەکەیان هەر ئازادی و مافەکانە دوای بە جنێو بە خوشک و دایکی خەڵکی کۆتایی پێدێنن، نموونە و ئەرشیفی زۆریان هەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

میحورەی نۆیەم: باسی جزیە و سەربڕینی خەڵکی و سەرپەڕاندن لە ئیسلامدا دەکەن.

دژی ئەم شێوە ئوسلوبە: ئاگاداری وردی دەوێت، لە هەموو دەوڵەتە بەناو ئازادیخواز و پێشکەوتووەکانی جیهاندا کە ئیسلام لە چاو هەموویاندا کەمترین کەس کوژراوە ,, بە چاکو خراپی ناو ئیسلامەوە مەبەستە، پێویستە داوای لێبکەیت چ هێزێك هەیە لەسەر زەویدا ئەو بە

---

دروست بووە، واتا مەبەستی سەرەکی لەوەدایە کە لەڕووی زانستییەوە نابنە هەڵگری ئیلحاد، بەڵکو تەنها باری دەروونی و بوارە کۆمەڵایەتیەکانە.

ئازادیخواز و چاکە خوازی دەزانێت، دەستی ناکەوێت نموونەی ئەمریکا و ئەورووپا دەهێنێتەوە خۆی دەکەوێتە ناو چاڵەوە، چونکە ئەمریکا لەسەر خوێنی ۸۰ ملیۆن هیندی سوور شارستانی دامەزراندووە، بێجگە ئەو هەموو کوشتارەی لە جیهاندا کردوویەتی و ئەو هەموو چەکەی بڵاوی دەکاتەوە و دەیفرۆشیت، ئەورووپاش لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا دووەەم، زیاد لە ۹۰ ملیۆن کەسیان کوشتووە، ئێستاش لە مۆنۆپۆلکردنی هەموو جیهاندا لەڕێگای کۆمپانیا سەرمایەدارییەکانیانەوە.

میحوەری دەیەم: نوساندی داعش و خراپەی موسڵمانان بە ئیسلامەوە و بە شەریعەتەکەیەوە، ناهێڵێت موسڵمانان لەو تەوەرە دەربچێت، خێرا دەڵێت ئەی داعش موسڵمان نییە، ئاڵاکەی دروشمی ئیسلامی لەسەر نییە؟

دژی ئەم جۆرە فڕێدانەی مولحید: پێویستە موسڵمان ڕاستەوخۆ ئەوە بداتەوە بەناو چاویاندا کە کارەکانی داعش خۆشحاڵکەری ئێوەی بێدین و عەلمانی و خوانەناسەکانن، ئازارو نارەحەتی کارەکانی داعش بە گشتی بۆ موسڵمانانە، ڕاستە ئەوانیش دروشمی ئیسلامیان بەرز کردۆتەوە بەڵام فاکتەرەکانی ئەوان ناشرینکردنی ئیسلام و بەکوشتدانی کوڕی خەڵکی بوو، ئەوەی حەزی بە پرۆژەی داعشە موسڵمان نییە بەڵکو ئێوەی مولحیدن، چونکە هەرچی دەکەن لە ئەرشیفی خۆتان هەڵیدەگرن و پاشان دەریشکەوت کە قیاداتیان زۆربەی لەگەڵ

موخابەراتی موسادی ئیسرائیلی کار دەکەن و ئەوانەی خەریکی سەربڕین بوون زۆربەیان ئەفسەری جولەکە بوون، ناوی گەورەیان نابوو لەخۆیان بەناوی ئەبو فلان و ئەبو فیسار هتد...

پوختەی ئەم دە میحورە ئەوەیە کە مولحید هەرگیز لەسەر باس و تەوەرەیەك ناوەستێت و ناشیەوێت بوەستێت تا بڕوا بە تەوەر بکات و کۆتایی پێبێت، وەك سمۆرە لەم چڵ خۆی هەڵ ئەدا بۆ ئەو چڵ، مەبەستی نییە خۆی تێبگات بەڵام مەبەستێتی سەر لە موسڵمانان تێکبدات و چەواشەکاری دروست بکات، بۆیە هەر کات قسەکرا لەگەڵ هەر مولحیدێك گرنگە تەوەر دیاری بکرێت تا تەوەر کۆتایی پێنەیەت نەچنە سەر تەوەرێکی تر.

# پێرست

پێشەکی: ........................................................ ٧
گەڕانەوەی هیوا ................................................ ١١
ئیمپراتۆریەتی قاسم .......................................... ٢٠
مامە قالە و هەواڵێکی گرنگ.................................. ٢٩
گەوزان لە ناو تاریکیدا.......................................... ٣٧
گفتوگۆیەکی هێمنانە ............................................ ٤٦
هیوایەك لە ئیهانەوە ............................................ ٥٨
لەڕێگای هەندەرانەوە بۆ فێربوون............................. ٦٥
ئازادییەکانی مرۆڤ و ئەزموونێك لە زیندان.............. ٧٤
لەگەڵ شێخێکی بێ دین........................................... ٨٥
ئەوەی دوو ڕووە هەرگیز خاوەنی ڕۆشنبیری نییە ........ ٩٧
بەرەو مولحید بوونی خۆم ....................................... ١٠٥
هۆش هاتنەوە بەخۆدا............................................... ١١٥
دۆزینەوەی ون بووەکان............................................. ١٢٣
لە مەیدانەوە بۆ ناو تۆڕی کۆمەڵایەتی ........................ ١٣٤
سەرەتایەکی نوێ لە جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان............ ١٤٧
دەستپێکی ململانێ ................................................ ١٦١
ئەوەی لە ژیانمدا بە خەیاڵمدا نەهاتووە........................ ١٧٧

هاتنە ناو پاڵتاکی مەریوان هەڵەبجەیی و کورتە ناساندنێك ............. ١٩٣

سەرەتای پرسیاری دڵی خەڵکی و کردنەوەی گومانەکان و وەڵامدانەوەیان ........................................................................ ٢٠٦

دۆزینەوەی سەرەداوەکان....................................................... ٢١٤

بیرکردنەوە لە ئیسلامدا، ڕێگای گەیشتنە بەخوا و خوای گەورەت پێدەناسێنێت.................................................................. ٢٢٦

بۆچی بێ باوەڕەکان باوەڕناهێنن؟............................................ ٢٣٤

کێ دەڵێت ئیسلام ڕاستە؟ ...................................................... ٢٥٠

بێجگە ئیسلام!..................................................................... ٢٥٥

ئایا ئێمە لەناوچاوانمان هەموو شتێك نووسراوە؟........................ ٢٦٦

بۆچی خوای گەورە دروستی کردووین و پرسی پێنەکردووین؟........... ٢٨٥

بۆچی خوای گەورە ئێمەی بە چاکەخواز دروست نەکردووە؟ ........... ٢٩٦

بەندە و کەنیزەك لە ئیسلامدا ................................................. ٣١٦

ئایا پەیوەندی ئێمە بە خوای پەروەردگارەوە چۆنە و چییە؟............... ٣٣٢

ئایا قورئان لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ دا نوسراوەتەوە؟ ئەی فەرموودە چۆن نوسراوەتەوە؟ ....................................................... ٣٤٥

ئەگەر موسڵمانان بوونیان نەبێت لەم جیهانەدا چەندە خۆش دەبوو؟..... ٣٧٢

چەند تابلۆیەکی کتێبخانە ناوازەکانی جیهانی ئیسلامی کتێبخانەی شاری بەغداد ......................................................................... ٣٧٨

کتێبخانەی قاهیرە .............................................................. ٣٨١

کتێبخانەی قورتوبە ........................................ ٣٨٣
کتێبخانەی تەرابلوس ........................................ ٣٨٥
کتێبخانەی تایبەتی ئەبو فەزڵی ئەبی حامید ........................................ ٣٨٥
کتێبخانەی تایبەتی صاحبی کوڕی عباد ........................................ ٣٨٦
داڕشتنی سیستەمی زانستەکانی ئیسلامی: ........................................ ٣٩١
- دوو قوتابخانەی گەورەی زانست دروست بوون ........................................ ٣٩١
باسێکی مێژووی زانستی پزیشکی لە جیهانی ئیسلامدا ........................................ ٣٩٥
تابلۆیەکی تر لەم ژیارە ........................................ ٤٠١
کەیخوسرەو کێیە؟ ........................................ ٤٠٤
تابلۆیەکی دیکە لە شاکاری ژیارمان: ........................................ ٤٠٥
زانایانی جوگرافیا و دۆزینەوەی ئەمریکا ........................................ ٤٠٧
تابلۆیەك لە زانست و شارسانییەتی فەلەکناسی ........................................ ٤١٠
موسڵمانان ئەگەر خواکەتان ڕاستە!؟ ئەو هەموو موسڵمانە بۆ لە ناڕەحەتیدا دەژین؟ ........................................ ٤١٩
پاشکۆ ........................................ ٤٢٩
کەسایەتی دیبەیتکار بەلای کەمەوە دەبێت بەم شێوەیە بێت ........................................ ٤٣٧



## مەملەکەتی سەرابستانی مولحیدان بۆچی؟

زۆر بە سادەیی جیاوازی ئێمەو مولحید ئەوەیە کە "ئەو لاشە بە خێو دەکات بۆ مارو مێروو " ئێمەش پەروەردەی دەکەین بۆ لای خوای پەروەردگار.

کەواتە: خوای گەورە زۆر سوپاس و ستایش بۆ زاتی بەرزت، هەر مولحیدێکم پێدەگات بۆنی قەفەسی لێدێت! بێجگە زاتی بەرز و پیرۆزت کە پەڕو باڵ ئەدەی بە ماکوان تاکو بفڕێت.

کەواتە خوێنەری بەڕێز: مولحید وەفای بۆ خالقەکەی نەبێت کە دروستیکردووە! دەیفرۆشێت بۆ پێکی شەوانی، بە دلنیاییەوە تۆ بە لەتە شەوێکی دەفرۆشێت، هەروەکو مەولانا دەفەرموێت.:

هەر وەک فریشتە خۆیان نیشان دەدەن، بە پەڕ و باڵی درۆ
هەموویان دێون کە ئیبلیسە سەرۆکیان
هەموویان نالەبار و رەشن، دەبێ بیانکێشی لە گەڵ بەرد
تۆ بۆ فریو ئەخۆیت بە زێڕ و زیویان؟


کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی

لقی یەکەم: بەرامبەر دەرگای قەڵا - بازاڕی ڕۆشنبیری
لقی دووەم: چوار ڕیانی شێخ مەحمود بەرامبەر مزگەوتی محمود عەلاف

/M.Ktebxana — ٠٧٨٢٤٦٧١٣٩٤ - ٠٧٥٠٤٦٧١٣٩٤
بۆ چاپ و بلاوکردنەوە

شاری بەغداد کە ئێستا پایتەختی وڵاتی عێراقە حەوت سەد ساڵ پێی وتراوە شاری پزیشکان!

# تابلۆیەکی تر لەم ژیارە

کەسێکی تر کە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی گۆڕیووە و هەموو ئەوروپا و ڕۆژئاوا مەمنونی دەستی ئەون "ئەبو قاسمی زەهراوی"یە بۆ ماوەی پێنج سەدە لە جیهاندا هەموو جەڕاحەکان شوێنکەوتەی ئیشی ئەم پیاوە بوون، دوو سەد ئالەتی نەشتەرگەری دروست کردووە کە تا ئێستاش بەکاردەهێنرێتەوە لە جیهاندا، زۆری ئەم کەرەستانە دزراون و براون بۆ وڵاتانی ئەوروپی وەك بەریتانیا، فەرەنسا و ئیسپانیا، چونکە ڕۆژئاوا بە سروشتی خۆیان دزن.

ئێمە مۆزەخانەمان نییە کە دەبوو مۆزەخانەمان هەبوایە بۆ ئەو هەموو خەڵکە ڕاستگۆ و دەست پاک و سەربەرزانەمان کە هەموو جیهانیان پڕکرد لە نوور، مۆزەخانەیەك نییە تا ئیمامی شافیعی، ئیمامی بوخاری یان سەلاحەدینی ئەیوبی تیادا بناسێنین، تەنانەت واشیان لێ کردووە ناشرینیان کردووە لەبەر چاوی خەڵکدا.

لە ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپی پێشانگایان بۆ دزەکانی خۆیان کردۆتەوە "ڤایکینەکان"[8].

---

[8] لەم وڵاتەی منی لێ دەژیم واتا نەرویج شانازی بە ڤایکین بوونی خۆیان دەکەن، لەکاتێکدا ڤایکینەکان چەتە بوون/نووسەر